# زانست چییە،

# فەلسەفە چییە؟

# زانست چییه،
# فەلسەفە چییه؟

**نووسین: عەبدولکەریم سرووش**

**وەرگێڕانی**

سامان خەیات

هەولێر - ٢٠١١



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **زانست چییه، فەلسەفە چییه؟**
- نووسین: عەبدولکەریم سرووش
- وەرگێڕانی: سامان خەیات
- **نەخشەسازی ناوەوە:** ڕێدار جەعفەر
- **بەرگ:** هۆگر سدیق
- **ژمارەی سپاردن:** (٦٠٦٦)
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١١
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی ڕۆژ هەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٥٩٥)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: **www. mukiryani. com**
ئیمەیل: **info@mukiryani. com**

# پێرست

قسەی وەرگێڕ ........................................ ٧
پێشەکی نووسەر ........................................ ١١
زانست چییە ........................................ ١٣
فەلسەفە چییە ........................................ ٣٩
میتافیزیك چییە ........................................ ٤٣
ناوەرۆکی میتافیزیك ........................................ ٤٧
ئایا دەتوانین لە میتافیزیك بێنیاز بین ........................................ ٥٣
گرینگترین پرسە میتافیزیکییەکان ........................................ ٥٧
پێوەندیی نێوان زانست و میتافیزیك ........................................ ٥٩
پێوەندیی نێوان یاسا زانستی و فەلسەفییەکان ........................................ ٦٣
چۆن دەتوانین سەرکەوین لە شیکارکردنی پرسیاردا ........................................ ٦٧
زانست و زانا لە جیهانی ئیسلامیدا ........................................ ٧٥
ئامانجی زانست ........................................ ١٠٩
پێڕستی کتێبە وەرگێڕدراوەکان ........................................ ١٢٨
زانست و فەلسەفە ........................................ ١٣١
فیزیك و میتافیزیك ........................................ ١٥٧

# بەناوی خوای بەخشندەی بە بەزەیی

## قسەی وەرگێڕ

کتێبی "زانست چییە،فەلسەفە چییە؟"یەکێکە لە کتێبە ناوازەکانی بیرمەندو زانای گەورەی ئێران و جیهانی،دکتۆر عبدالکریم سروش و لە سەر چاپی حەڤدەیەمی نوسخە فارسییەکەی وەرگێڕدراوە. کەبەشێوەیەکی مەنهەجی و زانستی، باسی لە هەریەك لە چییەتی زانست و چییەتی فەلسەفەکردووە. من لێرەدا هیچ زەرورەتێك نابینمەوە بۆ خۆشکردنی بابەتەکەو کورتکردنەوەی ئەوەی کە لە مەتنی کتێبەکەدا هەیە لە چوارچێوەی ئەم چەند دێڕەدا و کتێبەکە تەنها خۆی دەتوانێت گوزارشت لە ماهییەتی خۆی بکات. بەڵام ئەوەی بەلامەوە گرنگە چەند وتەیەکی پێویستە،بۆ خوێنەری کوردیی کتێبەکە. ئەویش ئەوەیە کە راستە ئێستا لە کتێبخانەی کوردیدا هەم نوسین و هەم وەرگێڕانی زۆرمان لە بارەی فەلسەفەو مێژووی فەلسەفەوە هەیە. بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا هەوڵێکی جیدی لەم بارەیەوە دراوە. بەڵام لەگەڵ ئاگاداربوونم لەمانە ئەوەی پاڵی بەمنەوە نا بۆ وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بۆسەر زمانی کوردی، ئەوەبوو کە ئەم کتێبە جیا لە هەموو ئەوانەی پێش خۆی نە کتێبێکە لەبارەی مێژووی فەلسەفە و زانست و نە نووسراوێکی تایبەتی فەلسەفییانەی نووسەرە کە تێکەڵ بوویێت بە را و بۆچوون و بیرکردنەوەی تایبەتییەوە. بەڵکو ئەم کتێبە (بەتایبەتی ئەو بەشەی کتێبەکە کە بۆ وانە وتنەوە ئامادەکراوە و پێش ئەوەی بگاتە سەر ئەو کۆمەڵە وتارەی کە دواتر وەك زیادەیەکی پێویست لە لایەن خودی نوسەرەوە نووسراوە یان لە زمانێکی تری بیانییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و بەهۆی پەیوەندیدارییان بە بابەتەکانی کتێبەکەوە، لەناو ئەم بەرگەدا بڵاوکراونەتەوە) وانە گەلێکە لە بارەی فەلسەفە و زانستەوە و



بەمەبەستی ناساندنی فەلسەفە و زانست، وەك دووکایەی مەعریفی و ناساندنی پرسیارە فەلسەفی و زانستییەکان نووسراوە و بەشێوەیەکی مەنهەجی و کلیلی باسەکانی خراونەتەڕوو. ئەڵبەتە کتێبەکەش لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت،بەشی یەکەم و سەرەکی کتێبەکە پێشتر بە جیا وەك کتێبێکی سەربەخۆ لە چاپەکانی سەرەتادا بڵاوکراوەتەوە و بەشی دووەمی کتێبەکە ئەو کۆمەڵە وتارەیە کە لەکەوانەکە دا ئاماژەمان پێکرد. کە لە کۆمەڵەوتارێك پێکدێت و یەکێك لەو وتارانە لەلایەن خودی نووسەرەوە نووسراوە و وتارەکانی تر چەند وتارێکی وەرگێڕدراوە بۆسەر زمانی فارسی کە لەلایەن چەند بیرمەندێکی رۆژئاوایی وەك کارل پۆپەرو وایتهید و پیر دۆییمەوە نوسراون، لانیکەم ئەو نووسینانەش لەلای خۆیانەوە ئەکرێت گوزارشتبن لە ماهییەت و چییەتی زانست و میتافیزیك لە دیدگای رۆژئاواییەکانەوە لە بەرامبەر دیدی ئیسلامیدا بۆ زانست و فەلسەفە کە ئەمەیان لەو وتارەدا روونکراوەتەوە کەلەلایەن نووسەرەوە دواتر خراوەتە سەرکتێبەکە. ئەوەی تایبەتە بەسروشتی وەرگێرانەکەی منیشەوە، ئەوەیە کە ئەم وەرگێرانەش وەك هەموو وەرگێرانێکی تر دوور نییە لە کەموکوری و هەڵە، کە ئەمەش سەرەڕای ئەو هۆیانەی تایبەتە بەتوانای وەرگێرەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی تری دەگێڕمەوە. یەکەمیان ئەوەیە کە ئێمە هێشتا لەزمانی کوردیدا زاراوەی لە بارو مەرجەعێکی زمانەوانیمان نییە تاوەکو پشتی پێببەستین، ئەمە بەتایبەت لە نووسینێکی فەلسەفیدا دووچار گرفت دروستدەکات. نوسەر ناچار دەکات کە لەلای خۆیەوە گوزارشتێك بەکار بهێنێت لە جێی زاراوە فەلسەفییەکاندا کە هێشتا نەبووەتە چەمکێك کە هەموان لەسەر بەکارهێنانی کۆك بن و هەندێ لەو بەکارهێنانانەش تارادەیەکی زۆر دووربوون لەو مەبەستەی کە وشەکە لە بنەڕەتدا ئەیەوێت بەدەستییەوە بدات. منیش بەش بەحاڵی خۆم و بەپێی گونجان بۆ دوورکەوتنەوە لەم حاڵەتە هەوڵم داوە کەخۆم لە بەزۆر کورداندنی وشەکان بە دوورگرم، چونکە ئەمە بە رێگایەکی سەرکەوتووی وەرگێران نازانم. بۆیە بەوە وازم هێناوە کەوشەکە وەك خۆی دابنێمەوە،لەبەرئەوەی، ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە کەخوێنەر کەڵك لە کتێبەکە وەرگرێت و بەئاسانی بابەت و نوسراوەکانی ناوی بۆ هەرس بکرێت و ماندووی نەکات، گرفتی دووەممان ئەوەیە کە ئەو وتارانەی کە تایبەتن بە نووسەرە رۆژئاواییەکانەوەو لە کتێبەکەدا بڵاو کراونەتەوە سەرەڕای ئەوەی بەزمانێکی تەواو زانستی نوسراون (و ئەوەی کە پاشخانێکی موتالاکردنی بابەتە زانستییەکانی نەبێت بەئاسانی ناتوانێت سەری لەبەردەرکات)، لەهەمانکاتدا ئەو بابەتانە لەزمانی دووەمەوە

وەرگێڕدراون و ئەمەش کاری وەڕگێر قورستر و خوێنەریش ماندووتردەکات. بۆیە من داوای لێبووردن لە خوێنەران دەکەم بەهۆی هەرکەم و کورییەکەوە کە لە وەرگێڕانەکەمدا هەیە و هیوادارم توانیبێتم بەم وەڕگێرانە خزمەتێك بە کتێبخانەی کوردی بکەم و منیش پشکم هەبێت لە خستنەسەرپێی ئەو هەوڵەی کە بۆ بەرەو پێشبردنی زانست و فەلسەفە دەدرێت و خوای گەورەش ئەم کارەم وەك خزمەتێك بە عەقلی مرۆیی و نەتەوەکەم و هەوڵێك بۆ ئاوەدانکردنەوەی زەوی لێوەرگرێت وپەنای پێئەگرم لەوەی کە مەبەستێکی ترم لەمە بەولاوە لە دڵدا هەبێت و داوای پشتیوانی لەو ئەکەم.

**وەرگێڕ: سامان خەیات**

**ز. صلاح الدین\ کتێبخانەی بەشی مێژوو**

**٢٠١٠\١٠\٢٨**

# پێشەکی نووسەر

ئەم نوسراوە مەتنێکی کورتکراوەیە دەربارەی فەلسەفە (میتافیزیك) وفەلسەفەی زانست کەبەمەبەستی وانەوتنەوە ئامادە و رێکخراوە. هەرلەبەرئەمە پێشنیار دەکەم کەموتالاکردنی بەیارمەتی مامۆستایەك بکرێت.

هەم دەربارەی فەلسەفە و هەم دەربارەی میتافیزیك ئەکرێت شتی زۆر بوترێت، و هیچ مەتنێکمان دەست ناکەوێت کەهەموو ئەو مەبەستە فراوانەی ئەم دوو بابەتە هەیانە بەگشتگیری وتەواوی باس کردبێت، لێرەدا هەڵبژاردن و ئیختیارکردن بڕیار ئەدات.١ ئێمە زیاتر بەلەبەرچاوگرتنی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ڕوبەڕومان بووەتەوە واش گومان دەبەین کە ئەم پرسیارانە کەم تازۆر لای زۆرێك لە خەڵکی هەن، ئەم نوسراوەمان بەرهەم هێناوە ولەڕونکردنەوە گەلێك گەڕاوین کە بۆئەم مەبەستەی سەرەوە پێوست نەبوون ولەبارەی مەسەلەی ڕەوشتیشەوە قسەمان لەکورتیدا بڕیەوەتەوە.

جا شتێکی ئاساییە دواتر لەبەر ڕۆشنای ئەو پرسییارانەی کەپاش خوێندنەوەی ئەم کتێبە لە لایەن خوێنەرانەوە بەدەستمان ئەگات ئەم نووسراوە بە پێی پێویست فراوان و رونتر بکەینەوە و بە پێی توانا پەنجە لەسەر شوێنی پێویست دادەنێم.

# زانست چییه؟

لەمڕۆدا لە زمانی فارسی و عەرەبیدا وشەی (زانست) بەدوو واتای جیاواز بەکار دەهێنرێت و بەبێ ئاگایی لەم دوو جۆرە بەکار هێنانە, موتالآیەکی زۆر بە ئەنجام گەیەنراوە.

١. واتای بنەڕەتی و یەکەمی زانست، زانینە، لەبەرامبەر نەزانیندا،ئیتر بەهەموو زانینەکانەوە بەچاوپۆشین لە چۆنیەتییان و زانا لێرەدا بەوانە دەوترێت کەجاهل ونەزان نین.

بەم پێیە رەوشت، بیرکاری، فیقھ.، رێزمان، ئاین، ژینگەناسی و ئەستێرەناسی، هەموویان زانستن و هەر کەس لە یەکێ یان چەند دانەیەك لەمانە شارەزابێت، بەزانا دادەنرێت.

خودا، بەم واتایە زانایە. واتە بەرامبەر هیچ شتێك بێئاگا نییەوهیچ پرس و مەسەلەیەکی نەزانراو لای ئەو بوونی نییە. بەم پێیە ناوەڕۆکی قورئان زانستییە. واتە کۆمەڵێك زانیاری تێدایە کە هەرکەس بیانزانێت زانایە بەقورئان. هەموو فەقیهەکان زانان و هەرکەس ئاگاداری خودا و سیفات وکرداری ئەو بێت زانایە. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە بەپێی ئەم واتایە زانست لە بەرامبەر جەهل و نەزانیندا بە کاردەهێنرێت و وشەی KNOWLEDGE لە ئینگلیزی و CONMAISSANCE لە فەرەنسیدا هاوواتای ئەم جۆرە لەزانستن.

٢. وشەی زانست لەواتای دووەمدا کورت دەکرێتەوە لەسەر ئەو زانینانەی کەلەرێگەی تاقیکردنەوەی راستەوخۆی هەستییەوە، بەدەست هاتبن. زانست لێرەدا لەبەرامبەر نەزانیندا دانانرێت بەڵکو لە بەرامبەر هەموو ئەو زانیارییانەدا دادەنرێت کە راستەوخۆ لەرێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەستییەوە بەدەست نەهێنراون. رەوشت (زانستی چاکی وخراپییەکان) میتافیزیك (زانستی یاساو رێسا رەهاکانی بوون) عیرفان (ئەزموونە دەروونی و کەسییەکان) مەنتق (کەرەستەو ئامرازی رێنوێنی فیکر) فیقھ، ئوسول، بەلاغەت و... بەپێی واتای دووەم لەدەرەوەی واتای زانست و زانستیبوونن. بەم پێیەش هەموویان نازانستین و وشەی SCIENCE لەئینگلیزی و فەرەنسیدا تەریبی ئەم واتایەی زانستن. ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە



زانست لەم واتایەدا بەشێك لەزانست لەواتای یەکەمدا پێکدەهێنێت. بەواتایەکی تر زانستی ئەزموونی بەجۆرێك لە جۆرەکانی ئەو زانیارییانە دادەنرێت کە لە ئیختیاری مرۆڤدان١.

دەرکەوتنی زانست لەواتای دووەمیدا بەگشتی لەدوای سەردەمی رێنیسانس بەدوواوەیە لە کاتێکدا کە زانست بەواتای رەهای زانین (واتای یەکەم) لەدایکبوونی لەگەڵ لەدایك بوونی مرۆڤایەتیدایە. لەم شیعرانەی خوارەوەدا مەولەوی زانستی بەواتا فراوانەکەی زانین کە هەموو جۆرە زانستە ئەزموونی و نائەزموونییەکان دەگرێتەوە بەکار هێناوە:

**خرده کاری های علم هندسه**
**یا نجوم و علم طب و فلسفه**
**که تعلق باهمین دنیی‌ستش**
**ره بهفتم آسمان برنیستش**
**این همه علم بنای آخور است**
**که عماد بود گاو و اشتر است**
**بهر استبقای حیوان چند روز**
**نام آن کردند این گیجان رموز**
**علم راه حق و علم منزلش**
**صاحب دل داند آنرا بادلش٢**

**هەروەها سەعدیش لەم هۆنراوانەدا:**

**بار درخت علم ندانم بجز عمل**
**باعلم اگر عمل نکنی شاخ بی بری**
**علم {دمیت است و جوانمردی و عمل**

---

١- سەرەرای ئەو دوو واتا باسکراوە (زانست لە بەرامبەر نە زانین و زانین لە بەرامبەر فەلسەفەدا) وشەی زانست بەواتای دڵنیایی لە بەرامبەر گوماندا بەکاردێت.

٢- مثنوی، دفتر چهارم.ابیات ١٥١٥-١٥١٩.

**ورنه ددی به صورت انسان مصوری**
**از من بگوی عالم تفسیر گوی را**
**گر در عمل نکوشی نادان مفسری**
**از صد یکی به جای نیاورده شرط علم**
**وز حب جاه در طلب علم دیگری**

هەر مەدح وسەنایەك که لە مەعاریفی ئیسلامیدا دەربارەی زانست و زانا هاتووە و هەرزەم ولۆمەکردنێك کەلەزانایانی بێ کردەوە کراوە و هەرچی دەربارەی زانست و زانا و واتا و تایبەتمەندی و فەزائیل و رەزائیلیان وتراوە، هەمووی لەچوارچێوەی زانست لە بەرامبەر نەزانیندایە نەوەك زانستی ئەزموونی لە بەرامبەر زانستی نائەزموونیدا.

سەدەی نۆزدەهەم سەدەی غروری زانستی ئەزموونییە. سەرکەوتنەکانی زانست لەم سەدەیەدا بەجوانی دەرکەوت بەڵام کرچ و کاڵییەکانی هێشتا بۆ هەموان روون نەبووبووەوە.

بەربەرەکانێ لەگەڵ سروشت و سەرکەوتن بەسەریدا کەجوڵێنەر و ئامانجی لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان بوو لەبەرچاوی رووکەش بیناندا گەشتبووە بەرهەم و درەوشانەوە.

واگومانیان ئەکرد کە شتێکی ئەوتۆ نەماوە کەشف بکرێت و تاماوەیەکی تر پەردە لەسەر راز ونهێنی هەموو مەتەڵەکانی جیهان هەڵئەدرێتەوە و هەموو نەزانراوەکان بە بڕبەنی زانست دائەتاشرێن و بلووری روون و پرشنگداری زانست سەرنجی هەموو ناحەزانی رائەکێشێ. دەیانوت جیهان مەسەلەیەکی میکانیکی سادەیە. فیزیای داهاتوش کەمێك لەفیزیای ئێستا فراوانتر دەبێت. دەیانووت: نیوتن[1] یاساکانی جوڵەی بۆهەموو سەردەمەکان دۆزیوەتەوە. دیکارت[2] دەیگوت: دوریی و جوڵەم پێبدەن تا جیهان دروستکەم. ماخ[3] دەیوت: راستە و کاتژمێرم بدەنێ تائەندازەی هەموو شت بگرم. لابلاس٤ دەیووت: جوولەی ئەمڕۆی گەردەکانی١ جیهان دیاری بکەن، تاوەکو منیش داهاتووی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی قەتعی پێشبینی بکەم.

١- Newton

٢- Descartes

٣- E.Mach-

٤- Laplas



پۆزەتیڤیزم٢، لەداوێنی وەها سەدەیەکدا و لە فەزایەکی ئاوادا پەروەردە بوو. ئەندێشەی بنەڕتی ئەم قوتابخانەیە ئەوە بوو کەمرۆڤ جگە لەزانستی ئەزموونی رێگەیەکی تری بۆ زانست نییە و بەگوتەی برتراند راسل٣ نوێنەرو وتەبێژی بەناوبانگی ئەم قوتابخانەیە لەسەدەی بیستەمدا،ئەگەر نەمانتوانی لەرێگەی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە لەشتێك حاڵی بین، ئەوا ناتوانین لەهیچ رێگایەکی ترەوە زانیاری لەبارەیەوە وەرگرین. بەدەربڕنێکی تر ئەوان زانستیان"لەواتای یەکەمدا"بەواتای زانست لەواتای دووەمدا وەرگرتووە. بەشێك لەزانستیان یەکسان بەهەمووی کردووە و هەرچی نەئەرۆیشتە ژێر قەڵمڕەوی زانستی ئەزموونییەوە ئەوا دەیانخستە پێڕی شتە نادیار و ناڕوونەکانەوە. بەم شێوەیەبوو کە ناوبانگی بە ڕێز و داپڵۆسێنەری زانست لەدایکبوو. زانستی لەمەودوا وەك هاوتای راستی و دروستی بەکاردەهات و "نازانستیش"بەپێی وتە و ورتەی پۆزەتیڤیستەکان واتای نادروستی و خوورافی دەگەیاند و زانست شکۆیەکی ئەفسوناوی لەخۆگرت و لەقەبی زانستی وەکو دەستبەندێکی نەمرانەی لێهات کە لە هەرچیان دەبەست ئیتر لە ڕەخنە و بەرهەڵستی دەیپاراست. زانست، بوو بە شیرکی گەورەی رۆژگاری ئێمە و زانست پەرستی، جێگەی بت پەرستییەکەی ئەوسای گرتەوە. لێرەدا ئەبێت هۆشیار بین و نەبینە فرۆشیاری کاڵای پۆزەتیڤیستەکان و نائاگایانە لەزەینی خۆماندا هاوکێشەی زانستی= راستی (دروستی) دانەنێن و زانین لەبەرامبەر نەزانیندا هاوواتای زانست لەبەرامبەر زانستە ئەزموونییەکاندا دانەنێن. بازنەی دروستی و نادروستی زۆر فراوانترە لەبازنەی زانستی و نازانستی. نەوەك هەرچی دروست بێت ئیتر بەزانستی و هەرچی نازانستییە بەنادروست دابنێن. مارکسییەکان لەسەختیترین کڕیاران و فرۆشیارانی ئەم ئەندێشە پۆزەتیڤستییە بوون و قوتابخانەکەیان کە بە"زانستی" دەزانی دەیانویست بڵێن کەبێگومان دروستە و قوتابخانەکانی تر کە بەنا زانستییان دادەنا، مەبەستیان لێی ئەوە بوو کە لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی نادروست و بێ بناغە دانراون. چەندە جێی داخە و ئازاردەرە کە دەبینین کەسانێك بەچاولێکەری عەوامانە دەستیان کردووە بە

١- Molecule

٢- Positivism

٣ -B.Russell

بەرگریکردن لە زانستیبوونی ئیسلام و ئیمان. ئەمانە کەوتونەتە ژێر کاریگەری بەرامبەر و لەڕووی خۆبەکەم زانین و لاوازییەوە، ئێستا کەبەرامبەرەکەیان لەپایەی هێزدادەبینن هەوڵدەدەن تالەو خورییە کڵاوێکیش بۆخۆیان چێ بکەن.
بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە ئەمە بەدەر لەکڵاوێك هیچی تر نییە. کڵاوێکی فریودەر بەسەر سە د نەنگیی شاراوەوە.

**خرقه پوشی من از غایت دینداری نیست**
**جامه‌یی بر سر صد عیب نهان می‌پوشم**

واتە: خەرقە پۆشییەکەی من لە سۆنگەی دینداریمەوە نییە، چونکە ئەگەر دینداری بەوە بێت ئەوا بە جبەیەك سەد عەیبی شاراوە دائەپۆشم.
ئەوەی جێی پرسیارە لێرەدا ئەوەیە کە هەر ئەو بانگەشەیەی (کە تەنها ئەزموون، راستەقینەمان نیشان ئەدات) چۆن و بە چ رێگەیەك گە شتە سەلماندن و جێگیربوون. بەوتەیەکی تر چۆن بزانین کە بانگەشەکەی سەرەوە راستە. دیارە کە بۆ سەلماندنی راستیی ئەم بانگەشەیە ناتوانین تاقیکردنەوە ئەنجامبدەین چونکە یەکەم، (پرسیار کراوە و لەوەلأمیشدا پرسیارو وەلأمێکی ئەزموونی نییە) و دووەم، گریمان کە ئەزموونییش بێت، باشە مەگەر هەر ئەم ئەزموونییە نییە کە ئێستا خستومانەتە ژێر پرسیار و لێکۆڵینەوەوە؟ئێ مەگەر ئەکرێت بە شتێك کە دروستی خۆی جێگەی پرسیارە بەڵگە بۆدروستی هەمان شت بهێنینەوە؟
بەڵێ بەم شێوەیە دەردەکەوێت کەدروستی و واقیعییەتی ئەزموون، ئەگەر قەبووڵ کرێت خۆی کارێکی نائەزموونییە. واتە دروستی و نادروستی هاوواتای ئەزموونی و نائەزموونی نین،ئەگەرچی هەرچی زانستی ئەزموونی بێت بێگومان دروستە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە هەرچی نازانستیە نادروستیشە. ئەم قسانە هیچیان بۆ بێبایەخکردنی زانستی ئەزموونی نییە بەڵکو بۆناسینی خودی زانستە کە و دیاریکردنی سنوورەکانی و تواناکانیەتی.
ئێستاش تایبەتمەندییەکانی مەعریفە بەکورتی ئەخەینە روو.
یەکەم- رەوشی زانست تاقیکردنەوە (ئەزموون) ودیتنە،بەڵام نەك ئەزموونی تاکەکەسی ودەروونی بەڵکو ئەزمونێك کەبۆ هەموو کەسێك بەردەستبێت، نەوەك ئەزموونێکی کاڵ وبێگیان بەڵکو ئەزموونێکی بەرجەستەو بەبەرهەم.



عیرفان لێوانلێوە لە ئەزموونە دەروونییەکانی عاریفان ئەزموونگەلێك،کە جگە لە خودی عاریف، کەس تیایدا بەشدار نییە. زمانێکیش بۆبەیان و تەوسیفی ئەم دەسکەوتە عیرفانیانە نەهاتووەتە ئاراوە. بەبڕوای هەندێ لە فەیلەسوفان ئەم ئەزموونانە تەنانەت ناخرێنە چوارچێوەی تێگەشتن و پێناسەوە،هەربۆیە بۆ تێگەشتن لێیان جگە لە چەشتنی راستەوخۆ رێگایەکی ترمان نییە. ئەزموونە عیرفانییەکان لە بنەڕەتدا هەرجێی تێگەشتن نین. بەدەربڕینی فەیلەسوفان، پەیبردن بەوانە لەرێگەی ئامادەگی راستەوخۆوە دەست دەکەوێت، نەك لەرێگەی پێناسە و تێگەشتنەوە و وەسفنەکران و لەسەرو عەقل و تێگەشتنەوەبوونی دەستکەوتە نائاگایی و ئیشراقییەکان، ناوەڕۆکی هاوار و ناڵەی هەموو عاریفە راستەقینەکانە کەهەموویان بەیەك دەنگ لە دەست تەنگی زمان دەناڵێنن و هەموویان عەقڵی قاڵبسازو خۆهەڵکێش لۆمەدەکەن:

**زین خرد جاهل همه باد شدن**
**دست در دیوانگی باید زدن**
**آزمودم عقل دور اندیش را**
**بعداز این دیوانه سازم خویش را**
**اوست دیوانه که دیوانه نشد**
**این عسس را دید و در خانه نشد**[١]

* * *

**عاشقم من بر فن دیوانگی**
**سیرم از فرهنگی و فرزانگی**

واتە: ئەبێت لە دەست ئەم ئاوەزە هەمووان نەفام بن وهەمووان دەست بدەنە شێتی و دێوانەیی، من خۆم ئاوەزە دووربینەکەی خۆمم تاقیکردووەتەوەو گەشتوومەتە ئەو دەرەنجامەی کە دەستبکەم بە خۆشێتکردن و ئەوە ئەو شێتە کە شێت نەبوو، ئەم وڵاخەی دی و لە ماڵا نەمایەوە.

١- مثنوی دفتر دوم، ابیات ٢٤٢٨،٢٣٣٤،٢٣٣٠

من عاشق و مەفتونی هونەری شێتی و دێوانەییم و تێربووم لە زانست و شارەزایی.

لەم رووەوە ئەزموونە عیرفانییەکان لەبنەڕەتدا ناچنە ژێر لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان و ناتوانین بەشێوەی زانستی لەبارەیانەوە بدوێین. شتێك ئەچێتە ژێر لێکۆڵینەوەی ئەزموونییەوە کەهەمووان بتوانن لەتاقیکردنەوەیدا بەشدار بن و هەرکەسێ بیەوێت بتوانێت بەبەردەستبوونی بارودۆخی تایبەت بەئاسانی تاقیبکاتەوە.

ئەوشتانەی کەتەنها یەك جار روودەدەن، یان تاقیکردنەوەیان بەهەمووان ناکرێت، ئەوە لە قەڵەمڕەوی لێکۆڵینەوەی زانستیدا لە دەرەوە دادەنرێن.

واتای بابەتیبوون[١] لەزانستدا هەرئەمەیە "بابەتیی" واتایەکی بەدەر لە "ئەزموونێك کەهەمووان بتوانن بیکەن "نییە. لێکۆڵنەوەی بابەتی و زانستی ئەوەیە کەهەمووان بتوانن ئەو لێکۆڵینەوەیە بەئەنجام بگەیەنن و دەرەنجامی ئەوشتەیان دەست کەوێت. ئەو ئیلهاماتەی کەبۆ پیاوچاکان و پێغەمبەران (علیهم السلام) هاتووە و نێردراوە لەبەرئەوەی رێگەی لێکۆڵینەوە و ئیلهام وەرگرتنی راستەوخۆ لەبەردەم خەڵکی تردا بەستراوە ئەوا شیکردنەوەی ئەزموونی و زانستی بۆ ناکرێت. هەرئەمەشە کەدەڵێن ئەزموون پایەی زانستە بەڵام نەك هەموو ئەزموون و دەستکەوتێك. ئەزموونی هەستی و راستە و خۆ و شیاوی دووبارەبوونەوە (بتوانرێت دووبارە بکرێتەوە) پایەی زانستە نەوەك ئەزموونە کەسی و دەروونی و دابڕاوەکان لەسەر کەسێك. لەراستیدا راستر وایە ئەو دیتنانەی شیاوی دوبارەبوونەوە نین بە روبەڕوبوونەوە (مواجهە) ناوبەرین و ئەو دیتنانەی کە ئەکرێت دوبارە بکرێنەوە بەئەزموون[٢] ناوبەرین. ئەم دوو زاراوەیە تاکۆتایی ئەم نووسراوە بەم واتایە بەکاردەهێنرێت.

کاتێك کەلەدووبارەبوونەوەی دیاردەیەك بێبەش و مەحروم دەبین و تەنها یەك جار ئەتوانین بیبینین و بیچێژین ئەوە تەنها رووبەرووبووینەتەوە لەگەڵ ئەو دیاردەدا. بەڵام ئەگەر توانیمان دیاردەیەك بۆ چەند جارێك دووبارەکەینەوە و بەلابردن و گۆڕینی هۆکارەکان،پشکی هۆکارە جیاوازەکان لەبەرهەم هێنانی ئەودیاردەدا پێشبینی بکەین ئەوکاتە ئێمە گەشتوینەتە ئەزموون. مەبەست لە ئەزموونی بەردەست و هەڵسەنگێنراو و بەرهەمدار ئەمەیە.

تێپەربوونی کارەبا بەنێو تەلێکی بەرگریداردا و دروستبوونی گەرما تێیدا دیاردەیەکە بەڵام دووبارە بوونەوەی ئەم دیاردەیە و دیاریکردنی رۆڵی رێژە و چۆنێتی هێزی تەزوو،بەرگری تەلەکە و

١ - objectivity

٢ - Experiment



کاتی پێوست بۆدروستکردنی گەرمی، ئەزموونێکە. ئەم ئەزموونە بە شێوەیەك ئەنجام ئەدرێت کە تاکەتاکەی هۆکارە باسکراوەکان تیایدا ئەبێت جارێك لابەرین یاخود رێژەکەی بگۆڕین تاوەکو هەم پشکی ئەو هۆیە و هەم ئەندازەی پشکەکەی لە بەرهەمهێنانی گەرمیدا دیاریکەین. ئەو دیاردانەی کەسڕینەوە و گۆڕینی هۆیەکانی دروستکردنی لەتوانای ئەزموونگەراندا نەبێت، خۆیان نادەنە دەست زانست و هەر بەم هۆیەشەوە لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی زانستدا دەمێننەوە.

ئەتوانین بەئاسانی بۆمان ڕوون بێتەوە کەبۆچی کۆسمۆگۆنی[١] واتە ئەو زانستەی کە تێیدا لەچۆنێتی دروستبوونی زەوی و ئاسمانەکان دەکۆڵدرێتەوە، ئەوەندە بووەتە جێی رەتکردنەوە و بێڕەحمی فەیلەسوفانی زانست، تەنانەت دانانی لەچوارچێوەی زانست و بەزانست ناوبردنیشی مێژوویەکی نییە. ئەمەش لەبەرئەوەیە کەبارودۆخی بەر لە دروستبوونی ئاسمانەکان هێندە نادیار و دوور لە دەستی زانست و ئەگەرەکانە وسڕینەوە و گۆڕینی هۆکارەکان لەو فەزا تاریك و نادیارەدا هێندە لەدەرەوەی توانادایە کە ئەزموون تیایدا بەواتا زانستییەکەی ئەنجام نادرێت، جگە لە گریمانە و خەملاندن، هیچی ترمان بۆ ئەنجام نادرێت. بە هەمان شێوە بەڕوونی دەتوانین بۆمان دەرکەوێت کەبۆچی ناتوانین لە رێگەی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بوون و نەبوونی بوونەوەرەکانی ئەودیو سروشت بسەلمێنین. ئەو فیزیازانە یان کیمیازانەی کە بەباوەری خۆی بەڵگەیەکی بۆ بوونی رۆح دۆزیوەتەوە ئەبێ چەندە بێئاگابێت لەزانست و فەلسەفە و ئەوانەش باوەڕ بە دۆزینەوەکانی ئەو بێئاگایە ئەکەن چەندە بێبەش و مەحرومن، کەوە ها کالایەکی بێبایەخ بەقیمەتێکی گەورە دەکڕن؟

تاقیکردنەوەی زانستیی ئەکرێت هۆکار و ئەسبابی تیادا بسڕینەوە یاخود بگۆڕین. رۆح یان خودا یان مەلائیکە کە نامادین ئێمە ناتوانین بەپاراستنی بارودۆخی جەستە و جیهان بیان سڕینەوە یاخود زیادیان کەین تاوەکو شوێنەواری ماددییانەیان ببینین. هەرئەمەشە نهێنی ئەوەی کە ناتوانین لێکۆڵینەوەی ئەزموونی بەرامبەر خوا و رۆح ئەنجامبدەین. ئەزموون و تاقیکردنەوە جۆرێکە لە زانست و بەم جۆرەوە، راوی هەموو شتێك ناکرێت. چۆن دەتوانین خودا لە جیهاندا بسڕینەوە تاوەکو شوێنەواری سڕینەوەی خودا لە جیهاندا ببینین؟

چلۆن دەتوانین بەپاراستنی هەموو تایبەتمەندییەکانی جەستە، تەنها رۆح لەجەستە دەربهێنین تاوەکو شوێنەواری نەبوونی رۆحمان بۆ دەرکەوێت.

١ - Cosmogony

دووەم-. لێکۆڵینەوەی ئەزموونی هەمیشە بەشوێن ئەو گریمانانەدا دەگەڕێت کە لە زیهنی کەسەکەدا هەیە.

هیچ کەسێك بەشوێن ئەوەوە نییە تاوەکو بزانێت جیهان چییە، بە ڵکو هەمیشە بەشوێن ئەوەوەیە کەبزانێت ئایا بەوشێوەیەی کەبیری لێدەکاتەوە راستە یان نا. هەرکەسەو لە روویەکەوە پەرتووکی گەورەی سروشت دەخوێنێتەوە و لەکاتی خوێندنەوەشدا هەرکەس بەپێی باگگراوندی فیکری و ناوەڕۆکی زیهنی خۆی وشەگەلێکی لا بەرجەستە دەبن ودەردەکەون و وشەگەلێکیش دوور لەچاوی دەمێننەوە. واتای ئەم قسەیە ئەوەیە کەئێمە بەزیهنێکی خاڵی و تابلۆیەکی نەنوسراوی ویژدانمانەوە رووبەرووی جیهان نابینەوە. بەڵکو هەمیشە بە کۆمەڵێ ئەندێشە و بەهای پێشوەختەوە بەرەوشیکاری پرسیارەکان دەستدەکەین بەئەزموون و تاقیکردنەوە. هەر توێژەرێك کە دەست بە تاقیکردنەوەیەك دەکات بێهۆ نییە کە تاقیکردنەوەیەکی تایبەت هەڵدەبژێرێت. بە وتەی هایزنبرگ١: هەزاران تاقیکردنەوە هەیە کە ئەکرا ئەنجامبدرایە بەڵام هیچ زانایەك تاوەکو ئێستا ئەنجامی نەداون. بۆ وایە؟ لەبەرئەوەی ئەو بیرکردنەوانەی کە ئەو تاقیکردنەوانە لەزیهنی ئێمەدا بەخەبەر دێنن، لە زیهنی ئەو زانایانەدا نەبوون. هەر لەبەر ئەمەشە بەشوێن ئەو تاقیکردنەوانەدا نەچوون. بۆچی پاستۆر٢ دەستی کردە لێکۆڵینەوەی وردی ئەسیدی راسمیك؟ ئایا ئەمە تەنها ئارەزوویەك بوو یاخود ئەندێشە پێشوەخت و قووڵەکان و هاتنە ئارای پرسێکی تایبەت و پاڵپێوەنەر ئەوی ناچارکرد تاوەکو ئەو لێکۆڵینەوە بکات؟بۆچی نیوتن دەستی دایە تیۆری هێزی راکێشانی گشتی؟ ئایا کەوتنەخوارەوەی سێوێك بەبێ پێشەکییەك بۆ بەدیهێنانی ئەو تیۆریە و تاقیکردنەوەکانی دواتریش بەس بوو؟ ئەوانەی کەئاگاداری مێژووی زانستن و بە تایبەت لێکۆڵینەوەکانی گالیلۆ و کیپلەر لەمیکانیك و ئەستێرەناسی و تیۆرەکانی گیلبەرت دەربارەی موگناتیس و کیمیاگەرییەکانی خودی نیوتنن، باش دەزانن کەمەسەلەکە وانەبووە. زانست توێژینەوە و گشتاندنێکی کوێرانە نییە بەڵکو ئەزموون و خوێندنەوەکان، هەمیشە بۆ تاقیکردنەوەی تیۆرییە زیهنییەکان ئەنجامدەدرێن و زیهنی خاڵی شوێنی زانست ناکەوێت. ئەم وتەیە ئەگەری بەدلێحاڵیبوونی هەیە بۆیە ئەبێ ئەوە بڵێین مەبەستمان ئەوە نییە کەزانست زیهنییە و هەرکەسەو جۆرێ لەدنیا تێدەگات و زانستیش دەرەنجامی تێگەشتنی خۆبەخۆ و لەژمارە نەهاتووی زیهنی کەسەکانە. بەهیچ شێوەیەك مەبەستمان ئەمە نییە. بەڵکو مەبەستمان لێی ئەوەیە کە "زانست" ئیختیارییە٣ واتە هیچ کەس ناتوانێت بەرەو تێگەشتن لەهەموو دنیا هەنگاو بنێت.

١ - Heisenberg

٢- Pasteur-

٣ - Selective



بەڵکو هەرکەسەو بە پرسیارێکی هەڵبژێردراو وگریمانەیەکی هەڵبژێردراوەوە دەست بەشیکار و گەڕان بەدوای وەڵامەکەیدا دەکات.

مێژووی زانست مێژووی دۆزینەوە بەرێکەوت و بەدوای یەکدا هاتووەکان نییە. مێژووی زانست، مێژووی ئەو پرس و مەتەڵ و گریمانانەیە کە بۆ شیکارکردنیان پێشوەخت پێشنیار کراوەو بەشوێن ئەوگریمانانەدا تاقیکردنەوە گەلێك ئەنجامدراون.

بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی پێوستمان بە پرسیارێکی هەڵبژێردراو هەیە. ئەوانەی کەمێژوو دەخوێننەوە تاوەکو بزانن لە دنیادا چ باس بووە، کارێکی پوچ و نازانستی ئەکەن. ئێمە ناتوانین ئەوە ناوبنێین لێکۆڵینەوەی زانستی. ئەبێت پێشوەخت دیاریکەین کەبەشوێن چیدا دەگەڕێین و چاو بەو گریمانانەدا بخشێنینەوە کە لەزیهنماندا هەیە و ئاگامان لێیان بێت. ئا لەو کاتەدایە کە لە پڕ تاکەتاکەی رستەکان واتایەکی تر وەردەگرن. رۆڵی گریمانەکانیش لەزانستدا هەرئەمەیە کەمەیدانی لێکۆڵینەوە رۆشن ئەکەنەوە١. واتە ئەوە دیاری بکەین کە ئەبێ بەشوێن چیدا بگەڕێین و ئەبێت دیاردەکان بخەینە چ چوارچێوەیەکەوە. نابێت واگومان بەرین کە گریمانەکان تەنها وتەگەلێکی گوماناوی و خەملێنراون کە درەنگ بێت یان زوو ئەبێت چاوەڕێی کەوتنیان بکەین. گریمانەکان جیهانبینی زانستیانەی هەموو سەردەمەکان پێکدەهێنن وگۆشەکانی بەرچاوروونی بەتوێژەران ئەبەخشن و چوارچێوەی سەلماندن ئەخەنە روو و لێکۆڵینەوەکانیان رێبەری ئەکەن. بەبێ گریمانە کەس دەست ناداتە سەلماندن.

لەسەدەی حەڤدەیەمدا گریمانەی ((نەگونجانی کاریگەری لەسەر تەنە دوورەکان٢))، یان ((روودانی کاریگەری تەنها لە رێگەی پەیوەندی و پێکەوە بەستنەوە)) بە زانا و لێکۆڵەرەوانی دەووت باوەڕ بەوە مەکەن کە تەنێك بتوانێت کاریگەری لەسەر تەنێکی تر بکات کە لە دووری ئەوەوەیە و گواستنەوەی پەیوەندی تەنها ئەبێ لە رێگەی پێکەوە نوسان بێت. هەر لەبەر ئەم هۆیە ئەگەر هاتوو بە رووکەش ببینیت کەلەشوێنێکدا تەنێك کاریگەری لەسەر تەنێکی دوور لەخۆی دروستکرد ئەوە دەبێت بەشوێن تەنی سێیەمدا بگەڕێین کەهەڵگری ئەو کاریگەرییە بووە. هەرئەم تیۆرییە بوو کە زانایان و لێکۆڵەرەوانی ناچار کرد کە بە شوێن گەیەنەرە ماددیی و گەردەهەوا دیکارتییەکان و سیالە دەمارییەکان و هاوشێوەی ئەمانەدا بگەڕێین. وەختێکیش

١ - Search-light View of Knowledge

٢ - Action at a distance

تیۆری مەیدانەکانیش هاتە ئاراوە ئەوەی راگەیاند کە گەڕان بەشوێن گەیەنەرە مادییەکاندا شتێکی پوچ و بێدەرەنجامەو ئەوەشی راگەیاند کە ئەگەری دروستکردنی کاریگەری لەرێی پەیوەندی مەیدانییەوە گونجاوە. هەربۆیە دوای ئەمە تاقیکردنەوەیەك بۆ گەڕان بەدوای گەیەنەردا ئەنجام نەدرا. تیۆری جوولانەوەی  گازەکان ئەیوت پێکەوەنووسانی گازێك ئەبێت راستەوخۆ لە چڕی خۆی بێت. تا ئەو رۆژە کەس بیری لەوە نەکردبووەوە کە لە پەیوەندی نێوان ئەم دوو هۆکارە"لەرووی  چۆنیەتی و چەندییەتییەوە" بکۆڵێتەوە. ئەم تیۆرییەبوو کە ماکسولی١ پاڵ پێوە نا تاوەکو لەبوونی ئەم پەیوەندییە بکۆڵێتەوە. تیۆری فلۆجیستۆن٢ ئەیوت هەرتەنێك کە بسووتێت لەکاتی سووتاندا فلۆجیستۆن دەردەکات و خۆڵەمێش بەجێ دەهێڵێت و هەر تەنێك فلۆجیستۆنی زیاتر بێت باشتر دەسووتێت و هەرچییەکیش (بەنموونە ئاو) کە ناسوتێت لەبەر ئەوەیە کە فلۆجیستۆنی تیا نییە و لۆکە باش دەسوتێت چونکە پڕە لە فلۆجیستۆن. پریستلی٣ ئۆکسجینی لە رێگەی گەرمکردنی ئۆکسیدی جیوەوە بەدەستهێنا وکاتێك تەنێکی تری لە ناو ئەم گازەدا دەسووتاند زۆر بەباشی ئاگری دەگرت، بۆی دەرکەوت کە ئۆکسجین هەوایەکی بێ فلۆجستۆنە. کاوندیش هایدرۆجینی دۆزییەوە و رایگەیاند کە ئەمە خودی فلۆجستۆنە. شیل٤ کلۆری دۆزییەوە و ئەوەی بۆ دەرکەوت کە ئەسیدی کلۆریدریك بێ فلوجستۆنە. ئەمانە ئەوە نیشان ئەدەن کە تیۆرییەکی زاڵ چەندە کاریگەری لەسەر دروستکردنی جیهانبینییەکی تایبەت هەیە. واتە مرۆڤەکان فێردەکات کە چۆن جیهان ببینن: سیالەدار؟ پڕفلۆجیستۆن؟ ئامانجدار؟ میکانیکی؟.. و ئەوەش نیشان ئەدات کە گریمانەکان چەندە مەیدانی لێکۆڵینەوە رۆشن دەکەنەوە و لێکۆڵەرەوان فێردەکەن کە کام تاقیکردنەوە هەڵبژێرن. دروستکردنی جیهانبینی لەلایەن تیۆرەکانەوە، تا ئەو رادەیەیە تەنانەت کاریگەری لەسەر چۆنییەتی بینینی واقیعیەتەکانیش هەیە. واتە دوو کەس بە دوو جیهانبینی جیاوازەوە یەك رووداو بە یەکسانی نابینن. بەدەربڕینێکی تر هیچ رووداوێکی پوخت نییە کە بۆ

١ - J.C.Maxwell

٢ - Phlogiston

٣ - Preistly

٤ - Schille



هەموو کەسێك یەك واتای هەبێت. هەرکەسەو بەرگدروویەکی دەروونی هەیە کەبۆ دیاردەکان بەرگێك لەتەفسیر دەپۆشێت و ئیتر لەوکاتەوە ئەو بوونەوەرە داپۆشراوەیە دێتە ناو سەرا و دیوانی زیهنەوە. ئێمە کە ئەمڕۆ چوار سەدە پاش کۆپەرنیك١ تەماشای زەوی دەکەین زەوی بەچەشنێك دەبینین و ئەوانەی کە پێش کۆپەرنیك دەژیان هەر ئەم زەوییەیان بە چەشنێکی تر دەدی و لێیان دەڕوانی. زەوی هەمان زەوییە و بەلام دوو بەرگی جیاوازی پۆشیوە. تەنانەت توماس کوهن٢ مێژوونوس و فەیلەسوفی زانستی هاوچەرخ تۆزێ لەمە زیاتریش دەڕوات و باوەڕی وایە کە وشەی زەوی مانایەکی جیاوازتری لەو مانایە هەیە کە بۆ دانیشتوانی ئەم گۆی زەوییەی پێش کۆپەر نیك هەیبووە. ئێمە دەڵێین زەوی و مەبەستمان لێی گۆیەکی سارد و جوولاوە کە بەتەمەنێکی زۆرەوە تەوافی خۆر دەکات، لەبەرامبەر گۆیە گەورەکانی تردا. ئەوانەی ئەوساش دەیانووت زەوی و مەبەستیان لێی گۆیی یان ئەکرێت چوارگۆشە یاخود سارا بووە کە وەستابوو، خۆرو گەرۆکەکانی تریش بە دەوریدا ئەسوڕانەوە و تەمەنێکی کەمی تێپەڕاندبوو چەقی جیهانیش بوو. گازی هایدرۆجین لە چاوی ئێمەدا شتێك و لە چاوی کیمیاگەرانی پێش لاڤازیە٣  شتێکی تر بوو. بۆ ئەوان هایدرۆجین فلۆجیستۆن بوو.

کەهایدرۆجینیان دەدی  ئەوا فلۆجیستۆنیان دیبوو. ئێمەش هەمان هایدرۆجین دەبینین بەلام خالی لە فلۆجیستۆن. دوو کەس کۆمەڵگەیەك دەبینن و  هەمان کۆمەڵگە کە یەك شتە بەدوو شێوە خۆی بۆیان ئەخاتەڕوو، یەکێکیان ئەو کۆمەڵگەیە لە سایەی منەت و کەرەمی سوڵتانەوە لە خۆشی و نازونیعمەتدا دەبینێت و ئەوی تریان بەبازنەیەك لەبازنەکانی ململانێی مێژووی و چینایەتی دەبینێت. یەکێکیان تەماشای لوتکەی گەشانەوە و ئەوی تریان رێك تەماشای خالی رووخانی دەکات. یەکێکیان لەو پلەدا گەشەی ئامرازەکانی داهێنان ئەخوێنێتەوە و ئەوی تر بەشوێن ئاستی وەلامدانەوەی ئەو لە بەرامبەر هێرشی شارستانییەتی هێرش بەردا دەگەڕێت.

١ - Cooernicus

٢ - T.Kuhn

٣ - Lavoissier

هەموویان یەك شت دەبینن بەلاّم هەریەکەیان شتێکی جیاوازی لێ دەخوێننەوە. مەولاناش چەند جوان وتی:

**وی بسا  کس رفته تا هند و هری**
**او ندیده  جز مگر بیع و شری**
**ای بسا کس رفته ترکستان و چین**
**او ندیده هیچ جز مکر و کمین[١]**

واتە: ئای چەندە خەڵك رۆشتووەتە هیند و جگە لە کرین و فرۆشتن، شتێکی تری نەدیوە و چەندە زۆرن ئەوانەش کە چونەتە تورکستان و چین و لە مەکرو کەمین بەولاوە هیچی تریان دەست نە کەووتووە. بۆیە شوێنی هەرچی بکەویت لەوە بەولاوە هیچی ترت گیرنایەت و دەست ناکەوێت.

زانست لە پرسیارەوە دەست پێدەکات و لە رێگەی شیکاری پرسیارەکاندا بەیارمەتی دروستکردنی گریمانەکان گەشە دەکات. بێ پرسیاری، یەکسانە بەبێ زانستی.

بۆ خستنەرووی هەڵبژاردن (ئیختیاری بوون) لەزانستدا واتایەکی تریش هەیە کە لەخوارەوە دێت.

سێیەم. شیکردنەوە زانستییەکان، هەمیشە لەژێر سایەی تیۆرو  یاسا زانستییەکاندا ئەنجام ئەدرێن. بەبێ هەبوونی تیۆرێك ناتوانین تەفسیری دیاردەیەك بکەین.

بەوشێوەیەی کە دیمان تیۆرەکان بە جۆرێکی تایبەت وێنەی جیهان یان بەشێك لەجیهان دەکەن. تەفسیری دیاردەیەکی تایبەت بەواتای گونجاندنی ئەو دیاردە لەو وێنەکردنە گشتیی و پان و پۆڕەدایە. بەدەربڕینێکی تر هەرکاتێك رووداوێکی تایبەتمان وەك نموونەی نەزمێکی گشتی دانا ئەوا لە بارەی ئەو رووداوەوە راڤەمان داوەتە دەستەوە.

ئەگەر بڵێین هەمیشە گەرما لە تەنێکی گەرمەوە بەرەو تەنێکی سارد دەگوازرێتەوە، ئەوا سیستم و رێکخستنێکی گشتی سروشتیمان بەیان کردووە و ئەگەر دیمان کەتەنێکی سارد بەهۆی وەرگرتنی گەرما لەتەنێکی گەرمەوە گەرمتر بووە، ئەوا ئەم روداوە لە ناو ئەو یاسا گشتییەدا راڤە دەکەین و شیدەکەینەوە. واتە دەڵێین لەبەر ئەوەی هەمیشە دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان دوو تەنی گەرم و sarddا بە گەرمتربوونی تەنە ساردەکە کۆتایی دێت،

٢- مثنوی،دفتر چهارم،ابیات،٢٣٧٣و٢٣٧٤



لێرەشدا ئەم تەنە ساردە بەوەرگرتنی گەرمی لەتەنە دراوسێکەیەوە گەرمتر بووە. راڤە زانستییەکان لە گەرەنتی تیۆر و یاسا زانستییەکاندان و یاساو تیۆرە زانستییەکانیش بۆ ئەوەی زانستی بن دەبێت  شیاوی تاقیکرانەوەبن بۆ ئەوەی شیاوی تاقیکرانەوەشبن ئەبێت شیاوی دووبارەبوونەوە بن. ئالێرەوەیە کە دەڵێین هەر یاسایەکی زانستی مەسەلەیەکی گشتییە کەوەسف و باسی سیستمێکی دووبارە بووەوە لە سروشتدا دەکات. ئەم وتەش ئەو دەرەنجامە بە دەستەوە دەدات کە ئەو رووداوانەی کە تایبەتن بەتەنها کەسێکەوە ناچنە ناو تەفسیرو راڤە زانستییەکانەوە، چونکە ئەو رووداوەی کەتەنها یەك جار روودەدات تاقیکرانەوەی لە باردا نابێت و تاقی ناکرێتەوە بەم هۆیەشەوە ناتوانین یاسایەکی بۆ دابنێین هەر بۆیە لە زانستدا بەبێ راڤە دەمێننەوە.

کۆی بوونەوەر رووداوێکە کە زیاتر لەجارێك رووینەداوە. هەموو مێژووی مرۆڤایەتی رووداوێکە کە تەنها یەك جار روویداوە. ئەمانە بەهۆی بێهاوتابوونییانەوە بێ راڤەش دەمێننەوە. ناتوانرێت بۆ کۆی مێژوو یاسایەکی زانستی دابنرێت. بەهەمان شێوە ئەو بوونەوەر و رووداوانەی کە لە رووی چۆنییەتییەوە بێهاوتان بێراڤەش دەبن. جوانترین هۆنراوەی جیهان -ئەگەر هەبێت — بەو پێیەی کە هاوشێوەی نییە راڤەشی نییە. ئەکرێ کە لەم جیهانە ماددیەدا سەرسوڕهێنەری تری زۆر هەبن کە خۆیان نادەنە دەست راڤەی زانیتییەوە.

چوارەم. بەشێوەیەکی گشتی تیۆرییەك یان یاسایەکی زانستی١ سێ سیفاتی هەیە کە لەدەستدانی هەریەك لەوانە ئەو تیۆرە یان ئەو یاسایە لە زانستیبوون دەردەکات.

ئەلف). یاسا یان تیۆر، سیستمێکی هەمیشەی نەگۆڕ و پایەدار دەخاتە روو و لەرووی لۆژیکییەوە شێوەی مەسەلەیەکی گشتی هەیە کە بە (هیچ)، (هەمیشە)، (هەر) یان (هەموو) دەست پێ دەکات بۆ نمومە:

هەرکاتێك رووناکی بخەینە سەر تەنێکی تیشکدەرەوە، ئەوا بەگۆشەی یەکسانی گۆشەی بەرکەوتن تیشك دەداتەوە. یان هەر گازێکی نموونەیی لە پلەیەکی گەرمی نەگۆڕدا دەرەنجامی

١- ئێمە لەم نوسراوەدا جیاوازیمان لە نێوان گریمانە و یاسادا نەکردووە لە بەر ئەوەی هەردووکیان وەك یەك لە سەر لێواری چالی پووچەڵبوونەوەدا دەبینین.بەلاّم لە دیدی پۆزەتیڤیستەکاندا یاسا ئەوەیە کە بە سەر سەکۆی سەلماندنەوە دانیشتبێت و گریمانەش ئەوەیە کە هێشتا نە سەلمابێت.تیۆریا بە و بابەتە گشتی یە نەسەلماوانەو هیبوتیزم بە بابەتی تایبەتی نەسەلماویش دەڵێن.

لێكدانی پەستان و قەبارە تێیدا ڕێژەیەكی نەگۆڕ وەردەگرێت. یان هەمیشە لە هەركوێ بێت بەشێوەیەكی سروشتی گەرما لە تەنێكی گەرمەوە بەرەو تەنێكی سارد دەچێت.

یان: هەمیشە كاركردنی كۆمەڵەیەك رادیۆ ئەكتیڤ پاش تێپەڕینی ماوەیەكی دیاریكراو بەسەریدا نیوە (نیوەتەمەن) دەبێت.

یان: هەمیشە ئاو لە دوو ئەتۆمی هایدرۆجین و یەكێكی ئۆكسجین دروستدەبێت.

یان: هێزی كێش كردن لەنێوان دووتەندا پەیوەندییەكی راستەو خۆی بە بارستایی هەردووكیانەوە هەیە.

یان: هەمیشە گەرما خێرایی هەڵچوونە كیمیاوییەكان زیاتر دەكات.

یان: هەمیشە پەنیسیلین بەكتریا تایبەتە بەرگریلێنەكراوەكان دەكوژێت و یان...

ئەوە یاسازانستییەكانن كەلەشێوەی مەسەلەی گشتیدا خراونەتە روو. تەنانەت یاسائامارییەكانیش گشتاندنێكی لۆژیكیان هەیە بۆ نموونە ڤاكسینی پەتا بەرێژەی٧٥٪ كاریگەری هەیە. بەم واتایە ئیدی هەمیشە لەباری ئاسایدا هەركاتێك كوتان بەكار بهێنرێت ٧٥٪ خەڵكی لەنەخۆشی دەپارێزێت بەڵام ئەگەر بڵێین نازانین دەرزی پەتا چی دەكات، جارێ كاریگەری هەیەو جارێ نییەتی. تەنانەت ئەندازەو رێژەی سەدی كاریگەرییەكەی نازانین ئەوا دیارە كە قسەكەمان زانستی نییە و هێشتا لێكۆڵینەوە و هەوڵی زیاتری دەوێت تاكاریگەری كوتانی پەتا شەرح و وەسفی شایستە وەرگرێت.

ب. تیۆرە زانستییەكان توانای پێشبینی مەرجداریان هەیە و بەهۆیانەوە دەتوانین ئایندەی رووداوەكانمان بۆ دەركەوێت. هەموو ئێمە ئاگاداری رۆشتنی كەشتییە ئاسمانییەكانین بۆ ئاسمان و ئاگاداری گەڕانی مانگە دەستكردەكانین بە دەوری زەویدا هەموو ئێمە بۆ چارەسەری نەخۆشی دەرمانمان خواردووە و هەموومان ئۆتۆمبیل و ئامرازی دروستكراوی زۆرمان دیوە كەبەباشی كاردەكەن و سوود دەگەیەنن. ناردنی كەشتی بۆ ئاسمان، خواردنی دەرمان و بەكارهێنانی سەیارە هەموویان لەسەر بنەمای ئەودڵنیاییانەن كەئێمە بە پێشبینی زانستی هەمانە. كاتێك یاساكانی بزووتن بە ئێمە دەڵێن تەنێك كە بە ئاراستەیەكی تایبەت و بەگۆشەیەكی تایبەت و لەبەرزییەكی تایبەتەوە ئاراستە بكرێت بە چ شێوەیەك دەگەڕێتەوە، ئالەم كاتەدایە ئێمە دەتوانین پێشبینی رێچكەی تیشكی بكەین و كۆنترۆڵی بكەین لە هەموو شتەكانی تریشدا هەر وایە. بە هاوكاری یاسای یەكسانی گۆشەكانی بەركەوتن و تیشكدانەوە دەتوانین پێشبینی ئەوە بكەین كە: ئەگەر تیشكێك بەگۆشەی پەنجا پلە لە تەنێك بدات بە پلەی پەنجاش كاردانەوەی



دەبێت و بەزانینی نیوەی تەمەنی رادیۆم ئەتوانین كەپێشبینی ئەوە بكەین كەپاش تێپەڕینی نزیكەی ١٧٠ ساڵ بەسەر تۆپەڵێكی سەد گرامی رادیۆمدا دائەبەزێت بۆ نیوەی ئەو رێژەیە و بەهەبوونی هاوكێشەی ئامادەكردنی ئاو ئەتوانین دڵنیا بین لەوەی كەئەگەر دوو گەردی هایدرۆجین و یەكێكی ئۆكسجین كۆبكەینەوە ئاومان دەست دەكەوێت. وتە نازانستییەكان بەشێوەیەكی ئاشكرا لەبەردەم پێشبینیدا دەستەوەستانن و بەیارمەتی ئەوانەش ناتوانین هیچ مەعریفەیەك لەسەر ئاینده وەرگرین. ئەگەر بڵێین هەندێ جار دووپشك بەهۆی شێوە پەیدا دەبێت یان هەندێك جار نزیك بوونەوەی مانگ لەهەسارەی موشتەری ئەبێتەهۆی خۆشبەختی هەندێ لەمرۆڤەكان، ئاشكرایە لە رێی ئەم قسانەوە ناتوانین بەشێوەیەكی دڵنییایی پێشبینی ئەوە بكەین كە بە فەراهەم كردنی شێ دووپشك لە دایك دەبێت. یاخود نزیك بوونەوەی مانگ و موشتەری بەختەوەری بەكەس دەگەیەنێت. ئاگاتان لەوە بێت كە قسە لە دروستی و نادروستی نییە قسە لەسەر زانستی بوون و نازانستی بوونە.

ئەگەر بڵێین "ئەكرێت دەرمانی هەموو جۆرەكانی شێرپەنجە پەیدا كرێت" بەم قسەیە ناتوانین پێشبینی ئایندەی هیچ نەخۆشێك و دەرەنجامی هیچ تاقیكردنەوەیەكی تاقیگە بكەین. لە كاتێكدا ئەكرێت ئەو قسەیە راست بێت و رۆژێك بێتە دی. واتە ئەم قسەیە لەگەڵ ئەوەی زانستی نییە راستە (ئەكرێت). هەموو قسەیەكی راست، مەرج نییە زانستی بێت بەڵام هەموو قسەیەكی زانستیی، ئەبێت راست بێت.١ بازنەی راستی و ناراستی فراوانترە لەبازنەی زانستی و نازانستی. هەرچۆنێك بێت ئەم قسەیە كە"نەخۆشی شێرپەنجە هۆكارێكی هەیە " بەدڵنیاییەوە راستە و بەدڵنیاییەوە زانستی نییە. زانستی نییە لەبەر ئەوەی ناتوانین هیچ پێشبینییەكی تایبەتی لێوەرگرین. چونكە هۆی شێرپەنجە چ ڤایرۆس بێت و چ میكرۆب بێت و چ مەوادی كیمیایی، چ ژەهراوی بوونی خواردن، چ نالەباری هۆرمۆنیی، چ كورتهێنانە ئەنزیمییەكان، چ تێكچوونی باری دەروونی، چ چاوی پیسی چاوپیسان، دڵێشانی دڵسۆزان و چ رقی خواكان و چ... هەموو ئەمانە بەپێی قسەكەی سەرەوە ئەكرێت هۆكاربن. بەڵام ئەم قسە رێمان نیشان نادات كە بەشوێن كامیاندا بگەڕێین یان بۆ دووركەوتنەمان لە تووش بوون بە نەخۆشییەكە، خۆ لەكام یەك لەو هۆیانە بپارێزین. تەنانەت ناتوانین پێشبینی ئەوە بكەین كە ئەم هۆیە هەر بوونی دەبێت، لەكاتێكدا ئەوە ئەزانین كە هۆیەك هەر دەبێت هەبێت.

---

١- گریمانە زانستییەكان كە قەبارەیەكی گەورە لە پەیكەری زانست داگیر دەكەن،لە گەڵ ئەوەی كە زانستیشن دڵنیاییەك بۆ راست بوونیان لە ئارادا نییە.ئەگەر وەها دڵنیاییەك لە ئارادابوایە ئیتر گریمانەیان پێنەدەوترا.

ج. یاسا و تیۆره زانستییەکان روودانی هەندێ لە دیاردەکان لە جیهاندا بە نامومکین و بەگونجاو دائەنێن. هەر یاسایەك رێگری زیاتر بکات زانستی تره. واتە یاسا زانستییەکان لە گەڵ هەموو رووداوێکدا کۆك نین و  مۆڵەتی هەر جۆره مانۆڕو ئاراستە گۆڕینێك بە دیاردەکان نادەن. بە دەربڕینێکی تر ئەم یاسایانە لە بەرامبەر ئاراستەبوونی رووداوەکاندا هەستیارن و هەر ئاراستە گۆڕانێکی دیاردەکان ئەم یاسایانە ژێراوژوور دەکات و تێکدەدات. بۆ نمونە یاسای یەکسانبوونی گۆشەکانی بەرکەوتن و تیشکدانەوە ئەڵێت ئەگەر روناکییەك بە گۆشەی ١٠پلە بەرتەنێك کەوت ئیتر مەحاڵە بە گۆشەی ٢٥پلە تیشك بداتەوە. بەپێی ئەم یاسایە تیشك دراوەکە تەنها رێگەیەکی تایبەتی لە بەردەمدایە، نەك چەند رێگە و رێرەوێك. ئەگەر هاتوو تیشکەکە بە چەند پلەیەکی زیاتر یان کەمتر لە ١٠ پلە درایە وە ئەوا کەوتن و پووکانەوەی یاساکە مسۆگەره.

یاسای گازەکان ئەڵێت: لە پلەی گەرمی نەگۆردا پەستان بە جۆرێك قەباره ئەگۆرێت کە دیسان دەرەنجامی لێکدانیان یەکسان بێت بە دەرەنجامی لێکدانی پێشوویان. ئیتر ناکرێت لە بەرامبەر گۆڕینی پەستانێکی تایبەتدا قەبارەی گازەکانیش  بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بگۆڕێت.

کاتێك یاسایەك روودانی هەندێ دیاردە بە نەگونجاو ئەزانێت. واتا راستەکەی ئەمە ئەوەیە کە لەکاتی رودانی ئەو دیاردانەدا یاساکە دروستی خۆی لە دەست ئە دات و پوچەڵ دەبێتەوە. هەموو یاسا زانستییەکان بە شێوەیەکن کە لەگەڵ دەرکەوتنی هەندێك روداودا پوچەڵ دەبنەوە.

بەو چەشنە نییە کە لەگەڵ هەموو شتێك و هەموو بارودۆخێکدا بگونجێن و هەرچی روویدات بۆ ئەوان جیاوازی نەبێت. لە گرنگترین تایبەتمەندی یاسا زانستییەکان هەر ئەم بێ لایەن نەبوونەیانە بەرامەر جیهان. هەر ئەمەشە وایان لێدەکات کە شیاوی پووچەڵبوونەوە بن. (١) شیاوی پووچەڵ بوونەوە  واتە نەگونجان لەگەڵ هەموو ئەو دەرکەوتانەی کە ئەکرێت دەرکەون. ئەو یاسایەی کەشیاوی پووچەڵ بوونەوەیە ئەوەیە کە بتوانین ئەگەری ئەوەی لێبکەین کە لەکاتی روودانی دیاردەیەکی تازەدا پووچەڵ ببێتەوە. بە دەربڕینێکی تر هەر بانگەشەکەرێك ئەبێت یاسایەك بخاتە روو، کە تیایدا ئەوەی دیاری کردبێت کە لەکوێدا ئەبێت دەست لە قسەکەی خۆی هەڵگرێت. رەگوریشەی ئەم مەسەلە ئەوەیە کە رۆلی تاقیکردنەوە لە زانستدا، کەشفکردنی پووچەلبوونەوەیە نەوەکو سەلماندنی راستێتی. پەیوەستبوونی زانستی ئەزموونی بە ئەزموونەوە لەو رووەوە نییە کە  ئەزموون ئەوی لەسەر سەکۆی قەتعییەت دانابێت  بەڵکو لەو

١ -Refutable



رووەوە یە کە ئەزموون ئەتوانێت رووبەرووی بێتەوەو لەرەگی بێنێت. لەکاتێکدا ئەزموون توانای دەسەویەخەبوون لەگەڵ فەلسەفە و بە زەویدادانی فەلسەفەی نییە.١

یاسای یەکسانبوونی گۆشەکانی بەرکەوتن و تیشکدانەوە، شیاوی پووچەڵ بوونەوەیە (هەرچەندە یاسایەکی پوچەڵ نییە). واتە ئەکرێت شیمانەی ئەوە بکەین کە ئەگەر رووناکییەك بە گۆشەی ١٠ پلە بدات لە تەنێك و بە گۆشەی ٢٠ پلە تیشك بداتەوە ئەوا یاساکە پوچەڵ ئەبێتەوە.

یاسای دووەمی ترمۆدینامیك یاسایەکە کە شیاوی پووچەڵبوونەوەیە واتە ئەگەر کەسێك مەکینەیەك دروستکات کە بەدەرەنجامی کاری خۆی بۆ هەمیشە کار بکات (هەمان ئەو مەکینەی کە ئەم یاسایە دروستکردنی بە مەحاڵ دەزانێت)، لەم کاتەدا ئەم یاسایە راستی و دروستی خۆی لە دەست ئەدات. یاسای رێژەیی ئەنیشتاین٢ شیاوی پووچەڵبوونەوەیە واتە ئەگەر کەسێك بەتاقیکردنەوە ئەوە دەرخات کە لە شوێنێکدا خێرایی تیشك، لەسەر خێرایی سەرچاوەی بەرهەمهێنانی تیشکەکە دەروات و یان ئەگەر تەنێك بەچەند خێراییەکی جیاواز بجوولێت بەلاّم بارستاییەکەی لەهەموو بارەکاندا وەك یەك بێت ئەوا لەم کاتەدا ئەنشتاین تیۆرەکەی خۆی وەردەگرێتەوە. ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە کەهەموو ئەم تیۆرانە لەگەڵ هەبوونی گریمانەی رووداني هەندێ رووداودا پایەیان دەکەوێتە لەقین و تەنها لەچوارچێوەیەکی تایبەتدا راست و دروستن. شیاوی پووچەڵبوونەوە مانای ئەوە نییە کە ئەم یاسایانە هەر ئەبێت رۆژێك پوچەڵ ببنەوە. بەڵکو ئەگەر هاتوو راستی و دروستی یاسایەکی زانستی سەلمێنراش هێشتا هەر شیاوی پووچەڵبوونەوەیە. واتە بەشێوەیەکی گریمانەیی ئەتوانین تاقیکردنەوەیەکی دژ بەوە پەیدا کەین. شیاوی پووچەڵکردنەوە هاوتایە بە شیاوی تاقیکردنەوە. یاسای زانستی ئەبێت شیاوی تاقیکردنەوە بێت  و کاتێکیش شیاوی تاقیکردنەوە بوو شیاوی ئەوەشە پووچەڵکرێتەوە. کاتێکیش شیاوی پووچەڵبوونەوەیە کە لە بەرامبەر جیهانی دەرەوە و لەبەرامبەر دیاردەکانیدا بێ لایەن نەبێت. ئێستا ئێوە بیر لەم قسەیە بکەنەوە "هەر کەسێك کاتی مەرگی هات دەمرێت" ئایا تەنانەت لەجیهانی خەیاڵیشدا ئەتوانرێت تاقیکردنەوەیەك

١- ئەم شیعرەی حافڤ بەوپەری ناسکییەوە.پیشاندەری رۆلی تاقیکردنەوەیە لە زانستدا.

خوش بود گر محك تجربه **آ**يد به میان

تا سیه روی شود هرکه در او غش باشد

٢ - A. Einstein

بکرێت کە هاتنەدی ئەم قسەیە پووچەڵکاتەوە؟ لەدوو حاڵەت دەرناچێت کەسی ئەلف یان مردووە یان نەمردووە ئەگەر مردووە ئەوا قسەکەی سەرەوە ئەڵێت هەبێ و نەبێ کاتی مردنی هاتووە و ئەگەر هێشتا نەمردووە، ئەوا قسەکەی سەرەوە ئەڵێت هێشتا کاتی مردنی نەهاتووە. ئیتر ئەم قسەیە لەبەرامبەر رووداوەکاندا بێ لایەنە و مردن و نەمردنی کەس بۆ ئەو جیاوازی نییە و لەهەردوو حاڵەتدا بەهێزی جارانییەوە ئەمێنێتەوە.

ئەگەر زیاتر روونی کەینەوە، وادێتە بەرچاو کە لەکاتی روودانی دوو حاڵەتدا ئەم قسەیە پوچەڵ ببێتەوە. یەکەمیان ئەوەیە کەکەسێك پێش هاتنی کاتی مەرگی بمرێت و ئەوی تریان ئەوەیە کە کەسێك پاش هاتنی کاتی مەرگیشی هێشتا هەر زیندوو بێت. بەڵام چۆن ئەتوانرێت ئەوە تاقیبکرێتەوە کە کەسێك کاتی مەرگی هاتووە و هێشتا نەمردووە یان کاتی مەرگی نەهاتووە، وەلێ مردووە؟ کاتێ پێوەرێکی سەربەخۆ بۆ زانینی کاتی مردن لە بەردەستدا نییە (واتە یاساکەی سەرەوە نەیخستووەتە بەر دەست)، ئەوا ئەبێت کاتی مردن لەرێی خودی مردنەوە بزانین. واتە ئەبێت دانیشین تاکەسێك ئەمرێت و ئیتر ئەو کاتە لەکاتی مردنەکەی ئاگادار ئەبین هەر ئەمەش وا لەقسەکەی سەرەوە ئەکات کەشیاوی لەقبوون و پووچەڵبوونەوە نەبێت و هەر لەبەر ئەم هۆیەش زانستی نییە. هەرکاتێك قسەیەك شیاوی پووچەڵبوونەوە نەبوو ئەوا لەپێشبینی کردنیشدا دەستەوسان دەبێت. بۆ نمونە هەر ئەم قسەیەی سەرەوە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت کاتی مردن و ژیانی کەسێك یان روودانی هەر روداوێك پێشبینی بکات. واتە شیاوێتی پووچەڵبوونەوە و توانای پێشبینی هاوتای یەکن و لە هەرکوێدا ئەمیان هەبێت ئەویشیان هەیە.

دیسانەوە بیر لەم قسەیە بکەنەوە کە ئەڵێ: ڕەنگی شتەکان لە ئەنجامی تەماشاکردنی ئێمە بۆیان دروستدەبێ و تامی شتەکان لە ئەنجامی بەرکەتنی زمانی ئێمە لێیان دروستدەبێت. ئەوەی ئەم قسەیە دەکات ئەتوانێت هەموو شتە رەنگاورەنگ و بەتامەکان (واتە هەموو شتەکانی جیهان چونکە لە راستیدا هیچ شتێکی بێ رەنگ و تاممان نییە)، بە بەڵگە لەسەر راستی قسەکەی خۆی دابنێت. چونکە تاشتێك نەبینین، ناتوانین قسە لە رەنگەکەی بکەین و هەرکە تەماشامان کردو رەنگەکەیمان دی خاوەنی قسەکەی سەرەوە ئەڵێت ئەو تەماشاکردنە بوو رەنگەکەی بەدی هێنا و تامەکانیش هەر بەهەمان شێوە. وا دیارە کە ئەم قسەیە هەمیشە ئەسەلمێت و ئەگەر بڕیار وابێ سەلمان و هاتنەدی تەجرەبەیەك بەمەرجی زانستی بوونی دابنێین، قسەی لەمانە زانستی تر نییە، کەبەوەستاوی و هێزەوە



بڕیار لەسەر هەموو دیاردەکان بدات و دیاردەیەکیش لەقەڵەمڕەوی حاکمییەتیاندا دەرنەچێت.

بەڵام بۆ وا هەست دەکەین کەجۆرێك لە فریودان و گرفت لەم قسانەدا هەیە؟ بۆ ناتوانن ئیقناعمان کەن؟ چ جیاوازییەکیان لەگەڵ یاسا زانستییەکاندا هەیە؟

جیاوازییەکە لێرەدایە کە لە کاتێکدا یاسا زانستییەکان شیاوی پووچەڵبوونەوەن، ئەم قسانە ئەو شیاوەتییەیان نییە. یاسا زانستییەکان ئەگەر ناڕاستبن، ئەوا ناراستێتییەکەیان ئەکرێت لەرێی تاقیکردنەوەوە ئاشکراکرێت (واتای راستەقینەی شیاوییەتی پووچەڵبوونەوە). بەڵام ئەم قسانە ئەگەر ناراستیشبن ئەوا ناراستییەکەیان لە تاقیکردنەوە ئەشارنەوە و ناتوانین تاقیکردنەوەیەك بهێنینە بەرچاوکەپووچەڵیانکاتەوە. چۆن ئەتوانین بزانین تەنێك لەوانە "تیشك" رەنگدارە یان نا، بەبێ ئەوەی تەماشایان بکەین؟ بەڵام بۆ تاقیکردنەوەی ئەم وتەیە ئەبێت بەدەر لەتەماشاکردن بتوانین لەرێگەیەکی ترەوە ئەوە بخەینە روو کە تەنەکان رەنگدارن یان نا وکاتێك رێگایەکی سەربەخۆ بۆ زانینی رەنگ جگەلە تەماشاکردن دەست نەکەوت ئیتر رێگایەکیشمان بۆ جیاکردنەوەی راستی و ناراستی قسەکەی سەرەوە دەست ناکەوێت.

بەو شێوەیە دەردەکەوێت کەشیاوێتی لەپووچەڵبوونەوەدا، هاوتای رەخنە قەبووڵکردنە. ئەو قسانەی کەپووچەڵناکرێنەوە لەرێی تاقیکردنەوەشەوە رەخنەیان لێ ناگیرێت و هەڵناسەنگێنرێن، هەرئەمەش وادەکات کە نەکەون. ئەم نەکەوتنە چ باشی بێت و چ نەنگی بێت بە هەرحاڵ ئەبێتە هۆی نازانستی بوونی قسەکە. جگە لەمانەش ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە خاڵێکی گرنگی تریش ئەخەنە روو ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لەو هۆیانەی یاسایەك والێدەکات کەشیاوی پووچەڵکردنەوە نەبێت (نازانستی بێت) ئەوەیە کەشێوەیەك و قەرینەیەکی سەربەخۆ بۆتاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندی راستەوخۆی یاساکە لەبەردەستدا نەبێت و ئەو چەمکانەش کە لە یاساکەدا بەکار ئەهێنرێن (لەرووی لۆژیکی یان پراکتیکییەوە) پشتیان بەیەکتر بەستبێت. لەنموونەی یەکەمدا کاتی مردن تەنها لەرێی مردنەکەوە دەزانین نەك لەرێییەکی سەربەخۆوە و لەنموونەی دووەمدا تەماشاکردن، رەنگ دیاری دەکات و تەماشاکردنەکە رەنگەکە بەدی ئەهێنێت و ناتوانین رەنگەکە بەیەکێ لەرێگەکانی بەدیهێنانی دیاری بکەین (بەپێی یاساکە).

هۆگەلێکی تریش هەن کە وا لەگوتارێك ئەکەن شیاوی پووچەڵبوونەوە نەبێت:

١- لەخۆگرتنی دژیەکی (وەك ئەوەی بڵێین کەزەوی هەم گۆییە و هەم گۆیی نییە)١.

٢- تۆتۆلۆژیکبوون (دووبارەبوونەوەی قسە یان هاوشێوەیی، وەك ئەوەی بڵێین دەرمانەخەوهێنەرەکان ئەو دەرمانانەن کەخەوێنەرن).

٣- لە خۆگرتنی هەموو ئەوانەی کە ئەکرێت روبدات یان کورتکردنەوە و حەسرکردنی لۆژیکی وتەکە (وەك بەیانی یان باران دەبارێت یان باران نابارێت). هەرمرۆڤێك بارێکی هەیە، یان ئەو ژمارەیە یان تاکە یان کۆ.

٤- قسەکردن لەبارەی بوونی مەوجودێکی تایبەتەوە (کیمیابوونی هەیە، خودا بوونی هەیە، دەرمانی شێرپەنجە دەستدەکەوێت، گیانلەبەری پێنج سەربوونی هەیە... ). بەبێ دیاریکردنی کات و شوێن.

٥- رادەربڕین لەبارەی ئایندەی نادیارەوە (جیهان لەکۆتاییدا بەرەو باشتر دەچێت، پرۆلیتاریا سەردەکەوێت).

٦- چۆنیەتی (نەك چەندیەتی)و قسەی ناروون کردن (دیکتاتۆری هۆی توغیانی کۆمەڵەکانە، دەسەلاّت گەندەڵی بەدوای خۆیدا دێنێت، زۆربڵێیی نیشانەی کەم ئاوەزییە).

٧- قسەکردن لە بارەی بوونەوەرە نامادییەکانەوە (رۆح لە پاش مردنی لەشەوە دەمێنێتەوە، فریشتەکان لە جیهاندا هاتوچۆ دەکەن.

٨- قسەکردن لە سەر پێویستییە سەرەکی و خودییەکانی شتەکان و بیرۆکەکان (مرۆڤ بەسروشتی خۆی پێداگرە، سروشتی دووپشك پێوەدانە، پێویستی قەبوولکردنی پێشەکییەکانی قیاسێك، قەبوولکردنی دەرەنجامەکانیەتی. هەشت دوو ئەوەندەی چوارە، کلۆر بەسروشتی خۆی ئارەزووی تێکەڵبوونی لەگەڵ سۆدیۆمدا هەیە.

٩- خستنە رووی بابەتە لاوەکی و ئەرێنییەکان (هەندێك لە ماددەکان لەهەندێك لە کاردانەوەدا دەبنە کاتالیزەر، هەندێك لە شۆفێرەکان بەدخوون، هەندێك لە مرۆڤەکان دەنگێکی زۆر باش و ناوازەیان هەیە.)

ئاگاداربوون لەو خالانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەخاتەروو کە قسەی زانستی کردن، چەندە هونەرو وەسوەسەی لۆژیکی و وردەکاری و وریایی دەوێت و لەراستیشدا هەر ئەمەیە کە بەها و توندوتۆڵی دەدات بە زانست و لە هەڵەو تێکەڵوپێکەڵکردنی دوور دەخاتەوە.

١ - ئەم خالە لە چاپە نوێیەکەدا لابراوە (وەرگێڕ)



پێنجەم) ئیختیارییبوونی رەوشی زانست.

ئیختیارییبوون لەسیفاتە جیانەبووەکانی رەوشناسی زانستە و بێئاگایی لەم سیفاتە بنەڕەتییە دەسکەوتێکی تری جگە لە قوربانیکردنی زانست و نقوومبوون لەتاریکییەکاندا و تێکەڵوپێکەڵکردنی زانست لە نارونییە خۆبەزانستچوێنەکان هیچی تری نەبووە.

بەوتەیەکی تر"گشتگەرایی١" واتە ئارەزووی موتالاکردن و تاقیکردنەوەی هەموو بەشەکانی دیاردەیەك لەناو زانستدا جێی نابێتەوە. هەر زانستێك بگری لە لایەنێك لەلایەنە لەژمارە نەهاتووەکانی دیاردەیەك ئەکۆڵێتەوە. هیچ زانستێك و تەنانەت ئەگەر هەموو زانستەکانیش کۆبنەوە، ناتوانن لە هەموو لایەنەکانی دیاردەکان بکۆڵنەوە و شەنوکەوی بکەن. نامومکینبوونی (گشتگەرایی)، پەردە لەسەر یەکێك لەگرنگترین رەوشی ناسینی زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەزمونییەکان هەڵئەداتەوە و باش ئەوە دەردەخات کە بە چەقۆی زانستەوە هەموو شتێك نابڕدرێت و بەسەتڵی زانستەوە ناتوانین هەموو راستییەکان لەچاڵی سروشت دەربهێنین.

بیر لە دلۆپە ئاوێك بکەنەوە کەچەندین لایەنی هەیە: پلەی گەرمی، کێش، گەردیلە، توانەوە، پلەی کولاّن، پلەی بەستن، هێزی کێش کردن، پەستانی ئوسموزی (١)، نەگەیەنەری، شلێتی و... ئەتوانین شتی تریش بۆسەر ئەم لایەنانە زیادکەین و هەرگیز ناتوانین لەوە دڵنیا بین کەهەموو لایەنەکانی ئاو ناسراو و زانراوە و تاقیکراوەتەوە. لەراستیدا لەگەڵ بەرەو پێشچوونی زانستدا لایەنگەلی تازەتر بۆدیاردە سرووشتییەکان دەرئەکەون و ئەگەر بێتو رێڕەوی زانست بە نەمر و بێ کۆتایی تەماشا بکەین ئەبێ ژمارەی لایەنەکانی هەر دیارەیەکیش بە بێ ئەژمار تەماشا بکەین. یاسا زانستییەکان پەیوەندییە چەندێتیی و چۆنییەتییەکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان ئەدەن بە دەستەوە. بەهێزبوونی یونیزاسیونی (٢) ئاو لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیدا، یاسایەکی کیمیایی فیزیاییە. یان دابەزینی پلەی بەستن بە توانەوەی خوێیەکان لەئاودا، یان بەرزبوونەوەی پەستانی ئۆسمزی بەتوانەوەی خوێ لەئاودا یان دابەزینی ئاستی نەگەیەنەربوونی لەئاودا بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی یان جیاوازبوونی گەردیلە تایبەتییەکەی بەجیاوازبوونی پلەی گەرمی، یان کەم و زیاد بوونی کێشەکەی بەپێی دوورونزیکبوونەوەی لە زەوی و... ئەوە هەموو یاسا زانستییەکانن کە دێن پەیوەندی لایەنە جیاوازەکانی ئاو پێکەوە ئەخەنە روو. نە هەموو لایەنەکانی ئاو و نە

١- Holism

هەموو پەیوەندییە چەندێتی و چۆنییەتییەکانی نێوان ئەم لایەنانە هێشتا نەدۆزراونەتەوە. هەڵبژاردن (ئیختیاریبوون)ی زانست بەو واتایەیە کە:

یەکەم، کاتێك لە زانستێکدا باسی ئاو دەکرێت مەبەست لێی ئەو لایەنە هەڵبژێردراوەیە لە ئاو کە لەو زانستەدا لێی دەکۆڵدرێتەوە نەك هەموو ئاو. هەموو ئاو واتە هەموو لایەنەکانی ئاو کەهێشتا لەلایەن هیچ زانستێکەوە نەدۆزراوەتەوە.

دووەم، زانستەکان هیچ کاتێك نە هەموو شتەکانی ئاو و نە هیچ دیاردەیەکی تر بە دۆزراوە نازانن و هەوڵ و لێکۆڵینەوەکانیشیان هەمووی هەر بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی لایەنی نوێی ئەو دیاردانەن.

سێیەم، هیچ یاسایەکی زانستیمان نییە کەپەیوەندی هەموو لایەنەکانی دیاردەیەك لەگەڵ هەموو دیاردەکانی ترتدا روونکاتەوە. هەریاسایەك روونکەرەوەی پەیوەندییەکە لەنێوان چەند لایەنێکی هەڵبژێردراودا وەك پەیوەندی نێوان گەرما و پەستانی ئۆسموزی یان کێش و گەردیلە یان تەوژم و هێز یان توانەوە و گەرما یان پەستان و قەبارە و یان...

چوارەم، (کەلەهەموویان گرنگترە) بەهیچ رەوشێکی زانستی ناتوانین لە یەك جێگاو بەیەك جار بەسەراپای دیاردەیەك بزانین و لە هەموو شتەکانی بزانین و سەراپا لێی بکۆڵینەوە. هەر تاقیکردنەوەیەك ئەیەوێت لە لایەنێکی هەڵبژێردراو بکۆڵێتەوە. لێکۆڵینەوە لە لایەنێکی هەڵبژێردراویش ئاسان نییە، ئەگەر چاو لەلایەنەکانی تر نەپۆشین. تەنانەت ئەبێت ئاوەژۆشیانکەینەوە. بۆنمونە گریمان ئەمانەوێت پلەی گەرمی برێك ئاو وەرگرین. سادەترین رێگا ئەوەیە کە گەرمی پێوێك بخەینە ناو ئاوەکەوە، بەم شێوە پلەی گەرمی ئاوەکەمان (کە تەنها لایەنی گەرمی ئاوەکەیە) دەست دەکەوێت. بەڵام لایەنەکانی تری ئاو چییان لێ دێت ئایا بەخستنە ناوەوەی گەرمی پێوەکە بۆ ناو ئاوەکە و توانەوەی برێك لەوانەی بەدیوارە شوشەییەکەوەن لەناو ئاوەکەدا رێژەی خوێی تواوەی ناو ئاوەکە زیاد ناکات؟ و ئایا بەبەرزکردنەوەی رێژەی خوێی تواوەی ناو ئاوەکە پەستانی ئۆسموزی ناو ئاوەکەتان بەرز نەکردووەتەوە؟ و ئایا بە بەرزبوونەوەی خوێی تواوە، خاڵی بەستن و بەهەڵمبوونی ئاوەکەتان نەگۆڕیوە؟ و ئایا بەگۆڕانی خوێ تیایدا و گۆڕانی هاوسەنگییەکەی تەنانەت خودی پلەی گەرمییەکەشمان نەگۆڕیوە (یاسای لوشتالییە[1])؟ و ئایا بەنزیککردنەوەی گەردیلەکانی گەرمیپێوەکە لێی کێشی ئاوەکەشمان نەگۆڕیوە؟ و ئایا...

١- Lechatelier



ئایا هەر ئەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە تاقیکردنەوە لەسەر لایەنێك لەلایەنەکانی ئاو بکەین و هیچ دەستکاری لایەنەکانی ترمان نەکردبێت؟ دووبارەی ئەکەینەوە هەرتاقیکردنەوەیەك، لێکۆڵینەوەیە دەربارەی لایەنێك بەچاو پۆشین لەلایەنەکانی تر و تەنانەت ئاوەژووکردنەوەشیان. یان ئەبێت تاقیکردنەوە نەکەین و زانست کۆنەکەینەوە، یان ئەبێت بەشێوەی هەڵبژاردن دەست بدەینە تاقیکردنەوە. تاقیکردنەوەیەکی هەڵبژێردراویش، کەتاقیکردنەوەیەك بێت ئامانجی خستنەرووی هەموو لایەنەکانی دیاردەیەك بێت، هێشتا لەدایك نەبووە. بەوتەی ئارتورا ئیدینگتون[1] فەیلەسوف و ئەستێرەناسی ئینگلیزی، لە دارستانی سروشتدا هیچ رێگایەك دیاری نەکراوە بەڵام بەرۆشتن لەناو ئەم دارستانەدا خۆبەخۆ توولەرێ دروست دەکەین. ئەڵبەتە ناتوانین بەجۆرێ هەموو رووی دارستانەکە تەی کەین، ئەمەیە واتای هەڵبژاردن لە زانستدا.

ئەو خاڵانەی سەرەوە کە هەموویان لەسەر شێوەی مەتەڵگەلێکی حەلکراو و ئاسانکراودان، بێ ئەندازە گرانبەها و گرنگن و ناتوانین کەسێك بەزانا دابنێین ئەگەر بەباشی و بەقووڵیی لەسەر ئەم خاڵە نەوەستابێت. هێشتا زۆرن ئەوانەی کەیەك لایەنی دیاردەیەك بەسەر هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەدا ئەگشتێنن و بڕیاریش لەسەر ئەو لایەنەش لەجێی بڕیار لەسەر هەموو لایەنەکانی دیاردەکەدائەنێن. ئەوانەتان نەدیوە کەهەموو جیهان بە بارستایی ئەچوێنن؟ یان هەموو جیهان بە وزەیەکی بەرجەستە لێکئەدەنەوە؟ یان کۆمەڵگە بە ئابوورییەکی بەرجەستە ئەبینن؟ یان ئاو تەنها بە $H_2O$دائەنێن؟ هەموو ئەوانە گرفتاری ئەو هەڵەیەن کە لایەنی شتێك بە هەموو شتەکە ئەگۆڕنەوە وشتێك، لە جێی شتێکی تردائەنێن. گەردیلە_بەپێناسە نیوتنییەکەی_ لایەنێکە لەنێو هەزاران لایەنی ماددەی دەرەکیدا"هەمان ئەو لایەنەی کەپەیوەندی هێز بە خێراییەوە ئەخاتەروو. ماددەی دەرەکی گەردیلەیەکی بەرجەستە و پرشنگدار نییە. گەردیلە تەنها یەکێکە لە لایەنەکانی نەك تەواوی ئەو ماددەیە. وزەش بە هەمان شێوە، ئەڵێن ماددە، وزەی کەڵەکە بووە.

ئەمە راستە بەڵام هەڵەیە ئەگەر بڵێین ماددە بەدەر لەوزەی کەڵەکە بوو هیچی تر نییە. ئەکرێت بڵێین مرۆڤ لە مەیموونەوە دروستبووە (بەگریمانە) بەڵام ناکرێت بڵێین مرۆڤ

١- A.S.Eddington

جگە لە"مەیمونێکی رووت" هیچی تر نییە. جولیان هیکسلی١ ئەم هەڵەیەی ناو ناوە هەڵەی "هیچ نییە جگە لە" وە بە باشی ئەو مەبەستە روون دەکاتەوە کە ئێمەش مەبەستمانە. حاڵەتی گۆڕینەوەی لایەنێك بەگشت یان روکار بە ناوەڕۆك، ئەو حاڵەتەیە کە ئەلفیرد نورس وایتهید٢ فەیلەسوف و بیرکاریزانی ئینگلیزی، ناوی لێناوە هەڵەی واقیعییەتی جێگۆڕکراو٣ و بە بۆچوونی ئەو، زانایانی سەردەمی رۆشنگەری و نوێ لە ئەوروپا بوونەتە قوربانی ئەو هەڵەیە: کە ناوەڕۆك و ناواخنی شتێکیان لەگەڵ لایەنێك و روکاری ئەو شتەدا لە جێگای یەکتردا وەردەگرت و واقیعییەتی دەرەکی شتێکیان بە دروستی لەجێی خۆیدا نەدەخستە روو. شتێکی دەرەکی چ بە گەردیلەی تەنیا چ بە وزەی تەنیا چ بە شەپۆلی رووت و چ بە ئەلیکتریسەی تەنیا و چ بە... دابنێین، لە هەرکامیاندا لە شوێنی راستەقینە و واقیعی خۆیدا دامان نەناوە و شوناسی راستەقینەی ئەو شتەمان، لە چوارچێوەی لایەنێك لە لایەنەکانیدا بەند کردووە.

واقیعییەتی دەرەکی لە هەموو ئەمانە پێکدێت و لە هیچ یەك لەمانە بەتەنیا دروست نابێت. بە هەڵە تێکەڵکردنی ناوەڕۆك و رووکار هەر ئەمەیە کاتێك کە سروشت یان دیاردەیەك لە چوارچێوەی تێگەشتن و لایەنێکدا موتالا بکەین و دوایی بە نەشارەزایی ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کە هەموو سروشت یان دیاردەیەك بەرجەستە بووی ئەو تێگەشتنەیە و هیچی تر. ئەوە دروست نییە کەپرسیار بکەین لەوەی کە ئەم دڵۆپەئاوە کە لێرەدایە چ دۆخێکی هەیە. یان بەرەو کوێ دەگۆڕێت؟ ئەبێ دیاریکەین کە پرسیار لە چ دۆخێك دەکەین. ئەگەر مەبەستمان پلەی گەرمییەکەیەتی، گریمان بەرەو نزمبوونەوە ئەچێ. ئەگەر مەبەستمان گەردیلەکانیەتی بۆنمونە"وەستاوە و ئەگەر... لەم رووەوە دیاردەیەکی دەرەکی لە دیدگا جیاوازەکانەوە لایەن و رێڕەوی جیا وەرئەگرێت. پرسیار کردن لە"لایەن" ی رەها و تاقانەی دیاردەیەك کەوتنە داوی هەڵەی تێکەڵکردنی ناوەڕۆك و رووکارە.

لە قوربانییە پەستەکانی ئەم هەڵەیە هەندێك لە مێژوونووسەکانی سەردەمی خۆشمان دەگرێتەوە کەبەناوی لێکۆڵینەوەی زانستی مێژووەوە، لایەنێك لە مێژوو بۆنمونە"ئابووری" وەردەگرن و هەموو رووداوەکانی تر لەسەر بنەمای ئابووری، راڤە دەکەن و دوایش وادەزانن

١ - Julian Huxley

٢ - A.N.whitehead

٣- Fallacy of Misplaced Concretcness



کە بەراستی مافی مێژوویان داوە و هەموو مێژوویان بە پوختی و روونی و بەو شێوەیەی کەهەیە لەژێر وردبینی زانستدا و بەشێوەی توێژینەوەی مۆدێرنانە خستووەتەروو لێی تێگەشتوون، ئەمە بەدەر لە خەیاڵپلاوی هیچی تر نییە.

ئەم قسەیەی کە مێژوو هیچ نییە، جگە لە گۆڕانکارییە ئابوورییەکان هەمان هەڵەی "هیچ نییە جگە لە" یە کە بەسەر مێژوودا دووبارە دەبێتەوە. لەوەش سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە ئەوان لە بەر ئەوەی وا ئەبینن کە لایەنی گۆڕانکاری ئابووریان لە مێژوودا شیکردووەتەوە، وانیشان ئەدەن کە لە "مێژوو"یان کۆڵیتەوە. کە ئەمەش هەڵەیەکی ترە.

هەموو مێژوو نە روونکراوەتەوە و نە لەرێگەی زانستەوە روون ئەکرێتەوە. ئەگەر ئەوەمان زانی کە ئەم دڵۆپە ئاوە پلەی گەرمییەکەی بەرز دەبێتەوە ناتوانین بڵێین کە مەسەلەی ئاومان شیکارکردووە. لە زانستدا تەنها ئەتوانین لە لایەنی دیاردەیەك نەك لە هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەیە بکۆڵینەوە.

ئەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە زانستەکان هەرچەند زیاتر بن و قووڵتر بنەوە، هێشتا ناچارن هەر رێگەی ئیختیارکردن بگرنە بەر. گشتگەرایی کارێکە، لە زانستدا نەگونجاو و ناکۆکە و جێی نابێتەوە.

ئەوەشی بۆ زیادکەین کە نابێت توێژینەوەی گشتگەرایانە١ و توێژینەوەی گشتی٢ بە یەك چاو تەماشاکەین بە یەك چاو تەماشاکەین. لە کاتێکدا کە یەکەمیان نادروست و نەگونجاوە و دووەمیان خوازراو و ئاسانیشە. لە توێژینەوەی گشتیدا ئەوشتەی کە مەبەستمانە وەك ئەندامێك لە گشتێك تەماشادەکەین و پەیوەندی و ئاڵوگۆڕە هەڵبژێردراوەکانی ئەو ئەندامە لەچاو گشتەکەدا هەڵدەسەنگێنین. واتە لێرەشدا بنەڕەتی هەڵبژاردن داوەری دەکات. بۆ نمونە جیاوازی هەیە لە نێوان توێژینەوە، لە هەناسەدانی موولوولەیەکی تاك و جیاو توێژینەوە لە هەناسەدانی هەمان موولوولە. لەنێوان موولوولەکانی تردا و کاریگەری جۆراو جۆری ئەم موولوولانە بەسەریەکترەوە. بەڵام لە توێژینەوەی گشتیدا لە هەموو پەیوەندییەکانی هەمووشتەکان لەگەڵ هەمووشتەکانی تردا ناتوێژینەوە بەڵکو لە پەیوەندییە تایبەت و هەڵبژێردراوەکان دەتوێژینەوە و چارەنووس و تایبەتمەندییەکانیان لە تۆڕێکی بەشە پێکەوە بەستراوەکاندا لێکدەدەینەوە.

١- Holistic

٢- Organismic

# فەلسەفە چییە؟

فەلسەفە لە چاو جۆرەکانی زانستدا بە واتای فراوانی  زانست دێت. واتە جۆرێك بە ئاگابوونە بەرامبەر جیهان. بەڵام ئەم بە ئاگابوونە، لەگەڵ ئەو بە ئاگابوونەی کە  لە ڕێگەی هەست و ئەزموونکردنی ڕاستەوخۆوە دەستدەکەوێت، جیاوازە و هەر لەبەر ئەمەش فەلسەفە، لە بەرامبەر زانستدا بەواتای دووەمی زانست (واتە بەئاگابوونی ئەزموونی) دێت.

ئەوسا وشەی فەلسە تاڕادەیەك وەك هاوواتای وشەی زانست بەکاردەهات. نیوتن و  کیپلەرو گالیلۆ، توێژینەوەکانی خۆیان ئەخستە چوارچێوەی"فەلسەفەی سروشتی" یەوە، هەر ئەوەی کە ئێمە بەزانستی فیزیای ناو دەبەین. تا ئێستاش لە هەندێ لە زانکۆکاندا بەشگەلێك هەیە کە ناوی (بەشی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی سروشتی) لێنراوە و مەبەستیان لێی فێرکردنی زانستە سروشتییەکانە.

فەلسەفە لای ئەرستۆییەکان، دوو بەشی دەگرتەوە:
حیکمەتی عەمەلی و حیکمەتی نەزەری (تیۆری)
حیکمەتی نەزەریش سێ بەشی هەبوو:
١-  حیکمەتی سروشتی
٢-  حیکمەتی بیرکاری
٣-  حیکمەتی ئەودیو سروشتی (میتافیزیکی)



هەرچی حیکمەتی عەمەلیشە بەسەر سێ بەشدا دابەش دەبوو:
١-  ئاکار (اخلاق)
٢-  ڕێکخستنی ماڵ[١]
٣-  دەوڵەتداری (سیاسەتی شار).

## ئەمە واتای گشتی وشەی فەلسەفە بوو.

فەلسەفە بە واتا تایبەتییەکەی، تەنها بە حیکمەتە سەروو سروشتییەکان ئەوترێت، کە لە زمانە بیانییەکاندا میتافیزیکی پێ دەوترێت. لە ڕاستیدا هەر ئەم بەشەی کۆتایی بوو کە بەرەو پێشچونێکی ئەوتۆی بەخۆوە دی. فەیلەسوفەکان هەرکە وشەی فەلسەفەیان بەبێ هیچ زیادەیەك بەکار دەهێنا مەبەستیان پێی حیکمەتی میتافیزیکی بوو. فەیلەسوف کەسێك بوو کە باش لەمیتافیزیکی دەزانی. واتە فەیلەسوفبوون و بە حەکیم ناودەرکردن، بەهۆی بیرکاری زانی یان فیزیا زانی کەسێکەوە نەبوو. بەڵکو بەهۆی ئەو بەئاگابوونەی بوو لە بەرامبەر حیکمەتی ئیلاهیدا. ئەوەی کە ئەڵێن زانستە ئەزموونییەکان بە پلە لە فەلسەفە جیا بوونەوە و سەربەخۆییان وەرگرت وتەیەکی زۆر ڕەمەکی و گومڕاکەرە. چونکە ئەگەر مەبەست لە فەلسەفە، فەلسەفە بێت بە واتا گشتییەکەی ئەوا زانستەکان هێشتا بەشێکن لە فەلسەفە. واتە فەلسەفە  ناوێکە بەسەر هەموو زانیارییەکانی مرۆڤدا دەدرێت. لەوانە زانیارییەکانی بەرامبەر زانستی ئەزموونیش. ئەگەر مەبەستیش لە فەلسەفە، فەلسەفە بەواتا تایبەتییەکەیەتی (بەواتای ئەو دیو سروشت) بێت. ئەوە بەم پێیە زانستە ئەزموونییەکان هیچ کات بەشێك نەبوون لە فەلسەفە تاوەکو لێی جیابنەوە و سەربەخۆیی خۆیان وەرگرن. لەم ڕووەوە، کاتێك فەلسەفە لەبەرامبەر زانستی ئەزموونیدا دادەنێین مەبەستمان لێی زانستە میتافیزیکییەکانە. گەرنا فەلسەفە بەواتا فراوانەکەی هاوواتای زانستە بەشێوەیەکی گشتی. فەیلەسوف، واتا خۆشەویستی دانایی. کاهینی پەرستگای دولڤی، لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا کە داناترین کەس کێیە، وەڵامی دابووەوە: سوقرات. سوقرات ئەیوت: من لە هەمووان نەزانترم بەڵام هۆی ئەوەی کە منیان بە زاناترین کەس داناوە ئەوەیە کە من ئاگادارم لە نەزانینی خۆم. هەر بەم هۆیەوە وشەی فەیلەسوفی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. ئەمڕۆ وشەی

---

١ -لە کۆندا زاراوەی ئیکۆنۆمی لەم شوێنەدا بەکار هێنراوە و ئێستا بەگشتی ئەم وشەیە بۆ  ئابووری بەکاردێت. وەرگێڕ

فەلسەفە لە فەرهەنگی رۆژئاواییەکاندا واتایەکی تایبەتی وەرگرتووە. مەعریفەکانی وەکو فەلسەفەی مێژوو، فەلسەفەی زانست، فەلسەفەی ئەخلاق، فەلسەفەی زمان و... لەدایك بوون و گەشەیان کردووە. لەم رووەوە ئەبێت بەوردی سەرەنجی واتای ئەم دەستەواژەیە بدەین لە بەکار هێنانەکانی ئەم دواییانەدا. فەلسەفە لە هەموو ئەم بابەتانەی سەرەوەدا بە واتای" زانستناسی" دێت. بۆنمونە فیزا، زانستێکە کە لە بارەی گۆڕانەکانی ماددە و وزە و پەیوەندییەکانی بارستای، هێز، خێرایی/ تەووژم، پەستان، وزە، قەبارە، هێز (ئەلیکتریسە، روناکی و مەیدانی موگناتیسی... ) وە قسە ئەکات. ئەو واقیعییەتەی کە لە فیزیادا لێی دەکۆڵدرێتەوە، بریتییە لە سروشتی دەرەکی و ئەو زانستەی کە ئێمە ئاشنا دەکات بە روخسارێکی تایبەتی ئەو واقیعییەتە، پێی دەوترێت فیزیك. دوای ئەوەی کە کۆمەڵێك زانیاریمان دەربارەی سروشتی دەرەکی بەدەستهێنا، زانستی فیزیا لە دایك بوو. ئێستا خودی ئەم زانستە (واتە زانستی فیزیا) وەکو هەبوویەکی دەرەکی موتالا دەکرێت و توێژینەوەی لە سەر دەکرێت. واتە دەربارەی چۆنیەتی لە دایکبوون و گەشەی زانستی فیزیا و ئامرازەکان و شێوەی لێکۆڵینەوەی فیزیایی چەشنی تیۆرییە فیزیاییەکان و... پرسیار دەکرێت و بە شوێن وەڵامدا دەگەڕێن. لێرەدایە کە فەلسەفەی زانستی فیزیا دەردەکەوێت. فەلسەفەی زانستی فیزیا، خۆی لە خۆیدا زانستێکە کە تیایدا زانستی فیزیا، ئەخرێتە بەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوەوە. لەحاڵێکدا کە زانستی فیزیا زانستێکە، لە سروشتی دەرەکی بابەت دەکۆڵێتەوە. فەلسەفەی فیزیا و زانستی فیزیا دوو زانستی دژیەك نین_وەك چۆن هەندێك واگومان دەبەن_تا لەگەڵ زیادبوون و بەرەو پێشچوونی زانستی فیزیادا فەلسەفەی فیزیایی بەرەو دوابچێت. فەلسەفەی زانستی فیزیك و زانستی فیزیك تەریبی یەکترن نەوەك بەرامبەر. دەربارەی زانستی مێژوو و فەلسەفەی مێژووش هەروایە. زانستی مێژوو ئاگاداربوونە لە رووداوەکانی رابردوو و هەڵسەنگاندنی ئەو رووداوانەیە. بەڵام فەلسەفەی زانستی مێژوو، زانستێکە کە لە چۆنییەتی، توانا و سنوورەکانی زانستی مێژوو دەکۆڵێتەوە. ئەو پرسیارانەی کە لە زانستی مێژوودا دەخرێنە روو لەم چەشنەن: شۆڕشی گەورەی فەرەنسا کەی روویدا؟ هۆیەکانی چی بوو؟ دەرەنجامەکانی چی بوو؟ کاریگەری لە سەر پیشەسازی چی بوو؟ لە سەر سیاسەت چی بوو؟ کاریگەری لە سەر وڵاتانی دی چی بوو؟و...

بەڵام ئەو پرسیارانەی کە لە فەلسەفەی زانستی مێژوودا دەخرێنە روو، لەم چەشنەن: چۆن دەتوانین پێشبینی بکەین لە مێژوودا؟ ئایا زانستی مێژوو زانستێکی ئەزموونییە؟ ئایا راڤەی دیاردە مێژووییەکان هاوتای راڤەی دیاردە سروشتییەکانە؟ ئایا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی



میتۆدێکی ئەزموونییە؟ ئایا ئەکرێت یاسا گەلێکی مێژوویی هەبن؟ ئایا مێژوو هونەرە یان زانست؟ و...

بە روونی دیارە کە جۆری پرسیارەکان جیاوازن، لەکاتێکدا لە جۆری یەکەمدا پرسیارەکان دەربارەی رووداوە دەرەکییەکانن (خودی مێژوو)، لە جۆری دووەمدا پرسیارەکان دەربارەی زانستێکە بەناوی زانستی مێژووەوە ((١

لەم بەکارهێنانە نوێیانەی ئەم دواییەدا فەلسەفە، تێکەڵەیەکە لە مەنتیق و رەوشناسی و بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە فەلسەفە بەواتای ئەو دیوسروشت، یان فەلسەفە بەواتای فراوانی ئاگاداربوونەوە نییە و ئەم دووانە، نابێت بەیەك واتا وەرگرین.

ئەوەی کە لە بەشی پێشوودا بەناوی" زانست چییە" خستمانە روو، ئەتوانین وەکو توێژینەوەیەکی فەلسەفی وەریگرین. وا ئێستاش دەست دەکەین بە روونکردنەوە و خستنە رووی ئەودیوسروشت (فەلسەفە بە واتایەکی تایبەت).

# میتافیزیك چییە؟

میتا، واتە ئەودیو (بعد) و فیزیك، واتە سروشت و میتافیزیك، واتە ناسینی ئەودیو سروشت (مابعد الطبیعة). میتافیزیك مەعریفەیەكە تیایدا لە مەوجودێكی تایبەت ناكۆڵینەوە و سیفات و تایبەتمەندییەكانی بوونەوەرێك یان كۆمەڵەیەكی تایبەتی تیایدا ناخرێتە بەر لێكۆڵینەوەوە. بەڵكو مەعریفەیەكە كە لەخودی "بوون "و یاساو رێساكانی دەكۆڵێتەوە. بە وتەیەكی دی، میتافیزیك واتە بوونناسی. میتافیزیك نە مرۆڤناسییە، نەگیانلەبەرناسییە، نەرووەك ناسییە، نەخواناسییە، نە ئەستێرەناسییە، ونە...

میتافیزیك روانینە لە بوون، كاتێك كەنەخراوەتە چوارچێوەی هیچ قاڵبێكەوە. گیانلەبەرناسی مەعریفەیەكە، كە بەستراوەتەوە بەپرسی گیانلەبەرانەوە. واتە بوون و دونیای گیانلەبەران و هەرچی لەدەرەوەی گیانلەبەران بێت، لە دەرەوەی گیانلەبەرناسیش دەمێنێتەوە. رووەكناسیش لەرووەكەكان بەولاوە كاری بەسەر شتی ترەوە نییە. هەر مەعریفەیەكی تریش بگرین هەر وایە. هیچ یەكێ لەم زانستانە لەخودی بوون ناكۆڵنەوە. بەڵكو سەروكاریان لەگەڵ بوونە تایبەتی و لە چوارچێوە نراوەكاندا هەیە. ئەگەر بێتو بوون (وجود) بەرگێكی گیایی لە بەركات، ئەوا رووەكناسی دەستدەكات بە لێكۆڵینەوە لە هەموو (وجود) و ئەگەر بێتو وجود بەرگی بلوور لە بەركات ئەوا بلووناس دەچێ لە شوێنی. ئەگەر هاتوو فۆرم و شێوەی (ژمارە)شی وەرگرت ئەوا بیركاریزان قسەی لەسەر دەكات. بەڵام هێشتا بوون، بەرگێكی لە بەردانییە و رووت و بێ رەنگ، ئازادە لەهەر چوارچێوە و سنوورێك. كێ هەواڵی ئەپرسێت و قسەی لەبارەوە دەكات؟ میتافیزیسین (فەیلەسوفی ئەو دیو سروشت). رووەكناس لە سیفەت و تایبەتمەندییەكانی رووەك و ئەو رێسایانە دەكۆڵێتەوە كە باس لە گەشە و جوولەی رووەكەكان



دەكات. بیركاریزان لە ژمارە و هاوكێشەكان و شێوە ئەندازەییەكان و پەیوەندییە جۆراوجۆر و پێچاوپێچەكانی شێوە و ژمارەكان دەكۆڵێتەوە. بوونەوەرناسیش لە تێرامانی بوونەوەردا قووڵ دەبێتەوە و هەوڵدەدات لێی تێبگات. لەم رووەوە بابەتی ناسینی ئەودیو سروشت (مابعد الطبیعة) بوونی رەهایە، هەرووەكو چۆن بابەتی كیمیا، (پێكهاتەكان) و بابەتی ژینگەناسیش"بوونەوەرەگیاندارەكانە".

ئەو روونكردنەوانەی سەرەوە دووخاڵی گرنگ ئەخەنە روو:

أ- میتافیزیك، مەعریفەیەكە، نەوەك جیهانێكی تر بێت. مەبەستیش لە دەستەواژەی ئەودیوسروشت جیهانێكی تر نییە لەسەروو سروشتەوە بێت یان لە دەرەوەی سروشتەوە بێت (ئێمە نالێین وەها جیهانێك بوونی نییە بەڵكو ئەڵێین واتای ئەودیو سروشت، ئەمە نییە). میتافیزیك، تێروانینێكە لە دیدگایەكی بەرزەوە لە هەموو بوون دەڕوانێت و لەم ڕوانگەیەوە، بەرزی و نزمییەكان دەبینێت و دەناسێت و لوتكە و داوێنەكانی بوون و رێسا و یاساكانی رووندەكاتەوە.

ب- زانستی ئەودیوسروشت، بەشێوەیەكی یەكسان هەم پەیوەندی بە شتە هەستپێكراوەكان و سروشتییەكانەوە هەیە و هەم پەیوەندی بە شتە هەستپێنەكراو و ئەودیوسروشتییەكانەوە هەیە. میتافیزیك كورت نەكراوەتەوە لەسەر ناسینی بوونەكانی ئەودیو سروشت. بەڵكو بەو پێیەی كە پەیوەندی بە هەموو بوونەوە هەیە و یاساكانی بوون شەن و كەو ئەكات، لە هەركوێدا مەسەلەی بوون هاتە گۆڕێ و بوونەوەر بچێتە ناو هەر بەرگ و چوارچێوەیەكەوە و هەر چۆن خۆی بنوێنێت (دروستكەر (خالق)یان مەخلوق، عیللەت یان مەعلول، سروشت و ناسروشتییەكان، بەدیهاتوو یان ئەزەلی، مرۆڤ یان بێ گیان، فریشتە یان ئاژەڵ، كات، شوێن، سادە، ئاوێتە، بیلقووە، بیلفیعل، [1]چەسپاووگۆڕاو... ) ئەوا میتافیزیك، لەوێدا قسەی هەیە وبڕیاری هەیە.

وتەی ئیبن سینا لە شیفادا لەم رووەوە زۆر لەجێی خۆیدایە. ئەو بەم زانستەی دەوت، هەم زانستێكی ئەم دیوسروشتی و هەم ئەودیو سروشتییە. ئەو دیوسروشتییە چونكە پەیوەندی بە بوونەوە (سروشت) هەیە، كاتێك كە هێشتا ئازادە لەبەندوباری سروشتی و ئەودیوسروشتی و هەم ئەم دیوسروشتییە چونكە فێرخواز بۆناسینی جیهان ئەبێت سەرەتا لە ناسینی سروشتەوە

١ -بالقوە، و بالفعل، دوزاراوەی فەلسەفین بالقوە بەواتای بوونی جەوهەری و بالفعل بەواتای بوونی عەینی شتێك دێت. (وەرگێڕ)

دەست پێ بکات   و دوای ئامادەبوونی زیهنی و ئاشنایەتی پەیداکردن لەگەڵ بوونە سروشتییەکاندا دەستدەکات بەناسینی بوونی رووت.

سروشتییە، لە رووی خود و واتا و پلەوە و ئەودیو سروشتییە، لە رووی فێرکاری و دەسکەوتنەکانی ئێمەوە. بەم پێیە ئێمە ئەتوانین دوو جۆر وەسفمان هەبێت بۆ ئەم جیهانە سروشتییە و هەر دەرکەوتەیەکی ماددی تریش و بەدوو شێوە راڤەی بکەین. یەکەمیان وەسفی زانستی و ئەوی تریان وەسفی میتافیزیکی بێت. وەسفی زانستی باس لە تایبەتمەندییەکانی شتێك دەکات  لەچوارچێوەی سنورەکانی ئەو شتەدا لەکاتێکدا وەسفی میتافیزیکی، باس و راڤەی هەمان شت دەکات لەرووی پێگەی ئەو شتە  لەچاو هەموو بووندا و لەو رووەوە لێی دەکۆڵێتەوە کە ئەو شتە تایبەتە چ کاریگەرییەکی لەسەر هەموو بوون هەیە. لەم رووەوە ئەو نموونەیەی پلانك١ لەجێی خۆیدایە. تۆ کلۆ خۆڵێك بێنە و دووری و سنوورە ئەندازەییەکانی و پێکهاتە کیمیایی و فیزیاییەکەی لێکبدەرەوە. ئەمە توێژینەوەیەکی زانستییە. بەڵام هەر ئەو کلۆخۆڵە بخەرە بەر تێڕوانینێکی فروانتر و گەورەتر، بیابانێك بێنە بەر چاوی خۆت کەپڕە لەبەرزی و نزمی و ئەم پارچە خۆڵە لە ناو ئەم کۆمەڵە گەورەدا لەسەرەوە تەماشاکە وێنەیەکی تری لێوەردەگریت. ئەمەی دووەمیانە کەتارادەیەك لە تێڕوانینی میتافیزیکییەوە نزیکە. هەر بۆیە ئەبێ بزانین میتافیزیك  سەر بە دنیایەکی تر نییە و  پەیوەندی بەم دنیایەوە هەیە (ئەڵبەتە بە گریمانەی بوونی دونیایەکی تر). میتافیزیك مەعریفەیەکە نەوەك جیهانێك بێت. کە ئەو مەعریفەیەش پەیوەندی بەهەموو دنیا جیاوازەکانەوە هەیە، بەم دنیا مادییە هەستپێکراوەشەوە.

بەم شێوە دەردەکەوێت کەمیتافیزیك و زانست هەردووکیان بەشوێن ناسین و مەعریفەوەن و رەقیبی یەکتر نین بەڵکو هاوشانی یەکن. میتافیزیك دژی زانست نییە بەڵکو هاوڕێی زانستە و پرسە میتافیزیکییەکان نە دژ بە زانستن و نە پەیوەستن بە هەبووەکانی دەرەوەی وجود (بوون)ەوە. لەم دوو مەعریفەیە هاوتەریبەدا، یەکیان لەسکی ئەویاندایە. مەعریفەی زانستی لەسکی مەعریفەی میتافیزیکی دایە. هەروەك  فسیۆلۆجی و بیۆکیمی. فسیۆلۆجی لە رەوشەکانی جەستە ئەکۆڵێتەوە و بیۆکیمیا راڤەی کیمیاییانەی رەوشەکانی جەستە دەکات. لە فسیۆلۆجیدا  لە کشان و هاتنەوەیەکی ماسوولکەکان ئەکۆڵینەوە و لە رژێنە ناوەکییەکان

---

١- M.Plank



ئەکۆڵینەوە، لەزیادبوونی شەکری خوێن هاوڕێ لەگەڵ  زیاد بوونی تینوێتی و زیادبوونی میزکردن و  فرەخۆری ئەدوێین.

بیۆکیمیا چۆنیەتی هەموو ئەم پرسیارانە لە چاوی کیمیا گەرێکەوە تەماشا ئەکات. مەسەلەی بەرزبوونەوەی شەکری خوێن و زیادبوونی لە پاڵاوتەکانی گورچیلە و چوونە ناوەوەی گلۆکۆز لەگەڵ ئاودا، لایەنە کیمیاییەکەی رووندەکاتەوە. ئەوە رووندەکاتەوە کە گەردەکانی ئاکتین و میوزین، چۆن لەسەرچاوەکانی وزەی لەشەوە (ATP) وزە وەرئەگرن. تاوەکو کشان و چوونەوە یەك مسۆگەر بکەن... بیۆکیمیا هەرچەندە بەرەو پێشەوە بچێت، نە ئەبێتە رەقیبی فسیۆلۆجی و نەگەورەتر ئەبێت لێی. هەمیشە لەسکیدا وەك بەشێك لەو دەمێنێتەوە، واتە بیۆکیمیا تەریبی فسیۆلۆجییە نەك هاودژ. میتافیزیك و زانستە ئەزمونییەکانیش، ئەگەر بەتێڕوانینێکی رووت تەماشایان بکەین وەها پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە. ئەمە تەنها لێکچواندنێکە و نابێت لە سەداسەد بە هاوتای نموونەی واقیعیی تەماشای بکەین. ئەوەی کە بەگشتی "ماددیگەراکان" میتافیزیك بە دوژمنی زانست دائەنێن. یا هەندێك لە شوێنکەوتووان و چاولێکەرە بێئاگاکانیان، بۆ ئەوەی لەشکۆی هەر گوتارێك بێننە خوار ناوی میتافیزیکی لێئەنێن. ئەمە مەبەستێکە ئەبێت سۆراخی لای بانگەشەچیانی دامودەزگاکانی زێڕ و زۆرداری (سامان و دەسەڵات)بکەین وکالآیەکە کە لە دیوانی راستییەکاندا بەهایەکی نییە.

# ناوەڕۆکی میتافیزیك

ئێستا بزانین چی لە هەمبانەی میتافیزیکدایە لەچ ڕێیەکەوە و لەسەر چ بنەمایەك جیهان وەسف و ڕاڤە دەکات. لە سەرەتادا بەکورتی، باڵەخانەی زانیارییەکانی مرۆڤ وەرئەگرین. هەر مەعریفەیەك دەزگایەکە لە پۆلێنبەندییەکان و خستنەرووی پەیوەندی نێوان بەشەجیاوازەکانی ئەم دەزگایە.

بۆ نمونە لە کیمیادا هەموو ماددەکان بەسەر سادە و ئاوێتەدا دابەش دەکەین و خودی ئاوێتەکانیش لەسادەکان پێك دێن. سادەکان (پێکهاتەکان) بەسەر سەد و چەند پێکهاتەدا دابەش دەبن. ئاوێتەکانیش بە پێی تایبەتمەندی خۆیان چەشنی جیاوازیان هەیە: ترش، تفت، خوێ، ئەلکوحول، ئەمۆنیۆم، ستون، نیتریل، بازنەیی، زنجیرەی... لە نێوان ئەم دابەشکردنە جیاوازانەدا، پەیوەندییەك هەیە. بۆ نمونە لە نێوان ترش و تفتدا بەشێوەیەکی سادە ئەو پەیوەندییە هەیە کە ئەگەر بیانکەین بە سەر یەکدا ئاو و خوێمان دەستدەکەوێت. ناسینی ئەو دابەشکردنانەی کە لە کیمیادا هەن و ناسینی ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیاندا هەیە (یاساکان) زانستی کیمیامان فێردەکات. لەگەڵ گۆڕانی کیمیادا دابەشکردن و پلە بەندییەکان یان یاساکانی یاخود هەردووکیان گۆڕانیان بەسەرادادێت.. تا چەند ساڵێك لەمەو بەر کیمیاگەرەکان ماددەکانیان دابەشدەکرد بەسەر فلۆجیستۆندار و بێ فلۆجیستۆندا. لە ئێستادا وەها پلە بەندییەك لە ئارادا نییە. لەم ڕووەوە تاسەدەیەك لەمەو بەریش دابەشکردنی ماددەمان بەسەر ئەلکترولیت (کە لە ئاودا دابەش ئەبێت بەسەر یۆنەکاندا وەك خوێ) ونائەلیکترلیتەکان (وەك گلوکوز، بەنزین... ) نەبوو. بەڵام پاش تیۆرییەکەی ئارنیوس، ئەم پۆلێنکردنە لە کیمیادا هاتە



ئارا. لە ڕاستیدا لەگەڵ هەر پلە بەندییەکی نوێدا ئێمە تێڕوانینێکی نوێمان لەسەر جیهان بۆ دروستدەبێت و ئەتوانین دیاردەکانی پێشتر لە چوارچێوەگەلی دیدا، جیا لەوانەی پێشوو بگونجێنین. هەر ئەم گونجاندنە دەرکەوتە نوێیانەش لە چوار چێوەکاندا، پەیکەر بەندی مەعریفی چێدەکەن. کاتێك ئێمە ڕووبەڕووی جیهان، مێژوو و مرۆڤ دەبینەوە، هەرچۆنێك بێت ئەمانە دەستەیەکی ئاڵۆزن لە پێشهاتە و ڕووداو و هێزەکان. ئەگەر نەتوانین بەیارمەتی پلەبەندی بەشەجیاوازەکان لێکیان جیاکەینەوە و یاسای هەریەکەیان بەدەست بهێنین تاکو ئەبەد لە ڕامان و حیرەت و سەرلێتێکچوندا ئەمێنینەوە. پلەبەندی (کلاسیفیکاسیۆن) سەرەتای زانستە، هاودەمی زانستەو ئامانجی زانستە. لە هەر مەعریفەیەکدا لە پۆلێنکردنەوە دەست پێدەکەین و لە کۆتاییشدا لە پلە بەندییەکی ترەوە سەردەرئەکەین. هەر مەعریفەیەکیش تا ئەو شوێنە بەرەو پێش دەچێت کە بتوانێت پلەبەندی نوێ بێنێتە ئاراوە و هەر کە لەم کارەدا دەستەوەستان بوو، ئەوا لە بەرەو پێشچونیشدا دەوەستێت. لەم ڕووەوە، میتافیزیکیش کە سیستمێکی مەعریفییە پەیکەربەندییەکەی لە دەزگایەکی ڕێکخراو و پۆلێنکراوەوە دەست پێ دەکات. جیاوازی میتافیزیکیش لەگەڵ زانستی ئەزمونیدا، بەستراوەتەوە بەجۆری پلەبەندی و پۆلێنەکەیانەوە. میتافیزیك، دەست بە پۆلێنکردنی "هەموو بوون" دەکات لە کاتێکدا پۆلێنکاری زانست، لە چوارچێوەی "شتەبەرجەستە دابەشکراوەکان"دایە. میتافیزیك، بوونی ڕووت و بێ بەندوبار دابەشدەکات بە سەر عیللەت و مەعلول و پێویست (واجب) و ئیمکان، ناوەڕۆك و ڕوکار، تاك و گشتی، عەینی و زیهنی، بالقوە، بالفعل، ماددی و نامادیدا و زانستیش، هەبووە بەرجەستەکان دابەشدەکات بەسەر شەپۆل و گەردا. یاسا زانستییەکان بابەتگەلێکی گشتین، کەپەیوەندی چەندییەتی و چۆنییەتی نێوان پلەبەندکراوە جیاوازەکان ڕوون دەکەنەوە. پەیوەندی نێوان ترشی و تفتی و کارلێککردنیان، یان پەیوەندی گەردیلە و وزە و گۆڕانی ئەم دووانە بەیەکتر، یان پەیوەندی هەر گەردێك بەشەپۆلێکی تایبەتەوە... لە نموونەی یاسا زانستییەکانن. یاسا میتافیزیکییەکانیش. پەیوەندی چۆنییەتی (نەك چەندێتی) نێوان پلە بەندکراوە جیاوازەکان لە بازنەی میتافیزیکیدا ڕووندەکەنەوە. ئەم یاسایانەی خوارەوە لەنموونەی یاسا میتافیزیکییەکانن:

هەمیشە ئامادەبوونی عیللەتێکی تەواو (هۆ) هاتنەکایەی مەعلولێك دێنێتەکایەوە.

هەر مەعلولێك هەمیشە و لەهەموو كاتێكدا بەهۆی عیللەتەكەی خۆیەوە دێتەكایەوە.

هیچ شتێك كە بەتەواوی بالقوە بێت بوونێكی سەربەخۆی نییە.

لەشتێكی پوخت، دوونموونەمان نییە.

گەڕاندنەوەی مەعدووم (لەناوچوو) مەحاڵ و نەگونجاوە.

شوێنگۆڕانی كەل وپەل نەگونجاو و مەحاڵە.

ئەگەر هەر مەوجودێك لە پلەیەكی تایبەتی "بوون"دا پەیدا ببێت، مەرجی پەیدابوونەكەی ئەوەیە كە هەموو ئەو مەوجودانەی پلەی بوونیان لە پێش ئەوەوەیە دروست بووبن.

ئەوەی دێتە بەرچاو ئەوەیە كە میتافیزیك، دەزگایەكی مەعریفییە هەرووەك چۆن زانست دەزگایەكی مەعریفییە. لەرووی مەعریفیبوونەوە، هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەم دوانەدا نییە. ئەگەر جیاوازییەك هەبێت  ئەوا پەیوەندی بە قەڵەمڕەوی هەریەك لەم دووانە و شێوەی كاریان و ئامانجەكانیانەوەیە:

١-  قەڵەمڕەوی میتافیزك، هەموو بوونە. لەكاتێكدا كە بوون (جیهان) بە بیٚ بەرگ تەماشاكەین.

٢-  ڕەوشی میتافیزیك، ڕەوشێكی عەقڵگەرای و لۆژیكییە نەك ڕەوشێكی ئەزموونگەری. ئەو ڕێگەیەی كە میتافیزیسینێك ئەیگرێتە بەر بە چەشنێكە كە بەرگە تایبەتییەكان لە بەری دیاردەكان داكەنێت و لە ڕەگ و ریشەی هەر نموونەیەك لەبنەڕەتی بوونیدا دەكۆڵێتەوە. بەدەربڕینێكی تر ئیشی فەیلەسوف ئەوەیە كە پۆلێن و پلە بەندییە تەسكە بەرجەستە و زانستییەكان پارچەپارچە بكات و دەست بكاتە دروستكردنی گەورەترین  و فراوانترین پلەبەندیی مومكین كە هەموو پۆلێن و پلە بەندییە زانستییەكان بخاتە باوەشی خۆیەوە.

گەرمبوونی ئاو، دیاردەیەكە دەچێتە بازنەی "گۆڕان"ی بارێكەوە. پێگەشتنی سێوی كاڵیش دەچێتە چوارچێوەی "گۆڕان" لە دۆخێكەوە بۆ دۆخێكی تر. دەرچوونی تیریش، دەچێتە بازنەی گۆڕانی شوێنەوە. هەر یەكە لەم دیاردانە، لەچوارچێوەی زانستدا جێیەكی تایبەتیان هەیە. یەكەمیان لە چوارچێوەی فیزیا و ترودینامیكدا دیراسە ئەكەین و دووەمیش لە كیمیا و بیۆكیمیا و سێیەمیش لە میكانیكدا. بەڵام ئەگەر بێتو تایبەتمەندییەكانی هەریەك لەمانە وەلا بنرێن  و تەماشای ئەوە بكەین كە لە  هەموو ئەم حاڵەتانەدا گۆڕان روو ئە دات و دواتر لە خۆمان بپرسین: ئەگەر گۆڕانەكە پەیوەندی بە وجودەوە هەبوو چ حوكمێك وەر دەگرێت؟ ئایا ڕاستە كە ئەكرێت بوون گۆڕانی بەسەردا بێت؟ ئالێرەدایە كە توێژینەوەی فەلسەفی



ئەنجامدەدەین. مەسەلەی گۆڕانی ئاو یان سێو یان دووری ماوەی دەرچونی تیر كۆمەڵە بابەتێكن كە ڕوونكردنەوەیان لە ئەستۆی زانستدایە، بەڵام مەسەلەی گۆڕانی بوون بەر لەوەی بەرگی سێو یان ئاو یان تەنێكی جووڵاو لە بەركات مەسەلەیەكە كە ڕوونكردنەوەی لە ئەستۆی میتافیزیكدایە. لەم ڕووەوە فەیلەسوف تا ئەو شوێنە لە هەر شتێك ئەكۆڵێتەوە كە وجودێكی ڕووت و بیٚ بەرگی هەبێت و حوكمەكەشی لەم ڕووبەرە بەربلاوەدا بەدەست دێنین.

سەرما لە بەرامبەر گەرمادا، كاڵی لە بەرامبەر گەییندا، جووڵە لە بەرامبەر وەستاندا لە نموونەی پۆلێنكردنە زانستییەكانن. بەڵام گۆڕان لە بەرامبەر نە گۆڕییدا، پۆلێنكردنێكی فەلسەفییە كە لە هەموو پۆلێنبەندییە زانستییەكانی سەرەوە فراوانتر و گشتگیرترە. ناتوانین بپرسین كە بوون ساردە یان  گەرم  كاڵە یان پێگەشتوو، جووڵاوە یان وەستاو (لەشوێندا). ئەم پلەبەندی و یاسایانە تایبەتن بە بازنەی زانستەوە نەك فەلسەفە. هەر بۆیە ئەم جۆرە پرسیارانە، ناماقوڵ و گاڵتەجارانە دێنە بەر چاو.

بەڵام بە لێكۆڵینەوەی بەردەوام و بە تێپەڕبوون لە شارۆچكە تەنگەكانی پلەبەندییە زانستەكانەوە بۆناو دەشتە بەربلاوەكانی میتافیزیك. ئەو پرسیارە ڕاستەی كە دەربارەی خودی بوون ئەتوانرێت و ئەبێت بكرێت ئەوەیە كە ئایا بوون وەستاوە یان گۆڕاو و ئالێرەوەیە كە كاری فەیلەسوف دەستپێدەكات. سارد و گەرم یان كاڵ و پێگەشتوو دوو پلەبەندین كە تەنها بەشێك لە دیاردەكان لە بەرچاو دەگرن. ئەویش پەیوەستە بە ڕوویەكی ئەو دیاردانەوە. سارد و گەرم لەرووی  پلەی گەرمییەوە ئەخرێنە ڕوو "نەك لەرووی بارستای، وزە، كێش، یان مەیدانی موگناتیسی... " وكاڵ و گەیشتووش تەنها ڕووی نەرمی و توندی دەگرنەوە و گۆڕانی پێكهاتەی گەردەكانی سێو (دیسان نەوزە و نە بارستایی و نە خێرای... ) بەڵام وەستان و گۆڕان، دوو سیفەتن كە پەیوەستن بە هەموو مەوجوداتەوە واتە مە وجودێكی گۆڕاو بە (واتا فەلسەفییەكەی) سەراپا گۆڕاوە و مەوجودێكی نە گۆڕ (سابت) یش (بەواتا فەلسەفییەكەی) سەراپا نەگۆڕە. نە گۆڕی و گۆڕان، كاتێك بە مەفهومە فەلسەفییەكەی بەكار ئەهێنرێت بەشێوەی سیفەتێك لە پاڵ  سیفەتەكانی تری دیاردەیەكدا دانانرێن. بەڵكو ڕەنگدانەوەی تەواوی چییەتی و شوناسی شتێكن. لەم ڕووەشەوە كە دەڵێین پۆلێنكردنە فەلسەفییەكان كە بە ڕەوشتی عەقڵگەرایی بە دەستدێن، ئەوەندە بەربلاو و گشتگیرن كەهیچ ڕووەیەك لەشتێك ناكەنە دەرەوە و جیٚ ناهێڵن و بە یەك وتە، نائیختیارین (بەپێچەوانەی زانستەوە) ئەوەشی كە كام وەسفەیان پەیوەندی بەخودی بوونەوە هەیە و كام وەسفانەش لە چوارچێوەی بوونە سنووردار و

دیاریکراوەکاندایە، لێکهەڵوەشاندن و جیاکردنەوەی ئەم دووانە لە بنەرەتی ترین وەزیفەی هەر فەیلەسوفێکە. ئەوەی کە بوون ژن یان پاو نییە، بوون ترش یان شیرین و بوون گە رم یان سارد نییە، پرسگەلێکن کەم تا زۆر بۆ ئێمە روونن و ئێمە بە باشی ئەزانین کە ئەم پۆلێنە لە تایبەتمەندی هەندێ لە دیاردەکانەوە پەیدا بوون و ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە لا بەرین و تەماشای خودی بوون بکەین ترش و شیرین و رەش و سپی مەحوو دەبنەوە. بەڵام ئەوەی کە بوون نەگۆڕە یان گۆڕاو، مەعلولە یان عیللەت و ئەوەی وەها وەسف و یاسایەك لە خودی بوونی رووت و بێبەرگدا هەن یان نا، پرسیارگەلێکی سادە و بچووك نین و وەڵامدانەوەیان پێویستی بە هەوڵێکی لە سەداسەدی میتافیزیکی هەیە. راستییەکەی ئەوەیە کە حەکیمەکان تا پێش (صدر المتالهین)، پێیان وابوو کە وجود گۆڕانی بەسەردا نایەت و گۆڕان لە تایبەتمەندییەکانی تەنەکانە و دانە پاڵی سیفەتی گۆڕان بەسەر بووندا و پۆلێنکردنی بوون، بۆ نە گۆڕو و گۆڕاو، لە توێژینەوەکانی (صدر المتالهین)ە. بەکورتی رەوشی میتافیزیکی لە سەر ئەوە بەندە کە وەسفی دیاردە تایبەتییەکان لەبەرچاو بگرین و بزانین ئایا ئەوانە تایبەتن بەخودی ئەو دیاردەوە (وەك ترشی و شیرینی) یاخود تایبەتن بە بوونیشەوە بەشێوەیەکی گشتی. ئەگەر تایبەت بکرێن بە بوونەوە چ روخسارێکیان دەبێت.

٣- ئامانجی میتافیزیك بەدەستەوەدانی راڤەی گشتی و گشتگیری هەموو دیاردە هەستپێکراو و هەستپێنەکراوەکانە. خستنە رووی چوارچێوەیەکە کە تیایدا هەموو دیاردەکان جێبکاتەوە و خستنەرووی پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی ئەم چوارچێوەیە.

ئامانجی میتافیزیك پێشبینی کارەکان نییە. هەر بۆیە وەك ئامێرێکی تاقیکردنەوە بەکار ناهێنرێت و چاوەروانی پێشبینی لەکاردا (وەك دروستکردنی پرد یان ناردنی کەشتی بۆ ئاسمان یان دەرمانی نەخۆشی) لێناکرێت.

دەرەنجامی قسەکانی سەرەوە ئەوەیە کە میتافیزیك و زانست، دوو مەعریفەن بە دوو رەوش و دوو عەزمەوە. میتافیزیك وەك چۆن هەندێ نەزان گومانیان وایە، زانستێکی تەواونەکراو نییە. میتافیزیك سەردەمی منداڵی زانست نییە و زانستیش سەردەمی پێگەشتنی ئەم منداڵە بێت. میتافیزیك کۆمەڵێك لە تاریکی و سەراسیمەبوون و "نازانمەکان" نییە و زانست تەواوکەری میتافیزیك بێت. ئەم دوو مەعریفەیە لێك جیاواز و سەربەخۆن. بەواتایەکی تر نابێت یەکێك لەم دووانە بە خوارتر لەوی دی تەماشاکەین. هەندێك پێیان وابوو هەرووەك چۆن کیمیاگەری کۆن سەردەمی پێنەگەشتنی کیمیای نوێ بووە و وەك چۆن کە میکانیکی



ئەرستۆیی پێشەکی میکانیکی نیوتنی بووە، هەرواش میتافیزیك بەگشتی پێشەکی و سەرەتای زانست بووە و ئەوەی کە دواتر زانست توانی ئەنجامیبدات هەر ئەوە بووە کەمیتافیزیك ئەیویست بیکات، بەڵام نەیتوانی. بەگومانی ئەمانە ناروونی و نەزانراوەکان لە ناو میتافیزیکدان و هەرکە روون بوونەوە و دۆزرانەوە، دەچنە بازنەی زانستەوە. ئەمانە زانست و میتافیزیکیان لە بەرامبەری یەکدا داناوە و ئامانجی هەردووکیانیان، بەیەك داناوە. ئەمە تێروانینێکی پۆزەتیڤستیانەیە، کە پێشەواو پەیامبەری ئەم دیدە ئۆگەست کۆنتی١ فەرەنسییە. بەڵام وەك چۆن بینیمان نە زانست سەردەمی پێگەشتنی میتافیزیك و نە ئامانجی ئەم دوانەش یەکە. یەکیان تاریکستان نییە و ئەوی تریان، سەکۆی درەوشانەوەی رووناکی. ئەم دووانە بە ئەندازەی یەك مەعریفەن. جیاوازییان لە ئامانج و رەوش و پۆلێنبەندیدایە. ئەمیان کاریکاتۆری ئەوی تریان نییە. ئەکرێت زانست و میتافیزیك هەردوو پێکەوە وەرگرین. میتافیزیك زانستی ناتەواو نییە کە بەدەست کەوتنی زانست کارمان بە میتافیزیك نەمێنێت. زانست و میتافیزیك، وەڵامی پرسیاری جیاواز دەدەنەوە و وەڵامە زانستییەکان بەوەڵامی پرسیارە میتافیزیکییەکان دانانرێن و بە پێچەوانەشەوە.

---

١- A.Conte

# ئایا ئەتوانین لە میتافیزیك بێنیاز بین؟

راستییەكەی ئەوەیە كەهیچ كەسێك لە وتە و بڕیارەكانیدا ناتوانێت بەجۆرێك لە جۆرەكان میتافیزیك بەكارنەهێنێت. باهەر ئەم پرسیارە شیكەینەوە كەپرسیار لە بێنیازبوون لەمیتافیزیك دەكات.

بێ نیازیی یانی چی؟ نیاز چییە؟ لەكوێدا نیازمان بەشتێك لە چاو شتێكی تردا هەیە و لە كوێدا خۆمان لە بەرامبەریدا، بە بێنیاز ئەزانین؟ جۆرەكانی نیازمەندی و پێویستی كامانەن؟ ئایا دوو چەمك كە پێویستیان بە یەكتر هەیە، پێویستییەكەیان وەكو پێویستی دوو مەوجودی دەرەكییە بەیەكتر؟ ئایا لە نێوان دوو مەوجوددا كە یەكێكیان نیازی بە ئەویانە، بە تەنیا پەیوەندی بەدیهێنان لە ئارادایە یان پەیوەندییەكانی تریش لە ئارادایە؟ ئاشكرایە كەوەڵامی پرسیارەكەی سەرەتا (ئایا ئەكرێت لە میتافیزیك بێنیازبین)، ئاسان نییە. مەگەر بێینو پرسیارەكانی تریش وەڵام بدەینەوە و روونی كەینەوە كە نیاز چییە و چ جۆرە پەیوەندییەكە. هەر ئەم پرسە خۆی لەخۆیدا، مەسەلەیەكی میتافیزیكییە و بەشێوەیەكی گشتی توێژینەوەكانی هەموو پەیوەندییە هەبووەكان لەخۆ ئەگرێت. كە یەكێك لەو پەیوەندییانەش شێوەی نیاز لەخۆ دەگرێت. واتە چ بمانەوێت بێنیازیی لە میتافیزیك بسەلمێنین و چ بمانەوێت نكۆڵی لێبكەین لە هەردوو حاڵەتەكەدا پێویستمان بە میتافیزیك هەیە.

ئالێرەدایە كە ئەو وتەیەی كە ئەدرێتە پاڵ ئەرستۆ بەسەر دڵەوە ئەنیشێت. كە وتویەتی: ئەگەر ویستت فەیلەسوفی بكەیت، ئەبێ فەیلەسوفی بكەیت و ئەگەر ویستت فەیلەسوفی نەكەیت، ئەبێت دیسانەوە فەیلەسوفی بكەیت. واتە رەدكردنەوەی فەلسەفەش هەر ئەبێت لە رێگەی فەلسەفەوە بێت نەك شتێكی تر.

راستییەكەی ئەوەیە كە ئێمە هەموومان میتافیزیكیانە بیردەكەینەوە. میتافیزیكیانە ئەروانین و میتافیزیكیانە بڕیارئەدەین، بەو واتایەی كە وتەكانی ئێمە



لە ناخی پۆلێنكردنێكی فراوان و گەورەدا جێی خۆیدەكاتەوە، كەرونكردنەوە و دیاریكردنی یاساكانیان بەواتایەكی وردو دەقیق لە ئەركەكانی ئەودیوو سروشت (میتافیزیك)ە.

كاتێك كەسێك ئەپرسێت، ئایاراستە سەعدی ئەم شیعرەی وتووە:

**ابر و باد و مه و خورشید و فلك در كارند**
**تا تو نانی بكف آری و بغفلت نخوری**

واتە: هەور و با و مانگ و خۆر و فەلەك لەكاردان، تاوەكو تۆ نانێك بە دەست بێنیت و بە بێئاگایی نەیخۆیت.

ئەم كەسە بێگومان مەبەست و تێڕوانینێكی تایبەتی هەیە لە (راستبوون). ئەگەر لەو بپرسیت (راستە) یانی چی؟ بێگومان ئەڵێت مەبەستم ئەوەیە كەئایا بە راستی سەعدی ئەم شیعرەی وتووە. باشە "بەراستی" یانی چی؟ ئێوە بەچی ئەڵێن بە راستی؟ ئێوە لە زیهنی خۆتاندا چۆن وێنای (راستێتی) دەكەن كە ئەم پرسیارە دە كەن؟ ئایا لەدەرەوەی زیهنیشدا شتێك بوونی هەیە؟ ئایا واقیعییەت ئەبێ هەر بوونێكی دەرەكی هەبێت؟ ئایا واقیعییەتی دەرەكی، مادییە یان رۆحی؟... سەرەرای ئەمە بەبروای ئێوە لەسەر چ بنەمایەك كارێك ئەدرێتە پاڵ بكەرەكەی؟ لەكوێدا ئەتوانین بڵێین سەعدی ئەم كارەی كردووە و لەكوێدا ناتوانین بڵێین كە ئەو كردوویەتی؟ ئایا ئەگەر كارێك بەویست و ئیرادە كرا، ئەو كاتە ئەتوانین بیدەینە پاڵ بكەرەكەی؟ باشە ئیرادە چییە؟ ئایا ئەگەر مرۆڤ سەراپا ماددی بێت و هەموو رەفتارەكانیشی بە میكانیزمە ماددییەكان ئاراستەكرێن، جێیەك بۆ ئیرادە ئەمێنێتەوە؟ ئەگەر بەڵێ، چۆن؟ ئەگەر نەخێر، چۆن؟

هەموو ئەم پرسیارانە، بەتایبەت پرسیار لە حەقیقەت (ئیدراك بەرامبەر بە واقیع) و خودی واقیعیەتی دەرەكی و ئەوەی ڕاستێتی یانی چی؟ و پرسیاركردن لە ئیرادە و ئیختیار و ڕاستیی دانەپاڵی كارێ بۆ لای بكەرەكەی لە گرنگترین پرسیارە میتافیزیكییەكانن.

ئەڵبەتە كەسێك لەسەر ئەم شیعرەی سەعدی ئەپرسێت: ئەم هەموو پرسیارانەی بۆچییە، بەو شێوەی كە فەیلەسوفێك ئەیخاتە ڕوو؟ كەسێك ئەم قسەیە ئەكات كە سەرەتا

لە خۆی پرسیبێت و بۆ خۆی پێش وەخت، بە شێوەیەکی ناروون (و لە شێوەیەکی خاو و کرچ و کاڵ)دا وەڵامی ئەم پرسیارە میتافیزیکیانەی لە زیهنی خۆیدا دابێتەوە. وەگەرنا ئەگەر کەسێك هیچ واتا و تێگەیشتنێکی لە زیهنی خۆیدا نەبێت لەسەر وشەی "بە ڕاستی" چۆن پرسیار دەکات لەسەر واقیعیەتی دانە پاڵی ئەو شیعرە بۆ لای سەعدی. ئێوە هەمان پرسیاری سەرەتا، لە خۆتان بکەن و ئەوسا هەوڵبدەن واتای "بەراستی" بۆ خۆتان ڕوونبکەنەوە. تەماشاکەن کە چۆن ئەبێ سەرەتا وەڵامی پرسیارە میتافیزیکیەکان بدەنەوە! ئەمەیە کە ئەڵێین هیچ کەسێك بەبێ میتافیزیك ناژی. هەروەك چۆن هیچ کەسێك بەبێ ئایین ناژی هەر چۆنێك بێت شتێك ئەپەرستێت. مرۆڤی هۆشیار لەو کاتەوە لە دایك ئەبێت کە بزانێت میتافیزیکەکەی چییە و ئایینی چییە (خستنە پاڵییەکی ناوەکانی ئایین و میتافیزیك، نابێ قسە کرچ وکاڵەکانی ماتریالیستەکانمان بخاتە بیر. کە ئەیان گووت ئایینیش هەر میتافیزیکە، جا لەبەر ئەوەی میتافیزیك ڕەتکراوەتەوە ئایینیش ڕەتکراوەتەوە. میتافیزیك مەعریفەیەکە و لە ئایینیشدا هەم قسەگەلی میتافیزیکی هەیە هەم زانستی).

نکوڵیکردن لە میتافیزیك نیشانەی دواکەوتوویی ئاوەزە (عەقل) نەك نیشانەی پێشکەوتوویی. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە دەست بردن بۆ بیردنەوە و توێژینەوە میتافیزیکییەکان دەرئەنجامی تێفکرانە و هەر بیرمەندێکی چاوکراوە تاوەکو لە تێڕامانەکانی خۆیدا، لەناسینەکانیدا و لە بڕیاردانەکانیدا قووڵتر بیر کاتەوە زیاتر و زیاتر خۆی بە ئەودیو سروشت (مابعد الطبیعة) وە سەرقاڵ دەکات. زانستی ئەودیوسروشت، پاڵنەرێکی تری جگە لە بیر کردنەوەی ورد و تێپەڕین لە کرچ و کاڵی و ساویلکەیی نییە. میتافیزیك دەرەنجامی کاتەکانی بێکاری و خەیاڵپڵاوی فەیلەسوفانە نییە. بەڵکو بینایەکی بەرزە کە حەکیمان لەساتە بەپێز و هۆشیارە کاندا، بە توێژینەوە لەسەر ناڕوونترین و ناسکترین مەسەلە و ئەندێشەکان دروستیان کردووە. بەبێ میتافیزیك، نە ئە توانین زانستمان هەبێت نەهیچ مەعریفەیەکی تر و هەر ئەو دایکەیە کە ئەم منداڵانەی لێ ئەبێت. ئەو بەرچاوتاریکانەی کەپێیان لە ناو حیکمەتدا قایم نییە، بەوتەی (صدر المتألهین) شەمشەمەکوێرەئاسا، بە ناو چراخانی حیکمەتدا تێئەپەڕن و بەبیانووی بێکەڵکییەتی میتافیزیك، لەم مەعریفە بە پێزو پایە دارە بێبەش بوونی خۆیان پەردەپۆش ئەکەن. بەڵام چۆن ئەتوانین کەسێکمان دەست کەوێت کە فەلسەفە



ڕەدکاتەوە و خۆی فەیلەسوف نەبێت؟ مەگەر نەفی کردنی فەلسەفە بە خودی فەلسەفە نەبێت دەکرێت؟ لەم ڕووەوە دیارترین نیشانەی ئەم نەخۆشانە، ئەوەیە کەهەم بێ ئاگان لە میتافیزیك و هەم ڕەدی ئەکەنەوە. مەولانا چەندە جوان وتی:

**کردەای تأویل حرف بکر را　　　خویش را تأویل کن نی زکر را** [١]

**(واذ لم یهتدوا به فسیقولون هذا افك قدیم)**

**صدق الله العظیم**

(کاتێك بەهۆیەوە ڕێنمونی وەرناگرن دەڵێن ئەمە لە دەلەسەیەکی کۆن بەولاوە هیچی ترنییە)

ئەوەش بڵێین کە بیرکردنەوەی میتافیزیکییانە، بەو واتایەش نییە کە دیالیکتیستەکان ناوزەدیان کردووە و وتوویانە دووجۆر بیرکردنەوەمان هەیە: دیالەکتیگی و میتافیزیکی. لە بیرکردنەوەی دیالەکتیدا پەیوەندی شتەکان و کاریگەرییان و کاریگەربوونیان بەیەکتر لە بە ڕچاو دەگیرێت. بەڵام لە بیرکردنەوەی میتافیزیکیانەدا دیاردەکان بەشێوەیەکی ڕاوەستاو و بێجوڵە و بێ پەیوەندی و لێك دابڕاو، تەماشا دەکرێن.

یەکەم، ئەمە تۆمەتێکە کە لەمە ناجوامێرانەتر چاوەڕێ ناکرێت و کەمترین ئاشنایەتی بە نووسراوی فەیلەسوفان، پوچەڵیی ئەم بانگەشەیە ئەخاتە ڕوو.

دووەم، خودی ئەو پرسیارە کە ئایا شتەکان پێکەوە بەستراون یان لێکدابڕاون و دە ڕەنجامی ئەم پێکەوە بەسترانە یان لێکدابڕانە چییە؟ و واتای وردو ڕاستەقینەی پەیوەستەگی دوو بوون پێکەوە یان دابڕانیان لە یەکتر، پرسگەلێکی میتافیزیکین (بە پێی ئەو ڕوونکردنەوە و ناساندنانەی کە بۆ میتافیزیکمان کرد). لەم ڕووەوە بیرکردنەوەی دیالەکتیکیش (بەگریمانەی بوونی) ئەچێتە چوار چێوەی میتافیزیکییەوە نەوەك لەدەرەوەی بێت.

---

١ -مثنوی، دفتر اول، بیت١٠٨٣.

# گرنگترین پرسە میتافیزیکییەکان

وتمان کاتێك پۆشاکی تایبەتی لە دیاردەکان دائەکەنین و لە ڕەگ و ریشەی سیفەتێك لە بوون (وجود)ی سادە و بێبەرگدا ئەکۆڵینەوە، ئەوە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی (میتافیزیکی)ین.

لە دیاردە سروشتییەکاندا چی دەبینین؟ ئەبینین کە گەڵاکان زەرد ئەبن، لاوەکان پیر ئەبن، دارەکان ئەسوتێن و ئەبنە خۆڵەمێش (گۆڕان). بەبێ ئاگر ناتوانین ئاو گەرم کەین. بەبێ خۆراك ناتوانین بژین. بەبێ هێز ناتوانین دەرگا بکەینەوە (پشت پێ بەستن).

ئەبینین: هەم بەردمان هەیە، هەم دار، هەم ئاڵتوون، هەم مس، هەم ئەلکوحول، هەم ئەلحەدید، هەم مرۆڤمان هەیە و هەم ئاژەڵ (جۆراو جۆری).

ئەبینین: بەرد هەیە، ئاو هەیە، زەوی هەیە، ئاسمان هەیە، فیکری ئێمە هەیە (هەبوون).

سەکۆی فڕینی میتافیزیك، هەر ئەم دیاردە سروشتیانەیە. بەڵام لەمانە زیاتر ئەڕوات و ئەگاتە لوتکە. لە میتافیزیکدا بەشێوەیەکی تایبەت باس لە دار و بەرد و ئاڵتون ناکەین. بەڵام کاتێك باس لە گۆڕان یان جۆراوجۆری دەکەین، لەسۆنگەی ئەوەوە باسیان دەکەین کەپەیوەندییان بە "بوون"ەوە هەیە. یاساکان پەیوەندیان بەهەموو شتێك و لە وانەش بەرد و دارەوە هەیە.

لە دیاردە سروشتییەکاندا جۆراوجۆری ئەبینین و پشت بە ستنی دیاردەیەك بە دیاردەیەکی تر ئەبینین. گۆڕان ئەبینین، هەست بەبوونی واقیعییەت ئەکەین. فەیلەسوف لەگەڵ بینینی ئەم دیاردانەدا ئەو پرسیارە دەکات: بوون، چ شتێکە کە لە پلەیەکدا قەبووڵی گۆڕان بکات. گۆڕان چۆن بەسەر وجوددا دێت؟ ڕەگوریشەی جۆراوجۆری و فرەیی چییە؟ لە بووندا ناوچەیەکمان دەستدەکەوێت کە لەو ناوچەیەدا جۆراوجۆری و فرەیی نەبێت؟ پشت بەستنی دوو مەوجود بە یەکتر، چ واتایەکی هەیە؟ ئایا هۆگەرایی لە وجوددا، بەشێوەیەکی ڕەها هەیە؟ بوونی مەعلول چ جۆرە بوونێکە کە پێویستی بە عیللەت هەیە؟ بۆچی ناتوانێت بەبێ عیللەت بوونی هەبێت؟ لە بنەڕەتدا خودی وجود چییە؟ بۆچی لەجێی ئەوەی کە شت نەبێت، شت هەیە؟ بۆچی جیهان خاڵی نییە، پڕە؟ لەبەر چی بوونەکان دەرکەوتوون؟ سەرچاوەی بوون و دەرکەوتنی لە کوێیە؟ ئایا هەر ئەکرێت سەرچاوەی بوون بدۆزینەوە؟ ئایا پێویستە بوون، سەرەتا و دەستپێکردنێکی



هەبێت؟ ئایا بوون لە هەرکوێدا بێت، ڕێژەییە؟ یان ڕێژەییبوون تایبەتە بە بەشێك لە بوونەکان؟ لەم بارەدا تایبەتمەندییەکانی ئەم بەشە تایبەتییە چییە؟ ئایا زانیارییەکانی ئێمەش خۆی لەخۆیدا، جۆرێك نییە لە بوون؟ چ جۆرێکە؟ جیاوازی لە گەڵ مەوجودەکانی تردا چییە؟ بۆچی مەوجودێك لە توخمی ئاگاداری و زانینە و مەوجودەکانی تر وانین؟ ئایا ئەو مەوجودانەی کە لە چەشنی ئاگاداری و زانین، هەر دەبێت لە زیهندا بن؟ یان ئەتوانین لە دەرەوەی زیهنیشدا پەیدایان کەین؟ ئایابوون هە میشە لە بەرگی ماددەدا دەردەکەوێت؟ ئایا ئەتوانین مەوجودێکی نامادی پەیداکەین؟ ئەو پرسیارانەی سەرەوە و دەیان پرسیاری لەو چەشنە، لەنموونەی پرسیارە فەلسەفییەکانن. بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسارانە ئەبێ هەوڵدەین، یاسا و تایبەتمەندییەکانی خودی بوون پەیداکەین و لە سەربنەمای ئەوانەش بڕیار بدەین.

بۆ نمونە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گرنگەی کە بۆ لەجێی ئەوەی شتێك نەبێت، هەیە. ئەبێت هەوڵی ئەوە بدرێت کە پەردە لەسەر نهێنی (بوون) هەڵدرێتەوە. کە ئایا بوون خۆبەخۆ هەڵئەقوڵێت، یان سەرچاوەیەکی هەیە. ئەگەر ئەم سیفەتە بنەڕەتییەی بوون ئاشکرا ببێت، ئەوا وەڵامی ئەو پرسیارە ئەدرێتەوە. هەروەها لەوەڵامی پرسیاری ماددییەتی بووندا (ماتریالیزم) یان ماددی نەبووندیدا، ئەبێ لە سەرەتادا ئەوە ڕوون کرێتەوە کە ئایا ئەوەی (بوون) ئەیخوازێت و ئەیگرێتەوە ماددیبوونە یان (بوون) تەنها لە مەرتەبە و بارێکدا، بەرگی ماددییەت لە بەر دەکات. هەر بەم شێوە پرسیارەکانی تریش شیکار دەکرێن و وەڵامەکەیان ڕوون ئەکرێتەوە.

بەم شێوەیەش ئەتوانین پرسە گرنگەکانی میتافیزیك، دەستنیشان و دیاری بکەین:

١- سەرچاوەی بوون (خودا).

٢- ئامانجی بوون.

٣- قەڵەمرەوەکانی بوون (ماددە و جگە لە ماددە).

٤- بنەمای گۆڕانخوازی (جووڵەی ناوەکی).

٥- بنەمای فرەچەشنی (پلەکانی بوون، گومان کردن لە بوون، هۆگەرایی، ناوەڕۆك و رووکار، یەکییەتی و پەرتەوازەیی).

٦- هۆگەرایی (عیللەت ومەعلول، واجب و مومکین).

٧- وجوود (ڕەسەنایەتی وجوود، ڕەسەنایەتی چییەتی، هاوتابینین، واقیعبینی).

٨- حەقیقەت (ڕاست، ناڕاست، ئاگاداری، حەقیقەتی زانین، وجودی زیهنی).

٩- سروشتی ماددە و تەنەکان (هێز، کار، ماددەی بنەڕەتی، بڕ).

١٠- پەیوەندی بەشە جیاوازەکانی بوون پێکەوە (ڕۆح و جەستە، خوا و جیهان، ئیمکانی باشتربوون، وەحی، ئیلهام، ئیرادە و کار... ).

# پەیوەندیی نێوان زانست و میتافیزیك

حەیفە ئەگەر لێرەدا، ئاماژە یەك بەپرسی پەیوەندی نێوان زانست و میتافیزیك نەكەین. پێشتر پەیوەندی نێوان زانست و فەلسەفەی زانستمان زانی. ئێستا گەرەكمانە بزانین میتافیزیك چ پەیوەندییەكی بە زانستەوە هەیە؟

١- یەكەمین قسە ئەوەیە كە ئەم پەیوەندییەی نێوانیان تەریبییە نەك بەرامبەریی. واتە میتافیزیك، لە زانست فراوانترە و ناوچەی زانست، ئەكەوێتە چوارچێوەی ناوچەی میتافیزیكەوە. بەوتەیەكی تر، پۆلێنكردنە میتافیزیكییەكان، ئەوەندە فراوانن كە پۆلێنكردنە زانستییەكانیش ئەخەنە باوەشی خۆیانەوە (نەك پێچەوانەكەی). دووبارە ئەبێت جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە كە یاسا میتافیزیكییەكان هەموو بوون لە بەرچاو ئەگرن، لە سۆنگەی فراوانییەكەیەوە نەوەك تایبەتمەندی دیاردەكان. هەر لەبەر ئەمەش ناتوانین یاسا زانستییەكان، لە یاسا میتافیزیكییە رووتەكانەوە وەرگرین. بۆ نمونە ئەگەر تایبەتمەندییەكانی چوار لاكان بخەینە روو، ئەوا ئەم تایبەتمەندییانە هەموو چوار لاكان دەگرێتەوە، بەچوار گۆشەشەوە. بەلاّم هەموو تایبەتمەندییەكانی چوار گۆشە، لە تایبەتمەندییەگشتییەكانی چوار لاكانەوە وەرناگیرێت. ئەمە لە كاتێكدایە كەتایبەتمەندییەكانی، لەتەریبی تایبەتمەندییەكانی چوارلاكاندایە، نەك لە بەرامبەریاندا (واتە لەگەڵیان دەگونجێت و لە ناویاندا جێی دەبێتەوە). ئێستا ئەگەر شێوە ئەندازەییەكان بەشێوەیەكی رەها وەرگرین (بەچاو پۆشین لە چەندلایی یان چەماوەیی)، ئەو تایبەتمەندییانە بۆ چوارگۆشەش ئەبێت. بەلاّم ئێمە ناتوانین هەموو تایبەتمەندییەكانی چوار گۆشە، لەوانەوە وەرگرین. ئەگەر هەر مەوجودێدێك بە"شێوەیەك"ی تایبەت لە چاو "روو"ی گشتی بووندا بزانین ئەوا میتافیزیك رووبەری ئەم رووە و تایبەتمەندییەكانیمان پێئەدات و بە هیچ شێوەیەك حەقی بەسەر ناوچەیەكی تایبەتەوە لەم "روو"ەدا نییە.



٢- خاڵی دووەم ئەوەیە كە یاسا زانستییەكان، بە كەڵكی میتافیزیك دێن. واتە میتافیزیك، بۆ سەلماندنی مەبەستەكانی خۆی بەكاریان دێنێت. بۆنمونە هەر ئەوەی كە لەجیهاندا گۆڕان روودەدات (دارەكان ئەبنە خۆڵەمێش، لاوەكان پیر دەبن)، ئەبێتە پێشەكییەك بە دەست فەیلەسوفەوە. لە كاتێكدا ئەم پێشەكییە زانستییەو ئەزموونییە. پێشەكی دووەم لە میتافیزیكەوە دێت و ئەوە ئەخاتە روو كە گۆڕان بەبێ هۆ روونادات. پێشەكی سێیەمیش هەر لە میتافیزیكەوە دێت و ئەویش ئەوەیە كە تەن بەبێ هۆ (عیللەت، بەواتا فەلسەفییەكەی)، نایەتە بوون. كۆی ئەمانە ئەوە نیشان ئەدەن كە هۆیەك (عیللەتێك) لەپشتی هەموو جیهانی مادییەوە هەیە كە هەموو جیهانی مادده لەژێر ركێفی ئەودایە و هەموو گۆڕانەكانیش لەوەوە و بەكورتژمی١ ئەو و لەڕێگەی تەنەكانەوە (كەرۆڵی ئامێر ئەبینن) روو ئەدەن. ئەم نموونەیە ئەوە ئەخاتە روو كە هیچ تیۆریەك یان گوتارێكی زانستی ئەگەر لە گەڵ گوتاری فەلسەفیدا نەبێت و یەك نەگرێتەوە، خۆی بە تەنها ناتوانێت دەرەنجامێكی فەلسەفی بداتە دەستەوە. بە دەربڕینێكی تر، هیچ پرسێكی زانستی بە سەربەخۆیی، دەقاودەقی هیچ پرسێكی فەلسەفی نییە. دیسان بە دەربڕینێكی تر، هیچ بابەتێكی زانستی، بە تەنها نابێتە وەلاّمی هیچ پرسیارێكی فەلسەفی و پێچەوانەی ئەمەش راستە و هیچ وەلاّمێكی فەلسەفی نایەت وەلاّمی پرسیارێكی زانستی تایبەت بداتەوە (تەماشای نمونەی شێوەو روو بكەن كە لەسەرەوە هێناومانە). بە هیچ مەبەستێكی فەلسەفییەوە ناتوانین دەرەنجامی هیچ پرسیارێكی زانستیمان دەست كەوێت یان شیكاری بكەین (دیسانەوە تەماشای پەیوەندی تایبەتمەندییەكانی چوار گۆشە و تایبەتمەندییەكانی شێوە، بەشێوەیەكی گشتی بكەن). ئەمانە لە گرنگترین بنەماكانی بیركردنەوەن و گوێنەدان بەمانە، بووەتە هۆی هەڵەگەلێكی زۆر و تێكەڵوپێكەڵكردنی یاساكانی زانست و فەلسەفە و لێكۆڵینەوەی فەلسەفی بەكەرەستەی زانستی یان گەڕان بەشوێن وەلاّمی پرسیارە زانستییەكاندا، زەرەر و زیان و گومڕایی كەمی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە.

٣- زانست ناتوانێت وەلاّمی هیچ پرسیارێكی فەلسەفی بداتەوە. ئەمەمان زانی. بەلاّم زانست ئەتوانێت پرسیار بۆ فەلسەفە دروستكات. دۆزینەوەیەكی زانستی دۆزینەوەیەكی فەلسەفی نییە، بەلاّم ئەتوانێت ببێتە پاڵنەری دۆزینەوەیەكی فەلسەفی. واتە ئەتوانێت فەیلەسوف رێنمونی بكات تا لەو دۆزینەوە تازەیە وردبێتەوە و لە وجوددا بەشوێن رەگوریشەی

---

١ - فیض

ئەو تایبەتمەندییەدا بگەڕێت و بەمەش شتێك بۆ سەر قەڵەمڕەو و ناوەڕۆكی میتافیزیك زیاد دەكات. بۆ نمونە زاناكان لەسۆنگەی وردبوونەوەیانەوە لەمەسەلەی (ئیدراك)، توانیان چەند هۆكار و روخسارێكی نا ماددی بخەینەروو. مەسەلەی غەریزە هێشتا لە رووی زانستییەوە نهێنییەكی نەدۆزراوەیە. خۆی ئەمە پرسیارێك ئەخاتە بەردەم فەیلەسوف. دۆزینەوە زانستییەكان ئەكرێت رێنمونی داناكان بكات كەپەی بە نهێنییەكانی تری بوون ببەن و ببكەنە پلیكانەیەك و لێیەوە بە رەو سەربانە نە دۆزراوەكان بڕۆن.

٤- بەهەمان شێوە دۆزینەوە زانستییەكان، ئەكرێت بتوانن هەندێك لە هەڵە فەلسەفییەكان بدۆزنەوە. واتە ئەكرێت دۆزینەوەیەكی زانستی دەریخات كە ئەو بەڵگەیەی فەیلەسوفێك پشتی پێ بەستووە بۆ پشت راستكردنەوەی قسەكانی، بەڵگەیەكی واقیعی و راست نییە. بۆ نمونە ئیبن سینا لە بەرامبەر موتەكەلیمەكاندا جەختی لە سەر ئەوە ئەكردەوە كە مادده شتێكی لێكدابڕاو و پارچەپارچە نییە. بەڵكو حەقیقەتێكی یەكپارچەی خاوەن دوورییە. ئەم قسەیە راستە، لەو رووەوە كە مادده دووری هەیەو ناكرێت لە بەشە بێ لا و بێ دوورییەكان دروست ببێت. بەلاّم قسەكەی تری ئیبن سینا دروست نییە كە ئەیوت ئەم تەنە هەست پێكراوانە، مادەم لە بەردەم هەستتدا پارچە پارچە نین ئیتر لە واقیعیشدا پارچە پارچە نین. تیۆریی ئەتۆمی ئەڵێت: تەنەكان جومگەدارن (ذو مفاصل[1])، واتە پارچە پارچەن. ئەوەی ئەمڕۆ ئەبێتە نموونەی دەرەكی بۆ قسەكەی ئیبن سینا، ئەلیكترۆن و پرۆتۆنەكانن. بە دەربڕینێكی تر، راستە كە تەنەكان دوورییان هەیە و لە خودی خۆیاندا پارچە پارچە نین. بەلاّم ئەم یاسایە بەسەر تەنە دەرەكییەكاندا ناسەپێ. بەڵكو ئەوانە خۆیان ئاوێتەیەكن لەو بەشە دووریدارانە. ئەم نموونەی كۆتاییە، نموونەیەكە كە دەست تێوەردانی نادروستی فەلسەفە ئەخاتە روو بۆ ناو زانست، كە ئەبێت هۆشیارانە و فەیلەسوفانە، خۆمانی لێ بپارێزین.

---

١ -ئەم دەربڕینە لە خودی" اشارات"دا لە ابن سیناوە هاتووە.

# جیاوازیی نێوان یاسا زانستی و فەلسەفییەکان

ئەم بەشە سەرەڕای بەشی داهاتوو، بەبڕوای من لە گرنگترین بەشەکانی ئەم نوسراوەیە و میوەی بەپیتی پێونی هەردوو نەمامی زانست و میتافیزیکە و بۆیە شیاوی ئەوەیە بەوردی هەڵوێستەی لە سەرکەین.

١- هیچ یاسایەکی میتافیزیکی، ڕێژەیی نییە. لەکاتێکدا یاسا زانستییەکان (بە تایبەت ئەوانەی ئەمڕۆ)، ڕێژەیین.

٢- ناتوانین لە ڕێی تاقیکردنەوەوە هیچ یاسایەکی میتافیزیکی پووچەڵ بکەینەوە. بەڵاّم ئەکرێت یاسا زانستییەکان، لە ڕێی تاقیکردنەوەوە پووچەڵ بکرێنەوە. واتە گریمانەی پووچەڵبوونەوەیان لە ڕێی تاقیکردنەوەوە گونجاوە (هەستیاری یاسا زانستییەکان لە بە رامبەر ئاراستەی ڕووداوەکاندا).

٣- یاسا زانستییەکان ئیختیارین. واتە لایەنێك لە ڕووداو و مەوجوداتەکان لە بەر چاو دەگرن، نەك هەموو لایەنەکانیان و سروشتیان. لەکاتێکدا یاسا میتافیزیکییەکان، هەموو دیاردەکان و سروشتیان لە بەرچاو دەگرن.

٤- بە یاسا زانستییەکان ئەتوانین پێشبینی ڕوداوێکی تایبەت بکەین. بەڵاّم بەیاسایەکی میتافیزیکییەوە پێشبینی عەمەلی بە ئاسانی ناکرێت.

٥- ناتوانین لە ڕێی بەڵگەهێنانەوەوە، لەسەر بنەمای پێشەکییە بەڵگەنەویستەکان و نیشاندانی دژیەکی لە جێیەکدا، یاسایەکی زانستی بسەلمێنین. بەڵاّم ئەتوانین یاسایەکی فەلسەفی بسەلمێنین. واتە ئەکرێ نکوڵیکردن لە یاسایەکی میتافیزیکی سەر لە مەحاڵێکی عەقڵییەوە دەرکات. بەلام نکوڵیکردن لە یاسایەکی زانستی ئەم دەرەنجامەی لێناکەوێتەوە.

٦- تیۆرییەکی زانستی ئەگەر پووچەڵیشکرێتەوە، ئەکرێت بەشێوەیەکی ناتەواو و لاوەکی دروستبێت. بەڵاّم پووچەڵکردنەوەی یاسایەکی فەلسەفی، بەمانای لەریشەدەرهێنانیەتی و بەتەواوی



مەحودەبێتەوە و لە ناو دەچێت. واتە بۆ نمونە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی یاسای یەکسانبوونی گۆشەکانی بەرکەوتن و تیشکدانەوە پووچەڵبێتەوە، دیسانیش مەحاڵ نییە کە لە هەندێك شوێندا یەکسانبن. بەڵاّم ئەگەر یاسای پشت بەستنی مەعلول بەعیللەت پووچەڵ بێتەوە، ئیدی مەحاڵ دەبێت کە مەعلولێك پێویستی بە عیللەت هەبێت. (واتە لە زانستدا، ناتەواوی و دژیەکی نابنە یەك. بەڵاّم لە فەلسەفەدا بەڵێ)

بۆ نموونە یاسای مانەوەی وزە لە بەر چاودەگرین. کەسانێك وایان ئەزانی کە ئەم یاسایە لە بەر ئەوەی گشتییە و بۆ هەموو جیهانە، بۆیە لە جۆری یاسا میتافیزیکییەکانە و بۆیە یاسای میتافیزیکیان لێ وەرگرتووە و تەنانەت هەندێك کەس یاسای مانەوەی وزەیان وەك نموونەیەك هێناوەتەوە بۆ ڕەدکردنەوەی ئەوەی کە ئەلێن یاسا میتافیزیکییە گشتییەکان توانای پێشبینیان نییە. بۆیە ئێمە مشتومالێکی ئەم یاسایە ئەکەین.

أ- ئاشکرایە کە ئەم یاسایە ڕێژەییە. واتە هەر لە بنەڕەتدا دەربارەی مانەوەی ڕێژەیی وزەیە.

ب- ئەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم یاسایە پووچەڵ ببێتەوە. واتە ئەکرێت تاقیکردنەوەیەك بێنینە بەر چاو کە ئەگەر بکرێت ئەوا یاسای مانەوەی وزە پووچەڵ ببێتەوە. بۆ پووچەڵبوونەوەی ئەم بنەمایەش، ئەوەمان بەسە کەلە سیستمێکی ئیزولەدا، لە جێیەکدا هەندێك وزە ون ببێت و لەجێیەکی تردا هاوکێشەکەیمان دەست نەکەوێت تاوەکو پووچەڵبوونەوەی ئەم شتەمان بۆ دەرکەوێت

ج- ئەم یاسایە تەنها ڕێژەیەکی تایبەت لە بەر چاو دەگرێت کە ئەویش پێی دەوترێت وزە و هەموو لایەنە جیاوازەکانی دیاردەکان ناگرێتەوە. ناڵێت کە وزە پارێزرا هەموو شتێك دەپارێزرێت. دیارە پاراستنی وزەی گشتی سیستمێك، پێویستی بە پاراستنی تەووژم و پاراستنی خێرایی و پاراستنی ڕەنگ و پاراستنی پەستان و پاراستنی قەبارە و شتەکانی تری سیستمەکە نییە. بۆیە یاساکە ئیختیارییە.

د- توانای پێشبینی ڕوداوگەلێکی تایبەتی هەیە. ئەتوانین ڕێژەیەك سەهۆڵ بسوین و بەو وزە سەرفکراوەدا ئەتوانین دەستنیشانی ئەو بڕە ئاوە بکەین کە بەرهەم دێت.

هـ- نکولێکردن لە مانەوەی ڕێژەیی وزە، شتێك نییە کە لەگەڵ بەڵگەنەویستێکی عەقڵیدا دژیەکبێت. تاوەکو پێویستکات لەبەر ئەو بەڵگەنەویستییە بنەمای مانەوەی وزەش قەبووڵکەین. ئێمە لە جیهاندا بنەمایەکمان بەناوی بنەمای مانەوەی وزە یان بنەمای مانەوەی خێرایی نییە و ئەمانە نەبەستراونەتەوە بەمەحالێکەوە. ئەوەی مەحاڵە نەمانی شتێکە لەکاتی بوونی خۆیدا.

و-ئەتوانین ئەوە قەبووڵکەین کە ئەم بنەڕەتە لەچەند قەڵەمڕەوێکی سروشتدا دروستە و لەقەڵەمڕەوەکانی تردا دروست نییە. بۆور١تاماوەیەك ئەم بنەڕەتەی لە قەڵەمڕەوی ناو ئەتۆمدا بەدروست دانەدەنا. لەم ڕووەشەوە بنەڕەتی مانەوەی وزە بنەڕەتێکی زانستییە.

١- N.Bohr

. لەلایەکی ترەوە تەماشای ئەم یاسا فەلسەفییە بکەن:

بە ئامادەبوونی هۆ (عیللەت) ی تەواومەعلول پێویستە ئامادەبێت.

أ- ئەم یاسایە ڕێژەیی نییە.

ب- شیاوی پووچەڵ بوونەوە نییە.

چونکە ئەگەر عیللەت ئامادەبوو مەعلول ئامادە نەبوو نالێین یاساکەمان پووچەڵ بووەتەوە، ئەڵێین عیللەتەکەمان هێشتا تەواو نییە و ئەگەر مەعلول ئامادەبوو، عیللەتمان دەست نەکەوت ئەڵێین هەبێ و نەبێ عیللەت ئامادەیە.

ج- مەعلولییەت سیفەتێکی مەعلولەکە نییە و هەموو شتەکە مەعلولە. مەعلول جگە لە مەعلولییەت، شتێکی تری نییە. بەدەر بڕینێکی تر، مەعلولییەت سەراپای شتە مەعلولەکە لە خۆی دەگرێت، نەك تەنها لایەنێکی و عیلەتی تەواو دروستکەری هەموو لاو روو هەموو سیفات و شوێنەوارەکانیەتی نەوەکو دروستکەری هەندێك لایەنی (تەماشای واتای وردی فەلسەفی هۆگەرایی بکە).

د- بەم یاساگشتییە ناتوانین پێشبینی بکەین کە لە بارێکی تایبەتدا چی روودەدات.

ئەگەر ئاو بەسەر ئاگردا بکەین، ئەم یاسایە ئەڵێت ئەگەر ئاگر عیللەتی تەواوی گەرمکردنی ئاو بێت، ئاوەکە گەرم دەبێت و گەرنانابێت[1]. لەمە زیاتر هیچ (نە چەندێتی و چۆنییەتی)نالێین. ئەگەر ئاوەکە گەرم بوو، ئەڵێین ئاگر هۆی گەرم کردنەکە بووە (لانی کەم وەك عیللەتی ناتەواو). ئەگەر ئاوەکەش گەرم نەبوو، ئەڵێین دیارە ئاگر هۆی تەواوی گەرم بوونەکە نییە. ئیتر رێگایەکی تایبەت ناخاتەروو.

ه- یان ئەم یاسایە خۆی بەڵگەنەویستە، کەواتە نکۆڵیکردن لێی، نکۆڵییە لە یەکێ لە بەڵگەنەویستەکان یان لە لای لایەنگرانی نکۆڵێکردنی سەرلەنکۆڵی کردن لە بەڵگەنەویستێکەوە دەردەهێنێت (وەك نەگونجانی دوو دژ پێکەوە).

و-لەبەر ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە، مەعلول لەرووی خود و بوونەوە بە عیللەتەوە بەستراوە و پێویستی پێیەتی لەم رووەوە مەحاڵە کەهەندێك مەعلول هەبن، بەبێ ئەوەی عیللەتیان هەبێت دروستبن و هەندێکی تریان پێویستیان پێی نەبێت. ئەم یاسا فەلسەفییە یان لە هەموو جێیەکدا بوونی هەیە یان لە هیچ کوێدا بوونی نییە.

ئەو جیاوازییانەی باسمان کردن، جاوازیگەێکن کەدەکرێت وەك ئەزمونێك کەڵکیان لێوەرگیرێت و بۆ دیاریکردنی زانستیبوون یان میتافیزیکی بوونی گوتار و بابەتێك یان یاسایەك کەڵکیان لێ وەرگرین. بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین، کە راستە ئەتوانین بۆ جیاکردنەوەی زانستی

[1] وردتر ئەوەیە کەبڵێین ئەگەر ئاو(لەگەڵ هەموو هۆیەکانی تردا) کەپێکەوە ئەبێتە هۆی تەواوی گەرم بوونی ئاو ئامادەبن ئەوا ئاوەکە گەرم دەبێت وەگەرنا نا.



بوون یان میتافیزیکی بوونی گوتارێك یان یاسایەك کەڵك لەمانە وەرگرین. بەڵام جیاوازییەکانی یاسا زانستی و میتافیزیکییەکان لەمانەدا کورت نابنەوە. هەندێ لایەنی جیاوازی تریش هەیە کەپێشتریش بەشێوەیەکی پەرتەوازە باسمان کردن.

٧- رێگای رەخنەگرتنی یاسا فەلسەفییەکان، لەڕێی بیرکردنەوە (تعقل) و بەڵگەهێنانەوەوە دەبێت. لە کاتێکدا هی یاسا زانستییەکان لەرێی تاقیردنەوەی راستەوخۆوە دەبێت.

٨- یاسا فەلسەفییەکان، پەیوەندیان بە بوونی بێبەرگ و رووتەوە هەیە. لە کاتێکدا یاسا زانستییەکان، سەر بە ئەو بوونانەن کەبەرگ و پۆشاکی ماددیان لەبەر کردووە.

٩- یاسا فەلسەفییەکان، بەرمەبنای گشتیترین پۆلێنکردنەکان بنیادنراون. لەکاتێکدا پۆلێنکردنە زانستییەکان کە یاسا زانستییەکانیان لەسەر دائەمەزرێت، لەسکی پۆلێنکردنە فەلسەفییەکاندان.

١٠- هیچ گوتارێکی زانستی نابێتە وەڵامی هیچ پرسیارێکی فەلسەفی و هیچ گوتارێکی فەلسەفیش نابێتە وەڵامی هیچ پرسیارێکی زانستی.

١١- نە زانست و تاقیکردنەوە بە راستەوخۆیی و سەربەخۆیی فەلسەفە ئەهێننە بوون و نە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەنتیقی رووت، زانست ئە هێنێتە بوون.

١٢- زانست لە فەلسەفەوە چوار چێوەی فکری و جیهانبینی خۆی وەرئەگرێت و پرسیار بۆ (فەلسەفە) دروست ئەکات. لەسەر بنەمای کۆی وتەکانی سەرەوە و یان بەراهێنان و مومارەسەی پێویستەوە ئەتوانین لەجیاکردنەوەی زانست و فەلسەفە نزیك ببینەوە و زیهنیشمان لە هەڵەی تێکەڵکردنی ئەم دوو مەعریفەیە بپارێزن. کەکەم نین ئەوانەی بوونەتە قوربانیی ئەم هەڵە و تێەڵکردنە.

# چۆن ئەتوانین سەرکەوین لە شیکارکردنی پرسیاردا؟

سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێین کە ئێمە نامانەوێت میتۆدێکی مەعریفی گشتی بخەینە روو کە هەموو بوون و دیاردەکان لەخۆ بگرێت. ئەگەر رەوشێکی ناساندنی واش هەبێت، بەکەڵکی شیکارکردنی هیچ پرسیارێکی تایبەتی نایەت. ئێمە خەریکی خستنە رووی رەوشێکین کە بە یارمەتی ئەو رەوشە بتوانین رێگەچارەی مەسەلەیەك پەیدا کەین. مەبەستمان لە مەسەلە فیکرییەکان و دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاوە بۆیان، نەوەك هەر دیاردە و روداوێکی تر. دیاریکردنی ئەوەی کەئەبێت لە چ رێگەیەکەوە بچین تا لەچارەسەری مەسەلەیەکەوە نزیك بینەوە، یەکەم هەنگاو وگرنگترین هەنگاوە لە چارەسەر و شیکردنەوەی مەسەلەیەکدا. زۆر جار رێك ئەکەوێت کە مرۆڤ کاتێك رووبەرووی مەسەلەیەك دەبێتەوە، خۆی وا دێتە بەر چاو کە لە بەردەم قەڵایەکی بێ کەلەبەردایە کە بۆ چونەژوورەوە، هیچ کلاوە رۆشنەیەکی تیانییە. دیوارەکان ئەوەندە بەرزن و سەریان لە ئاسمان گیرکردووە، هیچ تەنافێك نییە کە کەڵکمان پێبگەیەنێت لە بەرامبەریدا و ئەوەندە خلیسکە کە بۆ ساتێکیش دەست و پێی لێ گیر نابێت و ئەوەندەش توندە کە بەهێزی هیچ دەستێك یان قولێنگێك تێکناچێت. لەکوێوە هێرش بەرین؟

ئەبێت تەماشاکەین، ئەم قەڵایە لەچی دروستکراوە، لە قوڕ؟ لەبەرد؟ لە چیمەنتۆ؟ ..

بۆ هەریەك لەمانەش کەرەستەی لە باری خۆی پەیداکەین. هەر ئەمەشە کە ئێمە لەم باسەدا بەشوێنییەوەین. لەبەرامبەر هەرمەسەلەیەکدا، ئەبێت جۆری مەسەلەکە دیاری کەین و هەرکە ئەم مەبەستە هاتەدی ئەوە رێگاچارەی مەسەلەکە روون بووەتەوە. پاش ئەمەش خودی کەسەکە ئەبێت رێگە ببڕێت و بگاتە چارەسەری کۆتایی.



زیهنی هەرکەس لەئێمە، پڕە لەپرسیاری جۆراوجۆر. پرسیارگەلێك کە بەگشتی جۆرەکەیان بۆ روون نەبووەتەوە. هەرلەبەر ئەمەش لەچارەسەریاندا بەزۆری سەرسام و دەستەوەستانین.

ئایا قورئان زانستێکە؟ ئایا مارکسییەت زانستێکە؟ئایا خوا بوونی هەیە؟ ئایا مەنهەجی زانستی لە شیکارکردنی هەموو پرسیارەکاندا بەکاردێت؟ ئایا تیۆری چینەکانی مارکسییەت راستە؟ ئایا مێژوو ئایندەیەکی بێکۆتایی هەیە؟ ئایا شۆڕشی ئێستای ئێران، شۆڕشێکی ئیسلامییە؟ ئایا رەوشێکی مەعریفی بۆشیکاری ئەم پرسیارانە هەیە؟ ئایا جیهانی دەرەکی بوونی هەیە؟ دیموکراسی چییە؟ ئایا دژیەکی لەهەموو دیاردەکاندا هەیە؟ ئایا جیهان ئامانجدارە؟ ئایا دەفرەفرێوەکان راستن؟ هونەر چییە؟ ژن و پیاو چ مافێکیان هەیە؟ ئایا ئەبێت مافەکانیان یەکسان بێت؟ ئایا رەدکردنەوەی خاوەندارێتی تاکەکەسی باشترە یان پاراستنی؟ ئایا وەحی حەقیقەتی هەیە؟ راپەڕینەکان چۆن دەکەونەسەرپێ؟ میتۆدی راڤەکردنی مێژوو چییە؟ رووبەروبوونەوە چییە؟ لەکوێدا و لەگەڵ کێدا و چۆن ئەبێت رووبەروو بینەوە؟ ئیدراك چییە؟ ئایا ئەتوانیت ببیتە ماتریالیست؟ رابەری چییە؟ سیفاتەکانی رابەرێکی راستەقینە چییە؟ ئایا ئایین هۆکاری بەرەوپێشچونە یان دارِمان؟ رۆڵی ئیسلام لە رەفتار و چارەنووسی مرۆڤدا چی بووە؟ ئایا مرۆڤ ناچار (مجبور)ە یان سەرپشك (مختار)؟ ئایا پێشکەوتنی پیشەسازی، یارمەتی بەختەوەربوونی مرۆڤی داوە؟ ئایا فەلسەفە بەکەڵك دێت؟ بۆ وەڵامی ئەمانەو سەدان پرسیاری تری لەم جۆرە، ئەبێت لەشوێنێکەوە دەست پێ بکەین. ئەمانەوێت بزانین ئەو شوێنە کوێیە و ئەبێت لەکوێدا بەشوێن وەڵامی ئەم پرسیارانەدا بگەڕێین:

١- یەکەم هەنگاو، روونکردنەوەی پرسیارەکەیە. زۆربەی پرسیارەکان نەك بەهۆی ئاڵۆزییانەوە بەڵکو بەهۆی ناروونیانەوەیە کەوەڵامیان نادۆزرێتەوە و توشی سەرسامیمان دەکەن. پرسیارێکی ناروون وەڵامێکی ناروونیش بەدوای خۆیدا دێنێت. هونەری پرسیارکردن ئەوەیە کە تا ئەو رادەیەی کەدەکرێت پرسیار روونکەینەوە و تەمومژی لەسەر لادەین. هەم بۆ خۆمان و هەم بۆ بەرامبەرەکانیشمان روونکەینەوە کەپرسیار لەچی ئەکەین. ئەوەی کەئەڵێن: حسن السؤال نصف العلم، واتە باش پرسیارکردن نیوەی زانستە[1]، وتەیەکی راست و دروستە. ئەگەر کەسێك بتوانێت بەباشی پرسیار بکات، ئەوە هەر پێشوەخت نیوەی وەڵامەکەی ئامادەکردوە.

بۆنمونە ئەوەی کە"ئایا مارکسییەت زانستێکە؟" پرسیارێکە کە جوان نەخراوەتە روو. ئەبێت پرسیارەکە پارچە پارچە بکەین. مارکسیزم شتێك نییە. سەدان شتە. کەچەندین جۆر

١ -(یان فهم السؤال نصف الجواب، وەرگێر)

فێرکاری و بەهای تێدایە. بۆیە وشەی تەنیای مارکسیزم نابێت کەس فریو بدات و وابزانێت یەك پرسیاری کردووە و وەڵامەکەشی بەبەڵێ یان نەخێر تەواو دەبێت. "ئایا مارکسیزم زانستێکە" سەدان پرسیاری لەخۆگرتووە کەئەبێ بەجیاجیا وەڵام بدرێتەوە. بەهەمان شێوە ئەو پرسیارەی کەئایا قورئان زانستە؟ قورئانیش یەك شت نییە. هەزاران ئایەتی هەیە و هەریەکێ لەو ئایەتانە ئەکرێت مەسەلەیەکی زانستی یان نازانستی (میتافیزیکی، ئەخلاقی) لەخۆگرتبێت. سەرەڕای ئەوەی کە "ئایا قورئان زانستییە" خاڵێکی ناڕوونی تری تێدایە. ئایا مەبەست لێی ناوەڕۆکی قورئانە؟ یان مەبەست لێی ڕێگای بەدەست هێنانی ئەم ناوەڕۆکەیە؟ (وەحی؟) ئایا مەبەست لەزانستی، زانستی ئەزموونییە یان زانستە بەواتایەکی فراوان؟ بەرونکردنەوەی ئەم خاڵانە، بەباشی ئەتوانین تێبینی ئەوەبکەین کە ڕێگەی دۆزینەوەی وەڵام چەندە روون بووەتەوە. بۆ نمونە ئەگەر مەبەست ناوەڕۆکی قورئان بێت و ئەگەر مەبەست لە زانستی ئەزموونی بێت، لەم کاتەدا ڕێگەچارە ئەوەیە کەبەشوێن ئەو ئایەتانەدا بگەڕێین کەئەتوانین ناوەڕۆکەکانیان تاقی بکەینەوە، یان بیخەینە بەرچاو و بزانین وەها ئایەتێك دەستدەکەوێت یان نا. بۆ نمونە ئەو ئایەتانەی دەربارەی چیرۆکی حەزرەتی موسایە (علیە السلام) زانستی- ئەزمونییە. چونکە ئەتوانین چاو بەبەڵگە نامە مێژووییەکاندا بخشێنین و تیایاندا لە و چیرۆکە بکۆڵینەوە.

٢- هەنگاوی دووەم، دیاریکردنی سنووری بەهاکان و واقیعییەتەکانە. یان بەوتەی زانایان: جیاوازی کردنە لەنێوان ئیعتیبارییاتەکان و حەقیقەتەکاندا. زانست و فەلسەفە قسە لەسەر راستییەکان (حقائق) دەکەن و لە بەرامبەر، "ئەبێ چی بکەین و ئەبێ چی نەکەین"دا بێ دەنگن. ئەوەی کەپەیوەندی بە ئەرك، ماف، چاك، خراپ، ئەبێت، نابێت، بەها و... وە هەیە، دەچێتە چوارچێوەی ئاکارەوە نەوەك زانست و میتافیزیك. لەم رووەشەوە دیسان ئەبێت سنوورەکانی ئەرك و روونکردنەوەش بزانین. ناتوانین هیچ گرێیەکی ئەخلاقی و تەکلیفی بەیارمەتی زانست و فەلسەفە بکەینەوە. ڕێگاچارەی مەسەلەیەکی ئەخلاقی، میتافیزیکی یان زانستی نییە.

ئایا ئەبێت هەستین بەرووبەرووبوونەوە؟ ئایا ئەبێت بۆ لادانی ستەم یەکگرتوو بین؟ ئایا مێژوو بەرەو تەواوکاری (تکاملی) دەچێت؟ مرۆڤی نموونەیی کامەیە؟ مافی خاوەنداریەتی هی کێیە؟ تاك یان کۆمەڵگە؟ ئایا مافی ژن و پیاو ئەبێت یەکسان بێت یان نا؟ ئەمانە هەمووی پرسیارگەلێکن کەکەرەستە و تفاقی زانست و فەلسەفە لەوەڵامدانەوەیاندا



بەکەڵك نایەن. بەها، سەرچاوەیەکی تری هەیە، بەدەر لەزانست. وەسفیش تەکلیف روون ناکاتەوە. لە ڕێگەی زانستیشەوە ناتوانین بگەینە ئەخلاق. ئەبێ بۆ دۆزینەوەی شیکاری پرسیارە تەکلیفییەکان (بەواتای گشتی وشەکە)، سەرەتا بەهاکانی خۆمان دیاری کەین و بیخەینە روو. ئەبێ بەباشی واتای وشەکانی ستەم و دادپەروەری و شتانی تری لەم بابەتە بخەینەروو. ئەبێ نیشانی بدەین کەتەواویی (کمال) و ناتەواویی چییە. هیچ دۆزینەوەیەکی زانستی ناتوانێت دەربخات کەجیهان باشتربووە یان خراپتر. هەموو لێکۆڵینەوە زانستییەکان تەنها ئەتوانن ئەوە روونبکەنەوە کەجیهان چۆنە. بەڵام ئەم چۆنییەتییە باشە یان خراپ مەسەلەیەك نییە کە وەڵامەکەی لەدەستی زانستدا بێت. بەسەتڵی زانستەوە، ناتوانین ئاوی بەها لە چاڵی سروشتدا دەربهێنین. ئەم خاڵە بەهەمان ئەو ئەندازەی کە سادەو یەکلاکەرەوەیە، بەپێز و سوودبەخشیشە و دەتوانێت هاوکارییەکی بەرچاو لەچارەسەری زۆربەی رامان و دەستەوەستانییەکاندا بکات. ئەوانەی کە بۆ وەڵامی پرسیارەکانی خاوەندارییەتی و بە کەماڵگەشتنی مێژوو یان سیفاتەکانی مرۆڤێکی نموونەیی، راستەو خۆ سوودیان لە زانست و میتافیزیك وەرگرتووە، ئەبێ ئەوە بزانن کە هەنگاویان لەسەر ڕێ لاداوە و ڕێیان ونکردووە. ئەوانەی کە لەسۆنگەی ململانێی نێوان ئەلکترۆن و پرۆتۆنەوە فەتوای پێویستبوونی ململانێ و رووبەرووبوونەوەیان داوە لەقوربانیانی ئەم هەڵە بەهیلاکدا بەرەن. ئەوانەی لە سۆنگەی هاوکاری نێوان مێروولەکان و مێرووەکانەوە مرۆڤەکانیشیان بەرەو هاوکاری و هاودەردی ئامۆژگاری کردووە، هەر ئالوودەی ئەم دەردەن. لە شیکاری ئەم پرسیارانەدا، ئەبێ سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ئایدۆلۆجیای (بنەماکانی بەها) و لەوێدا بەڕوونی بیخەینەروو کەبەهاکان چین. لەپاش ئەوە دەتوانین یارمەتی لە زانست و فەلسەفە وەرگرین. بۆ نمونە ئەگەر ئایدۆلۆجیای کەسانێك بڵێت ئاڵۆزی گەردەکانی هاوتایە لەگەڵ مەسەلەی چاکەو بەرکەماڵبووندا، لەم کاتەدایە کە تەنها لەسەر بنەمای ئەم ئایدۆلۆجیایە و بەکەڵك وەرگرتن لە زانست، ئەتوانین دیارییبکەین کە ئایا لەمێژووی رابردوودا، گەردەکانی ئاڵۆزتر بوون یان نا. بەبێ بوونی وەها بەهایەکی ئایدۆلۆجی و راستەوخۆ کەڵك وەرگرتن لە زانست، کارێکی هەڵەو عەبەسییە (پڕوپووچە).

هەموو ئەو مەسەلانەی کەپەیوەندیان بە فیقه و حوکمە عەمەلییەکانەوە هەیە، ئەچنە چوار چێوەی ئیعتیباراتەوە وەك (دەستنوێژ بگرن، بچنە حەج، جیهاد بکەن، فرمان بە چاکە بکەن، زەکات

بدەن، مافی ژن ئەمەیە، مافی پیاو ئەوەیە، میرات وایە، خاوەندارییەتی بەم شێوەیە)و لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامییەوە هەڵدەقوڵێن و ئەبێت جیاکرێنەوە لەیاسا زانستی و فەلسەفییەکان. هەموو ئەو مەسەلانەش کەپەیوەندیان بە رستەسازی وشەسازییەوە (نحو و صرف) و ڕێزمان و ڕەوانبێژی و لێکچون و نموونەی ئەمانەوە هەیە هەموو لەشتە ئیعتیباری و دانانییەکانن. شیکارکردنی پرسیار گەلی لەم بابەتانە تەنها لە بازنەی ئیعتیباریات و دانانییەکاندا دەکرێت ونابێ بەمیتۆدی زانست و فەلسەفەوە خەریکی شیکاری ئەم پرسیارانەبین. ١

٣- دوای خستنە رووی پرسیارو پاش روونکردنەوەی و پاش جیاکردنەوەی مەسەلەو پرسیارە بەهای و ئەخلاقی و تەکلیفی و ئیعتیبارییەکان، خۆ بە خۆ دوو جۆر مەسەلە دەمێننەوە: زانستی و میتافیزیکی. جا بۆ ئەوەی بڕیاردان لەم کاتەشدا ئاسان بێت سەرەتا ئەبێت بۆ پرسیارەکەی خۆمان، وەڵامێکی گریمانەیی بخەینە مێشکمانەوە و پاشان ئەم وەڵامە بەپێی ئەو پێوەرانەی کە پێشتر باسمان کردتاوەکو جۆری پرسیارەکەمان بۆ دەرکەوێت. بەدیاریکردنی جۆری پرسیارەکە، بەئاسانیش ئەتوانین وەڵامی پرسیارەکەش بدۆزینەوە. ئەگەر پرسیارەکە زانستییە ئەوا بۆ شیکار کردنی یارمەتی لە تاقیکردنەوە وەرئەگرین. ئەگەر فەلسەفیشە ئەوا بەگەڕانەوە بۆ یاسا فەلسەفییەکان و بەلێکۆڵینەوەی لۆجیکی چارەسەری دەکەین. گرنگ ئەوەیە بزانین چوار چێوەی زانست کامەیە و ئەبێ لە چ کەرەستەیەک کەڵک وەرگرین. بۆ نمونە ئەم پرسیارە ئەخەینە بەر سەرنج: دیموکراسی چییە؟ ئەم پرسیارە ئەتوانێت چەند واتایەکی هەبێت کەبۆ روون کردنەوەی ئەبێت ئەم پرسیارانە لێک هەڵوەشێنین: ا- ئەوانەی قسە لە دیموکراسی دەکەن مەبەستیان لێی چییە؟

ب- دیموکراسی بەوشێوەیەی کەتا ئێستا لە هەندێ لە کۆمەڵگەکاندا بوونی هەبووە چۆن بووە؟

ج- هەر لە بنەڕەتدا دیموکراسی چۆن شتێکە؟ واقیعییەتێکە؟ بەهایەکە؟ باشە؟ شایەنی بەرگری لێکردنە؟ واتای راستەقینەی چییە؟ ئایا هەمیشەو لە هەموو شوێنێکدا شیاوی بەکارهێنانە؟ لە هەموو شوێنێکدا یەك شێوەی هەیە؟

پرسیارەکانی أ و ب، هەردووك پرسیاری زانستین. واتە بەگەڕانەوە بۆ کۆمەڵگاکان کە چۆن بوون، و بە گەڕانەوە بۆ راو قسەی فەیلەسوفان و سیاسەتمەداران کە دەربارەی دیموکراسی

١ - لەبارەی بەهاکان و رێکخستنیانەوە بەشێوەیەکی ورد و بەڵگە لە سەر نادروستی هەڵێنجانی ئیعتیبارياتەکان لە راستییەکانەوە بگەڕێنەوە بۆ کتێبی دانش و ارزشی نوسەر.



قسەیان کردووە، ئەتوانین وەڵامیان بدەینەوە (ڕێگەی تاقیکردنەوەو بینین). بەڵام پرسیاری (ج) کە کۆمەڵێك پرسی وردتری لەخۆگرتووە، کە پرسیارێکی چەند رەهەندییە. ئەگەر لە چاکێتی و شیاویی بەرگریلێکردنی دەپرسین، ئەوا پرسیارێکی تەکلیفی و ئەخلاقیمان کردووەو ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئایدۆلۆجیای (بنەما بەهاییەکانی خۆمان)، نەك زانست و فەلسەفە.

ئەو پرسیارەی کەئایا دیموکراسی بەهایەکە، دوو وەڵامی هەیە. بەڵێ و نەخێر. چۆنیەتی دیموکراسی و شێوازی پیادەکردنی، شتێکی تەوسیفی و زانستییە. بەڵام هەڵسەنگاندنی و بەخراپ یان باش دانانی، شتێکی ئەخلاقییە. پرسیار لەوەی کەئایا دیموکراسی لەهەموو کات و شوێنێکدا شیاوی بەکارهێنانە یان لە هەموو شوێنێکدا بەیەك شێوەیە. پرسیارێکی زانستییە. ئەڵبەتە ئەبێت پێشوەخت واتای دیموکراسی بکەین. بەڵام بەهەر واتایەك بێت، وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو ئەبێت لەرێی تاقیکردنەوە و بینینەوە وەرگرین نەك میتافیزیك و ئایدۆلۆجیا. بەڵام پرسیار لەوەی کە ئایا واتای راستەقینەی دیموکراسی چییە؟ تارادەیەك پرسیارێکی بەتاڵە. ئەبێ بپرسین واتای راستەقینەو واقیعی ئەم پرسیارە چییە؟ بەشێوەیەکی ئاسایی دیموکراسی بەوە پێناسە دەکرێت، کە بریتییە لە فەرمانڕەوایی گەل بەسەر گەلدا. ئایا ئەمە بەسە؟ ئەڵبەتە، نەخێر ئەبێت واتای فەرمانڕەواییش بکەین. ماناکردنی فەرمانڕەوایی و ئەوەی سنووری ئازادییەکان چییە، لەهەر حکومەتێکدا ئەبێت کام یەك لە ئازادییەکان بکەین بەقوربانیی تا ئازادییەکانی تر فەراهەم بکرێن. مەسەلەکە لە شتێکی ئەخلاقی و بەهاییەوە سەردەردەکات و واتای راستەقینەی دیموکراسی تەماوی دەکات.

نموونەی دووەم، مێژوو بەرەو رووی کوێ دەچێت؟ ئەم پرسیارە دیارە پرسیارێکی ئەخلاقی نییە. بەڵکو پرسیارێکی تەوسیفییە. بۆیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەبێت یارمەتی لە زانست یان میتافیزیك وەرگرین. ئەبێت سەرەتا پرسیارەکە روونترکەینەوە، مەبەستمان لە مێژوو چییە؟ مەبەستمان لە روو چییە؟ مانای مێژوو دەکەین: کۆمەڵێکە لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان لە پەیوەندییان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ ژینگەکەیان.

روو: شێوەیەکی تایبەتە لە رەفتاری مرۆڤەکان لە پەیوەندییان لە گەڵ یەکتر و ژینگەکەیان. لەم رووەوە پرسیارەکە بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە: لە ئایندەدا پەیوەندی مرۆڤەکان پێکەوە (وبەرامبەر ژینگەکەیان) چۆن دەبێت.؟ دیارە پرسیارکردن لە پەیوەندی مرۆڤەکان پێکەوە پرسیارێکی میتافیزیکی نییە چونکە پەیوەندی بە بازنەی تایبەتی مرۆڤەکانەوە هەیە و لەم بازنە دەرناچێت. پرسیار نییە لە سەر تایبەتمەندییەك لە تایبەتمەندییەکانی بوون. بۆیە بەم

حاڵەوە ئەم پرسیارە شێوەی پرسیارێکی زانستی وەرناگرێت. چونکە ناتوانین لە پەیوەندی هەموو مرۆڤەکان بپرسین، ئەبێت هەڵبژێرین. بۆ نمونە ناچارین بپرسین پەیوەندی ئابووری (یان سیاسی یان زانست و فێرکردن... )ی مرۆڤەکان چۆنە، ئالێرەدایە کە پرسیارەکەمان دەبێتە زانستی (مەبەستمان ئەوەیە کە ئەبێت زانست دیاری بکات کە ئەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە یان نا).

ئەو وەڵامە گریمانەییەی کە بۆ ئەم پرسیارەی دائەنێین لەم چەشنەیە:لە ئایندەدا، شێوەی پەیوەندی ئابووری (دروستکردنی شمەك، دابەشکردن، خەرجکردن) مرۆڤەکان، لەسەر شێوەی ئەلف دەبێت. ئێستا لەرووی ئەم وەڵامە وەو بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرەباسکراوەکان، ئەبێ ئەوەمان بۆ روونبێتەوە کە ئایا زانستی ئەزموونی ئەتوانێ قسەی لەو پرسیارە دا هەبێت یان نا. تائێرە هەندێك لەڕێگەکەمان بڕیوە و ئەبێ ئەو ڕێیەی کەماوە بە یارمەتی زانست ببڕین واتە ئەبێت تەماشا کەین بزانین ئایا لە زانستدا یاسا گەلێکمان دەستدەکەوێت کە بەهۆیانەوە بتوانین پێشبینی ئایندە بکەین؟.

**گومانم وایە کە هەر وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوە، لەو رووەی کە شیاوی پووچەڵبوونەوە نییە نازانستییە و لەم رووەشەوە توانای پێشبینی کردن و نیشاندانی بارودۆخی ئایندەی نییە.**

# زانست و زانا لە جیهانبینی ئیسلامیدا*

ئەوەی لەئەستۆی من نراوە ئەوەیە کە لەخزمەت ئەوبراو خوشکانەی لێرەدان لەبارەی " بابەتی زانست و زانا لەبیری ئیسلامیدا " بدوێم، ئەمە بابەتێکی ئاسان و دەستگیریشە (سهل ممتنع) هەم لەوڕووەوە کە کەم تازۆر هزرەکان، بە تایبەت ئەو هزرانەی کەلەفەزای ئیسلامیدا ژیاون و دەژین، بەجۆرێك لەجۆرەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم بابەتەدا هەیە و بڕیاری خۆیان هەیە و لەلایەکی ترەوە جێگیرکردن و ڕێکخستنەوەی ئەم بابەتە کۆمەڵێ وردەکاری لەخۆدەگرێ کە بیرکردنەوەی ڕووکەشیانە هەندێکجار ناتوانێ پەی پێبەرێ و ئەبێ ئەوپەڕی کۆشش بکرێت تاوەکو ئەم پۆشەرو پەردانە لادرێنەوە. من خۆم لەبارەی زانستەوە قسەی کەمم نەکردووەو نامەوێ ئەوەی کەلەجێی تردا باسکراوە لێرەدا دووبارەی کەمەوە.

ئەوەی کە لەئیسلامدا بەزانست دانراوە جیاوازە لەوەی کە لەمڕۆدا بەرەو پێش چوونی زۆری بەخۆوە دیوە و پێی دەوترێ زانست و بووەتە لەقەبێکی پڕ حورمەت و لەلایەن کەسانێکەوە کورتکراوەتەوە لەسەر بەدوا داچوون و چەشنێکی تایبەت لەبیرکردنەوە، تاوەکو لەم ڕێیەوە ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە لەڕەخنە بپارێزن ! ئەم بابەتە تەنها لەبارەی زانستەوە نییە، بەڵکو لەبارەی زۆر چەمکی ترەوە کە لەفەزای ئاینییدان و واتایەکی تایبەتییان هەیە کە هەمان چەشنە.

---

* ئەم وتارە دیاریکراوە لە مانگی خەرمانانی ١٣٥٩ئێرانیدا لە باڵەخانەی رودەکی لە تاران لە سیمیناری انتقال بە تعلیم و تربیت اسلامی ئەم سیمینارە سەرەتا لە بەهاری ١٣٦٠ لە دەفتەری یەکەمی انتقال بە تعلیم و تربیت اسلامی و پاشان لە مانگی ڕێبەنداندا لە دەفتەری یەکەمی باسکراو دا بڵاو کرایەوە و لێرەشدا بەدەستکاری و گۆڕانکاری تازەوە چاپ دەکرێتەوە.



ئیمام غەزالی لە " أحياء علوم الدين " دا بەشێوەیەکی تایبەت باسی پێنج وشە دەکات کە بەڕای ئەو ئەم پێنج وشەیە تاوەکو سەردەمی ئەو لەڕوی واتاو ناوەڕۆکەوە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. یەکێك لەو وشانە (فقه) ە. کە ئەو باسی دەکات.

ئەوانەی دی (حیکمەت، توحید، زکرو زانست)ن. لەڕاستیدا ئەم وشانە لەسەردەمی ئێمەشدا تووشی هەمان چارەنووس بوون، حیکمەت و فقە و زکرو هاوشێوەی ئەمانە خاوەن واتایەکی گۆڕاو و تێکدراون کە لەم ڕۆژەدا بەکاردێن و هەندێك کەسیش کەڵکی خراپیان لێوەردەگرێت.

هێشتا ئەوکەسانە کەم نین کە ئایەتی (ومن يوت الحكمة فقد أوتي خيرا كثيرا ١) (البقرە ٢٦٩) بۆ پیاهەڵدانی فەلسەفە بەکاردێنن و ئایەتەکە بەم شێوە واتا دەکەن: هەرکەسێ لەحیکمەت واتا فەلسەفەی پێدرا ئەوا خەیرێکی زۆری پێدراوە. لەکاتێکدا کە بەیەقینەوە دەتوانین بڵێین کە مەبەستی قورئان لە حیکمەت ئەو واتە نەبووە کە وشەی فەلسەفە ئەیگەێنێ، و پێغمبەرانیش کە حکمەتیان فێری خەڵك ئەکرد مەبەستیان ئەوە نەبووە کە فێری فەلسەفەیان بکەن و لانیکەم ئەم بابەتە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەوان نەبووە. لەبەرەتدا پێغەمبەران هیچ کام لەلقەکانی هونەری و زانستی مرۆییان بەو چەشن و چوارچێوەیەی کەمرۆڤەکان دایانهێناوە فێری خەڵك نەکردووە، وکارو کۆششی ئەوان لەڕوویەکی ترەوە بووە کە ئەبێ ڕوونبکرێتەوە. بەهەمان شێوە واتای وتەکانی تریش هەروایە.

بۆنموونە (فقه)، ئەگەر چی ئەمڕۆ بە واتای ئەو هونەرەدێت کە (فقیهەکان) خەریکی دەبن بەلاّم گومانی تیا نییە کە تەفەقوه لەدیندا لەناسینی حەلاڵ و حەرام (کە زانستی فەتوای پێدەگوترێت) واتایەکی زۆر فراوانتری هەیە و هەموو ئایینناسی بە واتا گشتییەکەی دەگرێتەوە. لەوانەیە لەهەموو ئەم وشانە چارەڕەشتر هەر وشەی زانست بێت کە بەدەستی خودی خەڵکی ئەم ڕۆژگارە لادانێکی زۆر بەسەر واتاکەیدا هاتووە کە ئەبێت ڕوونیکەینەوە.

من بەر لەوەی بێمە سەرباسی زانست و بابەتی زانست لەبیری ئیسلامیدا پێم خۆشە پێشەکییەکی کورت باسکەم تاوەکو فکرمان بۆ تێگەیشتن لەوەی کە دواتر دێت ئامادەکەم مۆڵەتی قسەکردنی ئێمەش کورتە و من ناچارم قسەکانم چڕکەمەوەو هاوڕێانیشمان ئامادەگی زیهنی و بەئەندازەی پێویستیش ئاگایان لێمانەو بەم پێیەش کاری ئێمە ئاسانتر دەبێت.

---

١ - سورة البقرة اية ١٦٩

بەشێوەیەکی گشتی فەیلەسوفان ئەم خاڵە ئەخەنە ڕوو کە ئەبستمۆلۆجی (واتە خەریك بوون بەزانستەوە لەوڕووەوە کە زانستە، و دیاریکردنی ئاست و سنوورو تواناکان و ناتواناییەکان) لە مێژووی فەلسەفەدا تاڕادەیەك تازەیە و پێشینان هەرچەندە لەزانستیان دەکۆڵییەوە بەڵام دەستیان بۆ مەعریفەناسی زانست نەدەبرد، بەڵکو بەزۆری لەو ڕووەوە تەماشای زانستیان دەکرد کە گەیێنەرێکە و ئەوان بەجیهانی دەرەکی دەگەیەێنێ. بەبەردەوامی بەسەر ئەم پردەدا تێدەپەڕین و دواتر وەك ئەوەی پردێك هەر بوونی نەبووبێت، و ڕاستەو خۆ و دەست بەجێ خودی جیهانی دەرەکیان وەردەگرت و قسەیان لەسەر دەکرد. لە تێڕوانینی پێشیناندا جیهان شیاوی لێتێگەیشتن بوو ئەمەش هیچ گومانێکی تیا نەبوو. لەم ڕووەشەوە هیچ پرسیارێکیان لەسەر خودی زانست نەدەکرد، بەڵکو قسەیان لەسەر ئەو جیهانە دەکرد کە زانست ئەیخستە بەردەمیان. ئێمە ئەوە دەزانین کە گومان کردن لە زانست و بەجیدی گرتنی ئەم پرسە و ڕێبازە گەورە فەلسەفییەکان بەدوای ئەمەداو بنیاتنان بەرمەبنای ئەم گومانانە شتێکە کە لەفەلسەفەی ڕۆژهەڵاتدا ڕەونەق و شکۆیەکی ئەو تۆی نەبووە و لەڕۆژئاواشدا باوکی فەلسەفەی نوێی ئەو سەرزەمینە واتە دیکارت، ئەم ئەندێشەیەی کردە بنەمای فەلسەفەکەی خۆیّ کە لەکوێ بزانین ئێمە بەدروستی بیر ئەکەینەوە؟ بەدروستی ئەبینین؟ بەدروستی تێدەگەین؟ و هەوڵیدا کەدەست بۆ زانستی پوخت و ڕەوان بەرێت و لەوێوە فەلسەفەی یەقینی ببنیاتبنێت ئەو زانستە بێ تەڵخ و سەرەتایەش بریتی بوو لەو باوەڕەی کە " من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم "، وپاش ئەمە بوو کە کاروانی ئەندێشەی دیکارتی بەرێکەوت. فەیلەسوفانی پاش ئەویش دەستیان دایە شیکردنەوە و یەکلاکردنەوەی ئەو بیرکردنەوانەو بەم شێوەیە بوو کە مەعریفەناسی نوێ لەدایك بوو ئەندازیارانی ئەندێشەیەکی گەورە بەدەر کەوتن.

ئەبستمۆلۆجی یان مەعریفەناسی هونەرێکە کە لەفەلسەفەی ڕۆژئاوادا بابەتێکە سەربەخۆ و گرنگی بەرهەم هێناوە، لەکاتێکدا کە لە ئەندێشەی فەیلە سوفان و بیرمەندانی ئێمەدا ئەگەر چی لەم بوارانەدا قسەگەل و ئاماژەی بە پێز زۆرە، بەڵام لەشێوەی ئاماژەگەلێکی فێرکارییانەو پەرتەوازە دایە، نەوەك لق و بەش و بابەتێکی سەربەخۆ و ڕوونکراوە، فەیلەسوفانی ئێمە زیاتر پێیان باش بووە کە وەك هەبوویەك لەزانست بکۆڵنەوە، لەو ڕوەوەی کە شوناسی زانست چییە، مەوجودێکی سەربەخۆ و مجردە یاخود ناسەربەخۆ؟ و وێنەی هەستی و خەیاڵی و گشتی چ جۆرە سەربەخۆییەکیان هەیە و شتگەلێکی لەم چەشنە.



بەم شێوەیەش ئەمڕۆ ئێمە بووینەتە میراتگری ئەم توێژینەوە و هەوڵانە، و تێگەشتنێکی تایبەتمان لەبارەی بیر، زانست و ناسینەوە هەیە وکاتێکیش ئەم وشانە ناو دەبردرێن ئەو تێگەشتنانە لە زیهندا زیندوو دەبنەوە. دەست بەجێ دوای بیستنی وشەی زانست ئێمە ئەکەوینە بیری شتێکەوە کە لەزیهندا بوونی هەیەو ئەکرێت هاوتای واقیع بێت یان نا. کە " خوێندەواری " ناوی دەبرێت لاماندا، دەکەوینە بیری فەلسەفە و ئاڵۆزییەکانیەوە. دەکەوینە بیری ئەوشتانەوەی کە لەکتێبەکاندا نووسراون و لە قوتابخانەکان و زانکۆکاندا دەخوێندرێن، دەکەوینە بیری هەڵە و کەم و کوڕی زانیارییەکان دەکەوینە بیری زانست و ناوەڕۆکی قووڵی و دەستکەوتە مەزنەکانی و دەست بەجێ دەکەوینە بیری ئەوەی کە چینە ئاڵۆزەکانی تیۆرییە زانستییەکان چین؟ وئایا لەسەرەتاوە لەدایکبوونی زانست دەرەنجامی واقیع بینییە؟ بەهۆی ڕێکخستنی دیاردەکانەوەیە؟ (ئەمانە ئەو باباتانەن کەلەدونیای مەعریفەناسی و لەفەلسەفەی زانستدا باسدەکرێ) ئەمە هێشتا لەبارەی واتای گشتی زانستەوەیە وەگەرنا ئەگەرلە لقە جیاوازەکانی عیلم بڕوانین باباتەکە لەمەش باریکتر دەبێتەوە و لق و پۆی زیاتری هاوتا بەئاڵۆزی زیاترەوە پەیدا دەبێت کە ئەڵبەتە ئەمە لەدەرەوە ی ئەم باسە هەنووکەییەی ئێمەدایە.

ئێمە ئەمڕۆ، کەم تا زۆر وەها زەمینەیەکی زیهنیمان لەبارەی زانستەوە هەیە.

ئەمڕۆ لای هەندێك کەس، کاری زانستی ناکرێت هەڵە بێت. من زۆر ڕووبەڕووی ئەوە بوومەتەوە کە کەسانێك لێیان پرسیوم کە ئایا قورئان زانستییە یان نا؟

ئەڵبەتە وەڵامی من ئەوە بووە کە نەخێر زانستی نییە. ئەمە لەسەر دڵی هەندێك کەس گران بوو واگومانیان دەبرد کەمەبەست لەمە ئەوەیە کە قورئان هەڵەیە ئەوەش دەرەنجامی هەمان ئەو تێگەیشتنە پووچ و نادروستەیە کەلەبارەی زانستەوە لە زیهنماندا بوونی هەیە و تاوەکو بەباشی ڕوونبێتەوە کە مەسەلەکە چۆنەو بیرکردنەوەی ئێمە لەبارەی زانست ناسییەوە ئەبێت چۆن بێت، ئەم چەواشە بوون و هەڵانە دێنە پێشەوە. جارێکیش من لە بارەی زانست گەراییەوە"علم زدگیً" وتەگەلێکی ڕەخنەگرانە و نکۆڵی کارانەم کردبوو. دیسانەوە کۆمەڵێك هاتن و منیان لەوە ئاگادارکردەوە کە ئەم جۆرە ڕووبەڕوو بوونەوەیە لە گەڵ زانستدا دروست نییەو تەنانەت دڵسۆزی ئەوەشیان دەکرد کە دەیانوت وڵاتانی تر بە شوێن زانست و پیشەسازیی و تەکنەلۆژییەوەن و خۆیان بەرەو پێشەوە دەبەن و پێشدەکەون و بەسەرئێمەشدا سەردەکەون. و ئێستاش ئەگەر ئێمە بێین و نکۆڵی لە زانست بکەین. (وایان دەزانی نکۆلی کردن لە زانست گەرایی نکۆڵییە لە زانست) ئەمە عەینی زیان پێکەوتن و بەرەودواچون و دواکەوتنی ئێمەیە.

رەخنەی ئەم کەسانەش هەر دەرەنجامی ئەو زانستگەراییەیان بوو کە ئەبوو چارەسەر و تیمار بکرێت. نکۆڵی کردنەکەی من بەرامبەر بە زانست نەبوو، بەڵکو بەرامبەر بە زانستناسی و جەهل پەرستی بوو لە ژێرناوی زانستخوازیدا. رەخنە بوو لە جۆرێك لە نەخۆشی کە ناوێکی جوانی هەبوو. رەخنە لەوە بوو کە هەندێ جار زانستی ئەزموونی، لە جێی هەموو زانستەکاندا دادەنرێت و دەناسرێت. هەندێ جار تەنانەت زانستە ئەزموونییەکەش بە باشی نەناسرێت و لە باتی ئەودا ستایش و پەرستشی جەهلێك دەکەن.

تا ئێرە پێشەکییەك بوو، ئێستاش ئەمانەوێ ئەو خاڵە روونکەینەوە کە ئێمە لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا، چۆن لە زانست ئەڕوانین و بە چ شتێك ئەڵێین زانست. سەرەتا بۆتان روون دەکەمەوە کە رەوشی کاری من چییە: رەوشی کاری ئێمە، هاوشێوەی رەوشی کاری زانائەزموونگەرەکانە. مەبەستمان لەوەیە کەئێوە هەرگیز لە مەعاریفی دینیدا نابینن کە بەشێوەی حەکیمان و فەیلەسوفان باسی شتێك کرابێت و پێناسەکرابێت بۆ نمونە، العلم: بریتییە لە چی و چی و سنووری و وێنەی مەنتیقی و لۆژیکی زانستیان خستبێتە روو. ئێمە وەها شتێکمان نییە. ئەنبییا هیچیان لەم قالبەدا بەیان نەکردووە. مەعاریفی ئایینیش بە شێوە و زمانێکی تر قسە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات.

ئەوشێوەیەش بریتییە لەوەی کە تایبەتمەندییەکان، ئەدگارەکان و بەراوردکارییەکانی بابەتێك رووندەکرێتەوە کە بۆ راڤەی ئەم بەراوردکارییانە و ئەو پێویستیانەی کە لەگەڵ شتەکەدا هەیە، ئەتوانین تیۆرییەك و مۆدێلێك بخەینەروو کە هەموو ئەو سیفات و تایبەتمەندییانە لە خۆبگرێت و داپۆشێت کە ئەگەر واش بکەین، ئەوا کەم تازۆر لە ناسینی حەقیقەتی ئەو بابەتە کە ئەم پێویستیانەی هەیە نزیکتر دەبینەوە. هەڵبەتە هەرئەم میتۆدەیە کە ئەتوانێت بەڵگەی هەڵێنجانە دینییە جۆراوجۆرەکانی تریش روونکاتەوە. ئەم هەڵێنجانە جیاوازانە بۆ ئەوەیە کە بە دۆزینەوەی زیاتری ئەم پێویستی و تایبەتمەندییانە ئەکرێت تیۆریەکانی ئێمە بۆ راڤەکردنیان گۆڕانیان بەسەردا بێت. ئەمە هاوشێوەی هەمان ئەوکارەیە کە لە بارەی راڤەی دیاردە سروشتییەکانەوە ئەنجامدەدرێت. مەگەر تیۆریی ئەتۆمی چۆن پێشنیار کرا؟ کاتێك ئەبینین کە گازەکان بە قەبارەگەلێکی تایبەتەوە ئاوێتەی یەك دەبن (یاسای گایلۆساك) وکاتێك ئەبینین کە بە شکاندن و بەتواندنەوە ئەتوانین شتەکان بۆ گەردیلەی فرە ورد بگۆڕین، بۆ راڤەی دیاردەگەلێکی وا چی دەکەین؟ مۆدێلێك پێشنیار دەکەین و دەڵێین ئەگەر گریمان گازەکان (و ئەوشتانەشی کە لە دۆخی رەقی و شلیدان) شتگەلێکی یەکپارچە نین، بەڵکو



خاوەن گەردیلەگەلێکی وردی پەرشوبڵاون لە فەزادا کە ئاوێتە بوونی کیمیاییانەی شتەکان، واتای پێکەوە پەیوەستبوونی ئەم گەردیلانەیە، لەم کاتەدا یاساگەلی هاوشێوەی یاسای گالیلۆ ساك و بۆیل و ئاوێتەبوونی مادده کیمیاییەکان و دۆخ و پێکهاتەو... ئەچنە دۆخێکەوە کە شیاوی راڤە بن. چۆن دەڵێین کە پێکهاتەی روناکی شەپۆلییە یان گەردیلەییە؟ هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە سیفاتگەلی تایبەت لە رووناکیدا تێبینی دەکەین (وەك چونە یەك) دواتر بۆ راڤەی ئەم رەفتارە جۆراوجۆرانە، دەڵێین: ئەگەر گریمان رووناکی، شەپۆلێك لە شەپۆلەکانە، ئەم دیاردانە دەبنە شیاوی راڤە. میتۆدی زانستی بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیەیە.

لەبارەی ئەو مەعاریفەوە کە لە ئیسلامدا هاتووە، ئەکرێت وەهاشێوەیەك لە بەرچاو بگرین و بەرای من شێوەیەکی سەرکەوتووشە.

لە شەریعەتی ئیسلام و مەعاریفی ئیسلامیدا، "زانست" پێناسە نەکراوە، بەڵام بۆ زانست چەند سیفاتێك و بۆ زاناش چەند سیفاتێك باسکراوە، ئەگەر ئێمە ئەم سیفەتانە لە بەرچاو بگرین و هەوڵبدەین مۆدێلێك بخەینە روو کە ئەم سیفەتانە داپۆشێت و لە خۆدا جێکاتەوە ئەوا تارادەیەك لە مەفهومی زانست لە مەعاریفی ئیسلامیدا نزیك کەوتووینەتەوە. من ئێستا هەوڵدەدەم کە یەکەیەکەی ئەو سیفەتانەی کە وابەستەی زانستە باسبکەم و دواتر تەماشا کەین کە ئەتوانین چ شتێك وەرگرین و وەك زانست بیناسێنین کە هەموو ئەو سیفەتانەی تێدا بێت و بەم شێوەیەش تیۆرییەکمان دەستکەوێت کە پێمان بڵێت زانست چییە.

پێش ئەم پرسە واباشە کە خاڵێکی تریش باسبکەین. کۆمەڵە شتێك لە بارەی زانستەوە هەیە کە پەیوەندی بە پیرۆزکردنی زانست و واجیب بوونی زانست و هاندان و دنەدان لەسەر داواکردنی زانستەوە هەیە کە لێرەدا لە دەرەوەی باسەکەی ئێمەوەیە و ئەگەر کەسانێکیش بیانەوێت زانیاری زیاتری لە بارەوە وەرگرن نووسراوی زۆر هەیە کە من لە نێوانیاندا باسی دوانیان دەکەم:

یەکێکیان کتێبی "منیه المرید فی أداب المفید و المستفید" کە بە هیمەتی بەرێز محمد باقر حجتی تەرجەمەکراوە و لە ژێر ناوی "اداب تعلیم و تعلم در اسلام" و ئەوی تریان بابی یەکەمی کتێبی "احیاء علوم الدین" ی ئیمامی غەزالییە و "المحجة البیضاء" ی علامە فەیضی کاشانی کە ئەتوانین باسێکی بە پێزی لەم بارەوە تیا پەیداکەین.

ئێستاش بابرۆین بە سەروەختی باسەکەی خۆمانەوە.

لە بارەی زانست و زاناوە سەرەتا لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وە گێڕدراوەتەوە کە:

العلماء ورثة الأنبياء١

زاناکان میراتگری پێغەمبەرانن.

زانایەك چۆن دەتوانێت کە میراتی پێغەمبەران بگوازێتەوە بە شێوەیەك کە بە واتای ڕاستەقینەی میراتگری پێغەمبەران حیسابکرێت؟ میراتگری لە پێغەمبەرانەوە میراتگری مولك و سامان و نموونەی ئەم شتانە نییە. ئەوەی کە ڕۆڵی ڕاستەقینەی پێغەمبەران دروستدەکات، بریتییە لە ڕێنمونیکردن، بە واتای گشتی وشەکە. زاناکانیش هەر لەم ڕووەوە میرات لە پێغەمبەران دەبەن و کاری ئەوان درێژە پێدەدەن. لێرەوە ئەبێت تارادەیەك ڕێبەرینە سەر چوارچێوەی ئەو ئەندێشەیەی کە زانا چۆن پێناسە دەکرێت. ئەو ڕۆڵ و پلە و هونەرەی کە زانا لە دیدگای ئیسلامەوە ئەبێت هەیبێت چییە؟ ئەمە ئەبێت ئەوە نیشانی ئێمە بدات کە ئێمە پێرەوی لە چ جیهانبینییەك دەکەین و خەریکین لە سەرچ ڕێیەك هەنگاو دەنێین. ئەوە بهێننەوە بیری خۆتان کە فرانسیس بیکۆن٢ ئەیوت: ئێمە زانست بە زانست دانانێین، مەگەر بێت و بە سەر سروشتدا زاڵترمان بکات. ئەمە بەراوردکەن بەو ئەندێشەی کە ئەڵێ: ئێمە زانست بە زانست دانانێین، مەگەر بێت و بمانکاتەمیراتگری پێغەمبەران و بمانکاتە پێغەمبەرئاسا. لەم بەراوردەوە ئێوە بەباشی ئەتوانن تێبینی ئەوە بکەن کە چوارچێوەی ئەندێشەی ئیسلامی لە بارەی زانستەوە چییە.

خاڵی دووەم، کە لەبارەی زانست و زاناوە وتراوە ئەوەیە کە زانا ئەبێت خاوەنی لەخواترسانبێت، ئەم بابەتەمان هەم لەگێڕانەوەکان و هەم لەخودی قورئانیشدا هەیە:

(ومن الجبال جدد بیض و حمر مختلف الوانها و غرابیب سود انما یخشی الله من عباده العلماء)٣

تەنها دانایان و زانایانن کە خاوەن خەشیەتی خوان، و لە ئیمامی سادیقیشەوە گێڕدراوەتەوە کە:

(الخشیة میرات العلم و شعاع المعرفة وقلب الإیمان ومن حرم الخشیة لایکون عالماً وإن شق الشعر فی متشابهات العلم)١هەرکەسێ لە خەشیەت بێ بەش بێت بەزانا دانانرێت، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی لەتکردنی مووەکان ئاڵۆزییەکانی زانست شیکاتەوە،

١ اصول کافی، جلد اول، باب ثواب العالم و المتعلم، حدیث ١.

٢ F.Bacon

٣ - سورە فاطر – ٢٧ – ٢٨



لەئیمام عەلیشەوە گێڕدراوەتەوە کە (الملوك حکام علی الناس والعلم حاکم علیهم، وحسبك من العلم أن تخشی الله وحسبك من الجهل أن تعجب بعلمك)٢

ئەوەی کە زانست دەکات بەزانست خەشیەتە و ئەوەی کەزانست دەکات بەجەهل بەخۆسەرسام بوون و خۆویستییە.

لە ئێستادا توخنی ئەوەی کە چۆن زانست ئەگۆڕێت بە لە خواترسان ناکەوین و ئەمەمان داناوە تاوەکو لەوەدا کە ئەیخەینەڕوو ڕونی دەکەینەوە، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەگەر بمانەوێ هەر پێناسەیەك لە بارەی زانست و زاناوە لە ئیسلامدا وەرگرین، ئەبێت ئەم خاڵەی تێدابێت کە ئێمە زانست بەزانست دانانێین مەگەر بێت و بەرەو لەخواترسانمان بەرێت و خەشییەتمان زیاتر بکات و زاناش بە زانا دانانێین ئەگەر خاوەن خەشیەت نەبێت.

ئەمەوێ بەشێوەیەکی سەرپێی ئەو خاڵە ڕونکەمەوە کە "خەشیەت" جیایە لە "خەوف" و خەوفیش لە "جبن" جیایە، هەندێ وا تێئەگەن کە خەشیەت لەخوا واتا ترسان لێی و ترسانیش، شتێکی نەخوازراوە، بەڵێ ترسنۆکی سیفاتێکی ئەخلاقی نەخوازراوە، بەڵام خەشیەت، ترسنۆکی نییە. ئەوە "جبن"ە کەبەواتای ترسنۆکی دێت و ئێوەش ئەزانن کە لە مەعاریفی ئیسلامیدا، لەهیچ جێیەکدا خەڵکی بۆ "جبن" لەبەرامبەر خوادا بانگ نەکراوە. خەشیەت، بریتییە لە جۆرێك لە ڕەهبەت و ناسینی وردی کەسێك کە لەبەرامبەر ئێمەدایە و لێوانلێوبوون لە شکۆی ئەو، بەراوردکردنی بچووکی خۆمان لەبەرامبەر بەرزی و بڵندی ئەودا و سەردانەواندن لەبەرامبەر ئەودا، بەشێوەیەکی گشتی ئەمە واتای خەشیەتە. لە ڕاستیدا ترسنۆکی دەرەنجامی نەفامی و نەناسینە، لەکاتێکدا خەشیەت دەرەنجامی زانست و باش ناسینە، مرۆڤ، کاتێك شتێك ناناسێت و لە سۆنگەی نەزانینەوە بەمەزن و بەرز و زیانبەخشی دا ئەنێت لێی ئەترسێت و لەکاتێکدا ئەگەر بزانێت چییە، ئەوا ترسەکە لەناو دەچێت. ئەمە ئەو ترسەیە کە نەخوازراوە و بەلاوازی ئەخلاقی دائەنرێت و ئەمەش بریتیە لە "جبن".

بەڵام خەشییەت جۆرێکە لەشکۆ و سام کە بەشارەزابوونی مرۆڤ لە ئەوەی لەبەرامبەریدا زیاتر دەبێت، نەوەك کەمتربێتەوە، تاوەکو زیاتر پەی بەو مەوجودە بەرین و زیاتر لە ویژدانماندا داینێین و زیاتر بیناسین ئەوا خەشیەتمان لەبەرامبەریدا زیاتر دەبێت، هەربۆیە "انما یخشی الله

١ - بحارالانوار، ج٢، کتاب العلم، ص٥٢)

٢ -( همان مأخذ، ص٤٨

من عباده العلماء" کەواتە پوختەی قسان ئەوەیە کە لەبیری ئیسلامیدا زانست بەزانست دانانرێت، مەگەر بێتو سیفەتی خەشییەت هاوپێچ و هاوتا و مندالّی ئەو زانستەبێت.

خالّی سێیەم ئەوەیە کە زانست ڕێنمونیکەرە، واتە، واز لە مرۆڤ ناهێنێت و دەستی لێبەرنادات، نەوەکو تەنها ڕێنمونیکەرە، بەلّکو گومڕاکەریشە. (لەسەر ئەم مەبەستەی دوایی لە باسی ئافاتەکانی زانستدا، ڕونکردنەوەی زیاتر دەدەم) ئەمە زۆر بابەتێکی شیاوی لێتێگەیەشتن و فێربوونە. ئەمە نەك تەنها لەبەرامبەر زانستدا ڕاستە، بەلّکو لە بەرامبەر زۆربابەتی تریشدا لەم جیهانەدا هەر ڕاستە.

قورئان، خۆی لەبەرامبەر خۆیدا قسەیەکی هەیە (قورئان خۆی بەڕێنمونی کەر دائەنێت، خۆی بەنور دائەنێت، لیّ لەهەمان کاتدا باوەڕی وایە کە: (وننزل من القرءان ماهو شفاء ورحمة للمؤمنين ولا يزيد الظالمين الا خسارا)١

قورئان شیفا و ڕەحمەتە بۆ ئیمانداران، بەلاّم دۆڕان و زیان بەسەر ستەمکاراندا دێنێت.

**لە مەولاناشەوە ئەوە بخوێننەوە کە:**
**زانکه از قرآن بسی گمره شدند**
**زان رسن قومی درون چه شدند**
**مر رسن را نیست جرمی ای عنود**
**چون تو را سودای سر بالا نبود ٢**

**************

**تو درون چاه رفتستی ز کاخ**
**چه گنه دارد جهانهای فراخ؟٣**

١ - سوره اسراو، ایه٨٢
٢ - مثنوی، دفتر سوم، ابیات ٤٢٠٩ و٤٢١٠
٣ - همان، بیت ٢٨٣٠



هەندێ کەس هەن نایەنەوێ بەرەوسەر بچن، تاقەتی چوونە سەریان نییە. لەجێی ئەوەی کە لەچالّەکەوە بێنەدەر، تەنافەکە دەگرن و لەسەرچالّەکە بەرەو بنی چالّەکە دەچن. تەناف وەها کارێکی هەیە کە هەم ئەتوانێت مرۆڤ بەڕوناکی بگەیەنێت و هەم بەتاریکی. بەگشتی زانستیش، هەمان ڕۆلّی هەیە. ئەوەی کە ئێستا ئێمە جەختی لەسەر ئەکەینەوە، ڕۆلّی ڕێنمونیکەرانەیەتی. لە گێڕانەوەکاندا هاتووە کە هەرکەس فێری زانستێك بێت و ئەم زانستە هیچ لە ڕێنمونیکردنیدا زیاد نەکات، ئەوا لەخوا دورتر کەوتۆتەوە.

یەکەم، تەماشای ئەوە بکەن کەنزیك بوونەوە لەخوا، ئامانج و دەستکەوتەکانی زانستە و دووەم، بە پێی ئەوەی کە وتم، ئێمە زانست بە زانست دانانێین، مەگەربێت و لەنزیکبوونەوە لە خوا و ڕێنمونیکردنی مرۆڤدا هاوکاری بکات:

**من ازداد علما و لم يزد هدى فقد ازداد من الله بعدا. ١**

ئەوەی کە زانستی زیادبکات و بەمە ئاستی ڕێنمونی بوونی زیاد نەکات، ئەوا دوری ئەو لەخواوە زیادی کردووە.

کەواتە ئەوەی ئێمە لەبارەی زانستەوە ئەیخەینەڕوو، ئەبێت ئەوە لەبارچاو بگرین کە زانست ناتوانێت لەبەرامبەر ڕێنمونیکردنی مرۆڤدا بێ لایەن بێت. باسێك لەبارەی زانستەوە هەیە کە دەلّێ زانست بێ لایەنە ٢.

ئێمەش ئەوەمان قەبوولّە بەو واتایەی کە زانست ناتوانێت و نابێت لایەنگیری بکات، بەلاّم لەبیری ئیسلامیدا و بەو واتا تایبەتییەی کە ئەیخەینەڕوو، زانست ناتوانێت بێ لایەن بێت. ئیمامی غەزالی وتەیەکی جوانی لە " أحياء العلوم الدينا" هەیە کە ئەلّێت: زانست، دەست لەخاوەنکەی بەرنادات و لەبەرامبەریدا بێ لایەن نییە.

**اما ان يحيه حياتا ابدا او يهلكه هلاكا ابدا.**

یان خاوەنەکەی بەژیانی هەتاهەتایی ئەگەیەنێت یان بەتیاچونی هەتاهەتایی.

١ -لە پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) نقل از محجه البيچاو
٢ Objective, Impartial , detached, Value – Free ئەمانە ئەو دەربڕینانەن کە بۆ خستنەڕووی ئەم واتایە بەکار دێن-

واتە: یان گومڕێکەرە یان ڕێنیشاندەر، هەردوو کارەکەی لەدەستدێت، کەواتە ڕێنمونی، منداڵ میوەی زانستە و ئەگەر زانستێکیش بەروبوومێکی وای نەبێت، زانست نییە و ئەگەر زانایەکیش، بە پلەیەکی وانەگات لە دیدگای ئیسلامیەوە زانا نییە.

بێ لایەنبوونی زانستیش، لەم سەردەمەدا لەوەوەیە کە زانست خاوەنی " بەها " نییە، ئەمە واتای بێ لایەنبوونی زانسەتە و ئەڵبەتە شتێکی درووستە، واتا ناتوانین لە یاسایەك یان گریمانەیەکی زانستییەوە، ئەرکی ئەخلاقی دەربهێنین کە پێمان بڵێن کردنی کارێك خوازراوە یان نا. کەسێکیش کە دۆزینەوەیەکی زانستی ئەکات، ئەم دۆزینەوەیە لەبەرامبەر ئایدۆلۆجیای ئەودا شتێکی سەربەخۆیە و بۆ مەسیحییەك یان موسڵمانێك لە واتایەك زیاتری نییە، بێ لایەنبوونی زانست، لە ناوەڕۆکی مەنتیقی زانستەوەیە کە خاڵییە لە بەها، بەڵام ئەگەر بەچاوپۆشین لە ناوەڕۆکی مەنتیقی زانست کە چییە و چی نییە، وەك چەقۆیەك تەماشای زانست بکەین بەدەستی زانایەکەوە، ئیدی بەبێ لایەنی نامێنێتەوە، چونکە لە ڕاستیدا زانا بێلایەن نییە و ئەوەی کە لە ئیسلامدا زانست و زانا پێکەوە بەستراون و ئەگەر زانا بێلایەن نەبوو زانستیش بێلایەن نابێت. خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە دیدگا و بیری ئیسلامییەوە، زانست، بابەتێکی پلەدارە و بە شێوەیەکی گشتی و پوختی مەبەستم لەمە ئەوەیە کە زانست چەند ڕوویەکی جیاوازی هەیە و دەتوانین لەیەك ڕاستی چەند تێگەشتنێکی جیاوازمان هەبێت.

ئەم تێگەیشتنە جیاوازانەش بەجۆرێکە کە (دیدگای) جیاواز ئەهێنێتەبوون، هەمیشە لەکۆبوونەوە ئیسلامییەکان و جگە لەویشدا زۆرجار ڕوبەڕوی ئەوە بووینەتەوە هەندێ لەبیرمەندان، هەندێکی تریان تەکفیرکردووە و عاریفانێکیش لەونێوەندەدا هەبوون کە لەدڵی خۆیانەوە دەیانووت: ئەی بێ ئاگاکان، ڕێگاکە نە ئەمەیە و نە ئەوە. واتە، لە دیدگایەکی بەرزترەوە تەماشایان دەکرد. لەهەموو ئەم بارانەدا بەگشتی، ئەوە قەبوولکراوە کە بیرکردنەوە، ڕووی جیاوازی هەیە و ئەکرێ هەندێك کەس تێگەشتن و هەڵێنجانێکی تایبەتیان لەبارەی بابەتێکەوە هەبێت و کەسانی تریش لەبارەی هەمان بابەتەوە، تێگەشتن و هەڵێنجانی تری جیاوازیان هەبێت، بەچەشنێك کە یەکێکیان لەسەداسەد تێگەشتنی بەرامبەرەکەی بەدرۆ و پۆچ بزانیت.

ئەمە بابەتێکی زۆرگرنگە، ئێمە بەهۆی ئەوەوەی کە کەم تازۆر ئەم بیرکردنەوە عیرفانیەمان لە خوێندایە، لەوانەیە زۆرگرنگی بە ئەم چەشنە هەڵێنجانە لەزانست نەدەین.

ڕەنگە ئێوە بزانن کە ئەم فەلسەفە زمانی و پۆزەتیڤیزمە مەنتقییەی کە لەم ڕۆژئاوا سەری هەڵداوە، یەکێ لەبنەما سەرەکییەکانی نکۆڵیکردنە لەم بیرکردنەوەیە.



واتە هەندێك لەو فەیلەسوفانە، بەهیچ شێوەیەك دان بەوە دانانێن کە زانست چەند پلە و مەرتەبەیەکی هەیە و ئەکرێت تێگەشتنی ئێمە لەشتەکان، چەند ڕوویەکی جیاوازی هەبێت. بەهیچ شێوەیەك، وەها بیرکردنەوەیەکیان نییە. باوەڕیان وایە کە هەموو ئەوەی کە ئەکرێت تێبگەین ئەکرێت بەزمانیش دەریبڕین و ئەوەشی کە ناتوانین بەزمان بیڵێین، نابێت قسەشی لەبارەوە بکەین و دەستی بۆ بەرین، چونکە ئەگەر بەزمانیش دەرببڕێت، بێ واتا دەبێت و خاڵییە و بێ کەڵکە. ئەمەش مەکتەبێکە. هەروەها ئەوانەشی بیرکردنەوە ئەبەستنەوە بە زمانەوە، لە کۆتاییدا بەو خاڵە ئەگەن کە ئەوەی نەتوانین بیخەینە جامی وشە و بەزمان دەریبڕین ناتوانین لێی تێبگەین و بیریشی لێکەینەوە، واتە دووبارە هەمان پۆزەتیڤزمی مەنتیقی لە بەرگێکی تردا، بەڵام بە پێی ئەوەی کە لە مەعاریفی ئیسلامیدا بە ئێمە گەیشتووە، ئێمە وابیرناکەینەوە، هۆیەکەی هەرچی بێت، ئێستا لەدەرەوەی باسەکەی ئێمەدایە و بەهەرحاڵ، بەڵگەی زۆر لەسەر فرەڕوویی زانست لە ئیسلامدا هەیە. ئێوە هەمووتان ئەم گێڕانەوەیەتان بیستووە.

### لو علم ابوذر مافی قلب سلمان لکفره او لقتله.

ئەگەر ئەبوزەر ئەیزانی چی لەدڵی سەلماندایە، ئەوا تەکفیری دەکرد یان دەی کوشت. واتە دەیگوت سەلمان بیرکردنەوە ئیسلامییەکانی دروست نییە، خواناسییەکەی هەڵەیە و بەم پێیەش کافرە و پێویستە بکوژرێت و لەم شتانە.

زۆربەی ئەم تەکفیرانە ڕەگ و ڕیشەی لەوە بەدەر نییە کە بەوتەی قورئان:

و اذ لم یهتدوا به فسیقولون هذا افك قدیم. ١

کاتێك کە خۆیان ڕێنابەنە سەر شتێك، دەڵێن: پوچ و باتیڵە و کوفرو ئەفسانەیە.

یەکێ لەگرنگترین ئەو شتانەی کە ئەبێ فێری بین و بیڵێینەوە لە زانکۆ و کۆمەڵگاکانی خۆماندا و لەبەرچاوی بگرین، ئەوەیە کە فرەڕوویی تێگەشتن و دەرك و هەڵێنجانی ڕاستییەکان قەبوولکەین و ئەم قەبوولکردنەش لەکردەوەدا نیشاندەین. قەبوولکردن و داننان بەم بابەتە بەکردەوە، بریتییە لە سنگفراوانی و تەحەمولکردن، لەبەرامبەر ڕای کەسانی تردا. لەراستیشدا ئەم سیفەتە لەم جۆرە بیرکردنەوەیە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر ئێمە باوەڕمان وابێت کە ڕاستییەك بوونێکی دەرەکی هەبێت، ئەگەر تەماشای بکەین یان کەس لێی تێناگات یان

---

١ سورە احقاف ایە١١.

هەمووان بەیەك شێوە لێی تێدەگەن، بۆیە ئەبێت مرۆڤ تەنیا پشت بە بیرکردنەوەی خۆی ببەستێت و هەموو دنیا بەهەڵە دانێت. ئەمە جۆرێك لەبیرکردنەوەیە و کردەوەیەکی تایبەتیش بەدوای خۆی دادێنێت، بەڵام ئەگەر بێت و پابەند بین بە ئەندێشەی ئیسلامییەوە وابیر ناکەینەوە و واناکەین ئەوە قەبووڵ ئەکەین کە هەرکەسە و بەشێك لە تێگەشتن لەحەقیقەتی هەیە، لەهەمان کاتیشدا مافی ڕەخنەگرتن لە خۆمان و کەسی تریش وەرناگرینەوە. ١

ڕەگ و ڕیشەی ئەمەش ئەوەیە کە:

"لو علم ابوذر مافی قلبی سلمان لكفره"

کەواتە ئێمە زانا بەزانا دانانێین، تاوەکو ئەم بیرکردنەوەیەی لەگەڵدا نەبێت. لە نیشانەکانی ئەمەش ئەوەیە کە ڕۆحی لێبوردن و قەبووڵکردنی لەبەرامبەر بیرکردنەوەی خەڵکی تردا هەبێت و لە ناخیشیدا بژی. ئەمەش سیفەتێکی تری زانستە.

---

١ (ئەم شیعرەی ابن عربی لێوان لێوە لەگەڵ ڕۆحی لێبوردنی عرفانی و ئیسلامیدا .

**لقد كنت قبل اليوم انكر صاحبی**
**اذا لم يكن دينی الی دينه دانی**
**و قد صار قلبی قابلا كل صوره**
**فمرعی لغزلان و دير لرهبان**
**و بيت لأوثان و كعبه طائف**
**والواح تورات و مصحف قروان**
**أدين بدين الحب انی توجهت**
**ركائبه ارسلت دينی و ايمانی**

( واتە لە پێش ئەمڕۆ ئەگەر ئایینی من و هاوڕێکەم لێك نزیك نەبوایە ئەوا نکۆڵیم لێدەکرد بەڵام ئێستا دڵم هەموو وێنەیەك وەردەگرێت و بۆتە لەوەڕگەی ئاسکان و دێری راهیبەکان وماڵی بتەکان و کەعبەی تەواف کەران وبووەتە لەوحەکانی تەورات و پەڕاوی قورئان و ئایینی خۆشەویستی هەڵدەبژێرم و سەرنشینانی ئەم قافڵەیەش بۆ هەر کوێ چوون من دین و ئیمانی خۆمیان بەدوادا دەنێرم )



لە ئیمامی سەجادەوە چەند هۆنراوەیەك گێڕدراونەتەوە کە وەها ناوەڕۆکێکی لەخۆ گرتووە (هێنری کۆڕبنیشی، ١ لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا، ئەم شیعرانەی باسکردووە و تا ڕادەیەك بەهەڵە واتای کردووە، چونکە پێئەچێت ئەسڵە عەرەبیەکەی بەهەڵە خوێندبێتەوە.

**اني لأكتم من علمي جواهره**
**كي لا يرى الحق ذو جهل فيفتننا**

من ناوەڕۆکی زانستەکەی خۆم ئەشارمەوە، تاوەکو جاهیلەکان ڕاستی نەبینن و بەهۆیەوە توشی فیتنەمان نەکەن.

إمام علی أبو الحسن ئەم وەسیەتەی خوارەوەی بە حوسەین و پێش ئەویش بە حەسەن کرد کە:

**لقد تقدم في هذا ابو حسن**
**على الحسين و وصى قبله الحسنا**
**يا رب جوهر علم لو ابوح به**
**لقيل لي انت ممن يعبد الوثنا**
**و لا استحيل رجال المسلمون دمي**
**يرون اقبح ماياتونه حسنا٢**

واتە:

ناوەڕۆکی زانستێکم لایە کە ئەگەر ئاشکرایان کەم، پێمەڵێن تۆ بت پەرستیت و هەندێ لە موسڵمانانیش ڕشتنی خوێنی من، حەڵاڵ دەکەن و ئەم کارە زۆر ناشیرینەش بەشتێکی پەسەند و دروست دادەنێن.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەبارەی زانستەوە و خستنەڕوی ئەوەی کە ئەکرێت تەوحید و یەکتاپەرستی کەسانێك، لای کەسانی تر، وەك بت پەرستی خۆی بنوێنێت، پەروەردە و فێرکردنێکی زۆر بەرز و بە پێزە. ئێمە ئەم کاڵایەمان بەهەرزان دەست کەوتووە:

---

١-H.Corbin

٢ -لە (محجه) البيضاوي وەرگیراوە.

**هرکه او ارزان خرد ارزان دهد**

**گوهری طفلی به قرصی نان دهد۱**

ھەربۆیەش بەھەرزان فرۆشتومانە و لەدەستمان چووە و بەھاکەی نازانین. زیندوکردنەوەی ئەم ڕۆحە لەنێوان ئێمەدا بەڕای من زۆربەی کێشەکانمان چارەسەر دەکات و ڕێگای گۆڕینەوە و لێکدانی بیرکردنەوەکانیش بەتەواوی دەکاتەوە.

ئەمیرولمۆئمنین لە "نهج البلاغە"دا قسەیەکیان ھەیە لەم بارەیەوە:

ان الله سبحانه و تعالی جعل الذکر جلاء للقلوب۲

زیکر دەبێتە ھۆی ڕووناککردنەوەی دڵەکان

پاشان لەبارەی شوێنەواری زیکرەوە دەڵێن:

**تسمع به بعد الوقرة و تبصر به بعد العشوة، و تنقاد به بعد المعاندة.**

بەھۆی ئەوەی کە مرۆڤ ئەبێتە ئەھلی زیکر و ئەھلی دڵ، دوای گوێ گرانی، ئەبیستێت و پاش نابینای، چاوی ڕۆشن ئەبێتەوە و زۆرێك لەو شتانەی کە پێشتر ڕەدی دەکردەوە و ملی بۆ نەدەدا، قەبوڵدەکات.

سیفەتێکی تری زانست، بێ دەنگی و کەم دوویی و نەرمونیانییە. ئەبێت زانست بێ دەنگی و نەرم ونیانی بۆ زانا بھێنێ. لە ئیمام ڕەزاوە گێڕدراوەتەوە کە:

ان من علامات الفقه، الحلم و الصمت. ۳

لە نیشنەکانی فیقە نەرمونیانی و بێ دەنگییە.

ئیمام سادقیش لە ئیمامی عەلییەوە گێڕاویەتیەوە کە:

ان للعالم ثلاث علامات العلم والحلم والصمت. ٤

۱ مثنوی،دفتر اول،بیت۱۷۵۹

۲ نهج البلاغە،خطبة ۲۱۳

۳ -لە (المحجە) البیضاوي وەرگیراوە،ج۱،ص۱۵۷.

٤ بحار الأنوار،ج۲،کتاب العلم،ص۵۹،لە منیە المرید وەرگیراوە.



زانا سێ نیشانەی ھەیە، زانست و نەرمونیانی و بێ دەنگی.

لە پێغەمبەریش (صلی الله علیە و سلم) گێڕدراوەتەوە کە:

ھیچ شتێك، بەچاکی نەرمونیانی و زانست، پێکەوە کۆ نەبووەتەوە.

پێشەوای ئیماندارانیش لەبارەی یەکێ لە ھاوەڵانییەوە (کە بەپێی قسەیەك ئەبوزەر بووە، ئەم بەھایە ئەخاتە ڕوو: کان لی فیما مضی اخ فی الله.

یەکێ لە سیفەتەکانی ئەم" أخ فی الله" یە (ئەم برا خوداییە) ئەوە بوو کە:

کان اکثر دھرە صامتا۱

ئەو لەزۆربەی کاتەکانی بێدەنگ بوو.

ئەم بەھایە، ئەمڕۆ لای ئێمە پێچەوانە بۆتەوە، زۆربلێترین و بانگەشە چی ترین کەسەکان بوونەتە بەڕێزترین کەس، بەڵام لە دیدی بیرکردنەوەی ئیسلامییەوە، زانست پاڵ بەخاوەنەکەیەوە دەنێت بەرەو بێدەنگی. لە ڕاستیدا، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆحە گەورەکان، ئەوە بوو کە چێژیان لە تەنیایی و بێدەنگی دیوە و لەگەڵیدا ھاودەم بوون، تاڕادەیەك ھۆی ئەمەش ڕوونە: ئەوەی کە خۆی بەخاڵی و ناشیرین دەبینێت بۆ پڕکردنەوەی خۆی و سەرقاڵکردنی خۆی، یارمەتی لە زۆربلێیی و خۆدەرخستن وەرئەگرێت، لێ ئەوەی کە خۆی بەجوانترین دیمەن دائەنێت، ئەتوانێت لە خۆی بنواڕێت و لەکەناری خۆیدا دانیشێت و تەحەمولی خۆی بکات و لە جوانییەکانی دەروونی خۆیدا ڕۆئەچێت و پێویستی بەوە نییە کە خۆی بۆ کەسانی تر بخاتە ڕوو.

تەنھا ھەستکردن بەئەرکی سەرشانە، ئەیھێنێتە قسە، نەوەکو ڕاکردن لە تەنیایی و خۆدەرخستن و ڕابواردن و سەرگەرم کردن و... سەرەڕای ئەوەی ئەو مرۆڤەی کە بە بچووکی خۆیەوە لەبەردەم گەورەیی جیھاندا وەستاوە، ئەو زانستە چەسپاوە لەناخیدا و بێ دەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێت. کەواتە ئێمە زانست بەزانست دانانێین لە (بیری ئیسلامی) دا، مەگەر بێتو بێدەنگی و نەرم و نیانی لەگەڵ خۆی بھێنێت. ئەم نەرمونیانییەش، ھاوشێوەی ئەو لێبوردەیی و قبوولکردنەیە کە پێشتر باسمانکرد و سڕینەوەی دەمارگیرییە.

دو ئافات و سیفەتی نەخوازراویش بۆ زانست دانراوە کە باسی ئەکەین، یەکیان ئەوەیە کە ئێمە زانستی سوود بەخشمان ھەیە و زانستی زیانبەخشمان ھەیە. لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیھ وسلم)دا ھاتووە:

۱ - نهج البلاغە،باب حکم و مواعظ:۲۸۱

نعوذ بالله من علم لا ينفع۱

ئەمیرولمؤئمنین لە یەکێ لە وتارەکانیدا لە (نهج البلاغەدا) لەبارەی پارێزکارانەوە قسەدەکات: غضوا ابصارهم عما حرم الله علیهم، و وقفوا اسماعهم علی العلم النافع لهم. ۲

پارێزکاران، چاویان لە شتە حەرامەکان دەپارێزن، تەنها گوێ لە زانستی بەکەڵك ئەگرن.

بەم پێیەش ئەکرێت زانستی بێکەڵکمان هەبێت، و ئەو زانستەی کە لە دیدگای ئیسلامەوە قبوولکراوە زانستی بەکەڵکە.

زانستی زیانبەخشیش بریتییە لە زانستی گومرێکەر،

خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەکرێت زانست ببێتە داپۆشەری واقیع لەکاتێکدا بە وتەی فەیلەسوفان زانست بریتییە لە خودی دۆزینەوە و دەرکەوتن ئەکرێت ببێتە پۆشەری ڕاستی و نەك هەرشتێك بە مرۆڤ نیشان نادات و ئاشکرا ناکات بەڵکو ڕاستەقینەگەلێك داپۆشێت و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەکرێت ببێتە حیجابی خودا

العلم حجاب الله الأكبر.

زانست گەورەترین پەردەپۆشی خودایە.

ئەکرێت ببێتە گەورەترین پەردە لەبەرچاوی زانادا تاخوانەبینێت، ئەمانە ئەو تایبەتمەندییانەن کە ئێمە بەگشتی لەسەر زانست ئەیانناسین، یەك دوو تایبەتمەندی لاوەکی تریش لەبارەی ئەوەی کەباسم کرد و بخەینە ڕوو، دواتر بچینە بەشی دواتری قسەکانمان.

قورئان پێمان ئەڵێت: کە ئەهلی زانست دەبینن ئەوەی دابەزیوەتە سەرتۆ ڕاستە.: و یری الذین اوتوا العلم الذی انزل الیك من ربك هو الحق۱.

---

۱ المحجه البیضاء،ج۱،ص ٦٨و لە مصباح الشریعه،باب٦٠,.

۲ -نهج البلاغه،خطبة ۱۸٤.ابو حامدیش ریوایەتێکیتری لە بارەی زانستی بەکەلکەوە لە بیغەمبەرەوە گێراوەتەوە:

العلم علمان علم علی اللسان فذالك حجه الله عزوجل علی ابن ادم و علم فی القلب فذلك العلم النافع.(المحجه البیضاء،ج۱،ص۱۲٥)

ئەمە بە باشی ئەوە ئەخاتە ڕوو کە ئەبێت زۆرێك لە زانستەکان بەزانستی زمان دابنێین ئەوەی کە زانستی بەکەڵکە جێگاکەی لەدڵدایە و جیاوازی لەگەڵ بوونو وجودی مرڤدا نییە .



بەم پێیە وردە وردە ئەبێت لە زانادا نزیکبوونەوە بەرەو حەقانیەتی وەحی و تێگەیشتن لە تاقانەیی خودا بێتە دی. ئەڵبەتە هەر لە پشت ئەو حەقویستییەو لەنوردابوونە و ڕێنمونیبوونەدا زانست خۆی حەشارداوە، بەلاّم بەهەرحاڵ لەشێوەی دوو شوێنەواری جیاو سەربەخۆدا شیاوی باسن. شهد الله انه لا اله الا هو والملائکة و اولو العلم قائما بالقسط۲

باشە ئێستا ئەمە ئێمەین وتایبەتمەندییەکانی زانست و زانایە کە ئەبێت مۆدێلێکیان بۆ پێشنیارکەین، لەڕاستیدا ئەوەی کە ئەمڕۆ بەناوی زانستەوە دەخوێندرێت لە ئەندازیارییەوە تا فەلسەفەو فیزیك و بیرکاری، ئەگەر ئەو سیفەتانەیان تیا نەبێت کە باسمان کردن ئێمە ناتوانین لە تێڕوانینی ئیسلامەوە بە زانستیان دابنێین و ئەوەشی شارەزای لەم زانستانەدا هەبێت بە زانا دا نانرێت، ئەبێ ئێستا مەسەلەی ئەم زانستانەش ڕوونکەینەوە بۆنموونە: زانکۆی ئیسلامی بەرامبەر ئەم زانستانەدا چ جۆرە دیدگایەکی هەیە و ئێمە کە ئەمانەوێت پێناسەی زانست کەین و دیارییکەین ئەمانە لەکوێدا دا ئەنێین و چۆن لێیان دەڕوانین، ئەمانە ئەو خاڵانەن کە وردە وردە چاوەڕێ دەکەین ڕۆشنببنەوە.

من بیرلەوە دەکەمەوە کە بێین و نموونەی زانست بە خۆراك بهێنینەوە و بزانین ئایا ئەکرێت زانست وەك خۆراکێك تەماشاکەین بۆ مرۆڤ؟ لێرە دەستمانکرد بە تیۆری دان.

ئەمانەوێت ڕونیکەیەوە کە زانست چییە و ئەم تایبەتمەندییانەی کە باسمانکردن لە چ شتێکدا هەیە تا بیکەینە مۆدێل و لەمەولا وەك زانست تەماشای کەین. بابزانین خۆراك چۆن شتێکە؟ ئایا زانست بەجۆرێ خۆراك دادەنرێت؟

باشە خۆراك وزە بەخشە. ئەمە ئەبێتە هۆی چالاکی و بەتوانایی لەش ساغیش بە مرۆڤ دەدات، چێژی هەیە، چێژی خۆراکەکانیش جۆراو جۆرن و هەمەچەشن، ئەم شتانە لەبارەی خۆراکەوە درووستە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای من ئەم خستنە ڕووە خستنە ڕوویەکی سەرکەوتوانە نییە لەبەر ئەوە یەکێ لە سیفەتە گرنگەکانی زانست کە تائێستا باسم نەکردووە ئەوەیە کە زانست بەشێوەیەکی هێرشبەرانە دێتە ناو مرۆڤەوە لە کاتێکدا کە خۆراك هێرشناکاتە سەر مرۆڤ بەڵکو مرۆڤ بەرەو ڕووی ئەو دەچێت ئەمیر المؤمنین لەوقسانەی کە لەبارەی زانستەوە لەگەڵ کومەیل دەیکات ئەم خاڵەی ڕوونکردۆتەوە کە خاڵێکی زۆر گرنگە. کومەیل دەڵێت ئەو

---

۱ -سوره السبأ،ایه ٦.

۲ - سوره ال عمران، ایه ۱۸.

دەستی گرتم و بەرەو بیابان بردمی و پێی وتم کە خەڵك لەسێ دەستە بەدەر نین: دەستەیکیان زانای ڕەبانین، دەستەیکی دی فێرخوازانی ڕێگای ڕزگارین و دەستەکەی دی مێش و مەگەزی پەرتەوازەن لە فەزادا.

**اتباع كل ناعق يميلون مع كل ريح.**

شوێن هەموو بانگێك دەکەون و لەگەڵ هەموو بایەکدا لار دەبنەوە، ئیدی دوای چەند ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی زانستەوە دەڵێت: ان ههنا لعلما جما.

لێرەدا لەسینەمدا زانست کۆبووەتەوە

لو اصبت لە حملە

خۆزگە کەسانێکم بۆ هەڵگرتنی ئەم زانستە پەیدا دەکرد. دواتر ڕوونیدەکاتەوە کە بەڵێ کەسانێك پەیدا دەبن کە هەڵیگرن.

بلی اصبت لقنا غیر مأمون علیه

بەڵێ مرۆڤ گەلێکی بیرتیژ پەیدا دەبن بەلاّم دەست پاك نین مرۆڤ گەلیێك کە ئامادەن ئاینیان بفرۆشن بەدنیایان. مرۆڤ گەلێکی تر هەن کە زانست وەردەرگن بەلاّم بەبێ بەرچاو ڕونی و بەچاولێکەرانە و بە یەکەمین شوبهە ئاگری دوو دڵی دەکەوێتە گیانیان، هیچ یەکێ لەمانە خوازراو نین.

**أو منهوما بالشهوة سلس القياد للشهوة.**

**یان کەسانێك کە بئاسانی مل بۆ ئارە زوەکانیان دەدەن.**

**او مغرما بالجميع والادخار.**

**یان سەروەت کۆکەرەوەی دنیا پەرستن.**

**كذلك يموت العلم بموت حامله.**

ئەگەر وابڕوات ئیدی زانستێك نامێنێتەوە بەمردنی هەڵگرانی و خاوەنە ڕاستەقینەکەی زانستەکەش دەمرێت، تەماشا دەکەین کە ئەم کەسانە لەبیری ئیسلامدا بەهەڵگری زانست دانانرێن. لەبیرکردنەوەی عەلیدا (رضی الله عنه) ئەگەر کەسێك سلس القیاد للشهوە بێت واتە بە ئاسانی جلەوی خۆی بداتە دەست هەواو ئارەزووەکانی یان پارە پەرست و دونیا پەرست بێت، وەها کەسێك بەهەڵگری زانست دانانرێت عەلی ئەو بە دەسپاك لەبەرامبەر زانست دانانێت، دواتر وتیان بۆنا، چەند کەسێك پەیدا دەبن کە دەسپاك و هەڵگری زانست بن.

**اللهم بلى، لا تخلو الارض من قائم الله بحجة**



وە دواتر لەبارەی ئەم حوججەتە خواییانەوە فەرمویان:

**هجم بهم العلم على البصيرة و باشروا روح اليقين.** ١

ئەمانە کەسانێکن کە زانست بە بەرچاو ڕوونییەوە هێرشی کردۆتە سەریان. بێئاگان کە زانست ئەدا بەسەریان.

ئەمانە ناچن بە شوێن زانستدا، زانست بەشوێن ئەماندا دێت زانست بەسەریاندا پڕشنگدەدات و لە خۆیان ئەگرێت و، هاوڕێ و هاودەمی چێژ و ڕۆحی یەقینن.

ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت ئەوەیە کە ئەو زانستانەی کە ئێمە بەشوێن فێربوونیانەوەین لە ڕوویەکەوە بەزانست دادەنرێن بەلاّم ئێمە لەڕووی بیری ئیسلامییەوە بەزانستیان دانانێین (مەگەربێت و هێرش بۆ نەفس بێنێت (کە ئەمە خاڵێکی زۆرگرنگە) و ئێمەش لەبەرامبەریدا کاردانەوەمان هەبێ و ببینە زەمینەیەك تا ئەو نیگارەی خۆی لەسەرمان بکێشێت کارمان لێبکات.

لێرەدا چەمکی غافڵگیری گرنگی خۆی هەیە. کە وەحی و سروشتی پێغەمبەران وەها حاڵەتێکی هەبووە و هێرشی بردۆتە سەریان، ئەوان خۆشیان نەیاندەزانی کەی سروشیان بۆ دێت لەناکاو لەبەرامبەر وەحیدا غافڵگیر دەبوون.

لە ڕاستیدا زانستیش یەکێکە لە پلەکانی وەحی و شوێنەواری وەحی بەسەرەوەیە.

ئەو ئایەتانەی کە لە قورئاندا نەهی لە خێرا وتنەوەی وەحی کردووە لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەچێتە چوارچێوەی ئەم واتایەوە: لا تحرك به لسانك لتعجل به٢

زمانت بەپەلە بۆ وتنەوەی وەحی مەجووڵێنە.

وەیان: ولا **تعجل بالقرءان من قبل ان يقضى اليك وحيه**٣

پێش کۆتایی هاتنی وەحی قورئان بە پەلە مەخوێنەرەوە.

ئەم هەموو پەلە پەل و بێ ئۆقرەییە لە خوێندنەوەی وەحییەکەدا هێرشکردن و غافڵگیر کردنی وەحی دەگەیەنێت.

---

١ -نهج البلاغە،باب حکم و مواعظ :١٣٩

٢ سورە القیامە،آیە ١٦.

٣ -سورە طە،آیە ١١٤.

مەولاناش بیٚ ئۆقرەیی و پەلکێش بوون و ناچاری خۆی لەبەرامبەر قسەکردندا ئاوا باسدەکات:

**گر بگویم شرح این بی حد شود**

**مثنوی هشتاد من کاغذ شود**

**این سخن را بعد از این مدفون کنم**

**ان کشنده می کشد من چون کنم؟١**

عاریفانیش کاتێك وەسیەتیان دەکرد ئەبیٚ لە جێی ئاودا بە دوای تینیوویەتیدا بگەڕێین مەبەستیان لەم واتایە بوو، تینووەکان ئەگەر بەشوێن ئاوەوەن ئەوا ئاویش بەشوێن ئەوانەوەیە، بەلاّم هەر لەدلّی خۆتدا، ئارەزوکردن لە ئاو و دلّخۆشکردن بە وشەی ئاو وقسەکردن لەبارەی زولاّلی و سازگاری ئاوەوە و دۆش دامان تیایدا کاری تینوەکان نییە عیرفان نە ئاوەو و نەخۆراك کە تیکە تیکە بخورێت نۆشکرێت، عیرفان وەك تینوێتی وایە، تینویەتییەك کە ڕاکێشەرو ئاو پەیداکەرە. زانستی ئیسلامیش هەروایە.

**تشنگان اگر آب جویند از جهان**

**آب جوید هم به عالم تشنگان٢**

****

**آب کم جو تشنگی آور به دست**

**تا بجوشد  آب از بالا و پست**

**تا سقاهم ربهم آید خطاب**

**تشنه باش الله اعلم بالصواب٣**

***

**دفتر صوفی سواد حرف نیست**

**جز دل اسپید همچون برف نیست**

**زاد دانشمند آثار قلم**

**زاد صوفی چست؟ آثار قدم**

---

١ مثنوی،دفتر سوم،ابیات ٤٤٤١و ٤٤٥٣

٢ - مثنوی، دفتر اول، بیت ١٧٤٤

٣ -. مثنوی، دفتر سوم، ابیات ٣٢١٢و ٣٢١٩



لە هێرشدا، بنەماو ڕاوەستاوی و ڕێکخستن و هاوسەنگی بوونی نییە بەلاّم لە خواردندا ئاداب و پاروگرتن زۆرە، لەم ڕووەوەیە کە لەگوتاری زانایان و عاریفە ڕاستە قینەکاندا بۆنو بەرامەی ڕاستی هەیە، بەلاّم ڕێکخستن نییە ئێوە لەقورئاندا و لە مەسنەوی و کتێبە مەعنەوییەکاندا بگەڕێن تاوەکو ڕاستی ئەم قسەیەتان بۆ دەرکەوێت.

باشە چۆن ئەبیٚ ئەگەر بلّێین زانست وەك هەوا وایە و هێرش بۆ سییەکان دێنێت، بەجۆریٚ کە مرۆڤ ناتوانێت هەناسە نەدات و ناچارە  بەهەناسەدان. ئەلّبەتە هەوا ژین بەخشە و ئەم ژیان بەخشینەش لەگەلّ زیندووکردنەوەی ڕۆحدا کە کاری زانستە شیاوی بەراورد کردنە. بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا هەوا شتێکی فرە ڕوو نییە و چینی جیاوازی نییە. چۆنە زانست بەراوردکەین بەژیان؟ بەلّیٚ ژیان، ئەتوانێت باش ڕاستی زانست بەرجەستەکات بەلاّم ژیان ناتوانێت داپۆشەری واقیع بێت. بۆیە لەکۆتایدا ناچارین بگەڕێینەوە بۆ هەمان ئەو ڕاڤەیەی کە لە خودی گوتار و مەعریفە دینییەکاندا هاتووە کە پێی وایە زانست نورە (ڕووناکییە). وامەزانن کاتێك ئەلّێین زانست نورە خەریکین بەراوردێکی سادە دەکەین، نەخێر، ئەمانەوێت ئەندێشەیەکی زۆر گەورە پێناسەکەین، ئێوە تەماشای تایبەتمەندییەکانی نور بکەن و تەماشای ئەو تایبەتمەندییانەش بکەن کە لەبارەی زانستەوە باسمانکرد، تاوەکو لەم مۆدیلە بیرکردنەوەیە تێبگە ن و واتای هەبێت بۆتان، یەکەم هێرش بردنی نور لای هەمووومان ڕوونە، ئێمە بەشوێن ڕوناکیدا ناچین، پارووی لێهەلّناگرین.

ئەگەر ئێمە چاو بین خۆراکمان نورە و نووریش هێرشمان دەکاتە سەرو ئێمە غافلّگیر دەکات، تەنیا مەرجی ئەمەش ئەوەیە کە پێکهاتەی بوونمان و ڕۆحمان لە جۆری چاو و نیگا بێت.

کەواتە ئێمە زانا بەزانا دانانێین مەگەر بێتو سەراپای بریتی بێت لەچاو و ئەلّبەتە لەم کاتەشدا زانست بەزانست دانانێین مەگەربێت و لەبەرامبەر ئەم چاوەدا وەك نور هێرش بەرێت.

بەلاّم ئەم نوورە لەگەلّ زاناکەدا دوو شتی جیا نین، بەلّکو یەك شتن ! واتە لەڕاستیدا ئەم زاتە نورانییە، لێرەدا مەبەستمان لەوەی کە ئەلّێین زانست هیدایەت و ڕێنمونییە ڕوندەبێتەوە، لەبەر ئەوەی هیدایەت خودی ڕوناکی و ئاگادارییە لەبەرامبەر ڕێگادا و پێویست ناکات شتێکی تر ڕووناك کاتەوە بۆ مرۆڤ و یان ئاگادارمان کاتەوە لێی، لە نوریشدا ئەم تایبەتمەندییە دەبینین، کە ئێمە بۆ ڕووناککردنەوەی نوور پێویستمان بە نوورێکی تر نییە. خودی نور ڕوناکییە، ئەمە تایبەتمەندی بنەڕەتی نوورە، ئێستا لەبارەی زانستیشەوە ئەمە ڕاستە، بەلاّم

ناتوانین زانست بەراورد کەین بە نور تەنیا چونکە لەگەڵ زانستدا، خەسیەتیشمان دەستدەکەوێت و نەرمونیانی و بێدەنگیشمان دەستدەکەوێت لەمەش گرنگتر دەبێ ئەوە ڕونبکەینەوە کە چۆن دەتوانین زانستی ساختەو بێ کەڵکمان هەبێت؟ زانستی داپۆشەرمان هەبێت؟ بەڵێ زانست نورە بەڵام نوورێکی جوان، ئێمە زانست بە نوورێك ئەزانین کە دیمەنە جوانەکان لەبەرچاوی زانادا (کە هەموو بوونی جگە لەچاو هیچی تر نییە) والاکات و شادومانی لە دەروونیدا بەدی بێنێت و بەجۆرێك کە تەماشاکردنی ئەو دیمەنە جوانانە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە بێ دەنگی بەسەریدا زاڵبێت و، ئەویش بەجۆرێك لە تەماشاکردنی ئەو دیمەنانە دڵخۆشبێت و چێژ وەرگرێت کە نەیپەڕژێتە سەر هیچی تر.

لەم ڕوەوە زانست بە تەواوی نور نییە، نوورێکە کە جوانیشی تیایە، کەواتە ئەو مۆدیلەی کە ئێمە لەسەر زانست ئەیخەینەڕو بریتییە لە نووری جمیل یان ڕووناکی جوان، هەم نور ئەبێتە هۆی شادو مانی و هەم جوانی، هەردووکیان بەچێژن، هەردووکیان دولبەرن، هەردوکیان ڕێنمونی کەرو گومڕێکەریشن، و لەهەمووی گرنگتر هەردووکیان لە سیفاتەکانی کەسی زانان، واتە لە چۆنیەتی شوناسی ئەون، زانا هەم ڕووناکە و هەم جوان، سەراپای ئەو بەنور و جوانی و بێدەنگی و شکۆ داپۆشراوە، هەر زانایەك لەپلەیەك لە پلەکانی جوانی و ڕوناکیدایە، سەرەڕای ئەوەی کە بەئەندازەی گەشەی نەفسی، پەی بردن بەجوانییەکان جیاوازی هەیە، واتە ئەوانەی کە سیرەتیان ناشیرینە لە تێگەشتن لە چاکی و جوانییەکان دەستە پاچەن نەفسە کامڵترەکان جوانی زیاتر لە جیهاندا دەدۆزنەوە تا ئەو ئاستەی کە زانای ڕاستەقینە هیچ جوان و جوانییەك جگە لە حەق نابینێت و هەموو جوانییەکان بەڕەنگدانەوەی جوانی ڕەها دەبینێت و لە جیهانیشدا جگە لەجوانی هیچی تر نابینێت، ئەمە کەماڵ و ئامانجی گەشەی نەفسێکی مرۆییە:

**هرکسی پیش کلوخی جامه چاك**
**کان کلوخ از حسن امد جرعه ناك**
**جرعه خاك آمیز چون مجنون کند**
**مر تو را تا صاف او خود چون کند**[١]

ئەمەیە مۆدێلی ئیسلامیانەی زنست، ئەگەر واتای ڕاستەقینە و وردی ئەم مۆدیلە لای ئێوە ڕوون بێت، بۆتان دەردەکەوێت کە لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا چ شتێك بەزانست

١ مثنوی دفتر پنجم، ابیات ٣٧٦و ٣٧٥.



دادەنرێت، ئیتر مەسەلەی واجب بوون و پیرۆزبوون و ئەوەی کە فریشتەکان باڵەکانیان لە ژێر پێی زانا و فێرخوازدا ڕائەخەن خۆبەخۆ ڕوون دەبێتەوە، ئێستا مۆڵەتم بدەن با هەندێك لەبارەی پۆشەر (حجاب) بوونی زانستەوە بدوێم، بەڵێ زانستیش ئەکرێت ببێتە پۆشەری ڕاستی، چۆن نابێت؟ بەمەرجێك کە ئێمە خودی نور بەناوی نوورەوە بە پلەیەك لەپلەکانی نوورەوە دابنێین.

لە هەندێ جێدا هاتووە کە لە جێی شتێکدا بە وشەی شت یان بەواتاکەی بە پلەیەك لە پلەکانی ڕازی دەبین[١].

حەقیقەتی بابەتەکە ئەوەیە کە ئەوەی ئێستا بە ناوی زانستەوە خراوەتە بەر دەممان لە فەلسەفەوە تازانستە ئەزموونی و زنستەکانی تریش، ئەبێت بەجەستەی زانستی بزانین، ئەبێت بەهۆی ڕۆحی زانستی ڕاستەقینەوە ژیتنیان بەبەردابێت و وەگەرنا جەستەیەکی بێ ڕۆحن. ئەگەر بمانەوێت بەچاوێکی ئیسلامیانەوە تەماشایان کەین ئەبێ بڵێین ئەگەر ئەمانە خەشییەت لەگەڵ خۆیاندا نەهێننن بۆ خاوەنەکەیان و نەرموونیانی و بێدەنگی بۆ نەهێنن، ئەگەر ڕووناکی و تەماشاکردنی جوانییەکانی بۆ نەهێنن بەجۆرێك کە لە قیل و مەقالە ڕۆحکێش و لەخۆ بێگانەکەرەکان دەریبهێنین، ئەگەر زانست نا لێبوردەیی و غرور لە زانا نەتەکینێتەوە ئەگەر بچووکی ئەویان لەبەرامبەر گەورەیی بووندا نیشان نەدات، بەڕای ئێمە لەم کاتەدا جگە لەوشەی زانست و جگە لەسەرگەرمی زیهنی شتێکی تر نییە.

ئەو پەڕی زۆربێت زانستی سەرزمانە و زانستی دڵ نییە، ئاگاتان لەوەبێت کە ئێمە زیاتر بیر لەزانا دەکەینەوە تازانست، زانست نابێت " خودی " ی زانا لەخۆی بسێنێتەوە، بەڵکو ئەبێت " خودی " خۆی پێبداتەوە و جوان و ڕووناکی کاتەوە، لەڕاستیدا لەم ڕوەوە زانست دوو ئەرکی هەیە یەکێکیان گەیاندنی زانا بە " خود " ئەوی دی لێسەندنەوەی " خود " ە لێی، زانست ئەبێت ببێتە هۆی دۆزینەوەو ناسینەوەی " خود " کە لە پڕیشکێکی خۆری حەق بەولاوە هیچی ترنییە و ڕووناکی کاتەوە، بەڵام ئەبێت خودە درۆینەکانیش کە بەسەر خودی ڕاستەقینەوە نیشتوون لەناوبەرێت، لێرەدایە کە سەنایی دەڵێت:

علم کە از تو تو را بساند
**جهل از آن علم به بود صد بار**

١ -رونکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە دەکەویتە ئەستۆی زانستی مەنتیقەوە(و.کوردی)

**ده بود آن نه دل که اندر وی**
**گاو و خر گنجد و ضیاع و عقار**

ئەڵبەتە ئێمە کە باگەشەی وەرگرتنی ئەم زانستە جوانە دەکەین، باوەڕمان وایە کە ئەم زانستە، بە بێ پێشەکی بەدەست نایەت، واتا ئەبێت چەند پلەیەکی یەك لەدوای یەك تەی کەین. ئێمە ئەو زانستە باوانە بەسوك تەماشا ناکەین، ناڵێین ئەبێت واز لەمانە بهێنرێت. ئێمە ئەمانە لە تەریبی یەکدا دەبینین نەك لە دژی یەکدا. بەم پێیە ئێمە لەدیدی ئیسلامەوە ئەم زانستە بەزانست دانانێین: کە ئەو سیفەتانەیان تێدا نەبێت و نوورانیەت و جوانی و شکۆ و هیدایەت بە زاناکە نەبەخشن، بەڵام لە ڕوویەکەوە ئێمە ناگەینە ئەو پلە بەرزەی زانست و ناگەینە ئەو سیفاتە شەریفانەی زانا مەگەر بەم ناوچەدا تێپەڕین، واتە ئەم زانستانە وەك پەیژە و پردن بۆ تێپەڕین بەسەریاندا بەرەو ئەو زانستە جوان و ڕووناکە، وادیارە کە کەسە ژیرو وردەکارەکان، ماڵ بەسەر پردەوە دروست ناکەن. ئێستا ڕوندەبێتەوە کە بۆچی ئیمام صادق فەرمویانە:

ليس العلم بالتعلم، انما هو نور يقع فى قلب من يريد الله تبارك و تعالى ان يهديه. ١

واتاکەی:

زانست بەخوێندنی زۆر نییە، بەڵکو نورێکە کە خوا دەیکاتە دڵی هەندێك کەسەوە تاوەکو ڕێنمونیان بکات. دەستکەوتنی ئەو زانستانەی کە لەڕێی خوێندنەوە دەست دەکەون وەك نان خواردنە، پارو داگرتنە لەخوانی سروشت، بەڵام نووری جوانی هێرشبەر، بەهرەیەکی خوای جوانە و لەدڵی کەسانێکدا پرشنگدەدات کە سەراپا تینوێتی و عیشق و چاوبن.

**دانش آن را ستاند جان ز جان**
**نه ز راه دفتر و نه از زبان**
**تا دلش را شرح آن سازد ضیا**
**پس الم نشرح بفرماید خدا ٢**

---

١ - بحار الانوار.کتاب العلم .ص ٢٢٥. مرحوم مجلسی ئەم وتەیەی لە خودی شیخ بهائەوە وەرگرتووە . لە کتیبی کەشکۆلی شیخ بهائیشدا ئەم وتەیە لە ناو چیرۆکی بەرزی ملاقاتی"عنوان بصری" لەگەڵ امام صادقدا هاتووە(کشکول، جزو اول، مجلد سوم، ص٤٩٣، انتشارات شریکه طبع و نشر، قم)

٢ -مثنوی دفتر پنجم، ابیات ١٠٦٤و ١٠٦٦



***

**عاشقان را شد مدرس حسن دوست**
**دفتر و درس و سیقشان روی اوست**
**خامشند و نعره تکرار شان**
**می رود تا عرش و تخت یارشان١**

ئەگەر ئەم زانستە ڕەسەن و باوانە ڕۆحی ئێمە سەراپا نەکەنە تەڵەب و هەموو بوونمان نەکەنە چاو، ئەو نوورە لە ئێمەدا تیشك نادتەوە و ئەگەر ئەم قیل و قالانە گوێ لە بیستنی ئاوازی ئەو خۆشەویستییە دوورخەنەوە، لە ڕاستیدا هیچ نەفامی و دەبەنگییەکی لەمە گەورەتر بوونی نییە.

بەوتەی شێخ بەهائی:

**علم رسمی سر به سر قیل است و قال**
**نه از او کیفیتی حاصل نه حال**
**علم نبود غیر علم عاشقی**
**ما بقی تلبیس ابلیس شقی**
**دل که فارغ شد زمهر آن نگار**
**سنگ استنجای شیطانش شمار**
**وین علوم و این خیالات و صور**
**فضلة شیطان بود بر آن حجر**
**شرم بادت زانکه داری ای دغل**
**سنگ استنجای شیطان در بغل**
**چند چند ازحکمت یونانیان**
**حکمت ایمانیان را هم بخوان**
**لوح دل از رجس شیطانی بشوی**
**ای مدرس درس عشقی هم بگوی...**

---

١ مثنوی، دفتر سوم، ابیات ٣٨٤٧و ٣٨٤٨

لێرەدایە کە شوێن و پلەوپایەی هەموو زانستە باوەکان لە فەلسەفەوە تافیزیك، لە ئیسلامدا دیاریکراوە. ئەگەر فەزای دەروون، ڕوناکبێتەوە ئەم زانستە ڕەسمیانەش پرشنگدار و بۆنخۆش دەبن. ئەگەر فەزای دەروونیش تاریك بێت، ئەم زانستە سەر زمانیانەش لە زیادکردنی تاریکی بەولاوە هیچی تر ناکەن.

بەڵێ، ئەگەر ئەم زانستانە ڕووناکی نەهێنن لەگەڵ خۆیان، ئەگەر ببنە هۆی تاریکی، ئەگەر بەهۆیانەوە تۆسقاڵێك لە غورور و لووتبەرزی خاوەنەکەیان کەمی نەکردبێ و تۆسقاڵێك بێدەنگی و هیدایەتی زیاد نەکردبێت و تۆسقاڵێك ڕوناکی تیادا درووست نە بووبێت و بە وتەی مەولانا ئەگەر ئەم زانستانە لەجێی ئەوەی مەرکەب و ئەسپی بن، ببنە سوار و بەسەر پشتییەوە بن و باری گرانترکەن، لێرەدایە جائیز نییە ناوی زانست لەمانە بنرێت، ئیتر هەرچی بن ناوی " زانست " یان لێنانرێت، بارێکن بەسەر دڵەوە یان گەمە و سەرگەرمییەکن بۆ ئەهلی دونیا، یان سەرقاڵیەکن بۆ زیهن، بەلاّم نابنە ڕێخۆشکەر و ڕۆحبەخش و ڕێنمونیکەر و دڵپاککەرەوە و نابنە هۆی ئاسانکاری و ڕێدەرکردن و بەرچاو ڕوونی و ئاوەدانکردنەوەی دەروون.

ئەو زانستانەی کە لە ڕەگەزی تەقلید و چاو لێکەرین نەك تەحقیق و وردبوونەوە، بۆ فرۆشتنن، نەك زایەڵەی ئیلهام بن، دیارە ئەوەی کە لەخاوەنەکەیاندا دروستی دەکەن، لە لوتبەرزی و خۆدەرخستن و کڕیار دروستکدرن بەولاوە، هیچی تر نییە:

**علم تقلیدی بود بهر فروخت**
**چون بیابد مشتری خوش بفروخت**
**مشتری علم تحقیقی حق است**
**دائما بازار او با رونق است**
**درس آدم را فرشته مشتری**
**محرم درسش نه دیو است و پری[1]**

*******

**صد هزاران ز اهل تقلید و نشان**
**افکندشان نیم و همی در گمان**
**با عصا کوران اگر ره دیده‌اند**
**در پناه خلق روشن دیده‌اند[1]**

---

١ -مثنوی، دفتر دوم، ابیات ٣٢٧٠و٣٢٧١و٣٢٧٣



جیاوازی زانست لە ڕۆژئاوای ڕۆژ لێ ئاوابوودا لەگەڵ زانست لە ئیسلامی ڕۆژلێ هەڵاتوودا هەر ئەوەیە کە ئەوان بەجەستەی زانست و زانستی جەستە قانیعن و ئێمەش بیر لە چاوی زانست و زانستی چاو دەکەینەوە. ئێستا ئەتوانین تێبگەین کە بۆ بەمانە دەوترێت زانستی جەستە و بەو زانستە جوان وڕوناکەش دەوترێت زانستی دڵ:

**علم های اهل دل حمالشان**
**علم های اهل تن احمالشان[2]**

*******

**هین مکش بهر هوا آن بار علم**
**تا ببینی در درون انبار علم[3]**

عاریفان لەم چشنە زانستە غوروورهێنەر و زیانبەخش و تاریکی هێنەر و پەردە ئاساییە بوو کە ڕایاندەکرد و سەری خۆیان هەڵدەگرت و دەستیان دەدایە جنون و سەراسیمە بوون و فەرهەنگ و داناییان لەبەر پێی شێتیدا دەکردە قوربانی و لە جێی زانستی نەحودا وانەی مەحو بوونەوە و هونەری توانەوە (نحو محو) یان دەوتەوە.

ئاخر زانستێك کە بێتو جێگە لەخاوەن ماڵ تەنگ کات و لەجێی ئەوەی زیاتر بەخودی خۆی ئاشناکات، ببێتە پەردەی بەردەم خۆناسین، لەکوێ ئەتوانین ناوی "زانستی ڕۆشنگەر"ی لێبنێین؟ ئەو کەسەی هەموو شتێك بزانێت و ئەم هەموو شت زانینە ببێتە هۆی ئەوەی کە لەبارەی خۆیەوە نەزانێت و لە جێی ئەوەی تەماشای خۆی بکات، زانست بکاتە تەماشاگەی خۆی و لەجێی ئەوەی جوانییەکان لە خۆیدا بدۆزێتەوە، لە جوانی زانست رابمێنێت و لە جێی ئەوەی سووکتربببێت، باری زانست قورسترکات و لەجێی ئەوەی لە کۆت و بەندەکان ئازاد بێت، خودی زانست ببێتە کۆت و بەندی و لەجێی ئەوەی زانست ببێتە پەیژەی سەرکەوتنی بەرەو ڕاستقینەو حەقیقەت، ببێتە پەردەی بەرچاوی و لەبری ئەوەی زیاتر لەخۆی نزیککاتەوە، لە خۆی و لە خوا دوورتری کاتەوە، ئایە بەڕاستی ئەمە شایستەی ناوی زانایە و ئایا شیاوی ئەوەیە وەها بەهایەکی بەرز بدەینە کالاّیەکی وا؟ و ئایا وەرگرتنی جیهانێك قیمەتی دۆڕانی گیانێکی هەیە؟

---

١ -مثنوی، دفتر اول، ابیات ٢١٢٩و٢١٣٦

٢ -مثنوی، دفتر اول، بیت ٣٤٥٢

٣ -مثنوی، دفتر اول، بیت٣٤٥٧

. و لبئس المتجر ان ترى دنيا لنفسك ثمنا

چەند بازرگانێکی خراپی و دۆڕاوی ئەگەر واهەستکەیت دونیا بەسە بۆ پاداشتت، ئاخر، چۆن دەبێت ئەم هەمووە ناشیرینی و پەستی و تاریکییە لەکەسێکدابیت و دیسانیش پۆشاکی پڕ شکۆ و شانازی زانا بۆ بەری بشێت؟ زانست لە ئیسلامدا واتە لادانی پەردە و هەرکەسێ لەبەرامبەر خۆی و خودا پەردەی لەبەرچاو بوو، لەڕاستیدا زانا نییە و زانستەکەی لە پەردەیەك بەدەر نییە کە شیاوی دڕاندنە. ئایا هەر ئەم زانستە نییە کە ئیمام موسی کاظم ئەیخاتە ژێر وتەزای جەهلەوە: ان من البیان لسحرا و من العلم جهلا... ١

***

**ای همه دریا چه خواهی کرد نم**
**وی همه هستی چه می‌جویی عدم**
**علم جوی از کتبها ای فسوس**
**زوق جوی تو ز حلوا ای فسوس**
**ای غلامت عقل و تدبیرات و هوش**
**چون چنینی خویش را ارزان فروش[٢]**

***

**زین خرد جاهل همه باید شدن**
**دیت در دیوانگی باید زدن**
**آزمودم عقل دور اندیش را**
**بعد از این دیوانه سازم خویش را[٣]**

***

**عاشقم من بر فن دیوانگی**
**سیرم از فرهنگی و فرزانگی[٤]**

***

**از پی این عاقلان ذو فنون**

---

١ -بحار الا نوار، جزو اول. کتاب العلم، نقلکراوە لە نوادر راوندی، ص ٢١٨

٢ مثنوی، دفتر پنجم، ابیات ٣٥٧١و٣٥٧٨و٣٥٧٦

٣ مثنوی دفتر دوم، ابیات ٢٣٣٠٢٣٣٤

٤ -مثنوی دفتر ششم، بیت ٥٧٣



**گفت ایزد در نبی لایعلمون**
**صد هزاران فضل دانند از علوم**
**جان خود را می نداند ان ظلوم**
**داند او خاصیت هر جوهری**
**در بیان جوهر خود چون خری**
**که همی دانم یجوز و لا یجوز**
**خود ندانی تو یجوزی یا عجوز**
**این روا و ان ناروا دانی و لیك**
**تو روا یا نارواي بین تو نیك**
**قیمت هرکاله می‌دانی که چیست**
**قیمت خودرا ندانی احمقیت[١]**

***

**ان یکی نحوی به کشتی در نشست**
**رو به کشتیبان نهاد ان خود پرست**
**گفت از نحو خواندی گفت لا**
**گفت نیم عمر تو شد در فنا**
**دل شکسته گشت کشتیبان زتاب**
**لیك آن دم کرد خاموش از جواب**
**باد کشتی را بەگردابی فکند**
**گفت کشتیبان بدان نحوی بلند**
**هیچ دانی اشنا کردن بگو**
**گفت نی ای خوش جواب خوب رو**
**گفت کل عمرت ای نحوی فناست**
**زانکه کشتی غرق این گرداب هاست**
**محو می باید نه نحو اینجا بدان**
**گر تو محوی بی خطر در آب ران**
**مرد محوی را از آن دوختیم**
**تا شما را نحو محو آموختیم[١]**

---

١ مثنوی، دفتر سوم، ابیات ٢٦٤٣و ٢٦٤٨-٢٦٥٢

ئێستا ئێوە هەستی پێدەکەن کە بۆچی عاریفەکان دەیانوت: ئێمە زانستمان بۆ غەیری خودا خوێند و  زانستیش خۆی بەدەستەوە نەدەدا ئەگەر بۆ خودا نەبوایە. واتە زانستێك کە لە خوامان نزیك نەکاتەوە، وەرمان نەگرتووە.

**تعلمنا العلم لغير الله فابى العلم الا ان يكون لله.**

خواستی سروشتی ئەو ئەوە بووە کە لە پێناوی خوابێت، کەواتە ئەوەی لەپێناوی خودا نییە و بەرەو لای ئەو ناچێت ئەو هیدایەت و جیهان بینییە خواییە ناهێنێتە بوون و ئەو سیفەتانە لە زانادا بەدی ناهێنێت کە باسمانکرد و ئەو ڕۆحیەتە هێرش بەرییەی تیا نییە و ڕۆحی بەرچاوڕوونی ناداتە زانا لە تێڕوانینی ئیسلامەوە زانست نییە. ئەوانە فێربوونن لەبەرکردن و خوێندنن بەلاّم زانست نین، بەواتای ڕوناکییەکی جوان و پڕشنگدار. ئێستا کاتێ ئەڵێین قورئان زانستی نییە مەبەستمان لەوەیە لە چەشنی زانستە فێرکارییەکان نییە، واتە جەستەی زانست نییە، بەڵکو لە شێوەی نووری جوانیی هێرشبەردایە. بەشێکە لە زانستی جوانی خوای پەروەردگار، خودا خۆی بەسیفەتی نوور، باسی قورئان دەکات:

**قد جائكم من الله نور وكتاب مبين يهدى به الله من اتبع رضوانه سبل السلام و... ٢**

نوور و کتێبێکی ڕوونتان لە خواوە بۆ هات کە خوا لە ڕێگەیانەوە ئەوانە بەرەو ڕێگاکانی سەلامەتی ڕێنموونی دەکات کە شوێن ڕەزامەندی ئەو کەوتوون.

باشە، ئەم زانستە لەکوێ و ئەو زانستە خۆراك ئاسایە لەکوێ کە لەگەورەکردنی جەستە بەولاوە هیچی تر زیاد ناکات و بە پارو پارو نەبێ لە سفرە و خوانی سروشت هەڵناگیرێت.

ئێستا بیری خۆتان بهێننەوە کە خوا هەم نوورە و هەم جوان (جميل)

لە قورئاندا هاتووە: الله نور السموات و لارض. ٣

خوا نووری ئاسمانەکان و زەوییە.

لە ئیمام صادقەوە وەرگیراوە:

**ان الله جميل يحب الجمال. ٤**

١ مثنوی، دفتر اول، ابيات ٢٨٤٠-٢٨٤٦و٢٨٥١

٢ سوره المائده، ايه ١٥و١٦

٣ -سوره النور، ايه ٣٥

٤ -وسائل الشيعه، ج اول، ص٢٧٧.



خوا جوانە و جوانیی خۆش دەوێت.

زانست کە عەینی نوور و جوانییە زاناش کە جوان و ڕووناکە، هەردوو ئەمانەش لە سیفاتە خوداییەکانن و هەر کەسەش تا لەم ڕووناکی و جوانییەدا بەرەو سەرتر بچێت، ئەوا زیاتر لەخوا نزیك بووەتەوە. ئەمەیە واتای ئەوەی کە ئەڵێت زانست بەرەو لای خوا نەبێ بۆ هیچ لایەکی دی ناچێت وئەگەر زانست پیرۆز دەکرێت لەوە بەدەر هیچی تر نییە کە خوا خۆی پیرۆزە و زانستیش مەشخەڵ و تەجەللا بوونێکە لە وجودی ئەو  کە هەموو بوون گەرم دەکاتەوە، ئێمە ئەمڕۆ لە هەمووشتێك زیاتر پێویستمان بەم جوانی و ڕۆشناییە هەیە لە کۆمەڵگای خۆماندا، پێویستمان بەوەیە کە لەجێی خۆبەزلزانی و پروپاگەندە و دوژمنایەتی و دڵپیسی و تاریکیانەدا، دڵفراوانی و لێبوردن و شکۆ و ڕوناکی دانێین، پێویستمان بەوەیە کە خوا بێتە جێی شەیتان، پێویستمان بەوەیە لە جێی ئەم هەموو پیسییەدا کە میوەی "شجرة خبيثة"ی دوور لەخوایە، جوانی نزیك بوونەوە لەخوا دابنێین. ئەمەش بەهاوکاری زانا ڕاستەقینەکان نەبێت کە جوانترین دروستکراوی خوان، ئاسان نییە و نایەتە دی.

پێویستە کەڵك لە بوونیان وەرگرین و هەوڵدەین کە ژینگەی کۆمەڵگە و قوتابخانە و زانکۆکانمان پەروەردەکراوی ئەوان بێت و لە خوا بپاڕێینەوە کە ژمارەیان زیادکات.

قسەی کۆتاییشم ئەوەیە کە ئەم هەموو سەرمەستییەی لە زاناو جیهاندایە لە تەماشاکردنی چاوی ڕەشی خاك و وردبوونەوە و کردنەوەی گرێکانی بۆنکردنی شنەی کێسوی ئەوە و تاریکستانی سروشت گەنجینەی ڕازو جلیوەگای ڕەنگی سیای ئەوە.

زانایان و عاریفە ڕاستەقینەکان، کە شەرابیان لە چاوی ڕەشی سروشتدا دەخواردەوە، سەراپایان دەبوەیە چاو تاوەکو نووری جوانی ڕاستی تیایاندا پڕشنگبدات، ئەوان سەرمەستی و شادی و دڵخۆشییەکی تریان هەیە.

من و باد صبا مسكين دو سرگردان بى حاصل

من از افسون چشمت مست و او از بوى گيسويت١

با لە گێسودا نە مێنینەوە چونکە ئەو چاو و برۆیەش شایستەی دیدارن.

١ - حافظ

قدح چون دور من گردد به هشیاران مجلس ده
مرا بگزار تا حیران بمانم چشم بر ساقی[1]

***

همه عالم چو یك خمخانه اوست
دل هر ژره‌ای پیمانه اوست
خرد مست و ملائك مست و جان مست
هوا مست و زمین مست و زمان مست [2]

---

۱ - سعدی
۲ - شیخ محمود شبستری

# ئامانجی زانست*

لەوانەیە قسەکردن لەبارەی ئامانجی چالاکییە زانستییەکانەوە، تارادەیەك سادەلۆحانە و کالفامانە بێتە بەرچاو، لەبەر ئەوەی توێژەر و زانا جیاوازەکان ئامانجی جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە و خودی زانستیش (واتاکەی هەرچی بێت) هیچ ئامانجێکی نییە. من بەتەواوی باوەڕم بەمە هەیە. سەرەڕای ئەوەی کەوا دێتە بەرچاو کاتێك لەبارەی زانستەوە قسەدەکەین، ئەو هەستە لای هەموومان دروستدەبێت کە چالاکییە زانستییەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە  و لەو ڕووەوەی کە چالاکی زانستی تارادەیەکی زۆر وەك چالاکییەکی عەقلانی وایە و دیسان چالاکی عەقلانیش ئەبێت ئامانجێکی هەبێت، ئەکرێ هەوڵدان بۆ ڕاڤەکردنی ئامانجی زانست ئەوەندەش بێ بەرهەم نەبێت.

من باوەڕم وایە کە تاکە ئامانجی زانست، دۆزینەوەی چەند ڕاڤە ١ یەکی ڕازیکەرە بۆ ئەو دیاردانەی پێویستیان بەڕاڤەیە کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە.

ڕاڤە یان تەفسیری (عِلّی)، بەو چەشنە بابەتە دەوترێت کە لەڕێیانەوە دەتوانین ئەو بارودۆخەی کە پێویستی بەڕاڤەیە (مُفَسَر ١) ڕوونکەینەوە و لەپاڵ ئەوانەشدا ڕستە و بابەتگەلی تر هەن کە کاری ڕاڤە بەواتای وردتری وشەکە ئەنجامدەدەن، ئەوانەش ڕاڤەکەرن (مفسِر).

* - ئەم نووسراوە مەقالەیەکی کارل پۆپەرە لەژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوەدا کە بەهۆی کەڵکە فەلسەفی و مێژووییەکانی و ئەو گونجاوییە تەواوەی لەگەڵ بابەتەکانی ئەم کتێبەدا هەیەتی هەڵبژێردراوە، کە بیرمەندی بەڕێز  سعید بهمن پور ئەرکی تەرجەمەکردنی (بۆ فارسی) لە ئەستۆ گرتووە و کە بەهەندێ دەستکارییەوە بەچاپم گەیاندووە .

ناونیشانی ئەسڵی مەقالەکە بەم شێوەی خوارەوەیە :

K.R.Popper, objective knowledge (Oxford university press, ١٩٧٥ ), P.P ١٩١ – ٢٠٥

١- Explantion



ئەتوانین وەك یاسایەکی گشتی گریمانەی ئەوە بکەین کە بەشێوەیەکی ئاسایی ڕاڤەکراو (مُفَسَر)، لای هەمووان شتێکی بەرجەستە و زانراوە یان لانیکەم وا دێتە بەرچاو  چونکە گەڕان بەدوای ڕاڤەی شتێکدا کە خەیاڵی ڕووت بێت بێمانایە (دەفرە فڕیوەکان نمونەیەکن لەمە) ئەوەی لێرەدا پێویسمانە، ڕاڤەی ئەو هەواڵانەیە کە لەبارەی دەفرە فڕیوەکانەوە دەیبیستین، نەوەك ڕاڤەی دیاردەی دەفرە فڕیوەکان خۆیان. بە لاّم ئەگەر دەفری فڕیومان هەبوو، ئیدی پێویستمان بە ڕاڤەی ئەو هەوالانە نییە. لەلایەکی دییەوە ڕاڤەکەران لە  تەحقیقکردندا کە ئامانج و مەبەستی ئێمەن، بەشێوەیەکی گشتی نەناسراون و ئەبێت بدۆزرێنەوە.

بەم پێیە هەر ڕاڤەیەکی زانستی، لەو شوێنانەدا کە دۆزینەوەی زانستین پێکدێت لە: ڕاڤە و شیکاری ناسراوەکان بە هاوکاری نەناسراوەکان٢.

ڕاڤەکەرەکان بۆ ئەوەی ڕازیکەربن (ڕازیبوون پلەی هەیە) پێویستە ئەم تایبەتمەندییانەیان تیابێت:

یەکەم: ئەبێ لەڕووی لۆژیکییەوە، ڕاڤەکراوەکەیان لەخۆ گرتبێت.

دووەم: ڕاڤەکەرەکان ئەبێت ڕاست و دروست بن و ئەگەر ڕاستییەکەشیمان بەتەواوی بۆ دەرنەکەوت، بەهەر حاڵ، نابێت نادروستییەکەیان تەنانەت دوای سەختترین تاقی کردنەوە دەرکەوتبێت. ئەگەر ڕاستی ڕاڤەکار نەسەلمابێت (کە بەگشتیش وایە)، ئەبێت چەند قەرینەیەکی سەربەخۆ هەبن کە پشتگیری بکەن. بەدەربڕینێکی تر ڕاڤەکار ئەبێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ، شیاوی تاقیکردنەوەبێت. تاقیکردنەوەیەکی سەربەخۆ کە ڕاڤەکارەکە بەسەلامەتی لەژێردەستییەوە تێپەڕبێت، کە هەرچەندە ئەم تاقیکردنەوەش سەختتر بێت، ئەو ڕاڤەکارە بۆ ئێمە ڕازیکەرتردەبێت. پێویستە لێرەدا دەست بە ڕوونکردنەوەی چەمکی " سەربەخۆ و لەبەرامبەریدا چەمکەکانی ad hoc و (لەپەرگیرترین جۆردا) "خولی " (Circular) بکەین٣.

گریمان a ی ڕاڤە کراوێکە کە ڕاستییەکی سەلمێنراوە، لێرەوە  ئەتوانین وەك سەرەتایەك a لە خودی a ی وەرگرین، لێرەوە ئەتوانین کە a وەك ڕاڤە بۆ خۆی بخەینە ڕوو. بەلاّم بەهۆی ئەوەی لەم شوێنانەدا ڕاستی ڕاڤەکەر سەلمێنراوەو بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕڤەکراویش لەو دەردەهێنرێت،

١- Explacandum

٢ - بنوارە بەندی کۆتایی مەتنەکە پێش دواین گێڕانەوە لەم مەقالەی خوارەوەدا .

Noteoh Berkeley usa Percusor of mach "British Joumal for the Philosophy of Science, Vol.٤,١٩٥٣.P١٧٤.

٣ - واتای وشەی لاتینی ad hoc ئەمەیە: " دروستکراو بۆ مەبەستێکی تایبەت " مەبەستیش لەمە لێرەدا ئەو بابەتانایە کە بەشێوەی دانانی و گریمانەیی یان بەرچاو ڕوونیەك بەکار دێن تاوەکو شتێکی بێ ڕاڤە ڕاڤەکەن. (وەرگێڕی فارسی ).

ئەم ڕاڤەیە ڕاڤەیەکی زۆر نارازیکەرە، بۆیە ئەبێت ئێمە ئەو ڕاڤانە بەهۆی " خولی " بوونیانەوە قەبوولنەکەین. بەلام ئەو خولیەی کەمن ئەمەوێت باسیکەم چەند پلەیەکی جیاوازی هەیە، تەماشای ئەم مشتومڕەی خوارەوە بکەن:

" بۆ ئەمڕۆ دەریا هێندە تۆفاناوییە؟ "، " چونکە نیبتۆن زۆر تورەیە "بەلگەت چییە کە نیبتۆن تورەیە؟ " مەگەر نابینی دەریا چەند تۆفاناوییە؟ وە مەگەر ئەوە نییە کە دەریا هەمیشە لەکاتی تورەبوونی نیبتۆندا تۆفاناوییە؟ ئەم ڕاڤەیە ڕاڤەیەکی نارازیکەرە، بۆیە (وەك ڕاڤە تەواو خولیەکان) تەنها بەلگەی ئێمە بۆ ڕاڤەکەر خودی ڕاڤەکراوەکەیە. ١

بەبڕاوی من هەستکردن بە نا دلنیابوون لە ڕاڤە نزیك لە (خولی) یەکان و یان ad hoc و ڕۆشتن لەسەر ئەو پێویستیانە بەدورکەوتنەوە لەم جۆرە ڕاڤانە لە گرنگترین هێزە جوولێنەرەکانی گەشەکردنی زانست بوون.

لەیەکەمین میوەکانی ڕەوشی عەقلگەرایی و ڕەخنەگەرانە هەر ئەم هەست بە نادلنییایی کردنەیە.

بۆ ئەوەی ڕاڤەکەرەکان ad hoc نەبن، ئەبێ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دەوڵەمەندبن: ئەبێ کۆمەڵێك دەرەنجامیان هەبێ کە شیاوی تاقیکردنەوەبن، بەتایبەت کە ئەبێ لەنێو ئەم تاقیکردنەوانەدا دەرەنجامێکامان هەبێت لەوانەی کەشیاوی تاقیکردنەوەن کە لەڕاڤەکراوەکە جیابێت. کاتێ کە قسە لەسەر تاقیکردنەوەی سەربەخۆ و بەلگەی سەربەخۆ دەکەم، مەبەستم ئەو دەرەنجامێکمان هەبێت کە شیاوی تاقیکردنەوەن ولە ڕاڤەکراوەکەش جیان.

هەرچەندە ئەوەی لەسەرەوە باسکرا تاڕادەیەك هاوکاریمان دەکات لە پێدانی تێگەشتنێکی گشتی لەبارەی ئەو ڕاڤەکەرەوەی کە ڕاستەو خۆ شیاوی تاقیکردنەوە بێت، بەلام بەهیچ شێوەیەك بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی ڕاڤەیەك کە ڕاستە و خۆ ئەکرێت تاقیبکرێتەوە و ڕازیکەر بێت، بەس نییە.

چونکە ئەگەر a ی ڕاڤەکراوەکەمان بێت (وا دانێین a هەر ئەو " ئەمڕۆ دەریا تۆفاناوییە " یە) بەهەمان شێوە ئەتوانین ڕاڤەکەرێکی زۆر نا ڕازیکەر بخەینەڕوو کە بەتەواوی ad hoc بێت،

١ - ئەم جۆرە بەلگە هێنانەوانە لەمانەی خوارەوەدا بەرچاو دەکەون:

Thales: Diels- Krmfz, vol.I.p.٤٥٦, line٣٥.

Anaximander: D-K A١١, A٢٨.

Alcmaeon: D-K. A٥.



هەرچەندە کۆمەڵێك دەرەنجامی بدەینە پاڵ کە بەتەواوی شیاوی تاقیکردنەوەبن، تەنانەت هەرچۆن بمانەوێت ئەتوانین ئەم دەرەنجامانە هەڵبژێرین.

بۆ نمونە ئەتوانین ئەم بابەتە هەڵبژێرین:

"ئەم هەڵوژانە ئاودارن" و "هەمەوو قەلەڕەشەکان، ڕەشن" گریمان bکۆی ()١ ی ئەم دوو ڕستە بێت، بەم شێوەیە بەسادەیی ئەتوانین هەردوو a و b وەك ڕاڤەکەر هەڵبژێرین، ڕاڤەکەرێك کە هەمەوو ئەو سیفەتانەی تێدایە کە تائێستا باسمانکردووە.

تەنیا کاتێك دەتوانین لە سەلماندنی ڕاڤە سەربەخۆ و نا ad hoc کاندا هەنگاوێك بەرەو پێشەوە برۆین کە لە تەفسیردا کەلك وەرگرن لە بابەتە گشتییەکان یان یاساکانی سروشت (لەگەل ئەو بابەتانەی دۆخی تایبەتی تاقیکردنەوە ڕووندەکەنەوە) بەمەرج وەرگرین.

ئەکرێت لەژێر یاساگشتییەکانی سروشتدا پرسگەلێك بەناوەڕۆکێکی دەوڵەمەندەوە هەبن کە لەهەمەوو جێگە و کاتێکدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ شیاوی تاقیکردنەوەبن، بۆیە ئەگەر وەك ڕاڤە کەلکیان لێوەربگیرێت، لەوانەیە کە ad hoc نەبن. لەم ڕووەشەوە مۆڵەتی ئەوەمان پێبدەن کە ڕاڤەکراوەکە وەك دانەیەکی تایبەت، لەچاو کۆمەڵێك دیاردەدا دانێین کە شیاوی دوبارە بوونەوەبن. ئەڵبەتە ئەم مەبەستانەی سەرەوە کاتێك ڕاست و دروستن کە ئێمە ئەو یاساگشتییەمان قەبوولکردبێت کە ئەڵێت: ئەوەی شیاوی تاقیکردنەوەبێت، شیاوی پووچەڵکردنەوەشە٢.

بە پێی ئەوەی کە باسکرا وەڵامی ئەم پرسیارە کە "چ جۆرە ڕاڤەیەك ڕازیکەرە؟ " ئەمەیە: ئەو ڕاڤانەی کە یاسا گشتییەکانی وەك شیاویەتی تاقیکردنەوەو پووچەڵکردنەوەیان تێدایە و سەرەڕای ئەوەی لە دۆخی تایبەتیشدا ڕاڤە دەکرێن، هەرچەندە ئەم یاسایانەش پلەی شیاویەتی تاقیکردنەوەیان بەرزتربێت و لە تاقیکردنەوەدا سەربەرزانەتر دەرچووین، ئەوەندەش ڕاڤەکەمان، ڕازیکەر تر دەبێت (ئەم پێوەرە لەبارەی دۆخە تایبەتییەکانتەوەش ڕاستە).

بەم پێیە باوەڕی ئێمە بەوەی کە ئامانجی زانست پێدانی ڕاڤەگەلێکی ڕازیکەرە، ئێمە بەوە ئەگەێنێت کە چەندە شیاوێتی تاقیکردنەوەکان بەرزتربێت، ئەوەندەش ڕاڤەکان ڕازیکەرتر دەبن، واتە ئەبێت بەرەو ئەو تیۆریانە بچین کە شیاویەتی تاقیکردنەوە تیایاندا زیاترە و ئەمەش

١- ConJunction

٢ (lnita Conditions

پێویستی بەوەیە کە ڕوو لەو تیۆرییانە بکەین کە بە دەولەمەندی زیاتر، بە پلەیەکی گشتی زیاتر و بە وردەکارییەکی١ زیاتر٢و بە بێ گومان ئەمەش لەگەڵ شێوەی دەست خستن و بەرەو پێش چوونی زانستی تیۆریدا لە کرداردا هاوتاو گونجاوە.

ئەتوانین لە ڕێگایەکی تریشەوە دەرەنجامێکی تەواو هاوشێوەمان دەستکەوێت، بەم پێیە کە بڵێین ئەگەر ئامانجی زانست ئەوەیە کە تەفسیر بکات کەواتە پێویستە راڤەی ئەوەی ئێستا وەك راڤەکار وەرگیراوە، وەك یاسایەکیش لە یاساکانی سروشت، ببێتە ئامانجی زانست. بەم پێیە ئەو ئەرکەی کەلەسەر شانی زانستە هەمیشە جێگیرە و ئەتوانین هەتا هەتایە درێژە بەم کارە بدەین و لەم ڕێیەوە بەرەو تەفسیری گشتگیر تر بچین و هەنگاوی بەرەو پێشتر بنێین، مەگەربێتو راڤەی کۆتاییمان دەست کەوێت، ئەو راڤەی کە ئیدی نەتوانین راڤەی تری لێوەبکەین و پێویستیشمان پێی نەبێت.

بەلاّم ئایا راڤەی کۆتایی بوونی هەیە؟ تیۆرییەك کە من ناوی ئیسنتیالیزم ٣ ی لێدەنێم. کە بە پێی ئەم تیۆرییە ئەبێت زانست بەشوێن راڤەی کۆتایی شت و ڕووداوەکانەوە بێت بە پێی شێوە و سروشتی شتەکان٤. ئەگەر ئێمە بتوانین بارودۆخی شتێك بە پێی سروشتەکەی (تایبەتمەندییە خۆییەکانی) راڤە و شیکار بکەین، ئیدی

١ Precision

٢ - بۆ موتالاّ کردنی تیۆریی شیاوێتی تاقیکردنەوە، ناوەرۆك، سادەیی (Simplicity) پلەی گشتیتی و پلەی وردەکاری بڕوانە بەشەکانی ٣١ – ٤٦ ی مەنتیقی دۆزینەوەی زانستی ( Logic of scientific Discovery ١٩٥٩) (یەکەمین چاپی ئەڵمانی ١٩٣٤، دووەمین چاپی ئەڵمانی ١٩٧١) لەوێدا پەیوەندییەکی نزیکتری ئێمە لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا شیکراوەتەوە (ئەم کتێبە لەژێر هەمان ناونیشاندا لە لایەن بەڕێز (أحمد ئارام و بەڕێز حسێن کەمالییەوە کراوەتە فارسی و عبداالکریم سروشیش پێداچونەوە بۆ کردووە .

٣ Essentialism

٤ - وا بەستە بوون بەشێوازەوە) لە مەقالەیەك بەناوی " سێ تیۆریا دەربارەی زانستی مرۆیی " ( Three views Concering Human knowledge) بە ڕوونکردنەوەی زیاترەوە خستوومەتە ژێر توێژینەوە و ڕەخنەوە، لەوێدا ئاماژە بە توێژینەوەکانی پێشوو کراوە .

لەکۆتایی پەراوێزی بەشی ٣ دا بگەڕێنەوە بۆ:

(Contemporary British Philosophy iii, edited H.D.Lewis,١٩٥٦,hote٢٠ on P.٣٦٥. )

ئەم مەقالەیە بەشی سێیەمی کتێبی (Conjectures & Refurainos) م پێك دێنێت



پرسیارێکی تر لەبارەیەوە جێی نابێتەوە و پێویستیشی بە پرسیاری تر نییە لە بارەیەوە (مەگەربێتو پرسیارێکی کەلامی بێت، لەبارەی دروستکەری سروشتی شتەکەوە) بۆ نموونە دیکارت باوەڕی وابوو کە توانیویەتی فیزیا بە پێی سروشتی تەنە فیزیکییەکان کە بەبڕوای ئەو بریتی بوو لە ڕەهەند١ راڤە دەکرێت. هەندێ لە شوێنکەوتووانی نیوتن لەدوای ڕۆجر کۆتسە٢ وە، بڕوایان وابوو کە حەقیقەت و سروشتی ماددە بەردەوامیی٣ و هێزی راکێشانە و باوەڕیان وابوو کە تیۆرییەکەی نیوتن، دەکرێ لە تایبەتمەندییەکانی خودی ماددەوە وەربگیردرێت و هەر لەڕێی ئەوانەشەوە راڤەی کۆتایی بکرێت، خودی نیوتنیش تێڕوانینێکی تری هەبوو، ئەو لەکۆتایی بنەما بیرکارییەکانی فەلسەفەی سروشتدا لە Scholium generale کاتێك دەنووسێت: تا ئێرە من دیاردەکانم... بەهۆی هێزی کێشکردنەوە راڤە دەکرد، بەلاّم هێشتا هۆکاری خودی هێزی کێشکردنم دیاری نەکردووە... و من لەوانە نیم کە بەڕەمەکی و لەخۆمەوە یان بەشێوەی ( ad hoc) گریمانە درووستبکەم، مەبەستی گریمانەیەکە لەبارەی تەفسیری هۆگەرایی (علی) و خودی یان راڤەی کۆتایی خودی هێزی کێشکردنەوە. ٤

من تیۆریی وابەستە بوون بەشێوازەوە بۆ راڤەی کۆتایی قەبوڵناکەم. بەشێوەیەکی گشتی لە رابردوودا ڕەخنەگرانی ئەم تیۆرییە هەموویان دیدگایەکی ئامێریان٥ بەرامبەری هەبوو. کەسانێك کە هیچ ڕۆڵێکیان لە تیۆرییە زانستییەکان ڕانەدەبینی مەگەر ڕۆڵێکی شێوە ئامێریانە نەبێت بۆ پێشبینی کردن و وا تەماشایان دەکرد کە لە هەر توانایەکی راڤەکاری خاڵین، من لەگەڵ ئەمانەشدا هاوڕانیم، بەلاّم ئەگەری سێیەم یا بەدەربڕینی من " تیۆریی

١ extention

٢- Rojer cotes

٣- inertia

٤ - هەروەها بگەڕێوە بۆ نامەکانی نیوتن بۆ ریچارد بنتلی (Richard Bentley) بە تایبەت ٢٥ / ٢ / ١٦٩٣ (٩٣ – ٦٩٢) من لە بەشی ٣ لە مەقالەی " سێ تیۆریا دەربارەی زانستی دۆیی " کە تیایدا لەم بارەیەوە بەدرێژی توێژینەوەم کردووە، هەندێ وتەم لە نامەی کۆتایی وەرگرتووە .

٥- Linstrumentalist

سێیەم " یش بوونی هەیە کە ناوی شیاوی " وابەستە بوونی چاککراو بەشێوازەوە "یە (بەجەختکردنەوە لەسەر وشەی چاککراو (تعدیل کراو. ١

ئەم " تیۆریی سێیەم "ە کەمن بەرگری لێدەکەم، بەشێوەیەکی ڕیشەیی "وابەستە بوون بە شێواز" ەوە ڕاستدەکاتەوە، یەکەم، من باوەڕبوون بەڕاڤەی کۆتایی بە پووچەڵ دادەنێم و باوەڕم وایە کە هەر ڕاڤەیەك دەتوانرێت بەهۆی تیۆرییە وە یان خەملاندنەوە ٢ بەگشتاندنێکی زیاترەوە ڕاڤە بکرێت. ناتوانین هیچ ڕاڤەیەکمان هەبێت کە خۆی پێویستی بەڕاڤەیەکی تر نەبێت. چونکە هیچ ڕاڤەیەك ناتوانێت هەم وەسفی جەوهەربێت و هەم خۆشی خۆی تەفسیرکات. (وەك پێناسەی تەنێك بە پێی وەسفە خودییەکانی، وەك چۆن دیکارت ناوی لێنابوو).

دووەم: من هەموو ئەو پرسیارانەش ڕەددەکەمەوە کە بەشێوەی " چییە " ئەخرێنەڕوو، واتە ئەو پرسیارانەی کە لەبارەی چیەتی یان ناوەڕۆك، یان سروشتی ڕاستەقینەی شتێك دەپرسن. بۆیە دەبێ ئێمە ئەم بیرۆکەیەی کەتایبەتە بە " ئەوانەی باوەریان بە شێواز هەیە " واز لێ بهێنین کە باوەڕیان بە بوونی یەك ناوەڕۆك (جەوهەر) و یەك سروشت یان بنەمای خۆییە لەهەموو شتەکاندا (وەك ڕۆحی شەراب لە شەرابدا) و باوەڕیان وایە کە هەر ئەم بنەما خۆییەیە، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە شتێك هەر بەو شێوەیە بێت کە هەیە و بەو شێوەیە ڕەفتار بکات کە دەیکات. ئەم باوەڕە ڕۆحگەراییە (animistic) هیچ شتێك ڕاڤە ناکات، بەڵام هەر ئەم تیۆرییە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەوانەی لەگەڵ شێوازدان (وەك نیوتن)، خۆیان لەسیفەتی پەیوەندی شتەکان وەك هێزی کێشکردن بەدوور بگرن و بە پێی بنەما بنەڕتییەکان کە بە بڕوای خۆیان ئیعتیبارێکی سەرەتاییان هەیە، بۆ ڕاڤەیەکی رازیکەر لەسایەی سیفەتە خودییەکاندا بگەڕێن (لەبەرامبەری سیفەتی پەیوەندیدا). بەڵام سێیەمین و دواین ڕاستکردنەوە لە تیۆریی

١ - زاراوەی " وابەستە بوونی چاککراو بەشێوازەوە " وەك ناونیشانێکی تەوسیفی " تیۆریای سێیەم " من لە لایەن یەکێ لە ڕەخنەگرانی مەقالەی " سێ تیۆریا دەربارەی زانستی مرۆیی " کە دانراوی منە لە ( The times Literary Suppliment ٥٥, ١٩٥٦,p.٥٢٧) دا بەکارهێناوە بۆ دوورکەوتنەوە لە تێگەشتنی هەڵە پێم خۆشە لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە قەبووڵکردنی ئەم زاراوەیە لەلایەن منەوە نابێت وەك پێدانی جیاوکێك (امتیاز) بە تیۆریای حەقیقەتی کۆتایی (Ultimate reality) یان تەنانەت پێدانی جیاوك لە تیۆریای پێناسە پشت بەستووەکان بە سنووری خۆیی لێکبدرێتەوە . من بەتەواوی وەفادارم بەڕەخنەی خۆم لەم تیۆریایە لەکتێبی کۆمەڵگای کراوەدا (Open society) بەرگی دووەم، بەشی دووەم، بەتایبەتی یاداشتی ٤٢ و کە لەشوێنی دیشدا هێناومە وەفادارم بەرامبەری

٢- Conjecure



شێوازگەراکاندا بریتییە لەوەی کە ئێمە ئەو تیۆرییەی خوارەوە کە نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ڕۆحگەراکاندا هەیە (و لە تایبەتمەندییەکانی ئەرستۆیە لە بەرامبەر ئەفلاتۆندا)، واز لێبهێنین و ئەمەش بریتیییە لەوەی کە لەراڤە کردنی شتێکی تایبەتدا، تەنها شتێك کە ئەکرێ پشتی پێ ببەستین، وەسفە خودی و جیانەبووەکانی خودی شتە تایبەتەکەیە. بۆیە ئەم تیۆرییە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کەبۆچی شتە جیاوازەکان ئەکرێت ڕەفتاری لێکچوویان هەبێت دەستە پاچەیە. ئەگەر لەوەڵامدا بوترێت "چونکە سروشتی ئەم شتانە لێکچووە"، ئەو کاتە پرسیارێکی دی دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە "بۆچی نابێت بە ئەندازەی شتە جیاوازەکان سروشتی جیاوازمان هەبێت؟". ئەفلاتۆن لە هەوڵدانیدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، باوەڕی وابوو کە هەموو شتە لێکچوەکان، منداڵ و لەبەرگیراوەی زیادکراوی نموونەیەکی بنەڕەتی و سەرەتاین، کە نموونەکە " دەرەوە " و " پێش " و "سەرووی " هەموو شتە جیاوازەکانە. بەویژدانەوە ئەبێ ئەوە بڵێین کە ئێمە تا ئێستا گریمانەیەکی لەمە لەبارترمان بۆ ڕاڤەی شتە جیاوازەکان نییە. تا ئەمڕۆش ئەگەر بمانەوێت لێکچوونی دوو مرۆڤ یان لێکچوونی باڵندەیەك لەگەڵ ماسییەکدا یان لێکچوونی دوو جێخە و (جێگای نوستن) لەگەڵ دوو ئۆتۆمبێلدا یان دوو زمان یان دوو پێڕەوی دادوەری شیکەینەوە، ئەوا ئەیانگەڕێنینەوە بۆ سەرەتا و بنەڕەتە هاوبەشەکەیان. بە دەربڕینێکی تر ئێمە بەزۆری لێکچوونەکان لە ڕێگەی گەڕانەوەوە بۆ زنجیرەی ڕەگ و ڕیشەی١ شتەکان ڕاڤە دەکەین. ئەگەر بێین و سیستمێکی میتافیزیکی لەسەر ئەم جۆرە ڕاڤەیە چێکەین، لەوانەیە ئێمە بگەیەنێتە فەلسەفەیەکی مێژووگەرایی. ئەرستۆ ڕێچکەکەی ئەفلاتۆن بۆ حەلکردنی ئەم پرسیارە ڕەتدەکاتەوە، بەڵام لەو ڕووەوە کە ئەرستۆش لەسەر " سروشتگەرایی" هیچ حەلێکی بۆئەم مەسەلەیە نییە، وادێتە بەرچاو کە ئەو لەڕاستیدا هەر لە بابەتەکە تێنەگەیشتووە٢.

١- Gentically

٢ - دەربارەی تیۆریایەکەی ئەفلاتۆن لەربارەی نمونەکانەوە (Forms) یان ئایدیاکان (Ideas) ئەبێ بڵێین کە " ڕاڤەی لێکچوونی شتە هەستپێکراوەکان بەیەکێ لە گرنگترین ئەو شێوازانە دادەنرێت کە بەکاری هێناون . بەراوردی بکەن لەگەڵ " کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی " ی نووسەر بەشی ٣ فەسلی ٥ .
بەهەمان شێوە خودی مەتنی کتێبەکەو یاداشتەکانی ١٩ و ٢٠ ی شیاوی **تێبینی کردنن** . لەوێدا (چاپی سێیەم ١٩٥٧) لە کۆتایی یاداشتی ٥٤ لە پاژی ٢ ناتەواوی تیۆرییەکەی ئەرستۆ لەم بارەوە خراوەتە ڕوو

ئێمە بەهەڵبژاردنی ڕاڤەکان بە پێی یاسا گشتییەکانی سروشت، ڕێگاچارەیەك بۆ ئەم مەسەلەیەی ئەفلاتۆن ئەخەینەڕوو. بۆیە تاکە تاکەی شتەکان و تاکەتاکەی واقیعیەتەکانیش هەر لەژێر ئەم یاسایانەوە دەردەهێنین. ئێستا ئەم یاسایانەی کە لەلای خۆیانەوە پێویستیان بە ڕاڤەی زیاترە) کە دووبارە بوونەوەی ڕێك و پێك و لێکچوونی شتەکان و واقیعیەتەکان و ڕووداوەکان ڕاڤەدەکەن. ئەم یاسایانە لەخودی شتەکاندا بوونیان نییە. (هەروەك چۆن لە ئایدیا ئەفلاتونییەکانی "جیهانی دەرەکی"شدا نین. بەڵکو یاساکانی سروشت وەك ڕاڤەکارییەکی (خەملاندنانە) ی سیما ستراکتۆرییەکانی سروشت (واتە ئەم جیهانە) دادەنرێت، لەسەر ئەمە لێکچوونی تیۆرییەکەی من (تیۆریی سێیەم) لەگەڵ تیۆریی ئیسانسیالیستەکاندا لێرەدایە، هەرچەندە من وابیرناکەمەوە کە هەرگیز بتوانین بە یاساگشتییەکانی خۆمان سروشتی جیهان ڕاڤە بکەین، بەلاّم گومانم لەوە نییە کە دەتوانین چەندمان بویّ ئەوەندە قووڵتر و قووڵتر لە پێکهاتەی، جیهان زیاتر ڕۆبچین و توێژینەوە بکەین یان ئەتوانین بڵێین چەندمان بویّ، ئەتوانین زیاتر سیفاتە بنەڕەتی و قولّترەکانی بدۆزینەوە.

لەڕاستیدا ئێمە هەمیشە بۆ ڕاڤەی یاسایەك یان گریمانەیەکی زیهنی، لە گریمانەیەکی زیهنی نوێی تر یارمەتی وەردەگرین کە گشتیترە. هەر لەم حاڵەدا شتێکی زیاترمان لەبارەی جیهانەوە دەستگیردەبێت و کاریگەری هەژمونێکی قووڵترمان بەسەر نهێنییەکانی ناوەوەیدا دەستدەکەوێت. هەرکاتێك توانیمان گریمانەیەکی لەم چەشنە پووچەڵکەینەوە، ئەوە لەڕاستیدا توانیومانە دۆزینەوەیەکی نویّ بەدەست بهێنین. بۆیە ئەم پوچەڵکردنەوانە زۆرگرنگن، ئەوانە شتە چاوەڕواننەکراوەکانمان فێردەکەن و دڵنیاماندەکەنەوە کە هەرچەندە گریمانەکانی ئێمە بەدەستی خۆمان دروستکراون، لەگەڵ ئەوەشدا، چەند بانگەشەیەکن کە لە ڕاستیدا پەیوەندییان بەم جیهانەوە هەیە، بۆیە دەکرێت لەگەڵ کۆمەڵیّ شتدا بێنەوە کە هەرگیز بەدەستی خۆمان دروست نەبوون.

بە بۆچوونی من " وابەستەبوونی ڕاستکراوە بە سروشتگەرایی" یەوە، لە شیکاری شێوەی لۆژیکی یاسا سروشتییەکانیشدا، بەسوودە. ئەم تیۆرە دەڵیّ کە یاسا یان گریمانەکان ئەبێت گشتی بن. بەدەربڕینێکی تر ئەبێت لەبارەی جیهانەوە (هەموو رەهەندە شوێنی و کاتییەکانی دونیا) پێشنیارێك بخەنە ڕوو، سەرەڕای ئەمەش، ئەم خستنەڕووانە ئەبێت لەبارەی وەسفی پێکهاتە و پەیوەندییەکانی جیهانەوەبێت. هەروەها ئەو وەسف و تایبەتمەندییانەی کە بەهۆی گریمانەیەکی ڕاڤەکارەوە بەیان دەکرێن. ئەڵبەتە من باوەڕم وایە کە زمانی " قووڵتر" خۆی



بەدەستی شیکردنەوەیەکی لۆژیکی گشتگیرەوە نادات. بەلاّم بوونی ئەمە لە ڕێنمونیکردنی ئێمەدا بۆ گەیشتنمان بە پەیپێبردنی فریشکی١ شتێکی باشە (لەبیرکاریشدا بەم شێوەیە: هەموو ناسەرەکی و لاوەکییەکانی بەبەراورد لەگەڵ بابەتە بەڵگە نەویست و سەرەکییەکانیدا هاوتای یەکن و لەهەمان کاتیشدا لە " قووڵیدا " جیاوازییەکی زۆریان هەیە، کە ئەڵبەتە ئەم قووڵییە، کەمتر شیاوێتی شیکردنەوەی لۆژیکی هەیە.) وا دێتە بەرچاو کە " قووڵی " گریمانەیەکی زانستی، نزیکییەکی زۆری لەگەڵ سادەیی و لەوێشەوە لەگەڵ ناوەڕۆکیدا هەیە. (لەبارەی بابەتە بیرکارییەکانەوە کە ناوەڕۆکەکەیان سفرە، مەسەلەکە ئاوایە) لێرەدا بە ڕووکەش دوو شتمان پێویستە. یەکەم: ناوەڕۆك و ئەوی تر پلەی گونجان ٢ یان پەیوەندی٣ یان ئۆڕگانیبوون٤ لەبارودۆخە باسکراوەکاندا. هەرئەمەی دواییانە کە هەرچەندە لەڕووی دەرکی دەرونییەوە٥ تاڕادەیەك وا دیارە کە ڕوون بێت، بەلاّم شیکردنەوەکەی زۆر پڕگرفتە و هەر ئەمەشە کە سروشتگەراکان، لە سروشتیان دەویست و بەدنیایەك لە وەسف و ئەرکی پەرتەوازە و ڕەمەکی جیایان دەکردەوە.

من باوەڕناکەم کە لێرەدا بتوانین جگە لەئامادەکردن و پەیبردن بەچەمکی ئامادەیی و بەڵگەنەویستی کارێکی دیی بکەین، هەرووەك چۆن باوەڕناکەم پێویستمان بە شتێکی تر جگە لەمانە هەبێت، چونکە هەر تیۆرییەك کە دەیخەینەڕوو، ئەوەی کە کەڵك و سوودەکەی دیاریدەکات، باشی ناوەڕۆکەکەیەتی. واتە پلەی شیاوێتی تاقیکردنەوە تیایدا و ئەوەشی کە چارەنووسی دیاریدەکات، دەرەنجامی تاقیکردنەوە ڕاستەقینەکانە، لەدیدگای ڕەوشناسییەوە، لەوانەیە ئێمە تەماشای قووڵیی گونجان و تەنانەت جوانی تیۆرییەك بکەین، تاوەکو وەك ڕێنمونیکەر و جووڵێنەرێك پەیپێبردنە دەروونی و خەیاڵییەکانمان بجولێنێت.

لەگەڵ ئەمەدا وادیارە کە بۆ قووڵیی یان پلەی قولّیی ئەتوانین شتێك لەشێوەی بارودۆخی پێویستدا پەیدا کەین کە شیاوی شیکردنەوەش بێت. من هەوڵدەدەم ئەم مەسەلەیە بەهاوکاری

---

١ - فطری

٢- Coherence

٣- Compactness

٤- Organsity

٥- Intuitively

نموونەیەك لە مێژووی زانست ڕوونكەمەوە، ئێمە ئاگادارین كە دینامیكی نیوتن، توانی لە نێوان زانستی فیزیای تەنە زەمینییەكانی گالیلۆ و زانستی فیزیای تەنە ئاسمانییەكانی كیپلەردا یەكێتییەك دروستبكات. زۆر باسی ئەوەدەكرێت كە ئەتوانرێت بە هەڵێنجان لە یاساكانی گالیلۆ و كیپلەر، دینامیكیەتی نیوتن دەستخەین. تەنانەت دەڵێن ئەتوانین بە وردی و دەقیقی لەم یاسایانەوە بەشێوەیەكی لۆژیكی دەریبهێنین[1]، بەڵام لە راستیدا وانییە.

لەسۆنگەی لۆژییكیەوە، تیۆریەكەی نیوتن، هەم لەگەڵ تیۆریەكەی كیپلەر و هەم لەگەڵ تیۆرییەكەی گالیلۆدا لە دژیەكییەكی ئاشكرادان[2]. (ئەگەرچی كاتێك تیۆرییەكەی نیوتنمان هەیە دەتوانین بەشێوەیەكی تەقریبی دوو تیۆرییكەی دواییمان دەست كەوێت). هەر بەم هۆیەوە هەڵێنجانی تیۆرییكەی نیوتن لە تیۆرییكەی گالیلۆ یان كیپلەروە یان لەهەردووكیانەوە چ لەڕێی بەراورد و چ لەڕێی توێژینەوەوە نەگونجاوە لە بەرئەوەی ناتوانین لە هەڵێنجانێكدا چ

١ - ئەوەی ئەتوانین بەهۆی بەراوردی لۆژیكییەوە لە یاساكانی كیپلەر دەریبهێنین ئەوەیە كە خێرایی هەموو هەسارەكان بەدەوری خۆر لەهەر ساتێكدا یەكسانە بە (k/r) كە تیایدا (r) بریتییە لە دووری نێوان هەسارە و خۆر لەوساتەدا و (k) جێگیرە بۆ هەموو هەسارەكان و وەك یەكە لەگەڵ ئەمەدا ئەم دەرەنجامە بەشێوەیەكی لۆژیكی دژە لەگەڵ تیۆریاكەی نیوتندا . (مەگەر ئەوەی گریمانەی ئەوەبكەین كە بارستەی هەموو هەسارەكان یەكسان بێت و ئەگەر واش نەبن لەچاو بارستایی و قەبارەی خۆردا زۆر بچووكبن) ئەم ڕاستییە لەو مەبەستانەی كە لە مەتنەكەدا لەپاش ژمارەی چوارەم پەراوێزی دوای ئەم پەراوێزە  لە بارەی یاسای سێیەمی كیپلەرەوە هاتووە، وەردەگرێت . بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەبێت ئەوەمان لەبیربێت كە هەم تیۆرەكەی كیلپەرو هەم تیۆرەكەی گالیلۆ هەردووكیان خاڵین لە چەمكی نیوتنی وزە كە واباوە لەم بەراوردە لۆژیكیانەدا دەهێنرێنە ناوەوە، تا لەجێی ئەوەی ئەم چەمكە (غەیبیە) ببێتە دەرەنجامی ڕاڤەیەكی نوێی واقیعییاتەكان (مەبەست لە واقیعییات ئەو " دیاردانەن " كە بەهۆی یاساكانی گالیلۆ و كیلپەرەو باسكراون " لەچوارچێوەی تیۆریایەكی تەواو نوێدا، خۆ بەخۆ لەڕووی واقیعیاتەوە شیاوی خوێندنەوەیە . تەنیا و تەنیا دوای ئەوەی چەمكی وزە زیاد دەكەین ئینجا ئەتوانین هاوكێشەی بەرزبوونەوەی خێرایی پەیوەست كەین بەیاسای كێشكردنی نیوتنەوە كە لەسەر بنەمای هەڵگەڕاوەی ڕەگی دووری دامەزراوە (ئەڵبەتە ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین كە بارستای هەسارەكان هیچ نین .)

**بگەڕێینەوە بۆ: Max Born,natural Philosophy of cause & chance,١٩٤٩,PP.١٢٩ – ١٣٣**

٢ - لە مەقالەی كەشكۆڵ و فانۆسدا لەم كتێبەدا ڕونكردنەوەی زیاترتان لەم بارەیەوە دەست دەكەوێت . (و . كوردی)



بەراورد بێت یان توێژینەوە، لە پێشەكییە گونجاوەكانەوە بەدەرەنجامێك بگەین كە لەڕووی لۆژیكییەوە لەگەڵ ئەو پێشەكیانەدا نەگونجێت.

من ئەمە وەك بەڵگەیەكی بەهێز دادەنیم لە بەرامبەر توێژینەوەدا. ئێستا بەكورتی ئاماژە بەدژیەكییەكانی نێوان تیۆریكەی نیوتن و ئەوانەی پێش خۆی دەكەم. گالیلۆ، باوەڕی وایە كە هەرپارچە بەردێك یان تەنێكی هەڵدراو لە ڕێڕەوێكی تیرئاسادا دەڕوات، جگە لەكەوتنەخوارەوەی سەربەستی ستونی كە لەم كاتەدا بەخێرایەكی جێگیرەوە لەسەر هێڵێكی ڕاست بەرەو ڕووی زەوی دێت. (لە درێژایی ئەم باسەدا چاو پۆشی لەبەرگری هەوا دەكەین. لە دیدگای تیۆرەكەی نیوتنەوە ئەم دوو قسەیە هەردووكیان هەڵەن، ئەویش لەبەر دوو هۆی جیاواز: یەكەمیان هەڵەیە لەبەرئەوەی كە ڕێڕەوی تەنێكی هاوێژراوی دوورەڕۆ، بۆ نموونە مووشەكێكی كیشوەربڕ، (كە لەسەرەوە یان بەشێوەیەكی ئاسۆیی هاوێژرابێت) تەنانەت بە نزیكەیش تیرئاسا نییە، بەڵكو هێلكەیی دەبێت. ڕێڕەوی تەنێكی هاوێژراو، تەنها لە كاتێكدا تیرئاسا دەبێت كە كۆی دووری فڕینەكەی لەچاو نیوەتیرەی زەویدا هیچ نەبێت.

ئەم خاڵە لەلایەن خودی نیوتنەوە لەكتێبی بنەڕەتەكاندا[1] ئاماژەی پێكراوە، هەرووەك چۆن لە ڕونكردنەوەیەكی زیاتردا بۆ تێگەیاندنی هەموان لێی، واتە لە سیستمی جیهاندا لەڕێگەی كەڵك وەرگرتن لە وێنەیەكەوە ئەمەی زیاتر شیكردۆتەوە.

١- Principia



ئەم وێنەیەی نیوتن ڕونکردنەوەی قسەکەی خۆیەتی کە دەڵێ: ئەگەر خێرایی تەنێکی هاوێژراو زیادبکرێت و لەوکاتەشدا دووری فڕینەکەی زیادبکات، لە کۆتایدا بەدەرچوونی لە سنووری زەوی بەبێ پەیوەندی لەگەڵ زەویدا دەچێتە فەزاوە.

بەم پێیە تەنێکی هەڵدراو لەسەر زەویدا لە ڕێرەوێکی هێلکەییدا دەجولێت نەك تیرئاسا. ئەڵبەتە سەبارەت بەو هەڵدانانەی کە بەڕادەی پێویست کورتن) دەربڕینێکی چاکە بۆیان، بەڵام ناتوانین ئەم جۆرە ڕێڕەوە بەشێوەیەکی لۆژیکی لە تیۆرییەکەی نیوتن دەربهێنین، مەگەربێت و هەندێ دۆخ و بابەتی بۆزیادکەین کە لەڕاستیشداهەڵەن. (بارودۆخێك کە لەبەرامبەر تیۆرییەکەی نیوتندا شیاوی سەلماندن نییە، هەربۆیەش ئەمانگەێنێتە دەرەنجامێکی نا مەعقول) بەو پێیەی نیوەتیرەی زەوی بێ کۆتابێت. ئەگەر خۆمان نەدەینە دەست ئەم گریمانە هەڵەیە، ئەوا بە پێچەوانەی یاساکەی گالیلۆوە کە باوەڕی بە ڕێڕەوی تیرئاسایە، ڕێڕەوی هێلکەیمان دەستدەکەوێت. سەبارەت بە بەشی دووەمی یاساکەی گالیلۆش کە باوەڕی بەبوونی خێرایی نەگۆڕە، ئەوا ڕووبەڕووی بابەتێکی هاوشێوە دەبینەوە. لە دیدگای تیۆرییەکەی نیوتنەوە خێرای بەرزبوونەوەی تەنەکان لە کاتی کەوتنە خوارەوەی سەربەست و ڕاستەوخۆدا هەرگیز جێگیر نییە، بەڵکو لەکاتی کەوتنەخوارەوەی تەنەکاندا بەهۆی نزیکبوونەوە و نزیکتر



بوونەوەیان لە چەقی کێشکردنی زەوییەوە، خێراییشیان زیاد دەکات. ئەگەرچی لەکاتی ناچیزبوونی بەرزایی کەوتنە خوارەوەدا بەبەراورد بە نیوەتیرەی زەوی، ئەم کاریگەرییە تووشی نادیاری دەبێت. بەڵام ئەگەر تەنەکە لەبەرزاییەکی زۆرەوە بکەوێتە خوارەوە، ئەم کاریگەرریە بەڕوونی دیارە و شیاوی سەرنجدانە. بەم پێیەش ئێمە تەنها کاتێك ئەتوانین تیۆرییەکەی نیوتن لەوەی گالیلۆ دەربهێنین کە باوەڕ بەگریمانەی هەڵەی "بێ کۆتابوونی نیوەتیرەی زەوی بهێنین". (یان بەسفربوونەوەی بەرزایی کەوتنەخوارەوەکان.)

ئەو دژیەکییانەی کە من ئاماژەم پێکردن بەهیچ شێوەیەك لەبارەی مووشەکە دوورهاوێژەکانەوە ناڕوونی تیادا نییە، بۆ ئەم جۆرە تەنانە ئێمە دەتوانین کە تیۆرییەکەی نیوتن (ئەڵبەتە بەدەستکاری کردنێکەوە کە حیسابی بەرگری هەوای تیا کرابێت)، بەکاربهێنین، بەڵام ناتوانین کەڵك لە تیۆرییەکەی گالیلۆ وەرگرین و ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە کە تیۆرییەکەی گالیلۆ ئەمان گەێنێتە چەند دەرەنجامێکی نادروست کە بەتیۆرییەکەی نیوتن دەتوانین بیانخەینەڕوو.

لەبارەی یاساکانی کیپلەریشەوە بارودۆخەکە هەروایە، شتێکی روونە کە ئەگەر ئێمە هێزی کێشکردنی نێوان هەسارەکان حسێبکەین ئەوا یاساکانی کیپلەر لەچوارچێوەی تیۆرەکەی نیوتندا بەشێوەیەکی تەقریبی دانی پێدا دەنرێت (واتە بەشێوەیەکی وردی لۆژیکی دانیان پێدانانرێت ١.

بەڵام ئەم دوو تیۆرە دژیەکییەکی قووڵتریان لەم دژیەکە هەیە کە تاڕادەیەك ئاساییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وەك پێدانی زێدەمافێك بە بەرامبەرەکان چاو لەهێزی کێشکردنی نێوان هەسارەکان بپۆشین پاشان لە دیدگای دینامیکی نیوتنەوە تەماشای یاسای سێیەمی کیپلەر بکەین، لە نزیکییەك بەولاوە ئەویش لەدۆخێکی تایبەتی شیاوی کارپێکردندا نەبێت ناتوانین حسێبی کەین، واتە لەبارەی ئەو هەسارانەی کە بارستاییەکەیان چونیەکە یان ئەگەر چونیەکیش

١ -بگەڕێنەوە بۆ P.Duhem,The Aim&Struture of Physical Theory.١٩٠٦ تەرجەمە ئینگلیزیەکەی لە لایەن P.PWiener, ١٩٥٤,Part II,Chapter Vi,Section٤ دۆییم حۆی ڕاشکاوانە باسی ئەوەدەکات کە لەقسەی خودی نیوتندا (Pricipiaکتێبی یەکەم، بابەتی ٦٥، تیۆری ٢٥) ئاماژەی پێکراوە بۆیە نیوتن بەڕوونی ئەوە ئەخاتەڕوو کە لەو شوێنانەی کە زیاد لە دوو تەن کار لەسەر یەکتردەکەن، دوو یاساکەی یەکەمی کیپلەر (لانی زۆر) بەنزیکی (تقریبی) ڕاستن تەنانەت ئەمەش لەهەندێ باری تایبەتدا دروستە کە خۆی دوان لەوبارانە شی دەکاتەوە

نەبێت لەچاو خۆردا زۆرکەمە، لێرەدا ئەم یاسایە تەنانەت بەشێوەیەکی تەقریبیش لەبەرامبەر ئەو هەسارانەی کەیەکێکیان قورس و ئەوەی تریان سووکە ڕاست دەرناچێت، بەم شێوەیە ڕووندەبێتەوە کە یاساکەی کیپلەریش وەك ئەوەی گالیلۆ لەگەڵ تیۆرەکەی نیوتندا دژیەکە.

ئەم مەسەلەیە ئەتوانین بەم سادەییە بخەینە ڕوو: تیۆرییەکەی نیوتن بۆ سیستەمێکی دوو " تەنی " (سیستەمی دوو هەسارەیی) یاسایەك بەدەستەوە ئەدات کە بەهۆی پەیوەندی نزیکی لەگەڵ یاساکەی کیپلەردا ئەستێرەناسەکان، ناویان ناوە یاسای کیپلەر.

ئەم (بەناو) یاسای کیپلەرە بەم شێوەیە کە $M_0$ بارستایی یەکێك لە دوو تەن (بۆنمونە خۆر) و $M_1$ بارستایی تەنێکی تر (بەنموونە هەسارەیەك) بێت، ئێمە ئەتوانین لەڕێی هەڵبژاردنی یەکەکانی ئەندازە گیرییەوە، ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە لە تیۆرەکەی نیوتن وەرگرین:

$$\frac{a^3}{T^2} = M_0 + M_1 \quad (1)$$

A دووری نێوان دوو تەن و T ماوەی خولێکی تەواوە. لەکاتێکدا خودی یاساکەی کیپلەر ئاوا دەڵێت.

$$\frac{a^3}{T^2} = \text{جێگیر} \quad (2)$$

ژمارەی جێگیر لە هاوکێشەکەی سەرەوەدا بۆ هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر، وەك یەکە، ئەوەی لێرەدا ڕوونە ئەوەیە کە ئێمە ئەم یاسایە تەنها لەکاتی گریمانەی جێگیری کۆی $M_0 + M_1$ دەتوانین لە (۱) بەدەست بهێنین و کاتێکیش $M_0$ بەهاوتای بارستەی خۆردادەنێین بۆ کۆمەڵەی خۆری خۆمان جێگیر= $M_0$ تەنها لەکاتێکدا دەتوانین (۲) لە (۱) بەدەست بهێنین کە $M_1$ بۆ هەموو هەسارەکان بە یەکسان دانێین (بەشێوەیەکی گریمانەیی) یان ئەگەر ئەم گریمانەیە لە واقیعدا هەڵەبێت (هەروەك چۆن وایە چونکە هەسارەی موشتەری چەندین هەزارجار لە بچووکترین هەسارەی کۆمەڵەی خۆر گەورەترە)، ئەوا ئەبێت گریمانەی ئەوە دابنێین کە بارستایی هەموو هەسارەکان بە بەراورد بە بارستایی خۆر یەکسان بن بەسفر، تاوەکو بتوانین بڵێین بۆ هەموو هەسارەکان، $M_1$ یەکسانە بەسفر. لە دیدگای تیۆرەکەی نیوتنەوە ئەم نزیککردنەوەیە ئەگونجێت، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەگەر بمانەوێت قسەیەکی ورد و دەقیق بکەین، ئەوا دانانی $M_1 = 0$ نەك تەنها دروست نییە، بەڵکو لەدیدگای تیۆرەکەی نیوتنیشەوە شیاوی سەلماندن نییە (تەنێك بە بارستایی سفرەوە لە یاساکانی نیوتندا جێی نابێتەوە). بەم پێیە



ئەگەر ئێمە چاوپۆشی لەهێزی کێشکردنی نێوان هەسارەکانیش بکەین، ئەوا یاسای سێیەمی کیپلەر واتە (۲) لەگەڵ تیۆرەکەی نیوتندا کە (۱) مان پێدا دژیەکە.

ئەو خاڵەی کە شیاوی سەرەنج دانە ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە تیۆرییەکانی گالیلۆ و کیپلەرەوە بەرەو تیۆریگەلێکی گشتیتری وەك تیۆرییەکەی نیوتن ڕێنمونی وەرگرین، ناتوانین لەخودی ئەم تیۆرییانەوە بچووکترین ئاماژە وەرگرین لەسەرئەوەی چۆن گۆڕان و چاکسازییان تێدا بکەین (ئەبێ چ پێشەکییەکی هەڵە بەکاربهێنرێت یان چ بەندوبارێك وەربگیرێتەوە) تەنها پاش ئەوەی کە تیۆرەکەی نیوتنمان لەدەست دایە، دەتوانین پەی بەوە بەرین کە ئایا تیۆرە کۆنەکان هیچ نزیکییەکیان لەگەڵیدا هەیە یان نا و بە چ واتایەکیش وان، ئەم ڕاستییەش ئەتوانین بەکورتی بەم شێوەیە بیخەینەڕوو کە هەرچەندە لەسۆنگەی تیۆرەکەی نیوتنەوە تیۆرەکانی گالیلۆ و کیپلەر نزیککەرەوەیەکی لەبارن بۆ بەشێکی تایبەت لە دەرەنجامی نیوتن، بەڵام ناتوانین بڵێین کە لەسۆنگەی تیۆرەکانی گالیلۆ و کیپلەرەوە، تیۆرەکەی نیوتن نزیککەرەوەیەکە بۆ دەرەنجامەکانی ئەو دوو تیۆرییە.

هەموو ئەمانە ئەوە دەخەنە ڕوو کە ناگونجێت لۆژیك (چ بە بەراورد چ بە توێژینەوە) بتوانێت لەم دوو تیۆرییەوە بگاتە دینامیکیەتی نیوتنی[1].

تەنها هۆزانییە کە دەتوانێت ئەم هەنگاوە هەڵێنێت و هەرئەوەندەش ئەم هەنگاوە نرا ئەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە دەرەنجامی تیۆرەکانی گالیلۆ و کیپلەر پشتگیری تیۆرە نوێیەکە دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا من لێرەدا ئەوەندەی گرنگی بەبابەتی ناوەڕۆك دەدەم گرنگی بە نەگونجانی توێژینەوە نادەم، بۆ ئەمەش ئەتوانین لەم نموونەیەی کە باسکرا چەندخاڵێك فێربین، تیۆرییەکەی نیوتن، تیۆرییەکانی گالیلۆ و نیوتن یەك دەخات، بەڵام ناکاتە کۆی ئەو دوو تیۆرییە (ئەمانە ڕۆڵی ڕاڤەکراو دەگێڕن لە تیۆرییەکەی نیوتندا) بەڵکو ڕاڤەیان دەکات و ڕاستیان دەکاتەوە. ئەرکی سەرەکی لەڕاڤەدا[2] ئەوەیە کەیاساکانی پێشوو لە تیۆریەکانی دواتر هەڵێنجێت، ئێستا ئەم ئەرکە بەجێ گەیەنراوە، نەك بەهەڵێنجانی هەمان دەرەنجامی پێشوو بەڵکو بە هەڵێنجانی

---

۱ - چەمکەکانی " وزە " (بگەڕێنەوە بۆ پەراوێزی (- ۵) ) و "کارتێکردن لە دوورەوە " گرفتی زیاتر دروستدەکەن

۲- The Original explanatory task

باشتر لەوە، واتە هەڵێنجانی یاساگەلێکی نوێ کە لەژێر مەرجە تایبەتییەکانی یاساکانی پێشوو، لە رووی ژمارەوە زۆر لێیان نزیکن و لەهەمان کاتیشدا ڕاستیاندەکاتەوە، بەم پێیەش ئەتوانین بڵێین کە دەرچوونی (سەرکەوتنی) تیۆرییەکەی پێشوو لە مەیدانی تاقیکردنەوەدا، پشتگیرییە بۆ تیۆرییە نوێیەکە. سەرەڕای ئەوەی خودی ڕاست کردنەوەکانیش لەلای خۆیانەوە دەکرێت تاقیکرییێنەوەو بەپێی بابەتەکە پووچەڵکرێنەوە یان پشتگیری کرێن، لەم دۆخەلۆژیکییەدا کە من بەشێوەیەکی گشتی خستوومەتەڕوو ئەوەی کە بەڕوونی دەردەکەوێت ئەو راستییەیە کەناکرێت تیۆرە نوێیەکە بتوانێت ad hoc یان خولی بێت تیۆرە نوێیەکە نەك هەردووبارە ڕاڤەکراوەکەی خۆی نییە بەڵکو لەگەڵیشیدا دژیەکە و ڕاستی دەکاتەوە بەم پێیە قەرینە پشتگیرەکانی تیۆری ڕاڤەکراو وەك بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ پشتگیری لە تیۆرە نوێیەکە دەکەن (جگە لەوەی ئەم شیکردنەوەیە یارمەتیمان دەدات لەوە تێبگەین کە بۆچی تیۆرییەکانی چەندایەتی ١ و ئەندازەگیری بەکەڵك و بەنرخن، و بەم پێیەش لەوهەڵەیە بەدووربین کە وەك بەهایەکی لەبەرخۆ ویستراو (مطلوب بالذات) تەماشای ئەندازەگیری و ووردبینی٢ بکەین.

من باوەڕم وایە کە هەرکاتێك لەزانستە ئەزموونییەکاندا تیۆرییەکی گشتگیرتر و تازەتر توانی بەسەرکەوتوویی، سەرەڕای ڕاست کردنەوە، ڕاڤەی تیۆرییەکانی پێش خۆی بکات ئەم سەرکەوتنە نیشانەیەکی دڵنیاکەرەوەیە لەسەر ئەوەی کە تیۆرییە نوێیەکە لە تیۆرییەکانی پێش خۆی قووڵترە، بەو مەرجەی کەهەرتیۆرییەکی تازە ئەبێت بەشێوەیەکی نزیکەیی و لەبەرامبەر پێوەرێکی تایبەتی پارامەترەکانی خۆیدا تیۆرییە پێشینەکەی لەخۆگرتبێت، ئەتوانین (بەشێوەی تێکەڵکردن ناوی " بنەمای هاوتابوون و لەخۆگرتنی " لێبنێین٣ هەرووەك پێشتر وتمان وەفاداری بەرامبەر ئەم مەرجە " مەرجی پێویست " بۆ بەدەستهێنانی قوڵییە، بەڵام " مەرجی کافی" نییە لەبەرئەوەی تیۆرەی شەپۆلە ئلیکترۆموگناتیسییەکانی ماکسول تیۆرەی شەپۆلی ڕوناکی فرزنیلی٤ بەو واتایەی سەرەوە ڕاست نەکردەوە، بێگومان تیۆرەکەی ماکسۆل قولتر بوو بەڵام بە واتایەکی تر: گرفتی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە دیاریکردنی هەلومەرجی

١- Metrical Theories

٢- Precision

٣- Principle of Correspondence

٤- Fresnel



سنوورەکانی نێوان دوو ڕووبەرەوە لەلایەن بنەما سەرەتاییەکانی ئەم تیۆرەوە شیکرایەوە، ئیدی نیاز بە تیۆرییەکی (ad hoc) بۆ سڕینەوەی شەپۆلە درێژەکانی ڕووناکی نەما، پەستانی ڕووناکی، کە ئەوەندە لە تیۆرەی تیشکدانەوەدا گرنگی هەبوو تازە تاقیکرابووەوە، وەك یەکێك لە بەدوادا هاتووەکانی ئەم تیۆرییە شیاوی هەڵنجان بوو لێی١.

ئەم پارچە ژێرانەیە " کە ئەنیشتاین بەشێوەیەکی گشتی بەشێك لە دەستکەوتە گەورەکانی ماکسولی خستەڕوو، بەراوردی کرد بە دەستکەوتە تیۆرییەکانی فرزنیل " گوزارشت لەوەدەکات کە هەلومەرجێکی لەباری تر بۆ قووڵیی بوونی هەیە کە شیکردنەوەکەی من نایانگرێتەوە.

ئەگەر ئێمە ڕیالیست نەبین، ئەرکی سەرەکی زانست کە بەڕای من دەستخستنی ڕاڤەی رازیکەر بوو، ئەکرێت پەی پێببردرێت لەبەرئەوەی ڕاڤەیەکی رازیکەر ئەوەیە کە ad hoc نەبێت و ئەتوانین ئەم مەسەلەش (واتە بوونی بەڵگەی سەربەخۆ) بەبێ بیرکردنەوە لە دۆزینەوە، بەبێ بیرکردنەوە لەبەرەو پێشچوون بەرەو ڕوویەکی قووڵتری ڕاڤە و بەدەربڕینێکی تر بەبێ بیرکردنەوە لەوەی تاکە شتێك بوونی هەبێت تاوەکو بیدۆزینەوە و ڕەخنەگرانە هەڵیسەنگێنین، بەتەواوی هەرسی کەین.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم ڕونکردنەوانەدا بەڕای من وادیارە لەمەیدانی ڕەوشناسیدا ئێمە ناچار نین کە پێشوەخت ڕیالیزمی فەلسەفە قەبوولکەین. هەرووەك چۆن باوەڕناکەم یارمەتییەکی زۆری لێوەرگرین، جگە لەجۆرێك لە پەی پێبردنی دەروونی و فریشکی. بۆیە ئەوەندە بەسە کە پێمان بڵێن ئامانجی زانست ڕاڤەکردنە و رازیکەرترین ڕاڤەش ئەوەیە کە توانای دەرچوونی لەسەختترین تاقیکردنەوەکاندا هەبێت و بە توندترین شێوەش تاقیکرابێتەوە

١- A.Einstein, Physikalische Zeitshrift ١٠,١٩٠٩,PP.٨١٧f.

ئەتوانین بڵێین کە دەست کێشانەوە لە گریمانەی بوونی شتێك بەناوی ئایە ر (ether) ی ماددی (کە نەیتوانی ماکسول لەدروستکردنی مۆدێلی رازیکەری ئایە ر، بەڵگەیە لەسەرئەمە) لەبەرامبەر تیۆرەکەی فرزنیلدا، بەو واتایەی کە باسمانکرد قوولایی دەبەخشێتە تیۆرەکەی ماکسول ئەم بابەتەش بەڕای من لە گێڕانەوەی ئەو قسەیەی سەرەوەدا لەسەر ئەنشتاین، خۆی حەشارداوە، بەم پێیەش لەوانەیە قسەکەی ئەنیشتاین لەسەر تیۆرەکەی ماکسۆل نموونەیەکی دروست نەبێت بۆ تێگەشتنێکی تر " لەقولایی " بەڵکو دەربڕینەکەی خودی ماکسول وابێت .

تا هەموو ئەوەی بەناوی ڕەوشناسییەوە پێویستمان بە زانینیەتی، پێمان وترابێت. ئێستا چ یارمەتی لە ڕیالیزمی فەلسەفی وەرگرین و چ لێی وەرنەگرین، ناتوانین ڕای خۆمان لەبارەی ئەوەوە دەربڕین کە ئەم ئامانجە شیاوی هاتنە دییە یان نا.

ڕیالیزمی فەلسەفی تەنیا ئازایەتی دەروونی و فیکری و تاڕادەیەکیش هیوامان پێدەبخشێت، بەلاّم هیچ جۆرە دڵنیاییەکمان پێنادات.

ئەگەر چی ئەگەری ئەوە هەیە کە توێژینەوەیەکی بەڵگەدار و عەقلاّنیانەی ڕەوشناسی، پێویستی بەدانانی ئامانجێکی خوازراو یان زەینییە بۆ زانست، بەلاّم بەشێوەیەکی تەواوەتی پێویستی بەم گریمانە میتافیزیکییە (و بە ئەگەری زۆرەوە هەڵە نییە کە مرۆڤ دەتوانێت تیۆریی ڕاستەقینەی پێکهاتەی جیهان (ئەگەر وەها شتێك بوونی هەبێت) بدۆزێتەوە)، یان بیانخاتە چوارچێوەی وشەوە.

ئەگەر ئەو وێنەی ئەمڕۆ کە زانست ئەیدا بەجیهان، تا ڕادەیەك لە حەقیقەتەوە نزیك بێت (بەدەربڕینێکی تر ئەگەر ئێمە شتێکمان بەناوی "مەعریفەی زانستییەوە " هەبێت)، ئەوکاتە ئەو هەل و مەرجەی کە تاڕادەیەك لەهەموو جیهاندا باوە، ئەگەری دۆزینەوەی ئەو جۆرە یاسا بنەڕەتیانەی کە ئێمە بەشوێن دۆزینەوەیانین، بەم پێیەش " مەعریفەی زانستی " نەگونجاو دەکەن. بۆیە بەشێوەیەکی تەقریبی هەموو ناوچەکانی جیهان لە تیشکدانەوە هەڕەمەکییەکان ئاخنراوە و شوێنەکانی تریش، بە بەشێك بەو پەرتبوون و بێ نەزمییە داگیرکراوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، زانست بەشێوەیەکی پەرجوو ئاسا توانیویەتی بەرەو ئەوەی کە بەڕای من بە ئامانجی زانست دادەنرێت، بجووڵێت. ئەم ڕاستییە سەرسوڕهێنەرە بەڕای من لەسەرووی ڕاڤە قەبووڵکردنەوەیە مەگەر ئەوەی کە بمانەوێت زیادەڕەوی لە دەربڕینیدا بکەین، لە هەمان کاتدا دەکرێت هاندەری ئێمە بێت لە بەدواداچوونی ئەو ئامانجەدا، لەگەڵ ئەوەی کە دەزانین نە ڕیالیزمی فەلسەفی و نە هیچ سەرچاوەیەکی تر، ناتوانن بەتەواوی دڵنیامان کەنەوە لەوەی کە هەر دەگەین بەو ئامانجە.



# پێرستی کتێبە هەڵبژێردراوەکان

SELECT BIBLIOGRAPHY

.Aristotle,***Metaphysics***, De Anima

Berceley,Three ***Dialogues*** Between Hylas and Philonous, .in;Works,eds> luce and Jessop, vol. ١١,١٩٤٧

Bolzano, b. ***Wissenshaftslehre***,١٨٣٧

Brouwer, l. e. j. , Inaugural Lecture, ١٤ October ١٩١٢; transl. A. Dresden, Bull. Am. math. soc. ٢٠,١٩١٤,٨١-٩٦---Math. ann. ٩٣,١٩٢٤

---mathematik,wissenschaft und sprache[vortrag gehalten in wien .am io. III, ١٩٢٨], ***in Monatsh. Math. Phys***. ٣٦,١٩٢٩,٣٥٣-٦٤

---***Consciousness, philosophy, and Mathematics, in; proc. ١٠th .Intern. Congress of philosophy***. ١٩٤٩, Vol. I, Fascicule ii

---On order in the continum, and the relation of truth to non-***con-.trdctority. kon. ned. acad, recht. Wet. Proc.*** Set. Sci. ٥٤,٩٥

.Buhler, K,***Sprachtheorie***,١٩٣٤

.Bunge, R. ***Quantum Theory and Reality***, ١٩٦٧

Descartes, R. ***Descorse de la methode***, ١٦٣٧; transl. E. S. Haldna .and G. R. I. Soss, Vol. I,١٩٣١

.Dugase. G. j. ***,f. phil.*** ٣٧. ١٩٤٠

Feyerabend and Maxwell, ***eds. Mind, Mater and method, Essays in phelosophy and Science in Honor of Herbert Feigl,*** ١٩٦٦.

Frege. G, Ueber Sonn and Bedutung, ***Z. phil. And phil. Kritik***,Ioo, ١٨٩٢. ٢٥-٥٠.

---Review of Huserl, ١٨٩١,Z. ***Phil. And phil. Kritik*** ١٠٣. ١٩٨٤, ٣١٣-٣٢.

---Der Gedanke. ***Beitrage Zur philosphied. Deutschen Idealismus, I,*** ١٩١٨.

Gombrich, E. H, Moment and Movement in Art. F. ***Warburg and Cort. Ins***t. ٢٧. ١٩٦٧

# زانست و فەلسەفە*

## بەشی یەکەم:

لەلایەکەوە، زانست و فەلسەفە ڕووی جۆراو جۆری هەوڵێکی گەورەی زهنی مرۆیین و کاتێك دەمانەوێت مرۆڤایەتی لە ژیانی ئاژەڵی لە پێشتر دابنێین ئەوا پەنجە لەسەر پەیوەندی نێوان ئەم دوانە دادەنێین. لەپلەی نزمی ژیانی ئاژەڵیدا، نیشانە گەلێك لەهەستکردن بە جوانی، دەستکەوتی پیشەیی، گردبوونەوەی کۆمەڵایەتی و هەستی خەمخۆری بەرچاودەکەون کە بولبولەکان، سەگە ئاوییەکان، مێروولەکان و پەروەردەکردنی بێچووەکان هەموویان بەڵگەن لەسەر ئەم دۆخەی ژیانی ئاژەڵی. ئەڵبەتە هەموو ئەم ڕەفتارانە، لە ئاستێکی زۆر بەرزتردا لە نێوان مرۆڤەکانیشدا بوونی هەیە، ئەم ڕەفتارانە لە جیهانی مرۆڤیدا لەگەڵ بارودۆخی دەوروبەردا هاوتایی جۆراو جۆریان هەیە، ئاڵۆزتر دەبن و پەیوەندی زیاتر پێکەوە پەیدا دەکەن. بەڵام لەنێوان ئاژەڵاندا، بە بێ ئاڵۆزی و بەرووتی خۆی دەدات بەدەستەوە

تائەو جێیەی کە بەڵگەی ڕاستەوخۆ لە ئارادابێت، لە نێو هەموو ئەو گیانلەبەرە زیندووانەی کە لە سەر ئەم هەسارەیە دەژین زانست و فەلسەفە، تەنها پەیوەندییان بە مرۆڤەوە هەیە و هەردووکیان هەوڵی تێگەیشتن لە واقیعیاتە تایبەتییەکان دەدەن، وەك نموونەیەکی دەرەکی بنەماگشتییەکان (اصول عام).

* - بەشی نۆیەم لە کتێبی:

A.N.Whitehead, Adventures of Ideas – Cambridge: at the University Press, ١٩٤٢ , pp١٧٩ – ٢٠٤. )



بنەماکان، بە شێوەی دابراو و تەجریدی دەرك دەکرێن و وەك ڕەنگدانەوەی ئەو بنەمایانەش تەماشای دیاردە تایبەتە کانیش دەکەن. بۆنموونە ئاژەڵەکانیش بە رووکەشانە ئەوە دەزانن کەبە شێوەیەکی ئاسایی تەنەکان دەکەونە خوارەوە. ئەم شتە تووشی سەرسوڕمانیان ناکات و هەندێك جار خۆشیان شت بەر دەدەنەوە سەر زەوی. بەڵام هەرلەسەرەتای مێژووی نوێی ئەوروپییەوە دەبینین کە ئەرستۆ یاسایەك ئەخاتە روو کە ئەڵێت: لەتەنە ماددییەکاندا ویستێك بۆ گەیشتن بە چەقی زەوی هەیە. بەگریمانەیەکی نزیك لە یەقین و دڵنیاییەوە ئەم یاسایە ئەرستۆ نەی دۆزیوەتەوە، بەڵکو ئەمە بیرکردنەوەیەکی باو و زاڵی یۆنانییەکان بوو، ئەگەر چی هەمووشیان لەسەر ئەم رایە کۆك نەبوون، بەهەر حاڵ، ئەم یاسایە لەنووسراوەکانی ئەرستۆدا بەروونی دیارە و هەیە. ئێمە لێرەدا لەمەزیاتر بۆمان ناکرێت خەریکی خەملاندنی شوێنەوارناسانە بین. ئەمڕۆ ئەم یاسایە لای ئێمە بە کۆن و نادروست خۆی دەنوێنێت. ئەم یاسایە زۆر جوزئی و تایبەتە و لەهەمان کاتدا بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بتوانێت ڕاستی و دروستییەکەی بەوردی بخاتە روو، ئەبێت سنوورەکانی بەوردی دیار بکەین.

ئێمە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە مێژووی دواتری ئەم یاسا و چاکسازییە یەك لەدوای یەکانەی کە تیایدا هاتووەتە دی ڕوونکردنەوەیەکی زۆر لەسەر ڕۆلی ڕێژەیی زانستی و فەلسەفە ئەدات بەدەستەوە. با سەرەتا لەیاساکەی ئەرستۆ بکۆڵینەوە کە لە یەکەمین بۆچوونە زانستییەکانی ڕۆژئاوایە کە لەسەدەی (تالیسی١) ەوە واتا ٦٠٠ ساڵ پێش زاین تائێستا لەئارادایە.

بەنزیکەیی، ئەمە مێژوویەکی بیست و پێنج سەدەییە. هەڵبەتە سەرەتاکانی ئەمە لەمیسر و دۆڵی دووروبار و (میزۆپۆتامیا) و هیند و چین بوونی هەبووە. بەڵام زانستی نوێ، کە ئامانجی وردکۆڵی ئاخنراو بە رەخنە و خاڵی بوون لە خورافاتی میراتی ڕۆحی مرۆیی بووە، هاوکات لەگەڵ یۆنانیە کاندا لەدایك بووە و لەنێوان یۆنانییەکانیشدا تالیس یەکەمین لایەنگری ئەوەیە کە ئێمە ئەیناسین.

لەو باسە گشتییەی کەباسکرا، زانست و فەلسەفە لێك جیانین. وشەی "وردکۆڵی "٢ مافی ئەو ئامانجەی کە جوولێنەری مرۆڤایەتی بووە بە باشی ئەدا ناکات. وردکۆڵی بە واتایەکی قووڵتری وشەکە کە لێرەدا مەبەستمانە، بریتییە لەتامە زرۆیی عەقل بۆ تێگەیشتن

١- thales

٢ -فضولی (یان کونجکاوی، لە زمانی فارسیدا)

لەو دیاردانەی کە لەکاتی ئەزموونکردندا لێکدی جیاوازن. واتای ئەمەش پێداچوونەوەیە بەسەر "ڕازیبوون" بە ڕێژەیەکی زۆر لە واقیعەتەکان یان تەسلیم بوون بەعاداتی ڕۆژانە.

هەنگاوی دەستپێك لەزانست و فەلسەفەدا کاتێك زانرا کە مرۆڤ بۆی دەرکەوت کە هەر ڕووداوێکی ئاسایی ڕەنگدانەوەی بنەمایەکە کە ئەتوانێ بەشێوەیەکی ئینتیزاعی و دابڕاو لە نمونە دەرەکییەکەی بخرێتە ڕوو. وردکۆڵی، شارستانیەتەکان لەئاسوودەیی مێژوویان خەبەر دەکاتەوە، کە بریتییە لە هەمان ئەو جۆشوخرۆشەی کە بۆ دەربڕین و تەعبیر کردن هەیە لە بنەماکان، بەشێوەیەکی دابڕاو و سەر بەخۆ. لە وردکۆڵێدا ڕیشەیەك لە بێڕەحمی بوونی هەیە کە هاندەر و پاڵنەر دروستدەکات. ئێمە، ئەمریکایی یان فەرەنسی یان بەریتانیین و ژیانی خۆمان بە ناسکی و جوانییەکەیەوە خۆشدەوێت. وردکۆڵی، پاڵمان پێوە دەنێت بۆ ناسینی شارستانیەت لەم ناسینە گشتییەشدا، بەزوویی بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئیدی هەواڵێك لەبارەی ئەمریکای خۆشەویست یان فەرەنسای خۆشەویست و یان بەریتانیای خۆشەویستەوە نییە. چەند شتێکی تایبەت هەستەکانمان بۆخۆیان رادەکێشن، لەکاتێکدا کەچەمکە گشتییەکان بەشێوەیەکی بێهەست و بێ لایەنن.

توێژینەوە لە یاسای کێشکردنی ئەرستۆیی، نموونەیەك لەم دابراندنە نیشاندەدات کە لە گەردەکانی زانستدا هەیە. ئەم یاسایە پۆلینکردنی شتەکانی دەوروبەرمانی لەخۆ گرتووە:

تەنگەڵێکی قورسمان هەیە کە ئارەزووی کەوتنەخوارەوەیان هەیە و هەندێ پێکهاتەی تری وەك تیشکیش هەن کە سروشتیان بەرەو سەرەوە رایان دەکێشێت، ئەگەرچی ئێستا لەسەر زەویدا ئاوێزانی شتگەڵێکی تر بوون.

ئەم شتانە کە بەرزدەبنەوە ئارەزووی شوێنی سروشتی خۆیان دەکەن کە ئاسمانە. هەسارەو ئەستێرەکانیش دەستەی سێیەمن کە سروشتیان وادەخوازێت لە ئاسماندا بن. لەم پلەبەندییەی بەشەکانی سروشتی هەستپێکراودا، بەشی چوارەمیش هەیە کە تایبەتمەندییەکی تاقانە و تایبەت بەخۆی هەیە و تەنها ئەندامی کۆمەڵەکەی خۆیەتی. ئەم بەشی چوارەمەش، زەوییە کە چەقی جیهانە و هەموو شتە باسکراوەکانی تریش، بە هۆی ئەوەوە پێناسە دەکرێن.

ئەرستۆ لەم پلە بەندییەی بەشەکانی سروشتی هەستپێکراودا، یەکەمین شیکردنەوەی گشتی لەسەر واقعیاتی سروشت دەخاتە بەردەم زانست و فەلسەفە.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەم پلە بەندییە، ڕێك وەك ڕەوشە نوێیەکان، پشت بەجوولە و تایبەتمەندی شتەکان دەبەستێت. لە جێی گۆماوێکی ئاڵۆز لە واقعیاتی نارون و ئالوودە بە



دەردو ئافەتی سیحر و خورافەتەوە، ئەرستۆ پێشنیارێکی هاوسەنگ و سادە دەخاتە بەردەم زیهنەوە کە پشتی بە واقیعەتە ئەزموونکراوە سەرەتایی و بەردەوامەکان بەستووە.

دیمەنی گشتی ئەمەش، هەم زانستییە و هەم فەلسەفی. ئەمە لەپاشتردا توانی کە ببێتە پشتیوانی هەستپێکراوی ڕزگاربوون لە مەسیحییەتدا. ١٨ سەدە دواتریشی لۆتەر١ وکلێسای ڕۆمیش، هەردووکیان بەیەك ئەندازە لە بەرامبەر ڕەتکردنەوەیدا بەرگریان کرد.

بۆ هەر لایەك لەلایەنەکانی پشتیوان و بەلگەیەکی ئەزموونی بوونی هەیە، و هەر ئەزموونێکیش ئەتوانین چەند جارێك دوو بارە کەینەوە. زانست لەشارستانیەتی نوێدا، بە دەستی ئەرستۆ و ئەپیکۆر٢ گەشەی خۆی وەرگرت.

## بەشی دووەم:

لە تیۆرەکەی ئەرستۆدا جۆرێك لە بەڵگەنەویستی بێ چەندوچوون هەیە کە ئەمە لە گەردووناسی ئەفلاتوندا بوونی نییە. ئەڵبەتە نە ئەفلاتون و نە ئەرستۆش هیچ کامیان داهێنەری ئەندێشە تایبە تییەکانی خۆیان نەبوون، بەڵکو ئەوان مێژووی سێ یان چوار نەوەی بیرمەندانیان تا تالیس و فیساگۆرس و تەنانەت پێش ئەوانیشیان بەسەردا تێپەڕیبوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەرستۆ، ماوەی ٢٠ ساڵ لە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتوندا کاری کردبوو، بیرکردنەوەکانی خۆی لە بیرمەند گەلێکی چالاك و خاوەن را وەرگرتبوو کە دونیای نوێ لەبیرکردنەوە و ڕەخنەی زانستی و پێوانەیی و توێژینەوە و مەدەنیکردنی ئەندێشە ئایینییەکاندا قەرزاری ئەوانەیە. ئەوانە جۆگەلەیەکی باریك بوون کەکلتووری ئاڵۆزی میسر و میزۆپۆتامیا و سوریا و شارستانیەتی دەریازادی یونان، لەرێگەی ئەوانەوە گەیشتە خەڵکی تر، لەم ئەکادیمیایە و لقە ئەرستۆییەکەیەوە هێڵگەلی جیاوازی فیکری سەری هەڵدا کەبەدەستی قوتابخانەکانی ئەسکەندەرییە، پێیینایە یەکەمین قۆناغی زانستی سروشتی و مرۆییەوە. لەم کاتەشەوە ئیدی جیهان، جوانی و سادەیی و جەزابیەتی خۆی لەدەست دا، لەجێی، پێغەمبەراندا، پرۆفیسۆرەکان دانیشتن، بەدەربرینێکی دی، بە ڕەگ داکوتینی ئەم بابەتە نوێیانە لە زیهندا ئیمانی دڵەکان لەبەرامبەر تەوژمی شەپۆلی ڕەخنەدا، سیس بوو. بەڵام لەگەڵ هەموو

١- M . luther

-٢ - Epicurus

ئەو سنووردارییانەی کە لە مرۆڤدا هەبوو، لەگەڵ هەموو ئەو سەرگەردانیانەی کە لەم جیهانە بێ سنوورەدا هەبوو، زانست بووە هۆی ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ بڕژێتە قالبێکی نوێوە و بگاتە پلەیەك لە بەهێزی کە تیژیی زیهن، لەو پلەیەدا پێویستیەتی.

لەنێوان ئەوانەدا ئەفلاتون و ئەرستۆ توانیویانە پەیوەندی نێوان زانست و فەلسەفە ئاشکراکەن. زانست، پشت بە تەماشاکردنی دیاردە و رووداوی تایبەت و گشتاندنە توێژینەوەییەکان دەبەستێت کە ئەمانگەیەننە پۆلێنکردنی شتەکان بە پێی سیفاتیان یان بە دەربڕینێکی تر بەپێی یاساکانی سروشت کە شتەکان نموونەی دەرەکییانن و فەلسەفەش بەشێوەیەکی گشتی پشت بەو گشتاندنانە دەبەستێت کە بە هۆی فەراگیری و لە هەموو جێبوونیانەوە، ناکرێت پۆلین بکرێن. بۆنمونە، هەمووشتەکان لەجووڵەی داهێنان و بەرەوپێشبەری جیهاندا، واتا لە زەماندا کە بەسەر هەموو شتێکدا دێت، مەلە دەکەن، ئەگەرچی هەمیشە دەست لێنەدراوبن و بەشوناسی خۆیانەوە بمێننەوە. لەم رووەوە ناتوانین بەیارمەتی زەمان، شتەکان بە هەمان ئەو شێوەیە پۆلێنکەین کە ئەرستۆ بە یارمەتی کێش، دابەشیکردن بە سەر چوار پۆلی جیاوازدا.

ئەڵبەتە، ئەفلاتونیش پێش ئەرستۆ پەی بەگرنگی چەمکی ئەرستۆیی پلە بەندی، یان بە وتەی خۆی دابەشکردن بردبوو. ئەشکرێت هەرخۆی داهێنەری ئەم رەوشە بوو بێت. ئەنجامی کارگەلێکی وەهاش لەگەڵ دەست پێشخەرییە ناسك و وردبوونەوەکانی ئەودا تەواو گونجاو بوو. لەدیالۆکەکانی ئەفلاتوندا یەکەمین دەربڕینە ڕۆشنەکان لە لەبارەی زانستی لۆژیکەوە دەرکەوتن، بەڵام بەکارهێنانی ئەم رەوشە لەلایەن ئەفلاتونەوە لەڕێگای هاوکاریکردنەوە بۆ بەرەو پێشبردنی زانستی سروشتی زۆرکەمە. لەبەرامبەردا، لەهەمووکارەکانیدا باش لەنرخ و بەهای پۆلینکردن تێگەیشتبوو و شیکردنەوەیەکی مامۆستایانەشی لەبارەی پەیوەندی بەرامبەریەك و ئاڵۆزی پۆلەکانەوە خستبووە ڕوو. هەروەها ئەو، ئەم تیۆرییانەی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی بابەت و خاڵگەلێکی زۆر لە لێکۆڵینەوە گیانلەبەرناسی و فیزیایی و کۆمەڵناسییەکاندا. لەڕاستیدا ڕەگوریشەی زۆربەی زانستە تایبەتەکانی ئەمڕۆی ئێمە، بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە: چ زانستە سروشتییەکان و چ ئەو زانستانەی کەپەیوەندییان بە زیهن و رۆحی مرۆڤەوە هەیە. ئەرستۆ داهێنەر و دەستپێکەری هەوڵێك بوو کە بۆ شیکردنەوەی وردی حاڵ و دۆخە جیاوازەکان هاتبووە گۆڕێ و لەکۆتایشدا سەری لەدروستکردنی زانستی ئەوروپاییەوە دەرهێنا. چالاکییەکانی سەراپای ژیانی ئەو، یەکەمین نموونەی ڕوونی دەسکەوتە فەلسەفییەکانمان لەسەر بنەمای تیۆری زانستی نیشاندەدەن.



## بەشی سێ یەم:

تێپەڕین لەدەستکەوتە فەلسەفییەکانەوە بەرەو رەوشی زانستی، بابەتی سەرەکی ئەم بەشەیە.

یاسا فەلسەفییەکان، وەك کۆششگەلێك بۆڕێکخستنی ئەم جۆرە دەسکەوت و رامانانە، راستەوخۆ رۆلێکی لە زانستە تایبەتییەکاندا نییە. هەریەك لەم زانستانە، کاتێك بەشوێن ڕەگو ڕیشەی بۆچوونەکانیاندا دەگەڕێن و بەشوێن چەمکە سەرەتایی و بنەرەتیە کانیاندا دەچن، لەنیوەی رێدا دەوەستن. هەر ئەوەی کە لەنێوان دەستەیەك چەمکدا دەگەنە ماڵێکی ئارام کە ئیدی لەوە بەولاوە زیاتر ڕۆشتن و شیکردنەوەی زیاتر بەکەڵکی مەبەست و رەوشەکەی ئەوان نایەت، هەر لەوێدا دەوەستن. ئەم چەمکانە، نموونەگەلێکی تایبەتن لە دەسکەوتە فەلسەفیەکان کە لە هەر سەردەمێکدا ستراکتەری فەرهەنگی باڵا دروستیان دەکەن. ئەم دەسکەوتانە جگە لەبەکارهێنانیان لە بابەتە زانستییەکاندا، کەمتر ڕوودەدات کە لە گفتوگۆدا بەکاربهێنرێن و بخرێنە ڕوو، بەڵام لەهەمانکاتدا وشە و دەربڕینەکانی هەر زمانێك، پشتی بەوانە بەستووە. بۆ نمونە لەپشتی وشەگەلێکی وەك مێز و کورسی و تاشەبەردەوە، واتای تەنێکی ماددی بوونی هەیە کە ئەم واتایەش لەسەدەی حەڤدەیەمەوە تاکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم باڵی بەسەر هەموو زانستە سروشتییەکاندا کێشا بوو. بەڵام، تەناتەت لە دیدگای زانستە تایبەتییەکانیشەوە یاسا فەلسەفیەکان، لە لوتکەی گشتگیری و ئامانجە بەرزە فرەکانیاندا، بێ کەڵك نین. ئەم یاسایانە جۆگەلەی پەروەردەکردنی دەسکەوتە قووڵەکانی ویژدانی مرۆیین. ئەم یاسایانە جووڵە بە ئەندێشە پەرشو بڵاوەکانی ژیان دەبەخشن. ئەگەر ئەم هەوڵانە یارمەتیدەر نەبن، ئەندێشە دابڕاوەکان لە ساتە مردووەکاندا دێنە دەرەوە و قۆناغی تێپەڕین لەڕێگای بیرکردنەوەوە ڕۆشن دەکەنەوە و پاشان دەکوژێنەوە و لەبیر دەکرێن. دەتوانین قەڵەمڕەوی هەردەسکەوتێك تەنها لەسنووری هاوکاریکردنیدا لەگەڵ دەسکەوتەکانی تردا کە هەمان گشتگریان هەیە دیاریبکەین.

مێژووی ئەندێشەی ئەوروپایی تا ئەمڕۆش، ئاوێتەی هەڵە تێگەیشتنێکی وێرانکەر بووە کە ئەتوانین ناوی " هەڵەی بە بەردبوون"١ ی لێبنێین. ئەم هەڵەیە لەسەر ئەو بنەمایە یە کە ئێمە باوەڕمان وابێت، توانای دروستکردنی چەند چەمکێکمان هەیە، کە کاتێك بیانەوێت لەتۆرێکی ئاڵۆزی پەیوەندیدا لە جیهانی دەرەکیدا دانرێن سنوور و تایبەتمەندییەکانیان بەتەواوی دیار بێت.

١ -( خطای تحجر) ( Dognatic fallacy )

ئایا دەتوانین بە پێ، هەموو جیهان بپێوین؟ لەوانەیە جگە لە تێگەیشتنێکی سادە لەژمێریاری، هەموو تێگەیشتنەکانی تر، تەنانەت ئەو تێگەیشتنە ئاشنایانەشی کە روون دێنە بەر چاو، توشی ئەم دەردە دەرمانویستەی خەیاڵپلاۆی بووبن.

هەڵنێجانی دروست لە رەوشی گەشەی زیهن، بەوەوە بەستراوە تەوە کەهەمیشە ئەم تایبەتمەندییەی ئەندێشەمان لەزیهندا هەبێت. کاتێك کە لەباسێکی سیستماتیکدا، چەمکێك بەکاردەهێنرێت پێویستە مەبەستمان لە هەموو دیدگا و ڕووەکانی روونکەینەوە، ئەبێ بزانین کە ئەم چەمکانە لەو باسە تایبەتیانەدا کە هەمان پلەی گشتێتییان هەیە چۆنن، هەروەها ئەبێ بزانین کە لەو باسە فەلسەفیانەدا کە قەڵەمڕەوی فراوانتریان هەیە چۆنن.

لەسەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا موتەکەلیمەکان لە پێشەوەی ئەوانە بوون کەتوشی دۆگمایی بووبوون. لەماوەی سێ سەدەی رابردوودا، نەریتی ناشیرینی ئەوان، بۆ پیاوانی زانستیش گواسترایەوە. ئەبێ باشتر تێبگەین کەزیهنی مرۆڤ چۆن دەتوانێت وردەوردە سنووری بیرکردنەوەی ئاسایی و عورفی خۆی دیاریبکات. ئەمە جووڵەیەکی هەنگاو بەهەنگاوە کە هیچ کاتێك لە مەسنەدێکی پیرۆزی بێ کۆتادا ناوەستێت و ئێمە هەرگیز ناگەینە دوایین راستکردنەوەی چەمکە گشتی و پێناسەکراوەکان تاوەکو سیستەمێکی میتافیزیکی تەواویان لێ دروستکەین. بەڵام دەتوانین سیستەمێکی رێژەیی جۆراوجۆر و ناتەواو، بەگشتگیریەکی سنووردارەوە دروستکەین. لەم سیستەمانەدا سازگاری و پێکەوە گونجانی بۆچوونەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەندێشە بنەرەتییەکانی سیستەم چ قەڵەمڕەو و هێزێکیان هەیە. بەهەمان شێوە نەگونجانی نێوان دوو سیستەم و گونجانی سیستەمێك لەسەر ئاستی چەشنێکی تایبەتی راڤەکردن، ئاگادارمان دەکاتەوە لەو سنوورداریییەی کە دەوری دەسکەوتەکانی داوە. بابەتی لێکۆڵینەوە فەلسەفەفییەکان ئەم سنوورداریییە نەدۆزراوەوانەیە.

چەمکی تەنی ماددی کە ئێستا باسمانکرد، نموونەیەکی چاکە بۆ نیشاندانی ئەو سنووردارییانەی کە زاڵبوون بەسەر باشترین ئەندێشەکانماندا. ئەم مەفهومە بە چەشنێك روونە کە تا هەرکوێ بە مێژوودا بچینە دواوە، هەست بە تارماییەکەی دەکەین بەسەر زمانەوە. دوایین جار لە سەدەی حەڤدەیەمدا بوو کە هاوتا لەگەڵ ئامانجەکانی زانستی فیزیادا، وردەکارییەکی زیاتریان پێبەخشی. زانستە فیزیاییەکان کە بەم شێوەیە ژینگەیەکی نوێیان بۆ پەیدا بوو بوو، بەماوەی سێ سەدەی تەواو بەرەو پێشچوونێکی گەورەیان بەخۆوە دی. هەم فیکریان گۆری و هەم رەفتاری ماددی مرۆڤەکان. وائەهات بە بیردا کە ئیدی مرۆڤایەتی گەشتووە بە مەفهومی بنەڕەتی و کلیلیانەی هەموو جێیەك،



کە لەوە زیاتر رۆیشتن و گەڕان بەدوای مەفهومی گشتی تردا، لەخەیالپلاوێکی بێ کەڵك بەولاوە هیچیتر نییە. بەڵام لەسەدەی بیستەمدا ئەم تێگەیشتنە کە لەلایەن گالیلۆ و نیوتنەوە بۆ کەڵك وەرگرتن لێیان لەچوار چێوەیەکدا دارێژرابوو، ئیدی وەك ئەندێشەیەکی بنەڕەتی بۆ زانستە فیزیکییەکان، نەیتوانی بەردەوام بێت. تەنی ماددی لە زانستە نوێیەکاندا، مەفهومێکی سنووردارە کە تەنها لەشوێنە تایبەتییەکاندا بەکاردێت. ئەم دارمانی بە بەردبوونەی سەدەکانی ناوەراست بەئاگاهێنەرەوەیەکی هەموومانە تاوەکو کەڵك لەدیاردە تایبەتییەکان ببینین و بۆ هێزی خەیاڵ و داهێنانی مرۆڤەکان، قایل بین بەبوونی ئیمکاناتێك کەهێشتا لە خزمەتی راڤەی زانستیدا بەکارنەهێنراون. ئەم شتە، لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ئەو ئاژەڵە یان گیایە یان میکرۆبەدا هەیە کە چەند سەدەیەك لەمەوبەر لەناو دارستانێکدا یان گۆماوێکدا یان دورگەیەکی دابڕاو لەشێوەی بەروبوومێکی لاوەکی ژیان دەگوەزورێنێت و لەناکاو، بارودۆخی ئەفسوناوی کەنار ئەو دەگەڕێنێتەوە جیهانی دەرەکی، تاوەکو شارستانیەتێك بگۆڕێت یان ئیمبراتۆریەتێك سەرەوژێرکات یان جەنگە کیشوەرییەکان کۆتایی پێ بهێنێت. ئەو بۆچونانەی کە لە یاسا جۆربەجۆرە فەلسەفییەکاندا هەن، وەها هێزێکی شاراوەیان هەیە. لە شەڕی کار و کاردانەوەی نێوان زانست و فەلسەفەدا هەردووکیان کەڵك بە یەکتری دەگەیەنن. ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کەهاوتای ئەو بۆچوونانە کاربکات کە لەنێوان جیهانی دەرەکیدا بوونی راستەقینەیان هەیە. فەلسەفە ئەیەوێت چەمکانێکی دەستکەوێت کە بە شێوەیەکی گشتگیرانە راستییەکانی کاروبارە واقعیەکان رووندەکەنەوە و هەر واقعیەتێك کەدەکەوێتە دەرەوەی ئەوانە جگە لەدابران هیچی تری دەست ناکەوێت. کاری زانستیش دابراندنە و بەناسینی شتەکان لەروویەکەوە یان چەند روویەکی بنەڕەتییەوە قەناعەت دەکات زانست و فەلسەفە وەك یەك رەخنە لەیەکدی دەگرن و بابەتی بیرکردنەوە و هەلسەنگاندن دەخەنە ئیختیاری یەکترەوە. ئەرکی سیستەمێکی فەلسەفی ئەوەیە کە ئەو واقعیە تانە رونکاتەوە کەلەزەمینەی دابراوە زانستییەکاندان. زانستەکانیش ئەبێت لەنێوان ئەو واقعیەتانەی کەسیستەمی فەلسەفی دەخەنەروو بۆ بنەماکانی خۆی بگەڕێت. مێژووی مرۆیی پێکهاتووە لەشیکردنەوەی ئاستی ئەو سەرکەوتن و شکست خواردنەی کەلەم چالاکییە هاوبەشەدا بووەتە بەشی زانست و فەلسەفە.

## بەشی چوارەم:

پشکی افلاتون لەمەیدانی ئەو تێگەیشتنە بنەڕەتیانەی کە ئەبنە هۆی پێکەوە گرێدانی زانست و فەلسەفە و بەرهەمی سالآنی کۆتایی تەمەنی ئەوە، کۆمەڵك تایبەتمەندی هەیە کە بەتەواوی جیای دەکاتەوە لەپشکی ئەرستۆ بە لەبەرجاوگرتنی ئەوەی کە هەردووکیان بۆ بەرەوپێشبردنی بیر، بەهایەکی یەکسانیان هەیە.

خوێندنەوەی تیاتیتوس١، سۆفیست ٢، تیمایوس ٣ و کتێبی پێنجەم و دەیەمی یاساکان٤ی و پاشان گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی پێشووی ئەو، سیمپۆزیۆم ٥) ئەمە روون دەکاتەوە. قسەکانی ئەفلاتون هەرگیز خاڵی نییە لە دژیەکی و کەمتر روودەدات کەراشکاوانە و دوور لە نارونی بێت. ئەو دەست دەخاتە سەر دژوارییەکان و لە بەرامبەریاندا بە ئاشکرا رامانی خۆی نیشاندەدات. لەکاتێکدا پۆلێنکردنەکانی ئەرستۆ، هیچ کەس تووشی سەرسامی ناکات، بەلاّم ئەفلاتون لەنێو بەشەکانی سیستەمێکی تەواونەکراودا بەملاو لادا رایدەکرد و لەناو وردەکارەکانی خۆیدا سەراسیمە بووبوو.

چەند ئەندێشەیەکی بنەڕەتی لەبەرهەمەکانی ئەودا بوونی هەیە کە بۆ زانست بە واتا گشتییەکەی، بایەخێکی گەورەیان هەیە. ئەفلاتون بانگەشەی ئەوەی نییە کە دۆگمایانە هەموویان لەسیستەمێکدا جێبکاتەوە و تەنها گونجاوترین چیرۆکیان دەخاتە روو. لەراستیدا لەنامەی حەوتەمدا٦ئەو باوەڕە رەد دەکاتەوە کەپێی وایە دەتوانین سیستەمێکی تەواو، بخەینە چوار چێوەی وشە و دەربڕینەوە. ئەفلاتون لە نووسینەکانی خۆیدا تێکەڵی و تێکچڕژانی ئەم حەوت چەمکەی لەبەر چاو گرتووە:

---

١- Theaetetus

٢- Sophist

٣ T Timaeus

٤ *Ldws-*

٥ - Symposium

٦ - Epistle,٣٤١`c



نموونەکان، شتە هەستپێکراوەکان، رۆح، ئیرۆس (عیشق)، هاوسەنگی، پەیوەندییە بیرکارییەکان و دۆخ، ١

ئەم چەمکانە لەمرۆڤدا هەمان ئەو گرنگیانەیان هەیە کە لەسەرەتای جیهانی نوێ و لەکاتی سەرەمەرگی شارستانیەتە کۆنەکاندا هەیان بوو. ئەسینییەکان لەدیدگای خۆیانەوە، مافی ئەوەیان هەبوو کە سوکرات مەحکوومکەن. پاش تێکەلاّوبوونی ئەندێشەی یۆنانی و سامی بەیەکتر، سیستەمی کۆنی ژیان لەگەڵ مردنی چارەنووسی تاکدا مردوو شارستانیەتی رۆژئاوا، زهنیەتێکی نوێ، ڕووناك، ئینسانی و ئاکاری وەرگرت. بە باوەڕی ئەفلاتون ئەگەر لەنێوان " نموونەکان "دا چەند نموونەیەك وەرگرین، ئەمانە ئەکرێت پێکەوە روونبکرێنەوە و ئەشکرێت ناسازگاربن بەیەکتری.

لەدەرئەنجامدا ئەفلاتون دەڵێت: دیاریکردنی گونجان و نەگونجانی نموونەکان، دەرگای بیرکردنەوەی گونجاو بەرووی مرۆڤدا دەکاتەوە و جیهانی خۆنوێن، وەك رەنگدانەوەی سەلمێندراوە دنیاییەکانی نموونەکان والێدەکات کەشیاوی دەرککرانبێت. لۆژیکی ئەرستۆ، لقێکی تایبەتە لەم تێگەیشتنە گشتییە.

دوای ئەمە ئەفلاتون بەشوێن ئەو هۆیانەدا دەگەرێت کە هێز بەنموونەکان دەبەخشێت تا لە گەشەی بەدیهێنەرانەی جیهاندا بەشداربن. لە دیدگای ئەوەوە، نموونە پوختەکان، بەستوو (منجمد)، و بێ ژیان و بێ جوولەن وکاتێك دەچنە پاڵ زیندەوەرێکی زیندوو عاقل، ژیان و جوولەیان دێ بەبەردا. ئە م بوونەوەرە زیندووە ژیرەشی کە "چاوی بریوەتە نموونەکان " هەر ئەوەیە کە ئەفلاتون ناوی رۆحی لێدەنێت، بەلام دەبێت هۆشیاربین کە ئەو تەپوتۆزەی بە هۆی دەسەڵاتی چەندین ساڵەی مەسحییەتەوە بەسەر ئەم تێگەیشتنەوە نیشتوەتەوە، بتەکێنین. بە ڕای ئەفلاتون، رۆحێکی بەرز بوونی هەیە کە بە دەسەلاّتێکی زاڵەوە بەسەر نموونەکاندا، ئازادانە جوولەی جیهان دروستدەکات. ئەمە هەمان دروستکەری بالاّیە کە سیستەمی دیاری جیهان، مەعلولی ئەوە. کەمالی ئەم رۆحە بەرزە لەئاستێکدایە کە ئەفلاتون ناتوانێت بەزمان دەری ببڕێت. رۆحە سنووردارەکانیتر بە پلەی جیاوازی کەماڵەوە، لەوانەش رۆحە مرۆییەکان بوونیان هەیە کە هەموویان لەڕێی خواستە خۆییەکانی نموونەکانەوە، لەئاراستەکردنی سروشتدا ڕۆڵیان هەیە.

---

١- Ideas` Physical Elements ` Psyche ` Eros Harmony ` Mathematical Relations ` Receptacle)

ئەوەی شیاوی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کەچەمکی "زانینی پوخت" و یا"تێگەیشتنی پوخت"لەبیری ئەفلاتوندا بوونی نییە. هێشتا سەردەمی پڕفیسۆرەکان نەهاتووە. لەدیدگای ئەفلاتونەوە، ئامادەگی نموونەکان لەبارەی رۆحی بەرزدا، لەناوەوە جۆشوخرۆشێکی بەتین و دەسکەوتێکی شهودی لەگەڵدایە. هەرووەك چۆن تامەزرۆییەکی تیایە کە دەچێتە ناو پۆشاکی کردارەوە. ئەمە هەمان ئەو عیشقە (ئیرۆس) ئەفلاتونیەیە کە تا پلەی رۆح بەرزدەبێتەوە، تادەگۆڕێت بە رۆح. ئەوکاتەی کە رۆح، لای نموونەکان ئامادە دەبێت و فەیز و ئیشراق وەردەگرێت. وشەی ئیرۆس بە واتای عیشق دێت و ئەفلاتۆن لە سیمپۆزیۆمدا ووردە ووردە تێگەشتنی کۆتایی خۆی لە بارەی ئارەزووی گەیشتن بە کەماڵی نموونەیی دەخاتەروو. دەبوو ئەفلاتۆن دیالۆگێکی تر بنووسێت و ناوی خواوەندی رقی ١ لێ بنێ تا لەوێوە دەستبکات بە باسیی ئەو ترس و تۆقینەی کە لە جیهانی ناتەواوی واقعیدا بوونی هەیە. ئەگەرچی ئەفلاتون لە نووسینی ئەم گفتوگۆیەدا بێئاگابووە، بەلاّم هەرگیز بێ سەروبەری و ئاڵۆزی سروشتی لە بیر نەکردووە. ئەو ڕاشکاوانە ئەڵێت کە دروستکەری بالاّی ئەو، بە توانایەکی ڕەها نییە. دەسەلاّتی ئەو بەسەر نموونەکانەوە هەمیشە کاریگەریەکەی لە چەشنی هاندان و ڕێنموونی کردنە و تەنها ئەو سیستمانە بەدی دەهێنێت کەتواناى بەسەریاندا دەشکێت. بەلاّم لێرەدا هەندێ جار دووچاری لەرزۆکی ئەبێت و ئەنووسێت: دروستکەر، کاری جیهانی بە پێی ئیرادەی بەرز و عینایەت و ئاگاداری رەهای خۆی بەڕێوە دەبات. ئەم باوەڕە لەسەر بەرزی و بڵندییەکەوە کە هەندێکی بەردەستە و هەندێکی بەردەست نییە، خۆبەخۆ پرسێکی تر دێنێتە پێشەوە کە لەسەردەمی ئەفلاتۆندا ئەندێشەی یۆنانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو کە ئەکرێت شێوەی جۆراوجۆر لەخۆ بگرێت. چ شتێك ئەبێتە مایەی جوانی، وەك جوانی میلۆدیەکی مۆسیقی یان جوانی پەیکەرێك و یان جوانی باڵەخانەیەکی وەك پارتنون؟٢ بیرمان نەچێت کە جۆرێکی تریش لە جوانی بوونی هەیە کە بریتییە لە ڕەوشتبەرزی و کاری چاك. لەم شێوە ناپوختییەدا، لەوانەیە ئەم پرسە وەلاّمی نەبێت، لەبەر ئەوەی "چاکە" لە چەشنێکی وا بەرزە کە ناتوانین بە سیفەتێکی لەخۆی بەرزتر وەسفی بکەین. بەلاّم ئەتوانین پرسیارێکی تر بکەین، کە هەموو بیرمەندانی یۆنان لە وەلاّمدانەوەیدا هاوڕابوون. ئەم چەمکە (جوانی) بەسەر کام شتانەدا دەچەسپێت. بەتایبەت چ بارودۆخێکمان پێویستە تاوەکو جوانی بێتە دی؟ وەلاّمی

---

١- Furies

٢- Parthenon



یۆنانییەکان بۆ ئەم دوو پرسیارە ئەمە بوو کە جوانی لەشتە ئاوێتەکاندایە و ئاوێتە"جوانە"، بەو مەرجەی هەرچۆنێك بێت بەشەکانی پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت. ئەمە هەمان تیۆری هاوسەنگی یۆنانییە کە هەرگیز ئەفلاتۆن و ئەرستۆ هیچکامیان لە بەرامبەریدا دووچاری دوودڵی نەبوون.

یۆنانییەکان لەبارەی هاوسەنگییەوە، دۆزینەوەی وایان کردووە کە لەشاکارەکانی مێژووی فیکری مرۆییە. ئەوان ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە نموونە بەرز و جۆراوجۆرەکانی شتە ئاوێتە و جوانەکان، خاوەنی هەمان پەیوەندی وردی بیرکاریانەن کە لە ئەندازیاری و پەیوەندییە ژمارەییەکانی ڕەهەند و دوورییەکاندا بوونی هەیە. بۆ نموونە (ئارکیتاس١) ئەوەی دەرخست کە ئەو دەنگەی لە تاریکەوە دەردەچێت بەستراوەتەوە بە درێژییەکەیەوە و پێکهاتە جوانەکان، پەیوەندیان بەو یاسا سادانەوە هەیە کە پەیوەستن بە دوورییە ڕێژەییەکانی تارەکانەوە.

هەروەها یۆنانییەکان گەیشتن بەو ڕاستییەی کە جوانی باڵەخانەکان پەیوەستە بەو ماوەیەی کە لەنێوان دوورییەکاندا هەیە. دۆزینەوەی وەستانی پێکهێنەرەکانی جیهان لەسەر بنەمای پەیوەندییە بیرکارییەکان، دۆزینەوەیەکی زۆر گەورە بوو. ئەم بابەتانە ووردە ووردە لەماوەی هەزاران ساڵ بەسەر یەکدا کەڵەکە بوو بوون، بابلییەکان هەر لە سەرەتاوە دەیانزانی کە بە دوای یەکداهاتنی وەرزەکان کە بابەتێکی چۆنایەتییە، پەیوەندی بەتێپەڕینی ژمارەیەکی دیاریکراوی ڕۆژەکانەوە هەیە. ئەوان ڕۆژمێرگەلێکی زۆر باوەڕپێکراویان درووستکردبوو. بەلاّم ئەوە یۆنانییەکان بوون کە بەهێزی گشتاندنی خۆیان، پەییان بەیاسای پەیوەندی شتە چۆنایەتییەکان، بە پێکهاتە چەندایەتی و ئەندازەییەکانەوە بەشێوەیەکی تەواو برد. ئەوان خاوەن بەهرەی بلیمەتانەی سەرسوڕمان و ڕامان بوون.

ئەفلاّتۆن گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە کلیلی تێگەیشتن لەجیهانی سروشت، بەتایبەت بابەتە فیزیاییەکان، موتالاّ کردنی بیرکاری (ماتماتیك)ە. بەڵگەیەکی زۆر بوونی هەیە لەسەر ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری موتالاّ ئەکادیمییەکانی ئەو لە بیرکاریدا بووە، بیرکاریزانانی نەوەی دوای ئەفلاّتۆن و تەنانەت دوو سەدە دوای ئەویش تا سەردەمی بەتلیمۆس٢ و هیپارکۆس٣

---

١- Arehytas

٢- Ptolemy

٣- Hyparcus

نەوەی کەلتورێکی زانستی ڕێکخراو بوون کە تیۆری ئەفلاتۆن و خودی ئەفلاتۆن فۆڕم و ڕۆحیان پێدەبەخشی. ئەڵبەتە خودی ئەکادیمیاش میراتگری کەلتوری فیساگۆرسی بوو لە بیرکاریدا.

لەم ڕووەوە، بە دەرکەوتنی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ، سەردەمێکی نوێ دەستی پێکرد. زانست بە وەرگرتنی ڕوونکردنەوە لە لۆژیك و بیرکارییەوە، پاکیزە و نایاب بوو. ئەرستۆ، گرنگی پۆلێنکردنی زانستیانەی شتەکانی پەپێی جۆر و ڕەگەزیان چەسپاند. ئەفلاتۆن، پێش بینی قەڵەمڕەوی ئایندەی بیرکاری کرد. بەداخەوە کرانەوەی ڕایەکانی ئەفلاتۆن، دواتر بەتایبەت کەوتە دەست عاریفە شەرعزانەکان  و توێژەرە ئەدەبییەکان و ئەدیب و هونەرمەندەکان. ئەفلاتۆنی بیرکاریزان، بۆماوەیەکی زۆر لە کەلتوری ئاشکرای ئەفلاتۆنی غایب بوو.

دونیا بینی هاوسەنگی  و پەیوەندییە بیرکارییەکان دوو نموونەی سنوورداری چەمکی فەلسەفین کە فەلسەفە لەوانان گشتیترەو ئەو دەستەواژاە کە لە ڕێی پەیوەست کردنی شتەکانەوە، زۆری و پەرتەوازەیی شتە زۆرەکان ئەگۆڕێت بۆ یەکێتی شتێکی تاقانە، بەشێوەییێکی ئاسایی ئێمەش لەبارەی جیهانەوە، سروشت و پڕۆسەکان١ بە دەستەواژە و وشەی تەنیا دەردەبڕین. واقعیەتێك بوونی هەیە کە هەموو شتەکان لەخۆدەگرێت کە بریتییە لە مێژووی بەرەو پێشچوونی "جیهان" ێك. ئەم کۆمەڵگە جیهانییە٢ کە سەکۆی هەموو لەدایك بوون و شتە نوێیەکانە و سروشتەکەشی لە پڕۆسەیەك بەو لاوە کە حوکمی مانەوەی پێکەوە بەستنەکانە، هیچی تر نییە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ئەفلاتۆن ناوی " دۆخ " ی لێ نابوو. ئێستا، کە ئەمانەوێت لە مەبەستی ئەفلاتۆن تێبگەین لەبارەی ئەم وشەیەوە، ئەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە خودی ئەفلاتۆن ئەڵێت: ئەمە چەمکێکی زۆر تاریك و نارونە و " دۆ خ" لە ڕووی خودی و سروشتیەوە دارنراوە لە هەر شکڵ و شێوەیەك. بەم پێیەش، دۆخ، ناتوانێت ببێتە ئەم فەزا ئەندازەییە لەگەڵ پەیوەندییە بیرکارییەکانیدا. ئەفلاتۆن دۆخی بە "بازنەی هەموو بوونەکان" دەزانی.

لەباوەڕی ئەفلاتۆندا دۆخ، چەمکێکی پێویستە کە بەبێ ئەو ناتوانین شیکردنەوەیەکی تەواو بۆ سروشت بکەین. بێئاگاییش لە دەستکەوتە شهودییەکانی ئەفلاتۆن، مەترسیدارە. ئەو بە وردبینی تەواوەوە، دەربڕینی جۆراوجۆری بۆ وەسفکردن هەڵبژارد و ئەیەوێت ئاگایی ئەوە بدات

---

١- Process

٢- Community of the world



کە ئەبێت قسەکانی بە تەجریدیترین جۆری گونجاو، واتا بکرێت. دۆخ، پەیوەندی هاوبەشی نێوان هەموو ڕووداوەکان دەگوازێتەوە، بەلاّم ئەوە دیاری ناکات کە ئەبێت ئەو پەیوەندییە چۆن بێت. وەك ئەوەی بڵێین چەمکێکی ناسکترە لە ماددەی ئەرستۆیی. کە ئەڵبەتە جیاوازی هەیە لەگەڵ ماددەی گالیلۆ و نیوتندا. ئەکرێ دۆخی ئەفلاتۆن بەشێوەی: کۆمەڵگەیەکی پێویست تەماشاکەین کە هەموو مێژووی لەخۆ گرتووە، بە مەرجێك کە مێژوو بە واتایەکی گشتی و دابڕاو لە ڕووداوە تایبەتییە مێژووییەکان لەبەرچاو بگرین.

من لەبەر ئەوە سەرنجتانم بۆ تیۆری دۆخی ئەفلاتۆن ڕاکێشا کە ئەمڕۆ زانستە فیزیاییەکان لە سەردەمی مەرگی ئەفلاتونەوە تائێستا، لە هەموو سەردەمەکانی تر لەو تیۆرییە نزیك بووەتەوە. جێگای فیزیا لە بیرکاری نوێدا، بەتێگەیشتنی گشتی و فراوانتر لە هاوکێشە بیرکارییە تایبەتییەکان کە لەسەر ڕووداوە زەمانی و مەکانییەکان دەچەسپێت، بەنزیکەیی تەواو هەمان دۆخی ئەفلاتۆنە. بەتایبەت ئەبێت ئەوەشمان لەبیربێت کە زانایانی فیزیای بیرکاری خۆشیان دوو دڵن کە واتای ڕاستەقینەی ئەم هاوکێشانە چین و سەرەڕای ئەوەش، کە بە باوەڕی ئەوان ناکرێت ئەم جۆرە فۆرمۆلانە لە واتای پوختی شوێن دەربهێنرێت. لەم رووەوە بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ئەفلاتوون ئەیلێت، خودی شوێنیش لە دەرەوەی هەر فۆرمێکە.

## بەشی پێنجەم:

لەوباسەی کە ڕابورد، تەنها بەیەك گشتاندن، لەم باسەدا باسی بەرهەمی فراوانی سەردەمی ژیانی ئەرستۆمان کرد. ئەرستۆ هەم پیاوی زانست بوو هەم پیاوی فەلسەفە، هەم ڕەخنەگری ئەدەبی و هەم تیۆرداڕێژی سیاسی. ئێمە پۆڵێنکردنی تایبەتی شتە بینراوەکانی جیهانمان لەو رووەوە وەرگرت کە بەنزیکی نموونەیەکی زانستی تەواو بوو کە هەموو ئەو مەرجانەی فەلسەفەی زانستی نوێ پێویستی یەتی تێیدایە. گشتاندنێك بوو کە لەڕێی واقعیاتێکی هەستپێکراو و بەدەستهاتووەوە بە بینینێکیش کەشیاوی دووبارەبوونەوەبێت ئەکرێت قەبوولیکەین. ئەم شێوە پۆلێنکردنە لەسەردەمی خۆیدا -کە هەژدە سەدە درێژەی کێشا بێ ئەندازە کەلکی هەبووە، ئێستاش کە مردووە و بووەتە بەبەردبوو، تەنها بەکەلکی وردکۆڵی شوێنەوار ناسان دێت. چارەنووسی هەموو گشتاندنە زانستییەکانیش بەهەمان شێوەیە. ئەگەر بێتو لەدیدگایەکی تایبەت و سنووردارەوە تەماشای ئامانجەکانی زانست بکەین. ئەو یاسایەی کە لەسەرەوە باسمانکرد لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا، کەلك و سوودەکەی خۆی لەدەستداو بووییە ڕێگرێك لەبەردەم زانستدا.

چەمکە ئەفلاتۆنییەکان کە شەرحەکەیان تێپەڕی هیچ کامیان سیفەت و تایبەتمەندی بۆچوونەکانی ئەرستۆیان نییە. ئەوانە فەلسەفین و بە واتای وردی وشە، زانستی نین و هیچ بینێکی ورد و دیاریکراو، بەدوای خۆیاندا ناهێنێت.

لەڕاستیدا هەمیشە کەسانێك لۆمەی ئەفلاتونیان کردووە کە بۆچی لە مشاهەدەی بابەتە تایبەتییەکاندا ڕووی وەرگێڕاوە. ئەگەر زانستی سیاسەت و بەتایبەتیش یاسا لەبەرچاو بگرین، ئەم تاوانبارکردنە بێ بنەما دەبێت و لەو ڕووەوە دێت کە تاکەکان هەمیشە لەبەرامبەر ئەو هێزە ئەدەبییەی کە لە دیالۆگەکانی ئەفلاتۆندا هەیە، بەزۆری بە خوێندنەوەیانەوە خەریك دەبن.

بەلاّم ئەلّبەتە ئەم بانگەشەیە لەبارەی زانستی فیزیاوە درووستە، ئەرستۆ ئەیوت "ببینە" و "پۆلێنکە "، بەلاّم ئەفلاتۆن جەختی لەسەر موتالاكردنی دەکردەوە، ئەلّبەتە هیچ کامیان ئەوەندە گەمژە نەبوون کە یەکێکیان داوای دوورکەوتنەوە لە بینین (مشاهدە) بکات و ئەوی تریان بێت و نکولّی لەکەلّك و سوودی بیرکاری بکات.

لەوانەیە بۆچوونی ئەرستۆ ئەوەبێت کە مەعریفەی بیرکاری سەردەمی ئەو بەئەندازەیەك بووە کە پێویستی زانستی فیزیا پڕکاتەوە و هەربەرەو پێشترچوونێکی تر، ناتوانێت هیچ خزمەتێك بکات مەگەر بۆ ڕازیکردنی وردکۆلّییە نازانستییەکان دەربارەی دابڕانە زۆر ووردەکان. لەپشت هەموو ڕامانە دەروونناسییەکانی ئەفلاتۆنەوە ئەم باوەڕە چەسپیوە بوونی هەبوو کە زانینی بیرکاری کلیلێکە بۆ کردنەوەی نهێنییەکانی پەیوەندی شتەکان لە سروشتدا. ئەو لەیەکێ لە بڕگەکانی کتێبی یاساکاندا١ نەفامی بەرازئاسای هەندێ کەس سەرزەنشت دەکات کە لە هەلّسەنگاندنی تیۆرییانەی ئەو بڕانەی کە بەشێوەی ژمارە تەعبیر ناکرێت دەستە وەستانن. دیارە ئەو هەستیدەکرد کە هیوای پەردە لادان لەسەر هەندێ لە ساتەکانی سروشت (هاوسەنگی) تاڕادەیەکی زۆر لەدەست چووە. ڕامانەکانی ئەو لەبارەی ڕەوتی سروشتەوە، هەمووی پشتی بەستووە بە خەملاّندنێك لەسەر مۆدێلی بیرکارییانە. تا ئەو شوێنەی کەمن لەبیرمە لە هەموو ئەم بارانەوە ئەو تیرگەلێکی حەکیمانەی وەشاندووە بەلاّم لەخالّی ئامانجەوە زۆر دوور کەوتۆتەوە.

تیماوس کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو، بەلاّم تا هەژدە سەدەی دوای سەردەمی ئەو، هەمووان باوەڕیان وابوو کە ئەرستۆ لەسەر هەق بووە و ئەفلاتۆنیش لەسەر باتیل و پووچی. لەم

١- Laws, BooK VII ٨١٤ D



ماوەیەدا بۆچوونە زانستییەکان تێکەلّ بووبوون بە فۆرمۆلە بیرکارییەکان کە ئەرستۆ لەگەلّ زۆربەیاندا ئاشنا بوو، جگە لە بەشێك لە دواین دۆزینەوەکانی بیرکاری سەردەمەکەی، جیهانبینی و گەردووناسی زاناکان هەمان جیهان بینی و گەردووناسی ئەرستۆی بوو. بەلاّم پێشگۆیی و بەرچاو ڕوونییەکانی ئەفلاتۆن لەلای خۆیەوە نموونەیەکی ترە لە ڕۆلّی فەلسەفە، ئەم قوولّبینیانە ئەبێتە ئامانج بۆ ڕوونکردنەوەی چەند باسێك کەهێشتا دەرکپێکردنی ئێستاو کرچ و کالّی ئێمە لە کارلێکی هێزە سرووشتییەکان، لەوانەوە زۆر دوورە. بەرەو پێشچوونی زانست لە ئایندەدا بەوەوە بەستراوەتەوە کە پێشەکی ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو پەیوەندییە گریمانەیی و ئالۆزانە بدەین کە هێشتا لەسروشتدا نەدۆزراونەتەوە. ئەو توێژەرەوانەی کە شوێنکەوتەی کلتوری ڕینسانسن لە ئیتالّیا ڕامانە بیرکارییانەکانی ئەفلاتۆن وەك کارو بارێکی عاریفانە تەماشادەکەن، بەلاّم ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەمانە بەرهەمی ڕامانێکی هەلّکەوتووانەن و ئەفلاتونیش لەبارەی ئایندەی ئەندێشەوە بیری کردۆتەوەو جیهانێکی لەڕاز کەشف کردووە.

یۆنانیەکان، میسرییەکان، عەرەبەکان، جوولەکەکان و دانیشتوانی دۆلّی رافیدەین، بیرکاریان زیاتر لەوەی کە لەخەونە بەرزە فڕەکانی ئەفلاتوندا هەبوو فراوان کردووە و بەرەو پێش بردووە. بەداخەوە کۆمەلّە مەسیحییەکان ئەم بەشەیان لە زەوقی ئەفلاتونی نەبووە. بە باوەڕی من تاوەکو پێش زیندوکردنەوەی زانست لە ڕێنسانسدا، هیچ تاکێکی مەسیحی، خالّێکی داهێنەرانەی بۆسەر زانستی بیرکاری زیاد نەکردووە، پاپا سلیوستری دووەم — گێربەرت١ کە لەسالّی ١٠٠٠ی زاینیدا لەسەرتەختی دەسەلاّت بوو، دەستیکرد بە فێربوونی بیرکاری، بەلاّم هیچی بۆ سەر بیرکاری زیاد نەکرد. ڕۆجیر بیکۆن٢ باسی گرنگی بیرکاری بۆ خەلّکی دەکرد و ناوی بیرکاریزانەکانی هاوچەرخی خۆی لە مێژوودا نووسی. زانکۆی ئۆکسفۆرد لەسەدەکانی سیازدە و چواردەدا ڕێزی لە بیرکاری دەنا. بەلاّم هیچ کام لەو ئەوروپی نشینانەی سەدەکانی ناوەڕاست لە بەرەوپێشبردنی ئەو زانستەدا هاوکارییان نەکرد، ئەلّبەتە لیۆناردۆی پیزایی٣ کە لەسەرەتاکانی سەدەی سیازدەوە درەوشایەوە، ڕیزپەڕە. ئەو یەکەمین مەسیحی بوو کە زانستی بەرەوپێش برد، زانستێك کە مێژووی چەرخە سەرەتاییەکانی لە یەکێتی فەرهەنگەکانی دوای

١- Gerbert

٢- Roger Bacon

٣- Leonardo of pisa

ئەسکەندەر و ڕۆژهەلاتی نزیك دەدویت. بەلام ئەگەر لەم خالە تیپەڕین، بیرکاری سەدەی شازدەیەم بە تەواوی پشتی بەسەرچاوە نامەسیحییەکان بەستبوو. لە نیوان مەسیحییەکاندا بیرکاری لەگەل سیحردا تیکەلکرابوو. خودی پاپاش لە ئاشووبی ئەم حالەتە بەدوور نەبوو. ئەو سنووردارییە ئالۆزانەی کە لە چەرخ و مەدرەسە جیاوازەکانی شارستانیەتدا هەیە لەمە باشتر ناتوانریت وینا بکریت، ئەم ویناکردنە بەتایبەت لەو ڕووەوە شیاوی سەرنجدانە کەگەورەیی کاریگەری ئەفلاتۆن بەسەر بیرکردنەوەی مەسیحییەوە نیشاندەدات.

لەکۆتاییدا دروستی تیۆری ئەفلاتۆنی "پەیوەستەگی هاوسەنگی" لە پەیوەندییە بیرکارییەکاندا بەسەر کەوتنیکی تەواو ئاشکرا بوو. پۆلینبەندی ئەرستۆیی پشتی بە سیفاتی چۆنایەتی شتەکان بەستووە ئەگەر فۆرمۆلە بیرکارییەکان نەهینە ناوەوە، بەکارهینانی زۆر سنوورداره. لە ڕاستیدا لۆژیکی ئەرستۆیی، بەهۆی بی ئاگاییەوە لە چەمکە بیرکارییەکان، بەهەمان ئەندازەی سوود بەخشینی زیانی لە بەرەوپیشچوونی زانست داوە. هەرگیز ناتوانین یەخە لەدەستی ئەم چوار پرسیارە ڕزگار کەین: چەند؟ - واتە بە چ ڕیژەیەك — لەکام دۆخ و ڕیکخستنیکدا بە نسبەت شتەکانەوە؟ یاسا وردەکانی بڕە کیمیاییەکانی ئەم جیاوازییە بە باشی نیشان دەدەن.

CO کوشندەیە بەلام CO۲ تەنها سەر ئیشە درووست ئەکات سەرەڕای ئەوەی Co۲ بۆ نەرم کردنەوەی ئۆکسجینی کەش ماددەیەکی پیویستە، بەلام کەم بوونەوە یان زیاد بوونی زیاد لە پیویستی، تا ئەندازەیەك زیان بەخشە. ئارسنیك، هەم سەلامەتی ئەهینی هەم مەرگ، بەپیی ئەوەی لە نیوان بەشەکانی تردا، ڕیژەکەی چەندە. بەهەمان شیوە کاتیك کە ڕیژەیەکمان لە Co۲ و ئۆکسجینی سەربەست کە بۆ سەلامەتی پیویستە هەبیت و ئەوکاتە چەندایەتیە ڕیژەییەکانی کاربۆن و ئۆکسجین سەر لەنوی ڕیکخەینەوە و بیگۆڕین بە مۆنۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسجینی ئازاد گیراوەیەکی ژەهرداری لی درووستدەبیت.

لە ئابووری سیاسیدا، یاسای مەنفەعەی حەددیی[1] ئەوە ئەخاتە ڕوو کە بڕیکی دیاریکراوی سەرمایە لە چ بارودۆخیکدا زۆرترین توانای هەیە. زۆر بەناڕەحەتی ئەتوانین پرسیاریك بخەینە ڕوو کە بە کۆتی "چەند و لەچ بارودۆخ و ڕیژەیەکدا" دەورە نەدرابی. ئەگەر چاودیری بیرکاری نەبیت، ئەوا لۆژیکی ئەرستۆیی خاکیکی لەبارە بۆ بەهەلەدابردن و تیکەوتن. ئەم لۆژیکە تەنها

١- Diminshing Returns



سەروکاری لەگەل چەند جۆریك لە پرسیارەکاندا هەیە کە بۆ خستنەڕووی فیکرە هەرە دابڕاوەکان گونجاوە. ئەو جۆرە دابڕاوانەی کە لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکاردین، ئەو ئەندیشانەیان لەپشتەوەیە کە بی ئاگان لە واقیع.

ئەگەر بیرکاری تەنها بەو لقانە دابنیین کە تا ئیستا فراوان بوون و گەشەیان کردووە، ئەوا دیارە کە تەنانەت ئاوڕ لە بیرکاریش نەدراوەتەوە. کاری زانستی گشتی بیرکاری، تویژینەوەیە لە مۆدیلەکانی پیکەوە بەستن کە لە چەشنیکی تایبەتی پیکەوە بەسترانیان لە شتە تایبەتە پیکەوە بەستراوەکان زیاتر دەگریتەوە. چەمکەکانی چەندایەتی و ژمارە، تەنها بەسەر چەند لقیکی تایبەتی بیرکاریدا هەژمونیان هەیە. پرسی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئەگەر پەیوەستبوونی خۆیی (ذاتی) شتەکان لەبەرچاونەگرین هەمیشە زیانمان پیدەگات. ئەمەیە تیۆری گشتی ڕیژەیی کە هەموو جیهانی پی ڕەنگ کراوە و بە بوونی کۆمەلیك هەموو شتە زەرفییەکان دروستدەکات کە یەکخەری هەموو ڕووداوەکانە.

بەرەوپیشچوونی ئەندیشە، راستی تیۆری یۆنانییەکانی لەبارەی ڕیکخستن و هاوسەنگییەوە سەلماندووە. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کەخەیالی چالاکی یۆنانییەکان بەجۆریك بوو کە بوونیکی سەربەخۆی دەدا بە هەموو هۆیەکانی جیهان، وەك جیهانی سەربەخۆی نموونەکان کە لە ئەندیشە سەرەتاییەکانی ئەفلاتۆندا بەزۆری بوونی هەبووە و لە دیالۆگەکانی دواتریشیدا جاروبار دەردەکەویت. بەلام نابیت لەبەر ئەم سەربەخۆ بەخشینە زیاد لەحەددە لۆمەی یۆنانیەکان بکەین. هەموو زمانەکان گەواهیدەری ئەم هەلەیەن. ئیمەش بەشیوەیەکی ئاسایی بەم شیوەیە لەبارەی بەردەکان و هەسارەکان و گیانلەبەرانەوە ئەدوین وەك ئەوەی کەهەریەك لەوانە دەتوانیت بەتەنیایی، تەنانەت بۆ ساتیکیش بیت، جیا لە دەورو بەرەکەی، کە بەخواستی سروشتی خۆی هۆیەکی پیویستە، بوونی هەبیت.

ئەم شیوەیە لە تەجرید پیویستییەکی بیرکردنەوەیە، هەروەها دەتوانین بلیین کە پیش وەخت، بوونی سنووریك بۆی شتیکی پیویستە. ئەمە ڕاستە، بەلام دەرەنجامیکی تریشی هەیە. کاتیك پەیکەری کۆتایی شتەکان نەزانراوە، لەم ڕووەوە دیارنییە کە ئەو دەستەواژە دابڕاوانە چ گریمانە و ئەندیشەیەکیان لە پشتەوەیە، لەم کاتەدا هەموو زانستەکان دووچاری ئەم ئاشووبە دەبن، کەلەوانەیە کۆمەلیك بابەت هەبن لەپشتیانەوە چەند پیش گریمانەیەك هەبیت، کە تەنانەت خۆشیان ناسازگارو نەگونجاو بن. زانست ناتوانیت لەو میتافیزیکە پایەدارتربیت کە نائاگایانە و بەنهینی و پیش خۆی گریمانە دەکریت.

هەرشتێکی تاك، ئەبێ لەدیاریکردن و چۆنایەتییەك پێکبێت لە شوێنی خۆیدا، بۆیە لەدەرەوەی شوێنی خۆیدا شیاوی ناسینەوە نییە. هەرجۆرە بەڵگە هێنانەوەیەك لەدەرەوەی جۆرێك لە چوارچێوەی میتافیزیکی عەیبدار و ناتەواوە.

## بەشی شەشەم:

بەم پێیە یەقینی زانستی لە تراویلکەیەك١ کە دەوری سنووردارییە نەدۆزراوەکانی داوە بەولاوە هیچی تر نییە. چەمکە میتافیزیکییەکان کە لەفەزای سەردەمی ئێمەدا پەرش و بلاو بوونەتەوە، تێڕوانینی ئێمە لەبارەی بۆچوونە زانستییەکانەوە دیاری و جڵەو دەکەن. هەر بۆیە، بەردەوام ئێمە پەلکێش دەکرێین بۆ بوونی باوەڕی نابەجێ لە بارەی زانستەوە. بەهەمان شێوە، هەر ئەوەندەی کەجۆرێك ئەزموونی هەستی تازە دێتە پێشەوە، بۆچونەکانی پێشوو لە هەورێکی چڕو پڕی کەم و کورپەکاندا ڕۆدەچن.

زانستی بەبەرهەم و ڕێکخراو، کە بە واتای گشتی زانستی دادەنێین بەرهەمی بەیەکگەیشتنی دووجۆر ئەزموونە. جۆری یەکەمیان پێکدێت لە جۆر و بەشە ڕاستەوخۆ و سەربەخۆکانی بینین (مشاهدە). جۆری دووەمیش پێکدێت لە شێوازی گشتی وەرگرتنی زانست لە لایەن ئێمەوە. ئەتوانین ناوی سیستمی بینراو (مشهود) و سیستمی مەعقول لەم دوانە بنێین. یەکەم خاڵی گرنگ کە ئەبێت لەبیرمان بێت ئەوەیە کە هەمیشە و بە بێ هەلاویردن، سیستمی بینراو لە سایەی ئەو چەمکانەدا ڕاڤەدەکرێت کە سیستمی مەعقول دەیدات بە دەستەوە.

پرسیار ئەوەی کە ئایا کام یەك لەم دوانە پێشەکی و کامیان پاشکۆن، بەنسبەت ئەو مەبەستەی کە ئەم لێکۆڵینەوە بەشوێنیەوەتی، پرسیارێکی ئەکادیمیانەیە. ئێمە، میراتگری سیستمێکی بینراوین، واتا هەر ئەم چەشنە شتانەی کە لەیەکتریان جیا دەکەینەوە.

هەروەها میراتگری سیستمێکی مەعقولیشین. واتا سیستمێکی فیکری کە ڕاڤەکانی ئێمە بە پێی ئەوانە ئەنجامدەدرێن.

ئێمە ناتوانین هیچ چەرخێکی مێژووی مرۆیی و تەنانەت ئاژەڵیش بەخاڵی دەستپێکی کارلێکی ئەم دوانە دانێین، ئەوەش ڕاستە کە بینراوە نوێیەکانیش سیستمی مەعقول سەرەو

١ - سراب



ژێردەکەنەوە. بەڵام چەمکە نوێیەکانیش بەهەمان شێوە، کەش و هەوای لەباری نوێ بۆ بابەتە ئەزموونییەکان بەدی دێنن.

بە باشی ناتوانین بزانین کە لەمێژووی بیردا چ گوزەراوە مەگەر بێت و ئەو خاڵە لاوازە گەورەیەی کە لە سیستمی بینراودا هەیە لەبەرچاو بگرین.

واقیعییاتە بێ لایەنەکان ئەوە دیاری ناکەن کە دووبارە ناسینەوە ئەزموونییەکان ئەبێ چۆن بن. ئەزموون هەندێ شت هەڵدەبژێرێت و هەندێ شت دەخاتە لاوە ئەوەشی کە هەڵی دەگرێت، بە فرمانی زیهن لە پلەگەلێکی جیاواز لەگرنگیدا دایان دەنێت، ئەم جیاوازیی پلانە، لەڕاستیدا دەبنە مایەی گێڕکردنی واقیعییەتەکان. لەم ڕووەوە ئەبێت واقیعییەتەکان بەو شێوەیەی کەهەن ڕزگارکەین لەدەست ئەو شێوەی کە بەبیردا دێن. ئەبێ ئەو واقیعییەتانەش کە وەلانراون ڕزگارکەین، هەروەها ئەبێت ئەو پلە جیاوازانەی گرنگی کە لە زیهنیدان وەك پێکهێنەرێك لە پێکهێنەرەکانی مشاهدەی هەستی وەلا نێین. بۆ نموونە: بابەتە بینراوەکانی سەردەمی سەرەتای شارستانیەت لەبەرچاو بگرن. بابەتی بینراو ئەوەبوو کە زەوییەکی تەخت هەیە و گومەزی ئاسمانی بەسەرەوەیە.

تەنانەت لای هاوچەرخەکانی پاپا سیلۆستریش، بوونی شوێنی تری ئاوەدان و نشینگە لەسەر زەوی شتێکی جێ باوەڕ نەبووە. باوەڕی باوی پاپا لە بارەی ئەوانەوە هیچ ئیعتبارێکی بۆ ئەم سیحرەکۆنەی ئەو نەهێنایە بوون.

ئێستا کاتی نیوەڕۆ لەڕۆژێکی ڕۆشندا تەماشای ئاسمان کەین، تەماشا دەکەین کە شینە و تاقگەیەك لە تیشکی خۆری پێدا تێدەپەڕێ و ئەو شتەی کە شیاوی بینینە خۆرێك وەك تەنها سەرچاوەی ڕووناکی و ئاسمانی بێ بەرگە. چیرۆکی ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا لەیەکەمین ڕۆژەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بە بیرخۆدا بێنن.

ئادەم و حەوا تەماشای نیشتنی خۆر دەکەن و دوای ئەویش ئەستێرەکان هەڵدێن " تەماشاکە، دروستکراوەکان لەبەردەم چاوەکانی مرۆڤدا زیاتر دەکرێنەوە "

ڕوناکییەکی لە ڕادەبەدەر، شتگەلێك ئاشکرا دەکات و شتگەلێکیش بەنهێنی دەهێڵێتەوە. شتگەلێکیش کە بەستراونەتەوە بە تەجروبەی مرۆییەوە گێڕ دەکات. یەکێ لە ئەرکەکانی ڕامانە تیۆری و فەلسەفییەکان هەرئەمەیە کە بینراوەکان لە سنوورەکانی کەماڵی درۆینەوە بەرەو پێشتر بەرێت و بۆچوونی زانستیانەش لە خەیاڵی تەواویەتی تراویلکە ئاسا تێپەڕێنێت.

ئێستا ئەتوانین بەکورتی مێژووی تێپەڕین لە گەردونناسی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بۆ جیهانبینی نویٚ بخەینە ڕوو، پاڵنەری کاریگەر لەم تێپەڕینەدا، مێژوویەکی ١٨ سەدەیی هەیە کە بەتەواوی خاڵییە لە بینینە هەستییەکان. ئەم مێژووە بریتییە لە مێژووی بیرکردنەوەی ئینتیزاعی ئەمەش واتا گەشەی بیرکاری. ئارەزوویەك کە ئامانجی بەرەوپێشچوون بوو بریتی بوو لە خواستی گونجاندنی چەمکە تیۆرییەکان و خواستی خستنەڕووی مۆدێلە تیۆرییەکان کە بەرهەمی بالآ دەستی ئەو چەمکانەن.

ئەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەگەر زۆربەی فەیلەسوف و زاناکانی ئێستا ڕێگایەکیان دەبڕی، بێگومان یۆنانیەکان، یەهودییەکان و موسڵمانەکانیان لەو توێژینەوە بێ بەرهەمە بێ بەش دەکرد. توێژینەوەیەکی دابڕاوی وایە کە کەمترین خەیاڵی عەمەلی لەبارەیانەوە شیاوی بیرلێکردنەوە و پێشبینی نەبوو. بەلآم خۆش بەختانە ئەمانە ڕێگا نابەنەسەر باوباپیرانیان.

## بەشی حەوتەم:

خزمەتەکانی سیستەمی نیوتنی بەمرۆڤ ئەوەندە زۆرە کە لە ژمارە نایەت. لەم سیستمەدا ئەندێشە گەلێکی وەرگیراو لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و ئەبیکور، لە دروستکردنی ئەندێشە گەلێکی ڕێکخراو و سازگاردا کۆکراونەتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە بابەتە بینراوەکان ڕاڤە دەکەن. ئەم سیستمە بووە هۆی ئەوەی کەمرۆڤ هەژموونێکی نویٚ بەسەر سروشتدا پەیدابکات، هەر ئەو سروشتەی کە پێشتر فەرمانەکانیمان جیٚ بەجیٚ دەکرد ئێستا ڕابەرایەتی دەکەین. بەلآم ئەم سیستمە نیوتنەش وا ئاوەژوو دەبێتەوە. مەسەلەی ئەم ئاوەژوو بوونەوەیە، تەمەنێکی زیاد لە سەد ساڵی هەیە، چونکە لە بەشی زۆربەی ئەم ماوەیەدا، پیاوانی زانست خۆیان نەیاندەزانی کە ئەو بۆچونە یەك لەدوای یەکانەی کەدەیخەینە جیهانی زانستەوە لە کۆتایدا لە شێوەی کۆمەڵەیەکدا دەردەکەون کە لەگەڵ بۆچوونی قوتابخانەی نیوتندا کەبەسەر بیرکردنەوەکانیاندا زاڵە و شێوەی دەربڕینیان دیاری دەکات نەگونجاو دەردەچێت. ئەم مەسەلەیە لەگەڵ تیۆری شەپۆلداریی تیشکدا، دەستی پێکرد و بە تیۆری شەپۆڵداری ماددە کۆتایی هات. ئێستا ئەوە ئێمەین کە لەکۆتایدا لەم پرسیارە فەلسەفییەدا ماوینەتەوە: کام شت واقعی و دەرەکییەکە شوێنی کاردانەوەی ئەم سیفەتە بیرکارییەی لەرینەوە شەپۆلیەن.

جوزئیاتەکانی ئەم داستانە، هەمان مێژووی فیزیای نوێیە کە باسکردنی لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئەم باسەی ئێمەیە. تەنها شتێك کە تێگەیشتن لێی بۆ ئێمە پێویستە، ئەوەیە کە



لەبەرامبەری نێوان دوو دەستە ئەندێشەی گشتی تێبگەین کە بە دوای یەکدا ژێرخانی فیزیکی نیوتنی و فیزیکی نویٚ پێکدێنن.

فیزیای نیوتنی پشتی بە سەربەخۆیی تایبەتمەندی پارچە جۆراو جۆرەکانی ماددە بەستووە. ئەو باوەڕی وایە کە ئەکرێت وەسفی پارچە بەردێك بکەین بەشێوەیەکی تەواوەتی و بە بیٚ گەڕانەوە بۆ هیچ پارچەیەکی تری ماددە، ئەم پارچە بەردە ئەتوانێت بە تەنهایی لە جیهاندا بوونی هەبێت و تەنها شتێك بێت کە فەزای چونیەك داگیر دەکات و پاش ئەوەش هەر هەمان پارچە بەرد بێت. سەرەڕای ئەوەی کە ئەتوانین ئەم پارچە بەردە بەشێوەیەکی تەواوەتی و بە بیٚ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان ئایندە وا ببینین کە بە شێوەیەکی تەواو یەکسەر لەم ساتەدا ئامادە بووە.

ئەمەیە ئەندێشەی وردی مەکتەبی نیوتن کە فیزیای نویٚ گەرد گەردی شیتەڵ و مەحو کردۆتەوە. بیٚ کەموکوڕی ئەمە هەمان تیۆریی " جیگیربوونی سادده "١ و " پەیوەندی دەرەکیی "٢ە. لەبارەی پەیوەندی دەرەکییەوە ڕاجیایی بوونی هەبووە. ئارەزووی خودی نیوتن ئەوەبوو کە پەیوەندی دەرەکی لەسەر شێوەی پەستان و بەریەککەوتنی نێوان دوو تەنی پێکەوە پەیوەست وێنا بکات. بەلآم نەوەی دوای شوێن کەوتوانی وەك ڕۆجر کۆتس چەمکی " هێزی کاریگەر لە دوورەوە " یان بۆ زیاد کرد. بەلآم هەم ئەمیان و هەم ئەویان، هەرچۆنێك بێت ڕوداوێك بوون لە بارێکدا، واتا پەیوەندی دەرەکی نێوان دووپارچەی ماددەی دوور یان پێکەوە بەستراو. تیۆری بەرامبەر ئەمە کە باوەڕی بە پەیوەندی ناوەکییە، بەزمانێك خراوەتە ڕوو کە بۆ پێشگریمانە نیوتنیەکانی پەیوەندی دەرەکی لە بارترە، هەر بەم هۆیەوە ڕووی ئەمە سڕدراوەتەوە. خودی لایەنگرانی ئەم تیۆرییەش لەوانە برادلی ٣ نەیتوانیوە خۆی لە کەوتنە ناو ئەم چاڵەوە بپارێزێت. ئەوەشمان لە بیر بێت کە بەهەمان شێوەی کە پەیوەندییەکان دەبنە هۆی ئەوەی شتە پەیوەستەکان بگۆڕێن، شتە پەیوەستەکانیش کار لەسەر چۆنیەتی پەیوەندییەکە دەکەن. " پەیوەندی " چەمکێکی گشتی و زیهنی نییە، بەڵکو واقیعیەتێکی دەرەکییە وەك خودی شتە پەیوەستەکان ئامادە بوونی عیللەت لەناخی مەعلولدا سەلماندنی ئەم ڕاستیەیە. ئەبیٚ ئێمە خەریکی دۆزینەوەی تیۆرییەك بین لە بارەی سروشتەوە کە بتوانێت پەیوەندی عەینی

---

١- Simple Location

٢- External Relations

٣- Bradly

تایبەتمەندییەکانی مادده بە تایبەتمەندییەکانی زیهنەوە و پەیوەندی رابردوو بە ئێستاوە و هەروەها ڕێکخستنی واقیعییانەی تاك و شتە جۆراو جۆرو سەربەخۆکانەوە ڕونبکاتەوە.

فیزیای نوێ وازی لە تیۆری " جێگیر بوونی سادە" هێناوە. ئێمە شتە هەستپێکراوەکانی وەك ئەستێرە، هەسارە، کۆمەڵە مادده، گەردیلەکان، ئەلیکترۆن، پرۆتۆن و کوانتۆم بە وزە دادەنێین، لەمەولا ئەبێ وەك گۆڕانکارییەکی دۆخی١ دابنێین کە لەسەر تاسەری قەڵمڕەوەکەیدا بلاَو بۆتەوە) هەر شتێکی ناوچەیی چەقێکی هەیە کە لە گفتوگۆ باوەکاندا جێگای ئەو شتە دەزانرێت، بەلاَم کاریگەری شتەکە بەخێراییەکی تایبەت تا دوورترین گۆشەکانی فەزاو کات دەچێت. ئەڵبەتە قسەکردن لە بارەی ناوچەی چەقی دیاریکراوەوە، لە جێی خۆیدا شتێکی سروشتییە و لەچەند شوێنێکی تایبەتیشدا زۆر گونجاوە، بەلاَم نابێ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زۆر بەجدی وەرگرین، چونکە گرفت بەدوای خۆیدا دێنێت. لە فیزیادا شت، بریتییە لە تایبەتمەندییەکانی شتەکە و تایبەتمەندییەکانی شتێکیش دەریایەکە لە کاریگەری خێرایی.

بەلاَم ئەڵبەتە ئەو ناوچە چەقەی لەم تەوژمەدایە نەچۆتە دەرەوە و جیا نییە. ئەم ناوچەی چەقە بە توندی ڕەدی دەکاتەوە کە بابەتێکی دابڕاو بێت و لەناو " کات " دابێت، بەڵکو بریتییە لە جۆرێك لە ناجێگیری و نائارامی و تەنها جیاوازییەکیش کە لەگەڵ تەوژمەکانی دەرەوەدا هەیەتی ئەوەیە کە لەهەمان ناوچەی چەقدا هەژمون و جێگیریی زیاتری هەیە. گرفتی ئێمە ئەوەیە کە نازانین بە چ دەربڕینێك لە بارەی بوونی ئەم شتە هەستپێکراوانەوە لە ساتێکی تایبەت لە زەمەندا قسە بکەین، چونکە لەهەر " خاڵ – کات – ڕووداو٢ ێکدا لە ناوەوە یان دەرەوەی ناوچەی چەقدا، هەر گۆڕانکارییەك کە دەدرێتە پاڵ شتێك، یان پێشەکییەکەیان و یان دەرەنجامی گۆڕانکارییەکی ترە کە لەلایەن هەمان شتەوە، خاڵ – ڕووداودا، دێتە دی. لەم رووەوە ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی تەواوەتی، پەردە لەسەر رازی وجودی تایبەتی بەرجەستە هەڵدەینەوە، نابێت تێروانینی خۆمان کورت کەینەوە لەسەر خاڵێکی تایبەت لەشوێن، یان ساتێکی تایبەت لەکات، هەرشتێکی تایبەت، بریتییە لە جۆرێك لەپێکهاتنی نێوان کات و شوێن و ئەو بارودۆخەی لەوکات و شوێنە دایە. ئەم پێکهاتنە، نمونەیەکە لەقاعیدەی گشتی کەبەیانێکی بیرکارییانەی هەیە. ئەبینین دووبارە گەیشتینەوە تیۆری بنەڕەتی ئەفلاتۆن. ئەبێ لەگەڵ ڕەتکردنەوەی تیۆری " جێگیربوونی سادە " بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لە هەر

١- Modifictions of conditions

٢ -Instanteous Poind – event



ناوچەیەکدا ژمارەیەکی زۆری شتە بەردەستەکان کەوتوون بەسەر یەکدا. لەم رووەوە لە رووبەری هەرشوێنێکدا بوونی شتێکی فیزیکی، بریتییە لە تەرتیبی کاریگەری تەواوی شتە فیزیکییەکانی دونیا لەو شوێنەدا. ئەڵبەتە واتای بوونی تەواوی دەرەکی ئەوەیە کە پێکهاتەیەك لەدەرەوەی فۆرمۆڵە بیرکارییەکاندا بێت. شتێکی دەرەکی پێکهاتەیەکی راستەقینەیە لەوشتانەی کەوەك نمونەی فۆرمۆڵەکان دروستدەبن. لێرەدا پێکهاتەکانی چەندایەتی و چۆنایەتی پێکەوە تێکەڵبوون. بۆنمونە کاتێك ئۆرگانیزمێکی زیندووی خۆراك لەخۆیدا کاری هەرس و مژین دەکات ناتوانین بڵێین فۆرمۆڵەیەکی بیرکاری فۆرمۆڵەیەکی بیرکاری تری لەخۆیدا نقوم کردووە. ناتوانین بڵێن یەکسان بوونی دوو کۆی سێ لەگەڵ پێنجدا، یەکسان بوونی ٣×٣ لەگەڵ ٩ دای لەخۆدا ونکردووە، یان ژمارە یازدە دەتوانێت ژمارە ١٦ هەرس بکا. بۆهەر یەك لەم واتا بیرکارییانە، دەتوانین چەند نموونەیەکمان دەست کەوێت بەلاَم واقعییەت لەم فۆرمۆڵە نموونە دارانە زیاترە١.

## بەشی هەشتەم:

تێگەیشتنی تەواو پراوپری شتێك پرسی کۆتایی ئێمەیە، وەها کارێکیش تەنها بەهاوکاری ئەو چەمکە بنەڕەتیانە مەیسەر دەبێت کە قسە لەسەر حەقیقەتی بوون دەکەن. وابۆمان دەردەکەوێت کە دووبارە بە فەلسەفە دەگەینەوە، سەدەگەلێك لەمەو بەر، ئەفلاتۆن لەرووی وردبینییەوە بوونی حەوت هۆکاری سەرەکی خستەروو کە پێکەوە ئاوێتە بوون: نموونەکان، شتە بەرجەستەکان، رۆح، عیشق، هاوسەنگی، پەیوەندییە بیرکارییەکان و دۆخ. ئەبێ هەموو یاسا فەلسەفییەکان بەکۆمەڵە هەولێك بزانین بۆ روونکردنەوەی ئاوێتە بوونی ئەم بەشانە. ئەڵبەتە بەهەڵەداچووین ئەگەر چەمکە نوێیەکانی خۆمان بەهاوتای چەمکە کۆنە ئەفلاتۆنییەکان بزانین و هەموو شتەکانی ئێمە لەگەڵ ئەفلاتۆندا جیاوازییەکی روونی هەیە.

١ -ئەمە راستە کە واقیعییەت لە فۆرمۆلە نمونەدارە بیرکارییەکان، زیاترە ئەوەی لێرەدا شیاوی بیرخستنەوەیە ئەوەیە کە ئێمەش هێشتا نەمان توانیوە پەی بە نمونەی دەرەکی زۆرێك لە فۆرمۆلە بیرکارییەکان بەرین و بە گریمانەیەکی دڵنیاکەرەوەش ئەم فۆرمۆلە بیرکارییانە هەر بەم چەشنە ئینتیزاعییەیان دەمێننەوەو بگرە بە تیپەربوونی کاتیش ئالۆزتر دەبن.(و، کوردی)

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم جیاوازییانەشدا مرۆڤی نوێ هەوڵدەدات تاوەکو پێکهاتەی هاوتای پێکهاتە ئەفلاتۆنییەکان لە پەیکەری سروشتدا پەیداکا. جیاوازییەکە لەوەدایە ئەمڕۆ وەسفەکان ناراستن و شیتەڵکردنەوەکان روون نین و پەیوەستەگشتییەکانیش لەجێی خۆیاندا نین. بەڵام هەمیشە هەمان ئەو ئاماژانە لەجێی خۆیاندان کە ئاگادارمان دەکەنەوە. یاسا زانستی و فەلسەفییەکان دێن و دەچن. ئەو رەوشانەی دەرکێکی گشتگیر لەبارەی دیاردەکانەوە بەدەستەوە نادەن، سەرەنجام هەموو توانا و ئیعتیبارێکی خۆیان لەدەست دەدەن. هەرسیستەمێك لەسەرەتای دەرکەوتنی خۆیدا سەرکەوتنێکە و لەرۆژانی نیشتنیدا بێزارکەرێکی سەرەڕێیە.

بۆئەوەی دووبارە ئیدراکی ئێمە بەرهەمدار بێت، ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ قووڵترین دەسکەوتە شهودییەکان تاوەکو هێزی داهێنەری خەیاڵمان دووبارە گەنج و چالاك کاتەوە. بەرهەمی کۆتایی ئەم کارە-کەکۆتاییەکیش لە ئارادانییە- فراوان بووە و لەلای خۆیەوە هەلی چاکتر و بواری گەورەتری بەدوای خۆیدا هێناوە. لەسروشتی بێ هەستدا هەڵبژاردنی سروشتی هاوتای لەدەست چوونە. ئێستا ئەوە فەلسەفەیە کەدەبێ دواین رۆلی خۆی بگێڕێ. فەلسەفە ئەبێ بگاتە بەرچاو روونییەك ـ ئەگەر چی نادیاریش بێ ـ تاوەکو لەژێر دیوارە روخاوەکاندا ئەو نەوەیەی کەبەشوێن بەهاگەلێکی سەرووتر لەچێژە ئاژەڵیەکانەوەیە، بۆرێگای دەربازبوون بگەڕێت.

# فیزیك و میتافیزیك

پیردۆییم ١( (١٩١٦ – ١٩٦١) ترمۆدینامیسیست، مێژوونوسی زانست و فەیلەسوفی زانست و زانای گەورەی فەرەنسی  خاوەن چەندین بۆچوونی کاریگەر و بەپێزە لە فەلسەفەی زانستی فیزیادا کە بەدرێژی لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا (پەیکەرو ئامانجی تیۆرە فیزیاییەکان)٢ ئەم بابەتەی شیکردۆتەوە. فەلسەفەی زانستیی ئەو، لە بنەڕەتدا فەلسەفەیەکی ئامێریانە بوو کە هەموو تیۆرە فیزیکییەکان بەهۆکارێك (ئامێرێك) دادەنێت بۆ پۆلێنکردن و پوختەکردنی یاسا ئەزمونییەکان و بەتێڕوانینی ئەو هیچ ڕۆلێکی واقیعیانەیان نییە.

شارەزایی قوولّی دۆییم لە مێژووی زانست و بەڵگەداری وتەکانی ئەو لەم بارەیەوە، زیهنی رەخنەگرانە و کاریگەری ئەو و بوونی بەهرەی وردبوونەوەی بیرکاریانە و فیزیکی تێیدا، کتێبەکی ئەوی کردووە بە یەکێ لە دەقە دەوڵەمەندە کلاسیکییەکان، جگە لەوەش ئیماندارێك بوو کە باوەڕی بە قەشەی کاپولیك بوو ئەمەشی نەدەشاردەوە. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی تا هەندێ کەس گومانی ئەوەبەرن کە ئەو بەئەنقەس هاتووە و ئەو جۆرە بۆچوونەی لەبارەی فەلسەفەی زانستەوە هەڵبژاردووە، تاوەکو ئامۆژگارییەکانی ئایینە قەبووڵکراوەکەی خۆی لەدەست گازندە دوژمنکارییەکان و کەموکوڕییە زانستییەکان بپارێزێت. یەکێ لەوکەسانە، توێژەرێك بوو بەناوی ئابیل رێی٣ کە لە ١٩٠٤ دا مەقالەیەکی ڕەخنە و شیکردنەوەی لەسەر

١- pierre duhem

٢- La Theorie Physique,SonObject, Sastruccture,١٩١٤ Paris

٣- Abel Rey



بۆچوونەکانی دۆییمەوە بلاّو کردەوە و لەوێدا فەلسەفەی زانستی دۆییم، بە فەلسەفەی دینداران وەسفدەکات. ڕێی، لە کۆتای مەقالەکەی خۆیدا ئەمە دەنووسێت: مەبەستی ئێمە لێرەدا ئەوەیە تەنها فەلسەفەی زانستی بەڕێز دۆییم هەڵسەنگێنین، نەوەکو بەرهەمە زانستییە پوختەکانی، بۆئەوەی ڕاڤەیەکی ورد لەسەر فەلسەفەی دۆییم بخەینەڕ و وابزانم ئەم پێشنیارەی خوارەوە گونجاو بێت: بەو لایەنگیرییەی ئەوەوە کە بۆ تێگەیشتنی چۆنایەتی جیهانی مادیی هەیەتی و بەو نەفرەت و بێ بێاوەڕییە توندەشی کە لەبارەی ڕاڤە گشتگیر و خودکەفانەی جیهانەوە هەیەتی و بەو هەڵهێنجانەی کە لەسەر میکانیزمی جیهان هەیەتی و لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەی- کە ئەویش بەڕووکەش نەك واقیعیی – لەسەر شەکاکییەتی زانستی هەیەتی، فەلسەفەی زانستی دۆییم، فەلسەفەی دیندارانە. ١

دۆییم، لەکۆتایی ئەو کتێبەی باسمانکرد بابەتێکی لەژێرناوی " فیزیکی دینداران " دا هەیە کە وەلاّمێکی دورودرێژی قسەکانی (ڕێی) ە. ئێمەش بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی مەسەلەکە و ئەو گونجانەی کە لەگەڵ باسەکانی ئەم کتێبەدا هەیەتی و بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی پێویست لەبارەی بۆچوونەکانی دۆییمەوە و پەیوەندی بیرکردنەوەی زانستی بە بیرکردنەوەی کەلامی یان میتافیزیکییەوە لەبۆچونی ئەودا ڕونبکەینەوە، تەرجەمەی بەشێك لەو بابەتەی سەرەوە لێرەدا ئەخەینەڕو ٢شیاوی باسە ئەو لەژێر ناونیشانی میتافیزیکدا، بۆچوونە دینی و فەلسەفییە پوختەکانی پێکەوە کۆدەکاتەوە کە ئەڵبەتە لەگەڵ ئەو تیۆرەی کەئێمە لەم کتێبەدا (زاست چییە – فەلسەفە چییە) هەڵمانبژاردووە جیاوازی هەیە. ئەو خاڵەی شیاوی ئاوڕلێدانەوەیە لەقسەکانیدا ئەوەیە کە تیۆر یان زانست لەگەڵ میتافیزیکدا نایەتەوە، بەڵکو میتافیزیکی زانست لەگەڵ میتافیزیکدا دێتەوە و ئەم قسەیەش تەواوە. لەراستیدا نەك هەر گشتاندنی فیزیا بە سەر هەموو زانستەکانی تردا، بگرە دیدی ئامێرگەراییانەی دۆییم لە فیزیاشدا خۆی لەخۆیدا شیاوی مشتومڕە. سەرەڕای ئەوەی کەچەند بۆچونێکی تری دۆییم لەم مەقالەیەدا هەیە کە وەرگێڕ (و. فارسی)  قەبووڵی نییە و لەگەڵیدانییە:

. . . ئەڵبەتە من بەتەواوی ڕۆحمەوە باوەڕم بەو ڕاستییە هەیە کە خوا خۆی بۆ ئێمە خستوەتە روو  و لەڕێی کڵێساوە  ئامۆژگارییەکانی خۆی بەئێمە گەیاندووە. من هەرگیز

١- Revue de Metaphysique de Morale XII (July ١٩٠٤ )

٢- Piere Duhem,The Aim and Structure of Physical Theory, theory, Tr.by P.P. Wiener Athenemi N.Y.١٩٧٧,PP.٢٧٣ – ٣١١ )

باوەڕی خۆم نەشاردۆتەوە و لەناخی دڵەوە هیوادارم کە ئەو خوایەی کە ئیمانم پێی هێناوە، من لەخەجالەتی لەم ڕێیەدا بپارێزێ. بەم واتایە ئەکرێ فیزیاکەی من بە فیزیای دینداران ناوبەرن. بەلاّم لەڕاستیدا بەرێز ڕێی، کاتێ ئەم ناوەی لەفیزیاکەی من ناوە مەبەستی ئەمە نەبووە، بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە کە باوەڕدارە مەسیحییەکان کەم تازۆر بەشێوەیەکی ئاگایانە، ڕەخنەکانی ئەم فیزیازانە دیندارەیان ڕێنمونی کردووە و زیهنی ئەویان بەرەو دەرەنجامگەلێکی تایبەت ئاراستە کردووە، لەبەر ئەم هۆیەش، ئەم دەرەنجامانەش دەبنە جێگای بەدگومانی هەندێ کەس کە تەنها سەروکارییان لەگەڵ وردبوونەوەی زانستی دایە و بێگانەن بەفەلسەفەی ڕۆحی و بیر و باوەرە مەسیحییەکان. بەکورتی ئەگەر کەسێك بیەوێت بنەما و پێداویستییەکانی ئەو تیۆرییە قەبوولبکات یکەمن لەبارەی تیۆرییە فیزیکییەکانەوە خستوومنەتە ڕوو، ئەبێ سەرەڕای زیرەکی، دینداریش بێت، ئەگەر مەسەلەکە ئاوابێ ئەوا من بەڕێگایەکی نادروستدا ڕۆیشتوم و لەگەیشتن بە ئامانجەکەم دواکەوتووم، بەلاّم من بەردەوام پێداگریم لەسەر ئەوە کردووە کە فیزیا بەشێوەیەکی خودموختارانە بەرەو پێشەوە دەڕوات و بەشێوەیەکی ڕەها لەبەرامبەر هەرجۆرە ئەندێشەیەکی میتافیزیکدا سەربەخۆیە. من بەو پەڕی وردبوونەوەوە ئەم ڕەوشەم شیکردووەتەوە، تاوەکو لەناو ئەم شیکردنەوەیەدا تایبەتمەندییەکان و قەڵەمڕەوی ڕاستەقینەی ئەم تیۆرییایانە بخەمە ڕوو. کەبە پوختی و پۆلێنکردنی دۆزینەوە فیزیاییەکانەوە خەریکن. من ئەو بیرکردنەوەیەم فڕێداوە کە پێی وایە ئەم تیۆرییانە، هێزی کاریگەریان بەسەر شتە سەرو ئەزموینییەکانەوە هەیە یان دەتوانن بزانن کە ئەو واقیعییەتانە چین کە لە پشت ژێرخانە ڕاستەوخۆ و بەرجەستەکانەوەن. لەم ڕووەوە من بۆ ئەم تیۆرییانە نەم وتووە توانای داتاشینی سیستەمێکی میتافیزیکیم هەیە، هەرووەك چۆن مافم بە بۆچوونە میتافیزیکییەکانیش نەداوە تاوەکو گەواهی لەسەر تیۆرییەکی فیزیکی یان دژی بدەن. ئێستا ئەگەر هەموو ئەو هەولاّنە بە هەڵهێنجان لەفیزیاوە، بەوە گەیشتووە کە بیر و باوەڕە ئاینییەکان بەئاماژە و ژێربەژێر ڕێیان تێبردووە، ئەوا لەم کاتەدا ئەبێ دان بەوە دابنێم کە بەشێوەیەکی نامۆ لەبارەی دەرەنجامی کارەکەمەوە دوچاری هەڵە بووم.



## سیستمی فیزیکی ئێمە لەسەر بنەمای پۆزەتیڤیستییە:

... ، پێکهاتەی سیستمەکەی ئێمە دەرەنجامی کام لەباوەڕە زیهینییە پێشینەکانن؟ ئایا ئەو دەرەنجامەی کە لە تیۆرییە فیزیکییەکانەوە دەستمان دەکەوێت هەمان دەرەنجامی کەسێکی باوەڕدارە کە نیگەرانی نەگونجانی نێوان ئامۆژگارییەکانی کلێسا و ئەو دەرەنجامانەیە کە عەقل پێی دەگات؟... ئەگەر وایە، تاکی بێدین مافی خۆیەتی کە لە بەرامبەر ئەم سیستمەدا بەگومان بێت: نیگەرانی ئەو لەجێی خۆیدایە تا نەوەکو هەندێ لەو بابەتانەی کە لایەنگری مەسیحیی هەیە، تەنانەت بە بێ ئاگاداری نوسەریش، لە لا بەلای تەوری وردبینی ڕەخنەوە خزابنە دەرەوە، مێشکی مرۆڤ تاچەند ئامادەیە ئەو شتانە بەڕاست بزانێت کە خۆشی دەوێن !... لەم ڕوەوە ئێمە دەمانەوێت ئەوە روونبکەینەوە کەچۆن بتوانین بەرەو فێرکردن و گرنگی پێدانی بۆچوونێك بچین دەربارەی ئامانجی پێکهاتەی تیۆرییە فیزیکییەکان. ١

هەندێ لەو قوتابییانەی کە ڕاڤەی " کتێبەکان و پیاوان " یان لەسەر بنەماکانی تێرمۆدینامیك زۆر بەدڵ نەبوو، داوایان لێکردین کە توێژینەوەیەکی بچووکیان لەبارەی بنەماکانەوە بۆ بنووسین. لەماوەی ئەو هەوڵە زۆرەدا بۆ وەلاّم دانەوەی پرسیارەکەیان، بێتوانایی ئاشکرای ئەو ڕەوشانەی کە تائەوکاتە بۆ دروستکردنی تیۆرییە لۆژیکییەکان بەکاردەهات، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاشکراتر دەبوو. لەو سەردەمەدا چەند ڕاستییەکمان بۆ دەرکەوت کە لەوەو دواش پشتگیری لێدەکرا. ئێمە بۆمان دەرکەوت کە تیۆرە فیزیکییەکان نە دەسکەوتی میتافیزیکین و نە کۆمەڵە یاسایەکن کە راستێتیان لەرێی ئەزموون و تاقیکردنەوەوە سەلمابێت، بەڵکو ئەم تیۆریانە چەند بینایەکی دروستکراون کە بە هاوکاری چەندێتییە بیرکارییەکان دروستکراون و پەیوەندی ئەم چەندێتیانەش لەگەڵ ئەو چەمکە دابراو و مجردانەدا کە لە تاقیکردنەوەوە دێن وەك پەیوەندی نێوان ئاماژەیە بە ئاماژەبۆکراوەوە. تیۆرییەکان وەك نیگارێکی بچووك یان وێنەیەکی ئیجمالین کە بەکەڵکی کورتکردنەوە و پۆلێنبەندی یاسا بینراوەکان دێتو ئەم تیۆریانە بە دیقەت و وردبوونەوەی جەبری-بیرکارییەوە شیاوێتی فراوانبوونیان هەیە چونکە بە پەیرەویکردن لە جەبر ئەکرێت ئەم تیۆریانە بە ڕێکخستنی ئەو چەندێتییەی کە ئێمە لە رەوشی خۆماندا گرتوومانەتەبەر دروستکەین. بەلاّم سەرەڕای ئەمانە بۆمان دەرکەوت کە کاتێك نۆرەی

---

١ - لێرەدا دوییم دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥ ساڵ لەوەو بەرو قسە لەسەر سەرەتای خوێندنی فیزیای لەکۆلێژی ستانیسی لاو سەردەمی دوای ئەو کاتی مامۆستایەتی و ڕوبەڕوبوونەوەی لەگەڵ قوتابییاندا دەکات.) ...

بەراوردکردنی بینایەکی تیۆری کە نوێنەری یاساکانە لەگەڵ یاسا ئەزمونییەکاندا دێت یان کاتێ داوەری لەبارەی ئاستی لێکچوونی شتێك لەگەڵ وێنەکەیدا دێت، ئیتر پێویستمان بەو وردبوونەوە بیرکارییانە نییە، چونکە هەمان ئەو هێزەی کە توانای شیکردنەوەی پێوەرە وردەکانمان پێئەبەخشێت ئەم وردبوونەوە و داوەرییە ئەنجام نادات. ئێمە بۆمان دەرکەوت کە رێگای دیاریکردنی لێکچوونی نێوان تیۆرییەك و پێدراوە ئەزموونییەکان ئەوە نییە کە چنراوی تیۆرییەکان لێك هەڵوەشێنین و هەریەك لە پارچەکانی بە تەنیایی تاقیکەینەوە، لەبەر ئەوەی کە هەر لیکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی بچووك، بەشگەلی زۆر جۆراوجۆری تیۆری لە خۆ دەگرێت، هەروەها بۆمان دەرکەوت کە هەرجۆرە بەراوردێکی نێوان فیزیای تیۆری و فیزیای ئەزموونی بە شێوەیەك ئەنجامدەدرێت کە هەموو تیۆرییەکان بە تەواوی هاورێ لەگەڵ هەموو بەشەکانی پێدراوە ئەزموونییەکان پێکەوە لە بەرچاو گرین... وا دێتە بەرچاو کە ئەندێشەکانی ئێمە لە بارەی سروشتی تیۆرییە فیزیکییەکانەوە لە بەشداریکردنی راستەوخۆ و لە تویژینەوەی زانستیدا و لە پێویستییە فێرکارییەکان کەڵکی وەرگرتووە. بەو وردبوونەوەیەی کە ئێمە لە هەڵسەنگاندنی زانیارییەکانی خۆماندا کردومانە، بۆمان دەرنەکەوتووە کە هیچ باوەڕێکی پێشووی ئایینی لە دروستکردنی ئەو ئەندێشانەدا کاریگەری هەبووبێت. چۆن واش نەبێت؟ چۆن باوەڕ دەکرێت کە ئایینی کاسۆلیك دەیەوێت ئەندێشەکان لە زیهنی فیزیازانێکی وەك ئێمەدا رەوتێکی تایبەتی هەبێت؟ ئایا مەسیحی گەلێك ناناسین کە هەم باوەڕدار بوون و هەم زانا، لە هەمانکاتدا باوەڕیان بە راڤەی میکانیکیانەی جیهان هەبووبێ؟ ئایا هەندێك لەوانە ناناسین کە بە پەرۆشەوە لە گەڵ رەوشی توێژینەوەی نیوتنیدان؟ ئایا بۆ ئێمە و هەر تاکێکی تێگەشتوو روون نییە کە بابەت و سروشتی تیۆرییە فیزیاییەکان شتگەلێکن کە پەیوەندیان بە بیرو را ئایینییەکانەوە نییە و ئەغیارن بەیەك؟

سەرەرای ئەمانە بۆ ئەوەی باشتر بیخەینە روو کە جیهانبینی ئێمە، لەم بابەتانەدا چ کاریگەرییەکی بچووکی لە باوەرە ئایینییەکانمانەوە وەرگرتووە، [دەپرسین] ئایا هەمان ئەو کەسانەی کە لەرووی ئایینییەوە هاو بیری ئێمەن، بە هێزترین هێرشیان نە کردووەتە سەر دنیابینییە فەلسەفییەکانی ئێمە؟

بەم پێیەش تێگەیشتنی ئێمە لە تیۆرییە فیزیکییەکان تێگەشتنێکی پۆزەتیفانەیە. ئەو بارودۆخەی کە ئەم تێگەیشتنەی درووستکردووە شتێکی وای نەهێناوەتە بوون کە ببێتە هۆی باوەڕنەکردنی ئەوانەی کە لەباوەڕەمیتافیزیکی یا باوەڕە ئاییبنیبەکانماندا لەگەڵماندانین.



## سیستمی فیزیکی ئێمە لەڕووی پێداویستی و شوێنکەوتنەوە، پۆزەتیفیستییە:

ڕامانی ئێمە لەبارەی چەمك و قەڵەمڕەوی تیۆرە فیزیکییەکانەوە، لەو جۆرە بیرکردنەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە میتافیزیك و ئایین هیچ ڕۆڵێکیان تێدا نەبووە و بەدەرئەنجامێکیش گەیشتووە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئایین، تیۆرییە میتافیزیکییەکان و باوەڕە ئایینییەکانەوە نییە.

ئەڵبەتە ئێمە بێ بەزەییانە بەگژ ئەو تیۆرە فیزیاییانەدا دەچینەوە کە دەیانەوێت موتالاکردنی جیهانی ماددی بگۆڕن بە میکانیێك. ئێمە جەختمان لەسەرئەوە کردووەتەوە کە فیزیازان ئەبێ لە سیستمەکەی خۆیدا، ڕێ بە چۆنایەتییە سەرەتاییەکان بدات. ئەو بۆ چوونانەی کە پێیان وایە هەموو شتەکان لەجیهانی ماددیدا ئەکرێ بگۆڕێن بۆ مادده و جووڵە، بۆچوونگەلێکی میتافیزیکین.

هەندێ کەس باوەڕیان وایە کە هەرچۆنایەتییەك بگرین لە بنەڕەتدا کۆمپلیکسە و ئەکرێت و ئەبێت لەچەندایەتیدا بتوێتەوە. بەباوەڕی من ئەو دەرئەنجامانەی کە ئێمە پێی گەیشتووین لەڕاستیدا لەگەڵ بۆچوونەکانی سەرەوەدا تەبا نییە.

ناتوانرێت شێوەی تێڕوانینی ئێمە بۆ دیاردەکان قەبووڵکرێت، تاوەکو ئەو تیۆرە میتافیزیکیانە فڕێ نەدرێت. لەم ڕووەوە وادێتە پێش چاو کە لە ناخی فیزیای پۆزەتیڤیستی ئێمەدا میتافیزیکیەکی تایبەت خۆی مەلاس داوە و هەر ئەم مەسەلەیە کە بەڕێز ڕێی لە بارەیەوە دەڵێت: "بەڕاستی وادیارە بەڕێز دۆییم تەسلیمی وەسوەسەیەك بووە کە میتافیزیکییە. ئەو باوەڕێکی تایبەتی لە بارەی قەڵمڕەو و ئیعتباری زانست و سروشتی مەعریفەوە لە قوولایی زیهنیدا هەبووە ".

ئەگەر بەڕاستی وابێت، دووبارە ئەبێ بەدەنگی بەرز بڵێین کە ئێمە لەم ڕێگایەماندا بەو هەموو هەوڵەی کە داومانە، شکستمان خواردووە، ئێمە نەمان توانیوە پێناسەیەك لەبارەی فیزیکی تیۆرییەوە بەدەستەوە بدەین کە بۆ فراوانکردن و گەشە پێدانی پۆزەتیڤیستەکان و میتافیزیستەکان و ماتریالیستەکان و پیاوانی دین و مەسیحییەکان و بێ باوەڕان هەموویان بتوانن و بەو پەڕی هاوڕاییەوە کاربکەن، بەڵام وانییە...

ئەو دەربڕینەی کە ئێمە لەبارەی گونجان و نەگونجانی میکانیزمەوە بەکارمان هێناوە ئەمەیە: " ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە هەموو دیاردە سرووشتییەکان ئەتوانرێت بەشێوەیەکی میکانیکی ڕاڤە بکرێت، بۆ فیزیازانێك نەڕاستە و نەهەڵەیە، بەڵکو بێ مانایە... ئەم بابەتە لە ڕەوشناسی فیزیا

زیاتر ڕۆیشتووە" لەم ڕووەوە بانگەشەی شیاویەتی گۆڕان لە هەموو دیاردەکانی جیهانی بێ گیاندا بەمادده و جووڵە، بانگەشەیەکی میتافیزیکییە و ڕەتکردنەوە و بەمەحاڵ دانانیشی میتافیزیکییە. بەڵام ڕەخنەی ئێمە لەبارەی تیۆرە فیزیاییەکانەوە لە وەها لایەنگری و ڕەدکردنەوەیەك خۆی بە دوور گرتووە. ئەوەی کە لایەنگری لێ کردووە یان سەلماندوویەتی ئەوەیە کە لەم ساتەدا هیچ تیۆرییەکی فیزیکی قەبووڵکراو بوونی نییە کە لەگەڵ پێداویستییەکانی تیۆری میکانیزمدا گونجاو بێت. هەر ئێستا ئەکرێت لەسەر بنەمای سەرپێچی کردنی ئەو پێداویستیانە تیۆرییەکی فیزیکی باوەڕپێکراو بنیاد بنرێن. لێرەدا ڕوونە کە لەخستنەڕووی ئەم باوەڕانەدا ئێمەکاری فیزیازانەکان ئەنجامدەدەین، نەوەك کاری میتافیزیستەکان...

سیفەتی سادە کە بۆ هەندێ لە مادده کیمیاییەکان بەکاری دەهێنین بە هۆی بەڵگەهێنانەوەیەکی میتافیزیکییەوە نییە کە سەلماندبێتی کە ئەو ماددانە بەشێوەیەکی سرووشتی شیاوی پارچە پارچەبوون نین، بەڵکو ئەم سیفەتەیان لەبەرئەوە بەسەردا دەسەپێ کە تا ئێستا لەبەرامبەر پارچە پارچەبووندا خۆیان ڕاگرتووە. ئەم سیفەتی (سادەییە) بە واتای داننانی ئێمەیە بە نەتواناییماندا و بەهیچ شێوەیەك شتێکی کۆتایی و قەتعی نییە. ئەو ماددەی کە ئەمڕۆ سادەیە سبەینێ بەسادەیی نامێنێتەوە، بەو مەرجەی کیمیاگەرێك لە پێشینەکانی خۆی بەختەوەرتربێت و بتوانێت پارچە پارچەی کات، لەبارەی سیفاتی سەرەتاییشەوە لە فیزیادا هەروایە. کاتێك ناوی سەرەتاییان لێ دەنێین بڕیاری ئەوە نادەین کە ئەوانە بەشێوەیەکی سرووشتی سادەن، بەڵکو تەنها دانمان بەوەداناوە کە ناتوانین ئەوانە لەوە زیاتر بە چۆنایەتییەکی سادە تر بگۆڕین، بەڵام ئەو گۆڕینەی کە ئێمە لە ئەنجامدانیدا دەستەوەستانین، ئەکرێت سبەینێ ڕووبدات.

لەم ڕووەوە ئێمە لە لادانی تیۆرییە میکانیکییەکان و پێشنیاری دانانی تیۆرییە چۆنایەتییەکاندا لە جیهاندا بەهیچ شێوەیەك لەژێر کاریگەری و ڕێنمایی ئەندێشە سەپێنراوە پێشینەکاندا لەبارەی ئیعتبارو قەڵەمڕەوی زانست و سروشتی مەعریفەوە نەبووین. ئێمە بەهیچ شێوەیەك — بەئاگاداری خۆمان یان نائاگایانە — خۆمان بە ڕەوشە میتافیزیکییەکانەوە نەبەستۆتەوە. ئێمە تەنها و تەنها ئەو شێوازەمان بەکار هێناوە کە فیزیاناسەکان بەکاری دێنن. ئێمە ئەو تیۆرییانەمان مەحکووم کردووە کەلەگەڵ یاساکانی بینیندا ناگونجێن. تیۆرییەکمان بەکارهێناوە کە بۆچوونێکی وەفادارانەی بەرامبەر ئەم یاسایانە هەیە. بەکورتی و پوختی، بە وردی و وریاییەکی تەواوەوە ڕێزی یاسا زانستییە سەلمێنراوەکانمان گرتووە.



## سیستمەکەی ئێمە ئەو ناتەباییەی لەناو بردووە کە وادیارە زانستی فیزیا بەرامبەر میتافیزیك و ئایینی کاسولیك هەیەتی:

ماوەیەکە بووەتە باو  کە تیۆرە گرنگە فیزیاییەکان لەگەڵ ئەو تیۆرانەدا کە بنەڕەتێکیان لە ئاینی کاسپولیك و فەلسەفەی ڕۆحیدا هەیە بدەن بەگژ یەکدا...

ئەو سیستەمەی کە ئێمە شیدەکەینەوە و لەگەڵێداین، دوورە لەو ناڕەزاییەی کە وادیارە تیۆرە فیزیکییەکان بەرامبەر بیروباوەڕی کاپولیك و میتافیزیکی ڕۆحی هەیانە. سیستمەکەی ئێمە ئەم ناڕەزاییانە وەك ئەو پووشانەی کەبا تەفروتونای کردوون لەڕیشەوە دەردێنێ. لەبەر ئەوەی ئەو ناڕەزاییانە لەبەرامبەر ئەم سیستمەدا جگە لە هەڵە تێگەشتن هیچ نین و  ناشبن.

بابەتە میتافیزیکی و بیروباوەڕە ئایینیەکان کامانەن؟ئەو بەند و باروانەی کە دەربارەی واقیعییەتە دەرەکییەکانن، نکۆڵی یان جەخت لەسەر سەلماندن یان نەسەلمانی دۆخێکی تایبەت بۆ مەوجودێکی ڕاستەقینە دەکەنەوە یان ئەو حوکمانەی وەك " مرۆڤ ئازادە "، " ڕۆح نەمرە "، " پاپا لەکاروبارە دینییەکاندا مەعصومە ". ئەوە بابەتگەلێکی میتافیزیکی، یان ئیعتیقادی و ئایینین کە ئەڵێن هەندێ لە مەوجودە دەرەکییەکان هەندێ وەسفیان بەسەردا دەسەپێ.

لەچ بارودۆخێکدا ئەگونجێت کە حوکمێك لەلایەکەوە لەگەڵ بابەتێکی میتافیزیکی یا کەلامی، گونجاو یان نەگونجاو بێت؟لەڕاستیدا پێویستە کە بابەتی ئەم حوکمە، واقیعیەتە دەرەکییەکان بێت کە سیفەتێکیان  بداتە پاڵ، یان سیفەتێکیان لێوەرگرێتەوە، لەڕاستیدا لە نێوان دووحوکمدا کە لەسەر هەمان  چەمك و تێگەیشتن بنیادنەنراون بەڵام بەیەك بابەتەوە پەیوەست دەبن، گونجان و  نەگونجان ڕوونادات. ئەو واقیعیەتانەی لە ئەزموونەوە وەرگیراون (بەواتای باوی وشەکە نەوەك بەو واتا ئاڵۆزەی کە لەفیزیادا هەیەتی) و یاسا ئەزموونییەکان (دیسان بەواتای تاقیکردنەوەو ئەزموونی ئاسایی، کە بەشێوەیەکی ئاسایی ئەخرێنە ڕوو بەبێ کەڵك وەرگرتن لە تیۆرەزانستییەکان) چەندین حوکمیان دەربارەی واقیعییەتە دەرەکییەکان لەخۆ گرتووە و لەم ڕووەوە دەتوانین بەشێوەیەکی ڕاست و مەعقول، لەبارەی گونجان یان نەگونجانی واقیعییات و یاسا ئەزموونییەکان، لەگەڵ بابەتە میتافیزیکی و کەلامییەکاندا قسە بکەین، ئەگەر بۆنموونە پاپا لە پلەی عسمیەتی خۆیدا فەرمانێك دەرکات پێچەوانەی ئایین بێت، لەم کاتەدا شتێك ڕوویداوە کە لەگەڵ باوەڕێکی ئایینیدا ناگونجێت. ئەگەر ئەزموون بگاتە

یاسایەکی وا کە "ڕەفتاری مرۆڤەکان هەمیشە لە سەریان نووسراوە" ئەوا لەم کاتەدا ڕوو بەڕووی یاسایەکی ئەزموونی بووینەتەوە کەلەگەڵ حوکمی میتافیزیکیدا دێتەوە.

ئەگەر لەوە گەڕێین ئایا بنەڕەتێکی فیزیکی تیۆری ئەتوانێت لەگەڵ بابەتێکی کەلامی یان میتافیزکیدا بێتەوە؟ئایا بنەڕەتە فیزیکییە تیۆرییەکان، یاساگەلێکی پەیوەندیدار بە واقیعییەتە دەرەکییەکانەوەن؟

بۆ پەیڕەوانی دیکارت و ئەتۆمیستەکان و بۆ هەموو ئەوانەی کە فیزیکی تیۆرییان بەستۆتەوە بە میتافیزیکەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بەڵێیە. بنەڕەتەکانی فیزیکی تیۆری یاساگەلێکن دەربارەی ڕاستییە دەرەکییەکان. کاتێ دیکارتییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جەوهەری ماددە، ڕەهەندی درێژی و پانی و قووڵییە، یان کاتێ ئەتۆمیستەکان بانگەشەی ئەوەدەکەن کە ئەتۆمەکان، پێش گەیشتنیان بە ئەتۆمێکی تر لە جووڵەیەکی یەك کیشوەری ڕاستەو خۆدان، ئەوان باوەڕیان وایە کە بەڕاستی ماددە بەو شێوەیەیە کەئەوان دەیڵێن و هەمان ئەو سیفەتانەشی هەیە کە ئەوان دەیدەنە پاڵی و لەو تایبەتمەندییانەش بێ بەشە کە ئەوان لێی دەستێننەوە. لەئەنجامدا جێی خۆیەتی کە لە گونجان یا نەگونجانی هەندێ لە بنەما فیزیکییە دیکارتییەکان یا ئەتۆمیستەکان لەگەڵ هەندێ لە بابەتە میتافیزیکی و کەلامییەکاندا پرسیار بکەین. لەجێی خۆیدایە کە دڕدۆنگیمان هەبێ لەوەی کە ئایا ئەو یاسایانەی ئەتۆمیستەکان داویانەتە پاڵ ئەتۆم، گونجانی لەگەڵ کاریگەری ڕۆح بەسەرجەستەوە هەیە یان نا. دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە حەقیقەتی ماددە لە تێڕوانینی دیکارتدا لەگەڵ ئامادەگی عەینی و جەستەیی مەسیح لە عیشای ڕەبانیدا ناگونجێت. وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ نیوتنییەکانیش بەڵێیە.

بنەماکانی فیزیای تیۆری، لە تێڕاوانینی کەسانێکی وەك نیوتنیەکانەوە کە بەگشتاندنێکی توێژینەوەی یاسا ئەزموونییەکانی دەزانن، یاساگەلێکن دەربارەی ڕاستییە دەرەکییەکان. ئەم کەسانە هاوکێشە بنەڕەتییە دینامیکییەکان وەك بنەمایەکی گشتی و جیهانی دەبینن کەراستێتیان بەتاقیکردنەوە دەرکەوتبێت و جووڵەی هەموو تەنە دەرەکی و واقیعییەکانیش بە پێی ئەوانەیە، ئەوان بەشێوەیەکی لۆژیکی دەتوانن لە دژایەتی هاوکێشە دینامیکییەکان و ئەگەری ئیرادەی ئازاد قسەبکەن و لەوە بکۆڵنەوە کە ئایا ئەم دژایەتییە، هەڵدەگیرێت یان نا.

لەم ڕووەوە بەرگریکارانی قوتابخانە فیزیاییەکان کە ئێمە لەگەڵیاندا لە ململانێداین، مۆڵەتی ئەوەیان هەیە کە قسە لەسەر نەگونجان یان گونجانی تیۆرییە فیزیاییەکان لەگەڵ بۆچونە دینی و میتافیزیکییەکاندا بکەن، بەڵام ئەم شتە لەبارەی ئەوکەسانەوەی کە بۆچونی ئێمە یان



لەبارەی تیۆرییە فیزیکییەکانەوە قەبووڵکردووە، نادروستە، چونکە ئەوانە هەرگیز قسە لەبارەی پێکدادانی نێوان بنەمافیزیکییەکان و تیۆرە میتافیزیکی و دینییەکانەوە ناکەن. ئەوان بە باشی لەوە تێگەیشتوون کە بۆچوونە دینی و میتافیزیکییەکان، یاسا گەلێکن دەربارەی واقیعییەتە دەرەکییەکان لەکاتێکدا بنەما فیزیاییەکان، بابەتگەلێکن لە بارەی هەندێ لە بابەتە بیرکارییەکانەوە کە لەهەر جۆرە بوونێکی دەرەکی بەدەرن. لەبەر ئەوەی زەمینەی هاوبەشیان نییە، ئەم دووجۆرە بڕیارە هەرگیز بەپێچەوانە یان هاوڕای یەك نابن.

بەڕاستی بنەماکانی فیزیایی تیۆری چین؟ چەند شێوەیەکی بیرکارین کە شیاوێتی پوختەکردن و پۆلێنکردنی ئەو یاسایانەیان تێدایە کە لە ئەزموونەوە وەرگیراون. ئەم بنەمایانە لەلای خۆیانەوە نە ڕاستن و نەدرۆ، وێنەیەکن لەو یاسایانەی کە لێیەوە هاتوون و کەم تازۆر قەبووڵکراون. لێرەدا ئەم یاسایانە کە لەبارەی واقیعییەتە دەرەکییەکانەوە بڕیار دەدەن و لەم ڕووەشەوە دەکرێت لەگەڵ بابەتە میتافیزیکی و کەلامییەکاندا بگونجێن یان نەگونجێن و ئەڵبەتە ئەو پۆلێنکردنە ڕێکوپێکەی کە تیۆرییەکان بەم یاسایانەیان دەدەن، هیچ لە ڕاستیەتی و بەڵگەنەویستی و یان قەڵەمڕەوی ڕاستەقینەیان کەم ناکاتەوە. ئەم یاسایانە ئەگەر پێش هاتنە ناوەوەی بنەما فیزیکیەکان لەگەڵ بۆچوونە ئاینی و میتافیزیکییەکاندا هاتبنەوە و گونجاوبوبن، ئەوا هاتنە ناوەوەی ئەم بنەمایانە و پوختەکردن و ڕێکخستنیان هیچ زیانێك لەم گونجانەیان نادات. ئەگەر نەگونجانێك لە ئارادا بووبێت، ئەوا ئەو بنەما تیۆریانە ناتوانن گونجان بێننە ئاراوە. بنەماکانی فیزیای تیۆری بە خواستی سرووشت و شێوەی خۆیان هیچ ڕۆڵێك لە مشتومڕە کەلامی و میتافیزیکیەکاندا ناگێرن.

وەرن بائەو وەسفانەی سەرەوە بەسەر نموونەیەکدا بسەلمێنین.

ئایا بنەمای مانەوەی چەندایەتی وزە لەگەڵ باوەڕبوون بە ئیرادەی ئازاددا دەگونجێت؟ ئەمە پرسیارێکە کە زۆر کەس لە بارەیەوە توێژینەوە دەکات و وەڵام گەلی جیاوازیش دەدۆزنەوە.

ئەڵبەتە ئەو کەسانەشی کە مانەوەی چەندایەتی وزەیان کردووە بە بنەڕەتێك لەم جیهانەدا، چ ئەم بنەڕەتە بە وەرگیراو لە فەلسەفەی سروشتەوە بزانن و چ بە وەرگیراو لە ئەزموون و توێژینەوەی فراوان و پتەوی بزانین، ئەم پرسیارە بۆیان مانادارە. بەڵام لای هیچ کام لە ئێمە قەبووڵکراو نییە. بە تێڕوانینی ئێمە بنەڕەتی مانەوەی وزە، حوکمێکی گشتی و بەڵگە نەویست نییە لەبارەی ڕاستییە دەرەکییە هەبووەکانەوە بەڵکو فۆرمۆلێکی بیرکارییانەیە کە بە فرمانی ئازادانەی زیهنی خۆمان دروستکراوە تا لەگەڵ ئەو فۆرمۆلانەی تردا کە هەربەم شێوەیە

دروستکراون، ڕێگامان بدەن کە بتوانین دەرەنجامێکمان لێیانەوە دەستکەوێت کە بەباشی و دروستی لەگەڵ یاسا دۆزراوەکانی تاقیگە دابێنەوە، نە بەم فۆرمۆلی مانەوەی وزەیەوە و نە ئەو فۆرمۆلانەی تر کە دەیکەینە هاوڕێی، ناکرێت بەهیچ کامیان بوترێت دروست یان نادروستن، چونکە یاساگەلێك نین لە بارەی واقیعییەتە عەینی و دەرەکییەکانەوە. هەموو ئەوەی کە ئەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەو تیۆرەی کۆمەڵێك یاسا لەخۆدەگرێت، تیۆرییەکی چاکە، بەومەرجەی کە بەندوبار و پێداویستییەکانی بتوانێت بەشێوەی پێویست گوزارشت لەو یاسایانە بکات کە ئێمە خەریکی ڕێکخستنیانین و ئەگەر واش نەبوو ئەوا تیۆرییەکی نەخوازراوە. ئێستا ئەبێ ڕوون بووبێتەوە کە، پرسیار لەوەی کە ئایا یاسای مانەوەی وزە لەگەڵ ئیرادەی ئازاددا دەگونجێت یان نا بۆ ئێمە هیچ مانایەکی نییە.

ئەگەر بیەوێت مانایەکی تیابێ، ئەبێت ئاوابێت: ئایا دوورکەوتنەوەی ڕاستەقینە لە ڕەفتارە خۆویستەکان یەکێکن لە پێداویستییەکانی بنەڕەتی مانەوەی وزە یان نا؟ و لێرەشدا ئەبێ بڵێین بنەڕەتی مانەوەی وزە، هیچ دەرەنجامێکی دەرەکی و عەینی نییە.

لێگەڕێن لەسەر مەسەلەکە بوەستین.

چۆن دەتوانین لە بنەڕەتی مانەوەی وزە و بنەڕەتە هاوشێوەکانی ئەم دەرئەنجامەمان دەستکەوێت کە " ئیرادەی ئازاد مەحالە؟ " ئەوەمان لەبیربێت کە ئەم بنەڕەتە جۆراوجۆرانە هاوتای سیستمێکن لە هاوکێشەکانی دیفرانسل کە بڕیار لەسەر گۆڕانی بارودۆخی ئەو تەنانەدەدەن کە سەر بەوانن.

واتا ئەگەر بارودۆخ و جووڵەی ئەو تەنانە لە ساتێکی تایبەتدا دیار بێت، ئەوا بارودۆخ و جووڵەیان بە پێی ناڕونی بۆ هەموو ساتەکانی داهاتووش شیاوی دیاریکردنە. دەرەنجامەکەی ئەمەیە کە لەنێوان ئەم تەنانەدا هیچ جووڵەیەکی ئازاد ناکرێت ڕووبدات، چونکە جووڵەی ئازاد لە بنەڕەتدا لەگەڵ بارودۆخ و جووڵەکانی پێشودا دیاری ناکرێت. ئێستا دەپرسین بەها و نرخی ئەم بەڵگە هێنانەوەیە چەندە؟ ئێمە ئەو هاوکێشانەمان وەرگرتووە کە دیفرانسلین یان شێوەی بنەرەتی ئەوانەن، چونکە دەمانویست وێنەیەکی بیرکارییانە لە سەر کۆمەڵێك لە دیاردەکان دەستخەین. بۆ خستنە رووی ئەم دیاردانە بە هاوکاری دەزگایەك لە هاوکێشەکانی دیفرانسل، ئێمە پێش وەخت ئەو گریمانەیەمان دانابوو کە ئەم دیاردانە دەرەنجامی جەبری ڕەهان. ئێمە ئاگاداری ئەوەبووین کەهەر دیاردەیەك کە بارودۆخ و سیفاتەکانی مەعلول و دەرهاوێشتەی سیفاتە پێشینەکان نەبێت، لەبەرامبەر سیستەمێکی هاوکێشەی وادا یاخی دەبێت.



لەم ڕووەوە ئێمە پێش وەخت دڵنیا بووین لەوەی کە لە پۆلێنکردنەکانی ئێمەدا جێگای ڕەفتاری ئازاد نابێتەوە، دواتر کاتێك ئەبینین کە کرداری ئازاد لە پۆلێنکردنەکەماندا جێگایەکی نییە، ساویلکەییە ئەگەر تووشی سەرسامی بین و گەمژەیشە ئەگەر بگەینە ئەو دەرەنجامەی بڵێین کەواتە ئیرادەی ئازاد مەحاڵە.

کەسێ بێننە پێش چاوی خۆتان کە حەزی لێیە سەدەفە (هێلکە شەیتانۆکە) دەریاییەکان کۆکاتەوە و ڕێکیان خات.

حەوت پاکەت دێنێت و بە حەوت ڕەنگی تۆخ دیاریان دەکات ئیدی سەدەفی سوور لە پاکەتی سوور و سەدەفی زەرد لە پاکەتی زەرد و تاکۆتایی... ئیدی ئەو ئەگەر سەدەفێکی سپی دەستکەوت نازانێت لە کوێدا داینێت چونکە پاکەتی سپی نییە. ئێستا ئەگەر ئێوە بیستتان کە ئەم کەسە لەتاو ڕامان و دەستەپاچەیی خویدا گەیشتووە بەو دەرەنجامەی کە لە دونیادا بەهیچ شێوەیەك سەدەفی سپی بوونی نییە، ئەوا خەفەت بۆ هیچوپوچی عەقڵ و ئاوەزی ئەو کەسە دەخۆن، ئەو فیزیازانەش کە لە بنەما تیۆرییەکانی خۆیەوە ئەو گومانەی بۆ درووستدەبێ کە ئەتوانێ بگات بەو دەرئەنجامەی کە ئیرادەی ئازاد بوونی نییە، شیاوی خەفەت لێ خواردنە. ئەو لەکاتی داهێنانی شێوەیەك لە پۆلێنبەندی بۆ هەموو دیاردەکانی جیهان پاکەتی ئیرادەی ئازادی لەبیر کردووە. ١

---

١ - بە ڕوونی دیارە کە دۆییم بەشێوەیەکی دژ یەکانە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئاشکرای میتافیزیك بۆ زانستدا باوەڕی وایە کە تیۆریا فیزیاییەکانیش لەچەشنێك لە فەلسەفەی پێشتردا ڕۆچوون و هاوکێشە و ئاماژە بیرکارییەکانیش بە پیڕەو کردنی ئەندێشەیەکی فەلسەفی تایبەت، درووستدەکرێن و دادەنرێن لەم ڕووە چ ئەم هاوکێشانە بە ئاماژەگەلێك بۆ پۆلێنبەندی بزانین و چ بە واقیعییەتیان دابنێین، لەهەردوو شێوەکەدا ئەو فەلسەفەیەی کە لەپشتیانەوەیە لە زانست بەرزتر و فراوانترە و ڕەتکردنەوە و سەلماندنی بەیارمەتی زانست شتێکی ئاسان نییە، بەلاّم ئەوەی کە دۆییم دەڵێ ئەوە یاسا زانستییەکانن کە لەگەڵ میتا فیزیکیدا دێنەوە نەك تیۆریا فیزیاییەکان، بەڕای ئێمە قسەیەکی قەبووڵنەکراوە . ئەبێ بڵێین هیچ کامیان لەگەڵ میتافیزیکیدا نایەنەوە. بابەتی ڕوو بەڕوو بوونەوەی زانست لەگەڵ بیرو باوەڕە ئایینییەکاندا، بابەتێکی ترە کە باسکردن و ڕەخنە لێ گرتنی شوێن و بوارێکی تری دەوێت (ورگێڕی فارسی )

## سیستەمەکەی ئێمە هیچ جۆرە ڕۆڵێکی میتافیزیکی یان بەرگری کار لە ئایین، لە تیۆرە فیزیاییەکان قەبوڵ ناکات:

وتویانە فیزیاکەی ئێمە فیزیای دیندارانە، چونکە بەتوندی دژی ئەو ڕەخنانەیە کە فیزیا لە میتافیزیکی ڕۆحی و ئایینی کاسۆلیکی گرتووە، بەڵام بەهەمان ئەندازە دەتوانرێت فیزیایەکەی ئێمە، بە فیزیای بێ دینانیش دابنرێت، چونکە زۆر وەفاداریشی بەرامبەر ئەوانە نیشاننەداوە کە فیزیایان لە سوودی میتافیزیك و بیر و باوەڕی دینی بەکارهێناوە. ئەو بانگەشەی کە ئەڵێ بنەما فیزیاییەکان لەگەڵ بابەتێك لە بابەتەکانی فەلسەفەی ڕۆحی یان بیر و باوەڕی کاسۆلیکیدا دژ یەکن هێندەی ئەوە گەمژانەیە کە بانگەشەی ئەوە بکەین کە پشتگیری لە وەها بابەتێك دەکەین. لە نێوان بابەتێکدا کە دەربارەی ڕاستییە دەرەکییەکانە و بابەتێکیش کە لەبنەڕەتدا هیچ بوونێکی دەرەکی نییە، ڕوودانی ڕێککەوتن یان دژ یەك بوون مەحاڵە.

هەرکاتێك کەسێك، کەڵکی لە بنەمایەکی فیزیایی بینی بۆ پشتگیری کردنی تیۆرێکی میتافیزیکی یان باوەڕێکی ئایینی ئەوا هەڵەی کردووە، چونکە واتایەکی داوەتە پاڵ ئەم بنەمایە کە هی خۆی نییە و ناوەڕۆکێکی پێداوە کە پەیوەندی بەوەوە نییە.

دیسانەوە بابەیارمەتی نموونەیەك مەبەستەکەمان ڕوونتر کەینەوە:

لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ڕابردوودا، کلوزیوس١ بە گۆڕینی بنەمای کارنۆ٢ ئەم دەرئەنجامە باوەی لێیەوە بەدەستهێنا: ئەنترۆپی هەموو جیهان بەرەو لای یەك مۆکزیم کێش دەبێت. لەم تیۆرییەوە چەندین فەیلەسوف گەیشتونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە مەحاڵە جیهانێك هەبێت کە تیایدا گۆڕانە کیمیایی و فیزیاییەکان بەشێوەی هەتاهەتایی ڕووبدەن، ئەوان وا بیریان دەکردەوە کە ئەم گۆڕانکارییانە سەرەتایەکیان هەبووە و کۆتاییەکیشیان دەبێت. درووستبوون و ڕوودانی زەمانی گۆڕانکارییەکانی مادده (ئەگەر نەڵێین خودی مادده) و سەلماندنی ڕوودانی وەستان (سکون) ی ڕەها و مردنی هەموو جیهان لە ئاییندەیەکی زۆر دووردا، لای ئەم بیرمەندانە، وەك دەرەنجامێکی پڕاو پڕی بنەماکانی ترمۆدینامیك دەژمێردرا. گەیشتن بەو دەرەنجامە و تێپەڕین لە پێشەکییەکانەوە بۆ دەرەنجام، مۆری کەوتنی بەسەر چەندین هەڵەدا بە تەوێڵەوەیە٣، یەکەم،

١- Clausius

٢- Carno

٣ -نێو چاوان



ئەم گریمانە دەبێ وادابنێت کە هەموو جیهان وەك کۆمەڵەیەکی دیاریکراو لەتەن پێکدێت کە لە فەزایەکی خاڵی لە مادده و جیا لەهەموو شتێکی تردا دانراوە. خودی ئەم پێچواندنەش جێگای گومانە. هەر ئەوەندەی ئەم وێنەیەمان قبوڵکرد، زیادبوونی هەڵوێستەی قەبوڵنەکردنی ئەنترۆپی جیهان، ڕاست دەردەچێت، بەڵام پێویست ناکات کە بڕی ئەنترۆپی هیچ جۆرە ئاستێکی کەمتر یان زیاتری هەبێت. لەم ڕووەوە هیچ شتێك ڕێ لە وە ناگرێت کە پێ بە پێی گۆڕانەکانی کات لە ∞ -تا∞ + بڕی ئەنترۆپیش لە ∞- تا∞ + گۆڕانی بەسەردابێت، ئەگەر واش بێت ئەو بەڵگەی باوەڕی بەژیانی هەتاهەتایی هەموو جیهان نییە، هەڵدەوەشێتەوە. بەڵام با بەشێوەیەکی کاتی ئەوە قەبوڵکەین کە ئەم ڕەخنانە ناڕاستن. ئەم بەڵگانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو نموونەی وەك بەڵگە خراوەتە ڕوو تەواو نییە، بەڵام ئەوە ناسەلمێنن کە ئیدی مەحالە بەڵگەیەکی تەواومان دەستکەوێت بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی هاوشێوە. ئەو ناڕەزاییەی کە ئێمە لەدژی ئەو دەریدەبڕین، لەڕووی واتا و سروشتەوە لەو ناڕەزاییەی سەرەوە جیایە. ئێمە بە پشت بەستن بە ناوەڕۆکی تیۆرییە فیزیکییەکان ئەوە نیشاندەدەین کە چاوەڕوانی وەڵام لەم تیۆریانە لەبەرامبەر ڕووداوە زۆر دوور و ڕابردووەکاندا یان پێشبینی بۆ ئاینده کارێکی گەمژانەیە.

تیۆریی فیزیکی چییە؟ بەشێك لە بابەتە بیرکارییەکانن کە تایبەتمەندییان ئەوەیە گوزارشت لە پێدراوە ئەزموونەکانییەکان بکەن. ئیعتبارو هێزی هەر تیۆرییەك بە پێی ژمارەی ئەو یاسا ئەزموونییانەی کە نوێنەریانە و بە پێی ئاستی وردی گوزارشتکردن دیاری دەکرێت، ئەگەر دوو تیۆری بە وردییەکی تاڕادیەك لێکچووەوە گوزارشت لەکۆمەڵێك بابەتی عەینی بکەن، ئەوا ڕەوشی فیزیکی هەردووکیان لەڕووی هێز و ئیعتبارەوە بە یەکسان دادەنرێن. ڕەوشی فیزیکی، ئەبێ ئێمە سەرپشك بکات و مافی ئەوەی نییە کە لەهەڵبژاردنی هەریەك لەم دوانەدا ئیختیار لە ئێمە بسەنێتەوە یان سنووردار بکات. بەشێوەیەکی ئاسایی فیزیا زانەکان لە نێوان ئەم تیۆریانەدا لەڕووی لۆژیکەوە هاوتای یەکن، یەکیان هەڵدەبژێرن بەڵام مەبەستی ئەوان لەم هەڵبژاردنەدا، جوانی، سادەیی و ئاسانییە سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی گونجان، کە لەبنەڕەتدا

مەسەلەیکی ڕۆحی، زیهنی، غەیرە قەتعییە و بە پێی کەسەکە و قوتابخانەکەی و کاتەکە، گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەم مەبەستانە لەچەند رویەکەوە هەرچەندە بەهێزیش بن، بەشێوەیەك نین کە ناچارمان بکەن بە وابەستەبوون بە تیۆرییەکەوە و فڕێدانی تیۆرییەکی تر، چونکە تەنها دۆزینەوەی شتێك کە دەرەنجامی پێشبینی تیۆرییەکەو بە تیۆرییەکی تر ڕەدکراوەتەوە، ڕای کۆتایی هەیە لە وەرگرتن و وە لانانی تیۆرییەکەدا.

یاسای کێشکردن کە بەشێوەی هەڵگەراوەی رەگی دووری لە لایەن نیوتنەوە پێشنیار کرا، بە شێوەیەکی ورد گوزارشت لە خۆگرتنی هەموو جووڵە ئاسمانییە بینراوەکان دەکات. بەڵام لە جێگای هەڵگەراوەی رەگی دووری، ئەتوانین چەندین دووری لەژمارەنەهاتووی تر دابنێین، بە شێوەیەك کە میکانیکێکی ئاسمانی نوێمان دەستکەوێت کە بتوانێت هەموو ڕوانگە ئاسمانییەکانی تر ببینێت بەهەمان وردبینی پێشووەوە.

بنەماکانی ڕەوشی ئەزموونی ئێمە ئەوە بە پێویست دەزانیٚ کە بۆ ئەم دوو جۆرە میکانیکییە ئاسمانییە جیاوازانە ئیعتبارێکی لۆژیکی یەکسان دابنێین. واتای ئەمەش ئەوەیە کە ئەستێرە ناسەکان، یاسای کێش کردنی نیوتن ناخەنە پێش ئەم میکانیکە نوێیەوە، بەڵام لە پێشتردانانی یەکیان لەلایەن ئەوانەوە بەهۆی تایبەتمەندییەکانی هەڵگەراوەی رەگی دوورییەوەیە کە جوانی و سادەییەکی زیاتر دەبەخشێتە ژمێردراوەکان، ئەڵبەتە پەیڕەو کردن لەم مەبەستانە چاکە بەڵام بەهیچ شێوەیەك چارەنووس ساز و براوەو یەکجارەکی نین. ئەگەر ڕۆژێك شتێکی تازە دۆزرایەوە کە یاسای کێش کردنی نیوتن نەیتوانی گوزاشتی لێبکات و میکانیکێکی ئاسمانی تر گوزارشتێکی رازیکەری لێوەکرد، ئەوا هیچ کێش و بەهایەك بۆ ئەوان نامێنێتەوە، لەو ڕۆژەوە ئەستێرەناسەکان ناچار دەبن کە تیۆرییە تازەکە لەجێی تیۆرییە کۆنەکەدا هەڵبژێرن[١].

بە تێگەیشتن لەو خاڵەی سەرەوە، گریمان دوو سیستەمی میکانیکی ئاسمانیمان هەیە کە لە رووی بیرکارییانەوە جیاوازن بەڵام بە وردییەکی تاڕادەیەك هاو شێوەوە گوزارش لە هەموو ڕوانینە ئاسمانییە ئەنجامدراوەکان تا ئێستا دەکەن. سەروتر لەمەش بێین و بەیارمەتی ئەم دوو سیستەمە میکانیکییە ئاسمانیانە، جووڵەی ئاییندەی تەنە ئاسمانییەکانیش حسێبکەین. گریمان کە ئەو دەرەنجامەی کە لە یەکێ لە ژمێریارەکانەوە دەستمان دەکەوێ ئەوەندە لەوەی ژمێریارەکەی ترەوە نزیکە کە ئەو جیاوازی شوێنەی کە ئەم دوو سیستمە ژمێریارییە لەهەزار

١ - لەڕاستیدا هەر واش بوو زاناکان بە دۆزینەوەی کێشکردنی مولکولیی، فۆرمۆلی کێشکردنی نیوتنیان ئاڵۆزتر کرد تابتوانن یاسای موێنگیش لە خۆ بگرێت



یان دە هەزار ساڵی ئایندە بۆ تەنێکی ئاسمانی دەیکەن لە هەڵەی ئەزموونی کەمترە، کەوابێ لێرەدا دوو سیستمی میکانیکی ئاسمانیمان هەیە کە ئەبێ لە ڕووی لۆژیکەوە بە هاوتای یەکیان دابنێین. بیانوویەکیشمان بۆ پێشخستنی یەکیان بەسەر ئەوی تریاندا نییە، لەسەر ئەوەشەوە لە پاش هەزار یان دە هەزار ساڵی ئایندەدا، ئەبێ مرۆڤەکان بەیەك چاو تەماشایان کەن و دەست لە پێشخستنی یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا هەڵگرن، ڕوونە کە ئێمە لەڕووی لۆژیکەوە مۆڵەتی ئەوەمان نییە کە پێشبینی یەکێ لەم دوانە لەگەڵ واقیعدا بە ڕێکتر دابنێین.

لە ڕاستیدا ئەم پێشبینیانە بۆ خولێکی هەزار یان دەهەزار ساڵە پێکەوە گونجاون، بەڵام بیرکاریزانەکان ئێمە لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە نەوەکو بە هەڵەشەیی بگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەم گونجانە بۆ هەمیشەیی هەروایە و بە نمونە عەینییەکان پێمان نیشاندەدەن کە ئەم فراوانکردنە مۆڵەت پێنەدراوانە، ئێمە تووشی چ هەڵەگەلێك دەکەن.

ئەگەر داوا لەم دوو سیستمە تیۆرییە بکەین کە وەسفی بارودۆخی ئاسمانەکانمان لە کۆتایی دە ملیۆن ساڵی تردا بۆ بکەن لەو کاتەدا پێش بینییەکانی ئەم دوو سیستەمە میکانیکە ئاسمانییە، جیاواز و بەیەك نەخۆر دەردەچن. بۆ نموونە یەکێ لەم دووانە دەڵێت لەو سەردەمەدا هەسارەکان لەسەر تەوەرێك دەسوڕێنەوە کە لەگەڵ تەوەری ئێستایاندا جیاوازییەکی زۆر کەمی هەیە و ئەوەی تریان لەوانەیە بڵێ هەموو تەنەکانی کۆمەڵەی خۆر لەو کاتەدا دەبنە یەك تۆپەڵ، یان لە فەزادا زۆر لەیەکتر دوورکەوتونەتەوە. باوەڕ بەکام یەك لەو دوو پێشبینییە بکەین کە یەکیان باوەڕی بەجێگیری کۆمەڵەی خۆر و ئەوی تریان باوەڕی بە ناجێگیرییەتی؟ ئەڵبەتە ئەوەیان کە لەگەڵ بیرکردنەوەکان و تەوژمەکانی دەرەوەی زانستی ئێمە گونجاوە، بەڵام لە ڕاستیدا لۆژیکی دیاردە فیزیاییەکان هیچ بەڵگەیەکی رازیکەر ناخەنە بەردەستی ئێمە کە لە بەرامبەر کەسە ڕاجیاکانی بەرامبەرماندا بەرگری لە هەڵبژاردنەکەی خۆمان بکەین و ئەوانیش بهێنینە سەر بۆ چوونەکەی خۆمان. ئەمە لەبارەی هەر پێشبینییەکی ماوە درێژەوە ڕاستە. ئێمە ترمۆدینامیکێکمان لەبەردەست دایە کە بەباشی گوزارشت لە ژمارەیەك یاسای ئەزموونی دەکات و پێمان دەڵێت کە ئەنترۆپی سیستمێکی ئیزولی لە زیاد بوونێکی بەردەوام و بێ کۆتاییدایە. بە بێ هیچ پێچوپەنایەك دەتوانرێت ترمۆدینامیکێکی تر دروستبکرێت کە بەهەمان چاکی ترمۆدینامیکە کۆنەکە گوزارشت لەو یاسا ئەزموونیانە بکات کە تا ئێستا دۆزراوەنەتەوە و پێشبینییەکانیشی بۆ دەیان هەزار ساڵی ئایندە لەگەڵ پیشبینییەکانی ترمۆدینامیکە کۆنەکەدا هاوتاو چونیەك بێت. لەهەمان کاتدا دەگونجێت ئەم ترمۆدینامیکە

نوێیە پێمان بڵێت کە ترمۆدینامیکی جیهان  دوای ئەوەی لە سەد ملیۆن ساڵی ئایندەدا لە زیاد بووندا دەبێ بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو یەك لەدوای یەکیش بۆ سەد ملیۆن ساڵی دوای ئەوە دەست بەکەم بوونەوە دەکات و دوای ئەوەش دووبارە دەست دەکاتەوە بەزیادبوون و...

زانستی ئەزموونی، بە پێی سروشتی خۆی لە پێشبینیکردنی کۆتایی جیهان و بانگەشەکردن بۆ چالاك بوونی هەمیشەییدا دەستەوەستانە، تەنها هەڵە تێگەشتنێکی گەورە لە بارەی قەڵەمرەوی ئەم زانستەوە دەتوانێت بانگەشەی سەلماندنی بیروباوەڕێك بکات کە ئایین قەبوولێەتی.

## کەشکۆڵ و فانۆس:

### دوو تیۆریی لە بارەی مەعریفەوە*

ئامانج لەم نووسینە، ڕەخنەیە لەو تیۆرە باوەی لە بارەی ئامانج و ڕەوشی زانستە سروشتییەکانەوە هەیە و پێشنیاری دانانی تیۆرێکی ترە لە جێیدا.

**یەك:**

سەرەتا بە شیکردنەوەی ئەو تیۆرەی کە ئەمانەوێت هەڵیسەنگێنین دەست پێدەکەم، ئەم تیۆرە ناو ئەنێم "تیۆریی کەشکۆڵی زانست" یان (تیۆریی کەشکۆڵی بیر) سەرەتای ئەم تیۆرییە بە ئامۆژگارییەکی جوان دەست پێدەکات کە ئەڵێ: پێش ئەوەی بتوانیت جیهان بناسیت یان لە بارەیەوە بۆچونی خۆت دەربڕی، ئەبێ پەیپێبردنی هەستی (دەرکی هەستی) مان هەبێت. بەڕای هەندێ کەس ئەوەی بەدوای قەبوولکردنی ئەم ئامۆژگارییە دادێت، ئەوەیە کە باوەڕمان وابێت زانیاری و فێربوونەکانی ئێمە، یا پێکهاتووە لە کۆمەڵێك پەیپێبردنی هەستی  کەڵەکە بوو (ئەزموونگەرایی ساویلکانە) یان پێکدێت لە پەیپێبردنە هەستییە هاوتاکراو و ڕێکخراو و پۆڵێنکراوەکان. (دیدگای تایبەت بە فرانسیس بیکۆن و لە شێوە وردتر و فەیلەسوفیانەکەشیدا بەکانت١)

---

* "The Bucket and The Searchliht "Two Theories of Knowledge  K.R.Popper,Objective – (Knowledge, PP.٣٤١ – ٣٦١

ئەم مەقالەیە لە لای یەکێ لە هاوڕێیانەوە وەرگێڕدراوەو پاشان دوای دەستکارییەکی کورت لەلایەن دانەرەوە (سروشت)  بە هۆی پەیوەندی دارییەوە لەگەڵ باسەکانی ئەم کتێبەدا، خرایە سەر کتێبەکە .

١- kant



ئەتوانین بەشوێن وێناکردنی کەم تازۆری سەرەتاییانەی ئەم بابەتە، لەناو ئەتۆمیستە یۆنانییەکاندا بگەڕێین، ئەوان وابیریان دەکردەوە کە لەکاتی تەماشاکردنی شتێکدا ئەتۆمەکانی ئەو شتە لێی جیادەبنەوە و لە ئەندامەکانی هەستپێکردنی ئێمەدا کاریگەری دروستدەکەن و لەوێدا دەگۆڕێن بۆ پەیپێبردنی هەستیی، لەم ڕێیەشەوە بەدرێژایی کات، بەشەکانی زانستی ئێمە لەبارەی جیهانی دەرەکییەوە لەپاڵ یەکدا کۆدەبنەوە (وەك مەتەڵێکی جیگ ساو١  کە بەشەکانی خۆبەخۆ لە پاڵ یەکدا کۆدەبنەوە. بۆیە بەپێی ئەم تیۆرە، زیهنی ئێمە وەك گەنجینەیەك (لەشێوەی کەشکۆڵدا) وایە کە پەیپێبردنە هەستی و زانستەکانمان، لەوێدا کەڵەکە دەکەین. بیکۆن پەیپێبردنە هەستییەکان دەچوێنێت بە (هێشوە ترێ پێگەیوە گونجاوەکانی وەرز)  کە بە لەسەرخۆییەوە پێشوەخت ئەبێ ڕێکخرێن. ئەو ترێیانەی کە ئەگەر بیان گوشین، ئەوا شەرابی پوختی زانستیان لێوە دەڕژێ).

ئەزموونمەزهەبە وشکەکان، باوەڕیان وایە کە تادەکرێت دەبێ کەمتر لەمەسەلەی کەڵەکەبوونی زانست دەست وەردەین، زانستی ڕاستەقینە ئەو زانستە پوختەیە کە ئاڵوودە نەبوبێ بەو دەمارگیریانەی کە ئێمە بە تامەزرۆییەوە لە ڕێی پەیپێبردنە هەستییەکانی خۆمانەوە فێری بووین و تەنها ئەمانەشن کە ئەزموون درووستدەکەن، ئەزموونێکی پوخت و سادده. ئەم چەشنە زیادە خستنەسەر و بێزارکردن و دەستێوەردانانەی ئێمە لەمەسەلەی کەڵەکەبوونی زانستدا ئەبێتە هۆی کەوتن بەسەر هەڵەدا. ئەڵبەتە، کانت دژی ئەم تیۆرییەیە، ئەو باوەڕی بە بەپوختی مانەوەی پەیپێبردنە هەستییەکان نییە و باوەڕی وایە کە ئەزموونی ئێمە دەرەنجامی ڕووداوی وەرگرتن و گواستنەوەیە (واتا بەرهەمی هاوبەشی پەیپێبردنە هەستییەکان و چەند پێکهاتەیەکی تایبەتی ترە کە لە لایەن زیهنمانەوە دەخرێنە سەر پەیپێبردنەکان. پەیپێبردنە هەستییەکان، وەك مادەی خاون کە لەدەرەوە دەڕژێنە ناو کەشکۆڵی زیهنەوە و لەوێدا دەکەونە ژێرکاریگەری کۆمەڵێك کار و کاردانەوەی (خۆبەخۆ) (شتێك وەك هەرسکردنی خۆراك لەجەستەدا یان وەك پۆڵێنکردنێکی ڕێك و پێك) تاوەکو لە کۆتاییدا بگۆڕێن بۆ شتێکی نزیك لە "شەرابی پوختی ئەزموون" ی بیکۆن  و یان لەویش باشتر: شەرابی بەهەویر بوو.

من باوەڕناکەم کە هیچکام لەم دوو تیۆرییە، بتوانن وێنەیەکی ڕاستەقینە لەبارەی مەسەلەی وەرگرتنی زانستەوە (بەو شێوەی کە ئێمە دەیناسین) و یان لەبارەی ڕەوشی ڕاستەقینە و باوی توێژینەوە و دۆزینەوەی زانستییەوە بەدەستەوە بدەن.

---

١- Jigsaw Puzzle

ئەڵبەتە ئەتوانین تیۆرییەکەی کانت بەشێوەیەك ڕاڤە بکەین کە لە چاو تیۆرییەکەی مندا لەئەزموونگەرایی وشکەوە زۆر نزیکترە، هەروەها من ئەوەم قەبووڵە کە زانست بە بێ ئەزموون بەدەست نایەت، (بەڵام چەمکی "ئەزموونکردن" ئەبێ بەوردی لەبەرچاو بگیرێت) بە بوونی ئەمە من باوەڕم وایە بە پێچەوانەی ئەوەی کە پەیڕەوانی "تیۆری کەشکۆڵی دەیڵێن" پەی پێبردنە هەستیەکان ناتوانن ماددەیەکی خاو بن کە تا " فێربوون " یان " زانست " بەهۆی ئەوانەوە دروستبێت.

**دوو:**

لە زانستەکاندا لە بری پەی پێبردنە هەستیەکان، ئەوەی کە ڕۆڵی دیاریکەری هەیە بینیەنە (مشاهدە)، بەڵام بینین مەسەلەیەکە کە ڕۆڵێکی زۆرچالاکمان تێیدا هەیە و موشاهەدەیەکیش پەی پێبردنێکی هەستییە، بەڵام پەی پێبردنێکی پێشوەخت ئامادەکراوە. ئێمە موشاهەدەمان نییە (وەك ئەوەی ئەزموونی هەستیمان هەیە)، بەڵکو ئەبینین (مشاهدە دەکەین) (تەنانەت چاوساغیی کەشتیش "کاری موشاهەدە " ئەنجامدەدات[1].

هەمیشە بە ئاگاییەك و پەیوەندییەکی تایبەت لە پێش بینینەوە (موشاهەدە) بوونی هەیە، بۆنموونە پرسیارێك (کە بە کورتی شتێکی تیۆری لە پشتییەوەیە[2]) "مەگەر وانییە؟"، کە دەتوانین هەرپرسیارێك لەشێوەی تیۆرێکی گریمانەییدا بخەینە ڕوو پاشان لەپشتیەوە دەستەواژەیەکی " ئایا وایە؟ بەڵی یان نەخێر "؟ زیاد بکەین؟ ئەگەر ئەمە وابێ کەواتە ئەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە هەر بینینێك کە پرسیارێك یان گریمانەیەکی (ناوی هەرچی هەیە جیاوازی نییە) لەپشتەوە بێ یان پوختەی شتێکی تیۆرییە کە سەرەنجی ئێمە ڕادەکێشێت. بەم هۆیەوەیە کە بینینەکان هەمیشە "هەڵدەبژێردرێن" بۆیەش هەمیشە پێویستیان بە شتێکە وەك بنەڕەتێك بۆ هەڵبژاردن (إختیار).

---

١- Works an Observation

٢ - مەبەستم لە " تیۆرێك " لێرەدا واتایەکی پێچەوانە واتای " زانست " نی یە (ئایا مەبەست لە بینین بە تەواوی ئەکرێت مەبەستێکی زانستی بێت) بەڵکو دەبێت بە واتای زیهنی و وەك پەیوەندی بە هەڵسەنگاندنی فکری و تیۆری مەسەلە کۆنەکان) بەرامبەر " عەینی " یان بەواتای، " عەقڵی " لە بەرامبەر " هەستکردندا " وەریگرین .



پێش ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم خالانە من هەوڵەدەم بەشێوەیەکی تر چەند خاڵێکی بایەلۆژی بخەینەڕوو. هەرچەندە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەم خالانە وەك پێشەکی و پشتگیرییەك بەکاربێنم بۆ بۆچوونە سەرەکییەکەی خۆم کە دواتر دەیخەمەڕوو، بەڵام دەکرێ هاوکاری ئێمە بکەن لە ڕەدکردنەوەی بەشێك لەو دژایەتییانە و دوورکەوتنەوە لەو ڕێگرانەی کەدێنە سەر ڕێی ئەم بۆ چونە و بەم شێوەیەش تێگەشتن لە بۆچونەکانمان ئاسانترکەن.

**سێ:**

ئەزانین کە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان، تەنانەت سەرەتاییترین جۆریان لە بەرامبەر هەندێ لە جووڵێنەرەکاندا کاردانەوەیان دەبێ، ئەم کاردانەوانە تایبەتن، واتە بۆهەر ئۆرگانیزمێك (و هەرجۆرێك لە ئۆرگانیزم) بڕی کاردانەوەکانی دیاری کراوە، ئەتوانین بڵێین کە هەر ئۆرگانیزمێك دروستکەری کۆمەڵێك کاردانەوەی خۆیی و یان دروستکەری ئامادەگی تایبەتە کە بە هۆیانەوە کاردانەوەی جیاواز لەخۆی دەردەبڕێت. ئەم ئامادەگییانە، ئەکرێ بەزیادبوونی تەمەنی ئۆرگانیزم گۆڕانیان بەسەردابێت (لەوانەیە تاڕادەیەك بەهۆی کاریگەری پەی پێبردنەکانەوە یان بەهۆی کاریگەرییە هەستییەکانەوە) و یان بە جێگیری بمێننەوە. بەهەر حاڵ هەرچۆنێك بێت، ئەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئۆرگانیزم، لەهەر ساتێکدا لە ژیانیدا، کۆمەڵێك ئامادەگی هەیە بۆ نیشاندانی کاردانەوە. ئەم کۆمەڵە ئامادەگیانە دەتوانین ناوبنێین دۆخی (کاتی) ئۆرگانیزم.

چۆنێتی کاردانەوەی ئۆرگانیزم بەرامبەر دەوروبەری خۆی، بەستراوەتەوە بەم دۆخە ناوخۆییەوە. هەر بەم هۆیەوە ئەو جووڵێنەرانەی کە لەڕووی فیزیاییەوە یەکسانن، ئەکرێت لەکاتە جیاوازەکاندا کاردانەوەی جیاواز نیشانبدەن، لەکاتێکدا ئەو جولێنەرانەی کە لەڕووی فیزیاییەوە جیاوازن، ئەکرێ کاردانەوەی چونیەك بەرهەم بهێنن[1].

ئێستا ئەڵێین کە ئۆرگانیزمێك تەنها کاتێك" وانە لە ئەزموون وەردەگرێت کە رەوتی کاردانەوەکەی بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و ئەمەش بەو مەرجەی کە بەڵگەی ئەوەمان لەبەردەست دابێت، ئەم گۆڕانە بەتەواوی پشتی بە ئاوەژووبوونە (تەواوکارییە) ناوەکییەکانی ئۆرگانیزمەکە نەبەستێت، بەڵکو

---

١ -( بنواڕە " زانست گەرایی و موتالاکردنی کۆمەڵگا لە لایەن ف.أ.فون هایك

(F.A.Von Hayk, "Scientism and The Study of Society " *in Economic* , N.S.٩,١٠&١١ (١٩٤٢ – ١٩٤٣

هەروەها لە کتێبێکی تریەوە بەناوی دژە ڕاپەڕینی زانست (The Counter Revolution of Science )

سەرەڕای ئەوەش پەیوەندی بەگۆڕانی بارودۆخی ژینگەی دەرەکییەوە هەبوویێت (ئەمە مەرجێکی پێویستە بۆ وانە وەرگرتن لە ئەزموون، ئەگەر چی بەس نییە) بە دەربڕینێکی تر ئێمە مەسەلەی وەرگرتن بۆ هەر ئۆرگانیزمێك بەجۆرێکی تایبەت لەگۆڕان یان چاکسازی لە ئامادەگیەکانی ئەو ئۆرگانیزمە، بۆنیشاندانی کاردانەوەی دادەنێین، بە پێچەوانەی تیۆریی کەشکۆڵییەوە کە ئەم مەسەلەیە بە کە لەکەبوونی ڕێکخراو و پۆڵێنکراو) ی پارێزراوە زیهنییە بەجێماوەکان لە پەی پێبردنە هەستیەکان دادەنێت.

ئەم گۆڕانانە کەلەسروشتی کاردەرەوەی ئۆرگانیزمدا دێتە بوون و مەسەلەی تێگەیاندن درووستدەکات، پەیوەندی و نزیکییەکی زۆری لەگەڵ هەردوو چەمکی "چاوەڕوانی" و "چاوەروان نەکراوی" دا هەیە، ئەتوانین هەرچاوەڕوانییەك، بە جۆرێك لە سروشتی کاردانەوەیی یان جۆرێك لە ئامادەیی بۆ نیشاندانی کاردانەوە دابنێین، کە پێشوەخت لەگەڵ ئەو ڕووداوەی کە لەداهاتوودا دەبێ ڕوودبدات هاوسەنگ و ڕێکەوتووە و (چاوەڕێی ڕوودانی دەکات).

ئەم ناساندنە، لەو ناساندنە دروستترە کە "بەئاگابوون" لەواتای چاوەڕوانییەوە وەردەگرێت، چونکە ئێمە تەنها کاتێك لەزۆرێك لە چاوەڕوانییەکانمان ئاگاداردەبینەوە کە لووتمان بە ڕوونەدانی ئەوەدا هەڵدەتەقێ کە دەبوو ڕوودبدات.

بۆ نمونە، کاتێ ئەگەین بەتاسەیەکی چاوەڕواننەکراو لە ڕێیەکەماندا: تەنها بەهۆی چاوەڕواننەکرانی تاسەکەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە چاوەڕوانی تەختاییەکی چونیەك بووین. ئەمەش ئێمە ناچاردەکات بچینەوە بەسەر سیستەمی چاوەڕوانییەکانماندا و ڕاستیان کەینەوە، ئەم ڕاستکردنەوەی چاوەڕوانیانە یان بە دەربڕینێکی تر سڕینەوەی هەندێ لەچاوەڕوانییە بەدینەهاتووەکان بەشێکی گەورەی مەسەلەی "فێربوون" پێك دێنێت.



**چوار:**

ئێستا بابگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی بینین. لەهەر بینینێکدا هەمیشە بوونی سیستمێکی چاوەڕوانی پێویستە، ئەم چاوەڕوانیانەش هەمیشە ئەکرێت لەشێوەی چەند پرسیارێکدا بخرێنە ڕوو، ئیدی بینینیش یان وەڵامی ئەرێنیان پێدەدات یان ڕاستیان دەکاتەوە.

لەوانەیە بۆچونەکەی من کە لەسەرئەوە بنیادنراوە کە بریتییە لەوەی دەبێ پرسیار یان گریمانە[1] پێش بینین بکەوێت، لەسەرەتادا دژیەك و ناتەواو بێتە پێش چاو، بەڵام ئێستا ئەتوانین بەڕوونی ئەوەمان بۆدەرکەوێت کە گریمانەی بوونی ئامادەگی کاردانەوە، لەپشت هەربینینێك و پەی پێبردنێکی هەستییەوە شتێکی نامەعقول نییە. چونکە هەندێ لەپێکهاتە و ئامادەگییەکان لەهەموو ئۆرگانیزمێکدا فریشکین، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەوە ڕوونە، پەی پێبردنە هەستییەکان و بینینەکان، فریشکیی نین. هەرچەندە پەی پێبردنە هەستیەکان، یان تەنانەت بینینەکان، ڕۆڵێکی گرنگ لەڕاستکردنەوەی پێکهاتە و ئامادەگییە فیزیاییەکاندا دەگێڕن، بەڵام ئەڵبەتە سەرەتا ئەبێت پێکهاتە و ئامادەگییەك هەبێت تا ناچار بین ڕاستی کەینەوە.

ئەم خاڵە بایەلۆجیانە بە هیچ شێوەیەك بەو واتایە نین کەمن ڕای ڕەفتارگەراکانم[2] قەبووڵە. من ڕوودانی پەی پێبردن و بینین و پلەکانی تری ئاگایی ڕەدناکەمەوە، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کە لە بۆچوونی مندا هەیانە جیاوازی هەیە لەو ڕۆڵەی کە بەپێی تیۆری کەشکۆڵی دراوەتە پاڵییان. هەروەك چۆن ئەم خاڵە بایەلۆجیانە نابێت بەهیچ شێوەیەك وەك بنەما و پایەی بەڵگە هێنانەوەی من دابنرێن، بەڵام هیوادارم هاوکاری پەی پێبردنی زیاتر بکەن. ئەم مەسەلەیە لەبارەی ئەو خاڵانەی ژێرەوە کە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ بایەلۆژییەکانی سەرەوەدا هەیە هەر ڕاستە.

مرۆڤایەتی هەرخاڵێکی تەواوکاری، پێش زانین یان زانینی خۆی، لە چەقی شتێکدا بەسەردەبات کەمن ناوی " ئاسۆی چاوەڕوانییەکان " ی لێدەنێم. مەبەستی من لە ئاسۆی چاوەڕوانییەکان هەموو چاوەڕوانییەکانی مرۆڤە بەوەی کە بەئاگاییەوەیە یان بە نائاگاییەوەبێت و بە چاوپۆشین لەوەی کە بە چ زمانێك دەربڕابن و ئاژەڵەکان و منالانیش ئاسۆگەلی جیاوازی چاوەڕوانیان هەیە، لەوانەیە ئەمانە لە ئاستێکی ئاگایی نزمتردابن لە

---

١- Hypothesis

٢- Behaviorists

چاو ئەو زانایەی کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی، تیۆر و گریمانەگەلێکی زۆری لەخۆگرتووە کە لەچوارچێوەی وشە و دەربڕیندا پێکهاتوون.

لەڕاستیدا ئاسۆ جۆراوجۆرەکانی چاوەڕوانی، نەك تەنها لە پلەی زانراوییاندا بەڵکو لە ناوەڕۆکیشیاندا لەیەکتر جیاوازن. بەم پێیە لە هەموو کاتێکدا ئاسۆی چاوەڕوانییەکان، ڕۆڵی چوارچێوەیەکی مەرجەعی دەگێڕن، بەو واتایەی کە ئەزموون و کارەکانمان و بینینەکانمان، تەنها بەدانانیان لەنێو ئەم چوارچێوەدا واتا و بەها پەیدا دەکەن.

لەم چوارچێوەیەدا بینینەکان ڕۆڵێکی تایبەتیان هەیە، ئەگەر ئەم بینینانە لەگەڵ هەندێ لە چاوەڕوانییەکانییەکاندا دژیەکی پەیداکەن، دەتوانن، لە ژێربارودۆخی تایبەتدا خودی چوارچێوەکەش وێرانکەن، بینینەکان لە وەها بارودۆخێکدا ئەتوانن کاریگەرییەکی هاوشێوەی گوللەی تۆپیان، بەسەر ئاسۆی چاوەڕوانیەکانمانەوە هەبێت. لەوانەیە ئەم گوللە تۆپە ناچارمان کات کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانمان سەر لەنوێ دروستکەینەوە. واتە لەوانەیە ناچاربین کە چاوەڕوانییەکانمان ڕاست کەینەوە و پلەبەندییەکانیان تەریب کەینەوە و ئەکرێت بڵێین لەم ڕێیەوە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانمان بۆ ئاستێکی تر بەرز دەبێتەوە و ئەم ئاستەش سەرلەنوێ دروستدەکرێتەوە و بەم پێیەش ئێمە ئەگەینە قۆناغێکی لە پێشتری زانیارییەکانمان، قۆناغێك کە تیایدا ئەو چاوەڕوانییانەی پارێزراوبوون لە وێرانکاری گوللە تۆپەکە بە شێوەیەك لەم ئاسۆیەدا دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا کە بەشە وێرانبووەکانی ئاسۆی چاوەڕوانی نۆژەن و تازە دەکرێنەوە. ئەم کارە ئەبێت بەشێوەیەك شکڵ بگرێت کە بینینە وێرانکەرەکان لەمەولا نەبنە مایەی لەتبوون و جیاکاری، بەڵکو لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی ترماندا خۆیان بگونجێنن، ئەگەر لەم نۆژەنکردنەوەیەدا سەرکەوتوو بووین ئەوە شتێکمان دروستکردووە کە وەك ڕاڤەی ڕوداوە بینراوەکان (کە لەسەرەتادا درز و پرسیاریان دروستکردبوو) دەبینرێن.

لەڕووی ڕیزکردنی زەمانی نێوان بینینەکان و ئاسۆی چاوەڕوانیەکان و تیۆرییەکانەوە ئەوەمان قەبووڵە کە هەر ڕاڤەیەك یان گریمانەیەکی نوێ، ئەو بینینانەی لەپشتەوەیە کە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی پێشویان وێرانکردووە، هەربۆیە بوونەتە پاڵنەری هەوڵەکانمان بۆ ڕاڤەی نوێ.

بەڵام مانای ئەو قسەیە ئەوە نییە کە بینینەکان بەتەواوەتی ئەکەونە پێش چاوەڕوانی و گریمانەکانەوە، بە پێچەوانەوە، هەر بینینێك کۆمەڵێك چاوەڕوانی و گریمانەی لە پشتەوەیە، بەتایبەت ئەو چاوەڕوانیانەی کە لەئاسۆی ئەوانەدا ئەو بینینانە واتا وەردەگرن.



تەنها لەو ڕێگەیەوەیە کە ئەتوانین ناوی چاوەڕوانی ڕاستەقینەیان لێ بنێین. ئەڵبەتە ئەو پرسیارەی کە ئایا گریمانە (H) لە پێشدا دێت یان بینین، مرۆڤ ئەخاتەوە بیری ئەو پرسیارەی کەدەڵێ " ئایا مریشك (H) لە پێشدا هاتۆتە بوون یان هێلکە (O)؟ لەڕاستیدا ئەم دووپرسیارە، هەردووکیان وەڵامیان هەیە.

تیۆری کەشکۆڵی، بانگەشەی ئەوەدەکات کە هەروەك چۆن یەك جۆر هێلکەی سەرەتایی (O)، ئۆرگانیزمێکی تاك خانەیی لە هێلکەی سەرەتایی پێش مریشکەوە بووە" بینینیش بەهەمان شێوە پێش گریمانە دەکەوێت. بۆیە بەپێی تیۆریی کەشکۆڵی گریمانە بریتییە لەگشتاندن و ڕێکخستنی بینین و بەم پێیەش لە بینینەوە وەردەگیرێت.

لەبەرامبەردا ئێمە لێرەدا ئەتوانین بڵێین کە گریمانە (یان چاوەڕوانی یان تیۆر یان هەرناوێکی تری لێ بنێین) ئەکەوێتە پێش بینینەوە، ئەگەرچی ئەو بینینەی کە گریمانەیەکی تایبەت پوچەڵدەکاتەوە، لەوانەیە دواتر گریمانەیەکی نوێ (واتە لەڕووی کاتەوە) دروستبکات.

هەموو ئەم مەسەلانە بەتایبەت لەبارەی دروستکردنی گریمانە زانستییەکانەوە ڕاستن، چونکە مرۆڤ تەنها لەڕێی گریمانەکانییەوە ئاگادار ئەبێتەوە کە ئەبێت چ جۆرە بینینێك (بە واتای زاراوەیی وشەکە) ئەنجامبدات، واتە ئەبێت ئاگاداری چ لایەك بێت و سەرنج لە چی بدات، کەواتە ئەوەی کە ڕێنموونی ئێمە دەکات و دەستمان بەرەو دەرەنجامی بینراوی تر دەگرێت، گریمانەیە.

ئەمە ئەو تیۆرییەیە کەمن ناوی "تیۆریی فانۆسی" لێدەنێم لەبەرامبەر "تیۆریی کەشکۆڵیدا" (بە پێی تیۆریی فانۆس بینینەکان دەکەونە دوای گریمنەکانەوە). ئەڵبەتە بینینیش وەك ئەو تاقیکردنەوانەی کە گریمانە لەکاتی هەڵسەنگاندنە (ڕەخنەیی) کانیدا ئەبێ ئەنجامیان بدات ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، ئەگەر گریمانەیەك لە تاقیکردنەوەدا دەرنەچوو و ئەگەر بەهۆی بینینەکانمانەوە پوچەڵ بوەیەوە، ئەوا ئەبێ بەشوێن گریمانەیەکی نوێدا بگەڕێین. لەم کاتەدا گریمانە نوێیەکەمان ئەکەوێتە دوای بینینەکەوە کە بووەتە هۆی پووچەڵکردنەوە و وەلانانی گریمانە کۆنەکە، بەڵام ئەوەی کە سەرەنجی ئێمەی بۆ لای ئەم بینینانە ڕادەکێشا و سەرەتای ئەنجامدانی ئەوانە بووە، گریمانە (وەلانراوەکە) بووە.

بەم پێیە زانست بەشێوەیەکی ئاشکرا لە شێوەی گوزەرئارامە زانستییەکانی ئاسۆکانی بیرکردنەوەی ئێمە، خۆی دەنوێنێت. زانست هەرگیز لە هیچەوە دەست پێ ناکات، هەرگیز ناتوانین لە دەرەوەی گریمانەکانەوە ئازاد لەگریمانە پێناسەی بکەین، بۆیە لە هەموو ساتێکدا

پێویستی بەئاسۆیەکی چاوەڕوانییە. (واتە ئاسۆی چاوەڕوانییەکانی دوێنێ) و زانستی ئەمڕۆ لەسەر زانستی دوێنێ بنیادنراوە (و بۆیە چرای دوێنێی پێیە) و زانستی دوێنێش لەسەر زانستی لە پێش خۆیەوە. کۆنترین تیۆرییە زانستییەکان لەسەر پشتی ئەفسانەکانی پێش زانست دانراون و ئەمانیش لای خۆیانەوە لەسەر پشتی ئاسۆی چاوەڕوانی کۆنتر دانراون. بەم پێیەش لەڕووی ئەنتۆجێنێتیکەوە١ (واتە لەڕووی بەکەماڵ گەیشتنی ئۆرگانیزمێکی تایبەت) ئێمە تاوەکو ئاستی ئاسۆی چاوەڕوانی تازە لەدایك بوویەك ئەگەڕێینەوە دواوە و لەڕووی فیلۆجێنیتیکەوە٢ (واتە لەڕووی گۆڕانی نەژادەوە یان فیلۆم٣ ئەگەڕێینەوە بۆ ئاستی چاوەڕوانی ئۆرگانیزمە تاك خانەییەکان، لێرەدا هیچ ترسێکمان لەدزەکردنی ناڕاست نییە، لەبەر ئەم هۆیە سادەی کە هەر ئۆرگانیزمێك بەچەشنێك لە ئاسۆی چاوەڕوانی لەدایك دەبێ. وەك ئەوەی بڵێین کە لە ئامیبەوە تا ئەنیشتاین، تەنها هەنگاوێك دووریی هەیە.

ئێستا ئەگەر شێوەی گۆڕانی زانست ئاوایە، ئەو هەنگاوە تایبەتە کە گوزارشت لە گواستنەوە لە قۆناغی پێش زانستەوە بۆ قۆناغی زانست دەکات کامەیە؟

١- Ontogenetic

٢- Phylogenetic

٣- Phylom



## پێنج:

بە نزیکی لە کۆتاییەکانی سەدەی پێنجەم و سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی پێش زایندا، دەتوانین سەرەتاکانی گۆڕانی شتێك لە شێوەی میتۆدی زانستدا لەیۆنان بەدی بکەین، لەوێدا چی گوزەری کرد؟ لەم گۆڕانەدا چ سروشتێکی نوێ بوونی هەبوو؟ چ جیاوازییەك هەبوو لەنێوان دیاردە نوێیەکان و ئەفسانە کۆنەکاندا کە لە ڕۆژهەلاتەوە هاتبوون و بە بۆچوونی منیش زەمینە سازێك بوون بۆ ڕێنمونیکردنێکی کاریگەر بۆ دەرکەوتنی ئەندێشە نوێیەکان؟

خەڵکی بابل و یۆنان، هەروەها مائورییەکانی نیوزلەندا (و لەڕاستیدا هەموو ئەوخەڵکانەی کە بەئەفسانەسازییەوە تەماشای سیستەمی سروشتیان کردووە) چیرۆکگەلێکیان لەبارەی دروستبوونی شتەکانەوە دروستکردووە و هەوڵیانداوە پەیکەری جیهان بەپێی چۆنیەتی سەرچاوەی دروستبوونی ڕاڤە بکەن و لێی تێبگەن. ئەم چیرۆکانە بەشێوەیەکی لاوەکی لە داب و نەریتەوە هاتوون و لەناو چەند قوتابخانەیەکی تایبەتدا ماونەتەوە. هەڵگرانی ئەم کلتورەش بەزۆری، چینێکی تایبەت و هەڵبژێردراوی وەك ڕۆمانییەکان یان جادووگەران بوون کە زۆر بەشێلگیرانە بەرگرییان لەم کەلتورەیان کردووە. ئەم چیرۆکانە زۆر بەهێواشی گۆڕانیان بەسەردا دێت، (ئەم گۆڕانەش بەزۆری لەڕێگای نەبوونی وردەکاریدا لەکاتی گواستنەوەیاندا)، یان تێگەیشتنی خراپ و جاری واش لەڕێی زیادبوونی ئەفسانەی نوێوە کە لەڕێی کاهینەکانەوە یان شاعیرانەوە چێدەکرێت.

ئێستا بەبۆچوونی من ئەو پێکهاتە نوێیەی کەبۆسەر فەلسەفەی یۆنانی زیادبوو، جێگرتنەوەی شتێکی" زانستییانەتر " نەبوو لەجێی ئەفسانەکاندا بەڵکو هەڵوێست وەرگرتنێکی نوێ بوو لەبەرامبەرئەفسانەدا. تایبەتمەندی ئەفسانەکانیش کە دواتر بەرەو گۆڕان ڕۆیشت، یەکێك لەدەرەنجامەکانی ئەم هەڵوێست وەرگرتنە نوێیە بوو.

ئەم هەڵوێست وەرگرتنە نوێیە بریتی بوو لەهەڵوێست وەرگرتنێکی ڕەخنەگرانە، لەوەو پاش لەجێی گواستنەوەی دۆگماییانەی فێرکارییەکانەوە (کەتییایاندا هەموو هەوڵێك بۆ پاراستنی نەریت و کلتورە) دەبوو بەهەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەوە وەریانگرین.

بەم شێوەیە پرسیارکردن لەبارەی فێرکارییەکانەوە دەست پێدەکات و شیاوێتی پشتپێبەستنیان، واتە ڕاستی و دروستیان، ئەکەونە بەردوودڵییەوە.

لەڕاستیدا دودڵی و ڕەخنە لە پێش ئەم قۆناغەشدا بوونیان هەر هەبووە، بەلاّم خاڵی تازە ئەوەیە گومان و ڕەخنە، لەلای خۆیانەوە ئەبنە بەشێك لەقوتابخانە فیکرییەکان و کەلتورێکی

بەرزتر دێتەجێی کەلتوری بەرگریکار لە دۆگما، کەلتوری پاراستنی تیۆرەکان (واتە ئەفسانەکان)جێی خۆی دەدات بەکلتوری ڕەخنە لە تیۆرییەکان (کە ئەم تیۆرییانە خۆیان لەسەرەتاوە لە ئەفسانە بەولاوەشتی تر نەبوون) تەنها لەڕێی وەها توێژینەوەیەکی ڕەخنەگرانەوەیە کە بینین (مشاهده) وەك شایەت بۆ مەیدانەکە بانگهێشت دەکرێن.

ئەمە ڕوداووێکی ڕێکەوتی ڕووت نییە کە ئەنکسیماندەری١ قوتابی تالیس ئاگایانە گریمانەیەك دەخاتەڕوو کە تەواو پێچەوانەی گریمانەی مامۆستاکەیەتی و یان ئەنکیمنسی٢ قوتابی ئەکسیماندەر بەهەمان شێوە لە فێرکارییەکەی مامۆستاکەی خۆی لادەدات، تەنها ڕڤەیەك کە دەتوانین لەسەر ئەم دیاردەیە بیکەین، ئەوەیە کەخودی دامەزرێنەری قوتابخانەکە قوتابییەکانی هاندەدات بۆ ڕەخنەگرتن لە تیۆرەکەی خۆی و ئەوانیش ئەم هەڵوێستە نوێ و ڕەخنەگرانەی مامۆستاکەی خۆیان کرد بەکەلتورێکی نوێ.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، تا ئەوجێیەی من ئاگادارم، ئەم ڕووداوە تەنها یەکجار ڕوویدا. قوتابخانەی فیساگۆرس٣ کە پێش ئەم قوتابخانەیە هەبوو لەڕاستیدا شێوەیەکی کلاسیکی و کۆنی هەبوو. واتە کەلتورەکەی هەڵوێستگیری ڕەخنەگرانە نەبوو، بەڵکو تەنها کورت بووبووەوە لەسەر پاراستنی کەلتوری مامۆستا. بەبێ دوودڵی تەنها هەژموونی قوتابخانەی ڕەخنەگرانەی ڕەواقییەکان٤ بووکە دواتر بەستوویی و وشکی قوتابخانەی فیساگۆرسییەکانی نەرم کردەوە و بەم شێوەیە ئەو ڕێگەی هەموارکرد کە بەرەو ڕەوشی فەلسەفی و زانستی ڕەخنەگرانە دەچوو.

هەڵوێستگیری ڕەخنەگرانەی یۆنانمان، لەوە جوانتر بۆ دەرناکەوێت کە لە نوسینە ناسراوەکانی گەزنەفۆندا هاتووە و دەڵێ: بەڵام ئەگەر بهاتایە، ئەسپ و گا و شێرەکان، دەستیان هەبوایە و بیانتوانیایە وەك مرۆڤەکان وێنە بکێشن و پەیکەرتاشی بکەن دەیانکرد و ئەوکاتەش ئەسپەکان، خواکانی خۆیان وەك ئەسپ درووستدەکرد و گایەکانیش وەك گا و هەربەشێك ئەندامی خواکانیشیان بەو شێوەیە چێدەکرد و هەرپێرێکیش لەسەر شێوەی خۆیان دروستیان دەکردن.

---

١- Anaximander

٢- Aneximenes

٣- Pythagorean

٤- Ionians



ئەمە تەنها مشتومڕێکی ڕەخنە گرانە نییە، بەڵکو بەیانێکە کە لەسۆنگەی بە ئاگابوون و زاڵبوون بەسەر میتۆدۆلۆژی ڕەخنەگرانەدا خراوەتە ڕوو.

لەسەر بنەمای ئەوەی کە وترا، بەڕای من کەلتوری ڕەخنە گرتنە کە پێکهاتەی نوێ لە زانستدا و تایبەتمەندی زانست پێکدەهێنێت، لە لایەکی ترەوە بە بۆچوونی من، ئەو ئەرکەی کە زانست بۆ خۆی دیاری دەکات (واتە ڕاڤەی گەردوون) و ئەو ئەندێشە بنەڕەتیانەی کە کەڵکیان لێدەبینین، هەموویان بەبێ هەڵاوێران لەئەفسانەگەرییەکانی پێش زانستەوە وەرگیراون.

**شەش:**

کاری زانست چییە؟ بە خستنە ڕووی ئەم پرسیارە باسی سەرەتایی من لە بارەی ڕەوشە بایەلۆجی و مێژووییەکانەوە کۆتایی پێدێت و خەریکی شیکاری لۆژیکی خودی زانست دەبم. بەشێ لەکارەکانی زانست تیۆرییە (ڕاڤەیە) و بەشێ تری پراکتیکییە (پێش بینی و بەکارهێنانی تەکنیکە). لێرەدا هەوڵدەدەم ئەوە بخەمە ڕوو کە ئەم دوو ئامانجە، بەدوو ڕووی جیاوزی یەك چالاکی دادەنرێن.

سەرەتا خەریکی هەڵسەنگاندنی چەمکی ڕاڤە دەبم:

زۆر دەبیستین کە ڕاڤە، ڕونکردنەوەی نەزانراوە بە پێی زانراو، بەڵام زۆر بەکەمی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارە باسدەکرێت، بەهەرحاڵ ئەم تێگەیشتنە لە راڤە، لەگەڵ ئەوەی کە تائێستا لەڕاڤە واقیعیە زانستییەکاندا بەکارهاتووە یەکناگرێتەوە. ئەگەر چاوێك بە مێژووی زانستدا بخشێنینەوە تا بزانین کام ڕاڤانە، بە شێوەیەکی رازیکەر قەبووڵکراون و کەڵکیان لێ بینراوە، ئەوا واتای جۆراوجۆرمان لەسەر ڕاڤە دەستدەکەوێت.

من ئەم بەیانییە کورتەیەکم لەبارەی ئەم مێژووەوە (واتە مێژووی خودی ڕاڤە، نەوەك مێژووی واتا و چەمکەکەی) لە سیمینارێکی فەلسەفیدا خستەڕوو١.

بەداخەوە کە کات مۆڵەتی ئەوەم پێنادات دووبارە لێرەدا بەدرێژی باسی کەمەوە، بەڵام ئەبێت دەرەنجامێکی گشتی لێرەدا بخەینە ڕوو، لە ماوەی تەواوکاری و بەکەماڵگەیشتنی مێژووی زانستدا ڕەوتگەلی جیاواز لەڕاڤە زۆر بوون کە قەبوڵیشکراون، بەڵام هەموویان لەلایەنێکدا هاوبەشن: ئەویش ئەوەیە کە هەموویان یەك جۆر پێوەری لۆژیکیان هەبووە، پێوەرێك کە دەرەنجامەکەی ڕاڤەکراو، ٢ (ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو بابەتەی کە دەمانەوێت

١ -( بەشێك لەم بابەتەتان بەشیکردنەوەیەکی زیاترەوە لە وتارێکدا لەژێر ناوی (فەلسەفە و فیزیا، تیۆرەکانی پەیکەر بەندی ماددە) دا دەستدەکەوێت کە لە وینز دام (ئەڵبەتە لەوێدا بەکورتی و بەجەختکردنێکی کەمترەوە ئەوەی کە لەچالاکیدا بەواتای ڕاڤە هاتووە قەبوڵکراوە) و لەکتێبەکەی دواتردا بەناوی فەلسەفەو فیزیا (Philosophy and Physics) گونجێنراوە، بەشەکانی تری لە نیوەی یەکەمی کتێبی خەملاندن و پووچەڵکردنەوەکان (Conjectures and Refutations) بەتایبەت بەشەکانی تر (٦، ٣، ٤،) داهاتووە، بەشی چوارەم لەم وتارەدا کەڵکم لێبینەوەو لەهەندێ شوێندا شیکردنەوەی لەو زیاتر دەدەم

٢- Explicandum



ڕاڤەی بکەین) پێکدێت، پێشەکییەکانیش لە ڕاڤەکەرەکان١ (ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی یاسا و مەرجە تایبەتمەندییەکانی ڕاڤەکار) پێکدێن.

ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە بەدرێژایی مێژووی زانست ڕوویداوە، بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتووە لە دەستکێشانەوەی بێ مشتومڕی هەندێ لەو وەسف و مەرجانەی کە ڕاڤەکار پێیان قایل بووە. (لەوانە ئەوەی کە دەڵێن ڕاڤەکار ئەبێت بە ئامادەگی خۆیەوە و ڕاستەوخۆ توانای پەی پێبردنی هەبێت، یان ئەوەی کەدەبێ بەڵگە نەویست بێت و لەم شتانە) هۆکاری ئەمەش ئەوە بووە کە ئەم بارودۆخانە نەدەگونجان لەگەڵ هەندێ لەو چاوەڕوانییە تایبەتیانەی تر لە زانست کە بەتێپەڕبوونی کات ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان باشتر دەردەکەوت، بەتایبەت لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییەی کە ڕاڤەکەر ئەبێت (کە پێشەکییەکانی ڕاڤە لەو ڕووەوە کە دڵی پێکدەهێنن) سەربەخۆ شیاوی ئەزموونکردن بێت.

بەپێی ئەوەی کە باسمانکرد هەر ڕاڤەیەك هەمیشە پێکدێت لە ئەنجامێکی ڕاڤەکراو لەوپێشەکییە تایبەتییانەی کە پێی دەوترێت ڕاڤەکار.

لێرەدا بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر نموونەیەك دەهێنمەوە: گریمان مشکێکی کێوی مردارەوەبوومان دۆزیوەتەوە و ئەمانەوێت بزانین چی بەسەر هاتووە، ئەتوانین بەم شێوەیە ڕاڤەکراوەکە بخەینەڕوو:" ئەم مشکە کێو بیە لەکۆتاییدا لێرەدا مرداربووەتەوە " ئەم ڕاڤەکراوە بەشێوەیەکی بڕاوە بۆ ئێمە ڕوونە (چونکە وەك واقیعیەتێکی ئاشکرا خۆی لەبەرامبەر ئێمەدا دەنوێنێت) بۆ ڕاڤەی ئەم ڕووداوە ئەبێت سەرەتا چەند ڕاڤەیەکی گوماناوی یان گریمانەیی کە سروشتی نەزانراو یان کەمتر زانراو دەخەنە ناو مەیدانەکەوە تاقیکەینەوە (لەسەر ڕەوتی نووسەری چیرۆکە پۆلیسییەکان) بۆ نمونە گریمانەیەکی لەم شێوە کە ئەم مشکە بەهۆی خواردنی ڕێژەیەکی زۆر ژەهری مشك گیانی لەدەستداوە، سوودی ئەم گریمانە ئەوەیە کە، یەکەم، هاوکاریمان دەکات تاوەکو ڕاڤەکارێك دروستکەین کە ئەتوانین ڕاڤە کراوی لێوە دەربهێنین و دووەمیش ڕێگەی ئەنجامدانی چەند تاقیکردنەوەیەك لەسەر ڕاڤەکار لەبەردەمی ئێمەدا واڵا دەکات (واتە ئەو تاقیکردنەوانەی کە بەتەواوی لەدەرەوەی ڕاست و درۆی ڕاڤە کراون)

ڕاڤە کەر (واتە گریمانەکان) تەنها ڕستەی " ئەم مشکە پارویەکی خواردووە کە ژەهری زۆری تێدا بووە " لەخۆناگرێت. لەبەر ئەوەی لەم مەسەلەیەدا بە تەنها ناتوانین بەشێوەیەکی

١- Explicans

لۆژیکی ڕاڤە کراومان دەستکەوێت، بەڵکو هەمیشە دەبێت کەڵك لە دوو پێشەکی (وەك ڕاڤەکار) وەرگرین، کە بریتین لە: یاسا گشتییەکان و ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە بارودۆخی تایبەتی ڕوداوەکەوە١ لەم بابەتە تایبەتەدا ئەتوانین یاسای گشتی بەم شێوەیە بخەینەڕوو کە: " ئەگەر مشکێك لانیکەم هەشت دەنکە گەنمی ژهراوی بخوات، ئەوا لەماوەی پێنج خولەکدا دەمرێت "بارودۆخی تایبەتی ڕوداوەکە (کە بەشێوەیەکی بابەتی تایبەت دەخرێتە ڕوو) ئەکرێت بەم شێوەیە بێت: " ئەم مشکە، پێش پێنج خولەك لانیکەم هەشت دەنکە گەنمی ژهراوی خواردووە ". ئا لەوکاتەدا ئەتوانین ئەنجامگیری لەم دوو پێشەکییە بەسەر یەکەوە وەرگرین و بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم مشکە تازە مردووە (واتە هەمان ڕاڤە کراوەکەمان).

ئەمڕۆ ئەکرێت هەموو ئەم قسانە زۆر بەبەڵگەنەویست تەماشا بکرێن. بەڵام ئەگەر بێتو لەم تیۆرییەی من ڕامێنن کە: بابەتە تایبەتییەکان (بارودۆخی تایبەت، بە ڕووداوێکی تایبەتەوە) هەرگیز بەتەنیا بۆ ڕاڤەکردن بەس نین و ئێمە هەمیشە پێویستیان بەیاسایەکی گشتیش هەیە، بۆتان دەردەکەوێت کە نەك تەنها بەهیچ شێوەیەك بەڵگە نەویست نین، بەڵکو هەندێ جار نکۆڵی لە ڕاستییەکەی دەکەن.

تەنانەت دوور نییە کە زۆربەی ئێوەش گریمانەیەکی لەشێوەی " ئەم مشکە ژەهری مشکی خواردووە " تان وەك ڕاڤەیەکی ڕازیکەر بۆ مەرگی ئەو قەبووڵبکەن. ئەگەرچی مەسەلەیەکی ڕاشکاوانە دەربارەی مردنی مشکەکە بەشوێنیدا نەهاتبێ، بەڵام بێن و بۆ ساتێکیش بێت گریمانەی ئەوەبکەن کە ئێمە لەدونیایەکدا دەژین کە تیایدا هەرکەسەو (لەوانە هەرمشکێك) بڕێکی زۆری لەماددەیەکی کیمیایی بەناوی ژەهری مشکەوە بخوات و تا هەفتەیەکیش هەست بە تەندروستی و لەش ساغییەکی باش بکات و ئەوەندە بارودۆخی لەبارێت کە پێشینەی نەبووبێت. ئەگەر وەها یاسایەکی گشتی باوەڕپێکراو هەبوایە ئایا هێشتا بابەتی " ئەم مشکە، ژەهری خواردووە " وەك ڕاڤەیەك بۆ مردنی قەبووڵدەکرا؟ ئەڵبەتە نەخێر؟ کەواتە دەگەینە ئەو دەرەنجامە پشت گوێ خراوەی کەدەڵێ: هەموو ئەو ڕاڤانەی کە تەنها لە بابەتە تایبەتییەکانەوە وەرگیراوبن ناتەواون و لانیکەم بوونی یاسایەکی گشتی لەپاڵیاندا پێویستە. لەوانەیە لەهەندێ شوێندا ئەم یاسا گشتییە ئەوەندە لای خەڵکی ڕوونبێت کە هەندێ جار بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، باسدەکرێت.

١- initial Conditions



پوختەی ئەوەی باسمانکرد ئەوەیە کە هەر ڕاڤەیەك پێوەرێکە لەشێوەی ئەمەی خوارەوەدا:




**حەوت:**

دووبارە دەپرسین: ئایا هەموو ئەو ڕاڤانەی کە پێکهاتەیەکی وایان هەیە ڕازیکەرن؟

ئایا بۆ نمونە، ئەو نموونەیەمان (کە مردنی مشك بەیارمەتی ژەهری مشك ڕاڤەدەکات) ڕاڤەیەکی ڕازیکەرە؟ نازانین. تاقیکردنەوە لەوانەیە ئەوەمان بۆ دەرخات کە مشکەکە بەهەر هۆیەك مردبێت بەژەهر نەمردووە. ئەگەر هاوڕێیەك گومانی لە ڕاڤەکەمان هەبێت و بپرسێت " لەکوێ دەزانی کە ئەم مشکە ژەهری خواردووە؟ " لەڕاستیدا ئەوە بەس نییە کە لەوەڵامدا بڵێین " ئەمە چی گومانێکی تیایە؟ مەگەر نابینی مردووە؟ "لەڕاستیدا هەر بەڵگەیەك کە بۆ بەرگریکردن لە گریمانەیەك ئەیهێنینەوە ئەبێت سەربەخۆ و جیابێت لە ڕاڤەکراو. ئەگەر تەنها بەڵگەی ڕاستی قسەکانمان خودی ڕاڤەکراوەکە بێت ئەوا ڕاڤەکەمان ئەبێتە ڕاڤەیەکی خولی و بەمەش تەواو نارازیکەر دەبێت. بەڵام ئەگەر بتوانین لەوەڵامدا بڵێین کە " پێکهاتەی ناوگەدەی تاقیکەنەوە و ڕێژەیەکی زۆر ژەهری تێدایە " و پێشبینیەکەشمان (کە تازەیە — واتە لەڕاڤەکراو جیایە) ڕاست دەرچوو. ئەو وەختە ڕاڤەکەمان لانی کەم وەك گریمانەیەکی تاڕادەیەك چاك حسێب دەکەین. لەم بارەشدا هێشتا مەسەلەکە تەواو نەبووە، چونکە لەوانەیە هاوڕێکەمان ڕاستی و دروستی یاسا گشتییەکەش بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو ئەتوانێت بڵێت " ئەوەمان قەبووڵە کە ئەم مشکە ماددەیەکی کیمیای خواردووە، بەڵام بۆ دەبێت بەهۆی ئەوەوە مردبێت؟

لێرەشدا نابێت وەڵام بدینەوە کە: "مەگەر نابینیت مردووە؟ وا دەردەکەوێت کە خواردنی ئەم ماددە کیمیاییە زۆر ترسناکە" کەواتە ئەم وەڵامە ئەوەندەی تر ڕاڤەکەی ئێمە خولی تر (دووری) و نارازیکەرتر دەکات. بۆ دڵنیاکردنی ئەبێت یاسا گشتییەکە بدەینە دەست ئەو تاقیکردنەوانەی کە لە ڕاڤەکراو جیان و سەربەخۆن. بەخستنەڕووی ئەم خاڵە، شیکردنەوەی من بەم وێناکردنە، راڤەی کۆتایی وەردەگرێت. ئەبێ ئەوەش بڵێم کە پێویستە چەند خاڵ و شیکردنەوەیەکی تر بۆسەر باسە گشتییەکەم زیاد بکەم.

خاڵی یەکەم: لەبارەی عیللەت و مەعلولەوە، ئەتوانین نموونەی بابەتە تایبەتییەکان (بارودۆخی تایبەتی ڕووداو) بە " عیلەت " دابنێین و نمونەی ڕاڤەکراو بە " مەعلول " دابنێین، بەڵام بەڕای من باشتر وایە خۆمان لەم زاراوانە بە دووربگرین کە ئێستا لەژێرباری مشتومڕ و ئاڵۆزیی مێژوویی خۆیاندا هیلاك بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ویستمان کەڵکی لێوەرگرین ئەبێت دەستبەجێ ئەوە بە بیر بهێنینەوە کە ئەم دەربڕینانە تەنها لە پەیوەندیاندا لەگەڵ تیۆرییەك یان یاسایەکی تایبەتدا واتا پەیدا دەکەن، ئەوە تیۆریی یان یاسایە کە پەیوەندی لۆژیکی نێوان عیللەت و مەعلول دروستدەکات، بابەتی " A عیللەتی B یە " ئەبێ بەم شێوە شیکرێتەوە: تیۆرییەکمان بەناوی T هەیە کە ئەکرێت ڕاستەوخۆ تاقیکرێتەوە و تاقیکراوەتەوە و ئەتوانین بەهۆی ئەو تیۆرییەوە کە بەجیاو سەربەخۆ لە (A) لە دۆخێکی تایبەتدا تاقیکراوەتەوە، بەشێوەیەکی لۆژیکی وەسفی (B) لە دۆخێکی تایبەتدا، بەدەست بهێنین. " بەکارهێنانی زاراوەکانی عیللەت و مەعلول خۆی لە خۆیدا ئەو واتایە دەگەێنێت کە پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان ئەو دوانەدا هەیە. ئەم خاڵە لە تێڕوانینی فەیلەسوفگەلێکی زۆرەوە لەوانە، لە تێڕوانینی هیۆمەوە١ زۆر دووربووە. ٢

---

١- Hume

٢ - ئەم ڕونکردنەوانەم لەبارەی چەمکەکانی " عیللەت " و مەعلولەوە " بۆ یەکەم جار لەبەشی ١٢ ی کتێبی لۆژیکی دۆزینەوەی زانستیدا (The Logic of Scientific Discovery) بەکارهێناوە . هەروەها بگەڕێنەوە بۆ فەقەرەی مێژوو گەرایی (Poverty of Historicism, pp.١٢٢f) و کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی (Open Society and Its Enemies) هەردوکیان هەر بەم قەڵەمە) بەتایبەت یاداشتی ٩ لەبەشی ٢٥ و مەقالەی " لۆژیك " ئەتوانین چەند خزمەتێك بەفەلسەفە بکەین لە بلاّو کراوەی ئەنجومەنی ئەرستۆیی "(Aristotelion Society, Supplementary Volume ٢٢,١٩٤٨,pp.١٤٥ff.)



**هەشت:**

کاری زانست کورت نابێتەوە لەسەر گەڕان بەشوێن ڕاڤە تەواو تیۆرییەکاندا، بەڵکو لایەنی پراکتیکیشی هەیە، کە پێکهاتووە لە پێشبینیکردن و بەکارهێنانە هونەری و تەکنیکییەکان. دەتوانن ئەم دوولایەنەش لەڕووی هەمان خستنەڕووی لۆژیکییەوە شیکەنەوە کە بۆ ڕاڤە پێشنیارمان کردووە.

١ — وەدەستهێنانی پێشبینی: لەگەڕان بەشوێن ڕاڤەیەکدا، ڕاڤەکراو، دراوە (دیارە) و ئەبێت ڕاڤەکەرێکی گونجاومان دەستکەوێت لە کاتێکدا کە وەدەستهێنانی پێشبینی، بە ئاڕاستەی پێچەوانە دەڕوات. لێرەشدا تیۆری، بوونی هەیە یان پێویستە هەبێت (بۆ نمونە بەوەرگرتنی لە کتێبێك)، هەروەها بابەتە تایبەتەکان (کەیان بەهۆی بینینەوە بۆمان دەردەکەون یان پێویستە دەرکەون) ئەوەشی کە بۆ بەدەستهێنانی دەمێنێتەوە دەرەنجامە لۆژیکییەکانە، واتە ئەو دەرەنجامە لۆژیکییانەی کە هێشتا لەڕێی بینینەوە نەمان دۆزیوەتەوە، ئەمانە پێشبینییەکانن، بەکورتی لەوخستنەڕووە لۆژیکییەماندا پێشبینی P دێتە جێی ڕاڤەکراوی E.

٢ — بەکارهێنانی تەکنیکی: دروستکردنی پردێك بهێننە پێش چاوی خۆتان کە ئەبێ لەگەڵ هەندێ لە مەبەستە کردارەکییەکاندا کە لەپێرستێك لە تایبەتمەندییەکانی دروستکردنیدا بڕیاری لەسەردراوە ببێتەوە و بگونجێت. ئەوەی کە بەئێمە دراوە تایبەتمەندییەکانی دروسکردنی (S) ە کە بارودۆخی مەبەستەکەمان (ئەو پردەی کە بڕیارە دروستکرێت) شیکاتەوە (S تایبەتمەندییەکانی دروستکردنی کڕیارە، کە پێش تایبەتمەندییەکانی دروستکردنی ئەندازیارەوە ئەدرێت و جیاوازیشی هەیە لەگەڵیدا) سەرەڕای تیۆرییە فیزیکییە پەیوەندیدارەکان (کە هەندێ میتۆدی ئەزموونیان تیدایە) کە بەئێمە دەدرێن، ئەوەی کە پێویستە ڕونکرێتەوە هەندێ بابەتی تایبەتە کە ئەبێ لەڕووی تەکنیکییەوە بێنەدی و بە چەشنێکن کە ئەتوانین تایبەتمەندییەکانی دروستکردن و تیۆرییەکانیان لێوەرگرین، کەواتە لەم بارەدا لەخستنە ڕووە لۆژیکییەکەماندا S دێتە جێی E. ١

---

١ - مەبەستمان لەو شیکردنەوەیە ئەوە نییە کە کاری ئەندازیار و ئەندازیاری تەکنیکی تەنها " بەگەڕخستنی " ئەو تیۆریانەیە کە لەلایەن زانایانی زانستی تیۆرییەوە دروستکراون . بە پێچەوانەوە ئەندازیار و ئەندازیاری تەکنیکی لەبەرامبەر چەند مەسەلەیەکی شیکارنەکراودان، ئەم مەسەلانەش لەچەند پلەیەکی جیاوازی ئەزموندا، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی سروشتێکی تاڕادەیەك تیۆرییان هەیە و لە هەوڵداندا بۆ شیکردنەوەیان،

بەم پێیە دەبینین کە لەدیدگایەکی لۆژیکییەوە، ئەتوانین هەم هەڵێنجانی پێشبینییەکان و هەم بەکارهێنانی تەکنیکی تیۆرییە زانستییەکان وەك پێچەوانەی تەواوی تەرحی بنەرەتی ڕاڤەی زانستی وەرگرین.

بەڵام لایەنەکانی کەڵك وەرگرتن لە خستنە ڕووە لۆژیکییەکەمان هێشتا تەواو نەبووە. هێشتا ئەتوانین بۆ شیکردنەوەی چۆنییەتی تاقیکردنەوەی ڕاڤەکار کەڵکی لێوەرگرین. بەشی هەرە گەورەی ڕەوتی ئەم تاقیکردنەوەیە بریتییە لە ئەنجامگیری پێشبینییەك P لە ڕاڤەکار و بەراوردکردنی بە دۆخە واقیعی و بینراوەکان، ئەگەر پێشبینیەکان لەگەڵ دۆخە بینراوەکاندا نەیەنەوە ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕاڤەکار هەڵەیە و واتە پووچەڵ بووەتەوە. بەڵام تا ئێستا هێشتا نازانین ئایا ئەم تیۆرییە گشتییەیە کە هەڵە دەرچووە یان وەسفی بابەتە تایبەتییەکانە لەسەر بارودۆخی ڕوداوەکە کە لەگەڵ واقیعدا ناگونجێت؟ و لەم ڕووەشەوە ناڕاستە (ئەڵبەتە لێرەدا ئەکرێت هەم تیۆرییەکە هەڵەبێت و هەم بابەتە تایبەتییەکان.)

پووچەڵ بوونەوەی پێشبینییەکان، ئەوەمان نیشاندەدات کەڕاڤەکەر پووچەڵە، بەڵام پێچەوانەی ئەم بابەتە ڕاست نییە، واتە ئەو باوەڕەی کە پێی وایە "بەدیهاتن " ی پێشبینی نیشانەی "ڕاستێتی" راڤەکار یان تەنانەت بەشێکیەتی، بۆچونێکی هەڵە و گومڕێکەرە، چونکە ئەتوانین بەئاسانی پێشبینی ڕاست لە ڕاڤەکەرە هەڵەکانیش بەشێوەیەکی لۆژیکی وەرگرین، تەنانەت ئەگەر تەنها " ڕوودانی " پێشبینییەك وەك پاڵپشتی پڕاکتیکی ڕاڤەکار دانێین، هەڵەمان کردووە، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە کە بڵێین تەنها "ڕوودانی " ئەو دەستەیە لە پێشینەکان کە " چاوەڕواننەکراون " (بەچاو پۆشین لەو تیۆرییانەی کە هێشتا لەژێر هەڵسەنگاندندان) ڕاڤە کەرن، بۆیە پشتگیری تیۆرەکەی ئێمەش دەکەن. ئەمەش بەو واتایەی کە پێشبینی تەنها کاتێك پشتگیری لە تیۆریی دەکات کە لەبەراوردکردنیدا لەگەڵ بینراوەکاندا وەك هەوڵێکی جیدی بۆ تاقیکردنەوەی ڕاڤەکەر دابنرێن (واتە هەوڵی جیدی بۆ

---

ئەندازیار و ئەندازیاری تەکنیکی وەکو هەر کەسێکی تر، کەڵك لە میتۆدی خەملاندن یان ئەزموون و تاقیکردنەوە یان پووچەڵکردنەوە و سڕینەوەی هەڵە دەبینن، ئەم مەبەستە لە کتێبی ڕووبەڕووبوونەوەی زانستیدا ( J.T.Davies,The Scientific Approach,١٩٦٥,p.٤٣) بە باشی ڕوونکراوەتەوە، ئەو کتێبەی کە تیایدا دەتوانین زۆرێك لە بەکارهێنان و نمونەی باشی تیۆریای فانۆسی زانستمان دەستکەوێت .



پووچەڵکردنەوەی) هەر پێشبینییەکی (کە ڕیسکی لەگەڵدابێت) لەم چەشنە ئەتوانین ناوی پێش بینی "پڕبەری تاقیکردنەوەی تیۆری " لێبنێین. ١

لەهەموو ئەمانە بگەڕێین، شتێکی بەڵگە نەویستە کە دەرچوون لەتاقیکردنەوەدا تەنها کاتێك ئەتوانێت گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی قوتابییەك بکات (لە زیرەکی قوتابییەك) کە تاقیکردنەوەکەی بە ئەندازەی پێویست قورس بێت و دیارە کە ئەتوانین تاقیکردنەوەیەك دانێین کە تەنانەت تەمبەڵترین قوتابیش بتوانێت تیایدا دەرچێت. ٢

لەکۆتاییدا سەرەڕای هەموو ئەمانە، خستنەڕووە لۆژیکییەکەی ئێمە، مۆڵەتمان پێدەدات کە جیاوازی لەنێوان ئەرکەکانی ڕاڤەی تیۆری و ڕاڤەی مێژوویدا بکەین.

تیۆردانەر حەزی لەبەدەستهێنان و تاقیکردنەوەی یاسا گشتییەکانە. ئەو لەماوەی تاقیکردنەوەی ئەم یاسایانەدا، سەرەڕای کەڵك وەرگرتنی لە بابەتە تایبەتییە جۆراوجۆرەکان، یاساگەلێکی جۆراوجۆری تریش (بەزۆری بەشێوەیەکی نائاگایانە) بەکاردەهێنێت.

بەڵام مێژوونووس حەزی لەبەدەستهێنای وەسف و تایبەتمەندییەکانی حاڵ و باڵ و بارودۆخەکانە لە چوارچێوەیەکی کاتی ـــ شوێنیی تایبەت و سنووردااردا (واتە هەمان ئەو شتەی کە ناوی تایبەتمەندییەتەکانی ڕووداوم لێناوە) و حەزی لە هەڵسەنگاندنی پێویست و لێکۆڵینەوەیانە. ئەو لەم هەڵسەنگاندنانەیدا سەرەڕای بابەتە تایبەتییەکان کەڵك لە هەموو یاسا گشتییەکان وەردەگرێت کە لە ئاسۆی چاوەروانییەکانیدا هەیە (کە بە شێوەیەکی گشتی

---

١ -پێشبینییەپراوپڕەکان بە واتایەك هاوشێوەی تاقیکردنەوەی ترشەکان و یان تاقیکردنەوە یەکلا کەرەوەکانن (experimentum Crucis) بۆیە بۆئەوەی پێشینی P بتوانێت پڕاوپڕی تاقیکردنەوەی تیۆری T بێت، ئەبێ ئەگەری پێشبینییەکی تر $P_1$ بوونی هەبێت کەلەگەڵ بابەتە تایبەت و جێماوەکانی ئاسۆی چاوەڕوانی ئێستاماندا ئەوەی کە لە T دایە (گریمانەکان، تیۆرییەکان و جگە لەمانەش) دژیەك نەبێت کاتێك لەگەڵ بابەتە تایبەتی و ئاسۆکانی چاوەڕوانیدا کۆکرایەوە، لەگەڵ P دا، دژیەك بێت، هەر ئەمەیە واتای قسەکەی ئێمە کە (E =) P ئەبێت (بە بێ T) " نا بەرامبەر " بێت.

٢ - قوتابییەکان بە تاقیکردنەوە بۆیان دەردەکەوێت کە وشەی " بە سادەیی " تاڕادەیەك دوورە لەڕاستییەوە . بەڕیوەبەری لێژنەیەکی تاقیکردنەوەی دەوڵەتیی لە ڤیيەنا . سەردەمێك زۆربڕیارانە دەیوت: ئەگەر قوتابییەك لەوەلامی ئەم پرسیارەی تاقیکردنەوەدا کە ئەڵێ " ٥ کۆی ٧ چەندە " بنوسێت " هەژدە " ئەوا ئێمە دەری دەچوێنین . بەڵام ئەگەر لەوەلامدا بنوسێت " سەوز " ئەوا وائەزانم کە ئەبوو هەر لەسەرەتاوە ڕێماننەدایە بێتە تاقیکردنەوە .

بەڵگەنەویستن) هەرچەندە  بەشێوەیەکی گشتی ئاگای لەم کەڵکلێوەرگرتنەش نییە. لەم رووەوە ئەو وەك تیۆریستێك وایە. (ئەڵبەتە جیاوازییەکەشیان بەڕوونی دیارە: ئەم جیاوازییە لە جیاوزی نێوان پەیوەندییەکانیانەوە یان پرسە جیاوازەکانیانەوە دێت واتە لە جیاوازی نیوان ئەوەی کە بۆ هەرکامیان پرسیار دروستدەکات.

نیشاندنی لۆژیکیانەی شێوەکاری و تیۆردانەر (هاوشێوەی نیشاندانەکان و خستنەرووەکانی پێشومان) بەم چەشنەیە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| $U_0$ | $U_0$ | . . . | $U_0$ |
| $U_2$ | $U_3$ | . . . | $U_1$ |
| $I_2$ | $I_3$ | . . . | $I_1$ |
| $P_2$ | $P_3$ | . . . | $P_1$ |

Uo لێرەدا  یاسا یان گریمانەیەکە کە لەژێر لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندندایە، ئەم یاسایە بەدرێژایی تاقیکردنەوەکان بەجێگیری دەهێڵدرێتەوە تا لەگەڵ یاساکانی  $U_1$ و $U_2$... دا و بابەتە تایبەتییەکانی $I_1$ و $I_2$... و پێشبینیگەلی جۆراوجۆر $P_1$ و $P_2$... ی لێوە بەدەست بهێنرێت کە بتوانین لەگەڵ ڕووداوە بینراوەکاندا لێیان بکۆڵینەوە.

ئەتوانین شێوەی کاری مێژوو نوسیش، بەم شێوەی خوارەوە بخەینەڕوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| $U_2$ | $U_3$ | . . . | $U_1$ |
| $I_2$ | $I_3$ | . . . | $I_1$ |
| $I_0$ | $I_0$ | . . . | $I_0$ |
| $P_2$ | $P_3$ | . . . | $P_1$ |



لێرەدا $I_0$ ، ڕووداوێك یان گێڕانەوەیەکی مێژووییە کەئەبێت بخرێتە بەرهەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەوە، $I_0$ بەدرێژایی تاقیکردنەوەکان بەجێگیری دەمێنێتەوە و لەگەڵ چەندین جۆرو یاسادا (کە بەزۆری بەڵگەنەویستن $U_1$ و $U_2$و بابەتە تایبەتییە پەیوەندی دارەکاندا  $I_1$ و$I_2$. بۆوەدەستهێنانی چەندین جۆر پێشبینی $P_1$  و $P_2$،... ڕێك دەخرێت.

ئەڵبەتە ئەم دوو خستنەڕووەی سەرەوە بەشێوەیەکی زۆر سادە و نمونەیی (ئایدیال) نیشاندراوون.

## نۆ:

هەوڵ وکۆششی من تائێستا بۆ ئەوەبوو کە ئەوە ڕوونکەمەوە کە ڕاڤەی زانستی تەنها کاتێك رازیکەرە کە یاسا گشتییەکان، واتە تیۆرییەکەی بتوانرێت بەجیا و سەربەخۆ لە ڕاڤەکراو تاقیکرێتەوە. ئەمە بەو واتایەیە کەهەر تیۆرییەکی ڕاڤەکراو بۆئەوەی رازیکەر بێت زیاد لەوەبکات و بخاتە ڕوو کە پێشتر لەڕاڤە کراوەکەدا هەبووە و بووەتە پاڵنەری کەڵك وەرگرتن لەو تیۆرییە بەدەربڕینێکی تر، ئەبێت ئەوە بکەینە بنەما کەهەر تیۆرییەك ئەبێت لەو بابەتە ئەزموونیانەی کە بووەتە هۆی درووستبوونی، فراوانتر بێت، گەرنا وەك ئەوەی بینیمان دەبێتە ڕاڤەیەکی خولی و دەوری.

ئەمە یاسایەکی ڕەوشناسانەیە کە بەتەواوی لەگەڵ هەموو تەوژمە پۆزەتیڤیستی و ئەزموونگەرایە ساویلکانەکاندا دژیەکە. ئەم یاسایانە داوامان لێدەکەن کە لەبری گشتاندنە پارێزکارانەکان و ئاگاداربوون لە بینراوە مەوجودەکاندا کە (لەسەردەمی بیکۆنەوە تائێستا) بووەتە پەرستراوی ئەزموونگەرا ساویلکەکان، خۆمان لە داهێانی گریمانە بوێرانەکاندا ماندووکەین تاوەکو قەڵەمڕەوە نوێیەکانی بینینمان (مشاهدە) بەڕوودا بکەنەوە.

ئەو دیدگایەمان کە پێیوایە، کاری زانست پێشنیاری ڕاڤە یان دروستکردنی بنەمای تۆرییە بۆ ئەنجامدانی پێشبینی و شتی تر (کە ئەمیش بەشێوەیەکی لۆژیکی بەهەمان دەرەنجام دەگات، ١ ئێمە بەو مەبەستە ڕەوشناسییە دەگەێنیێت کە تیۆرییەکانمان دەبێت شیاوی ئەزموونکردن بن. لەهەمانکاتدا شیاویەتی ئەزموونکردنیش پلەی هەیە، واتە هەندێ لە تیۆرییەکان لەهەندێکی تریان شیاوێتی تاقیکردنەوەیان زیاترە. ئەگەر لەگەڕان بەدوای ئەم مەبەستەدا لەڕەوشناسیدا هەوڵی زیاتر بدەین و بە شوێن ئەو تیۆریانەدا بگەڕێین کەشیاوێتی ئەزمونکردنیان زیاترە ئەوکاتە ئەگەین بەیاسای ڕەوشناسی (کە بەیانێکە لەبارەی ئەرکی زانستەوە) کە ئەگەر باوەڕمان وابێت ئەم یاسایە لەڕابردووشدا (بەنەزانییەوە) بەکارهێنراوە،

١ - من لەساڵەکانی (١٩٥٠ بەملاوە) جیاوازییەکی زیاترم لە نێوان ئەرکە تیۆرییەکان یان ڕاڤەی زانست و ئەرکە پڕاکتیکییەکاندا یان " ئامێرییەکاندا " کردووە و جەختم لەسەر پێشکەوتنی ئەرکی تیۆرێکدا لەچاو ئەرکی ئاامێریدا کردووە . بەتایبەت جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێشبینییەکان تەنها ڕۆڵی (ئالی) یان نییە، بەڵکو بەزۆری ڕووی تیۆریشیان هەیە، بۆیە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لەتاقیکردنەوە تیۆرییەکاندا دەگێڕن، (بەو شێوەیەی کەپێشتر لەم وانەیدا ڕونمان کردەوە) بگەڕێینەوە بۆ خەملاندنەکانو پوچەڵکردنەوەکان . (بەتایبەت بەشی سێیەم (Conjectures and Refutation) .



ئەوا زۆرێك لە ڕووداوەکان لە مێژووی زانستدا ڕاڤەیەکی مەعقول وەردەگرن. ئەم یاسایە ئەوە ئاشکرادەکات کە ڕووداوە ڕابردووەکانی مێژووی زانست، چەندهەنگاوێك بوون بەرەو گێڕانی ڕۆڵی زانست (و لەهەمان کاتدا بەیانێك لە کاری زانستیشی بەدەستەوەدەدات و ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چی شتێك لەزانستدا ئەبێت وەك بەرەو پێشچوون تەماشاکرێت، چونکە بەپێچەوانەی زۆربەی چالاکییەکانی تری مرۆڤەوە (بەتایبەت هونەر و مۆسیقا) لە زانستدا بەڕاستی بەرەو پێشچوون ڕوودەدات.

هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پلەی شیاوێتی تاقیکردنەوەی تیۆرییە جیاوازەکان، ئەوەمان نیشاندەدات کە شیاوێتی تاقیکردنەوەی هەر تیۆرییەك بەپێی پلەی گشتێتیان و هەروەها پلەی دڵنیایی یان وردی تیۆرییەکە زیاد دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت، ئەڵبەتە ئەم مەسەلەیە بەڕوونی دیارە بۆیە هاوتەریب لەگەڵ پلەی گشتێتی تیۆرییەکەدا پانتایی ڕووداوی پێشبینیکراو لەلایەن تیۆرییەکەوە زیاد دەبێت و بۆیە قەڵەمڕەوی پووچەڵکردنەوەشی زیاتر دەبێت. هەر تیۆرییەك کە ئاسانتر پووچەڵکرێتەوە شیاوێتی تاقیکردنەوەی زیاترە.

لەبارەی پلەی دڵنیایی یان وردەکاریشەوە دۆخێکی هاوشێوەی ئەمەمان هەیە. بابەتە ورد و دەقیقەکان ئاسانتر لەبابەتە ناڕوونەکان پووچەڵ دەکرێنەوە و لەسەر بنەمای ئەم بابەتەش شتی ورد (دقیق) شیاوێتی تاقیکردنەوەی زیاترە. بنەڕەتی "بەرزکردنەوەی پلەی شیاوێتی تاقیکردنەوە" ئەوەش ڕوندەکاتەوە کە بۆ ئەوەندە حەزدەکەین بابەتە چەندایەتییەکان بەپێی گونجان بخەینە جێی بابەتە چۆنایەتیەکان (بەهەمان شێوەش ئەتوانین ڕۆڵی ئەندازەگیری لەتاقیکردنەوە تیۆرییەکاندا دیاریکەین) ئەندازەگیری شێوەیەکە کە بەچەشنێکی زیادکەر لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی زانستدا گرنگی پەیدا دەکات، بەڵام شێوەیەك کەنابێت وەك ڕاگری زانست و یان ڕاگری تیۆرییەکان تەماشا کرێن (کە بەزۆری وا تەماشا دەکرێن) چونکە ئەبێ ئاگامان لەوەبێت کە ڕەوشەکانی ئەندازەگیری تەنها لەهەندێ لەزانستەکاندا و ئەویش لەقۆناغە پێشکەوتووەکاندا کەڵکیان لێوەر دەگیرێت و تەنانەت تا ئێستاش لەهەموو زانستەکاندا کەڵکیان لێنابینرێت، و نابێت لەوەش بێئاگابین کە ئەندازەگیری خۆی لەخۆیدا پشتی بە گریمانە تیۆرییەکان بەستووە.

**دە:**

ئەو نمونە گونجاوەی کە دەتوانم بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەم لەسەر مێژووی زانست بەکاری بهێنم، پەڕینەوەیە لە تیۆرییەکانی کیپلەر و گالیلۆوە بۆ تیۆرییەکەی نیوتن.

ئەم پەڕینەوەیە هیچ پەیوەندییەکی بە توێژینەوەوە نییە و ناتوانین تیۆرییەکەی نیوتن بە گشتاندنێکی دوو تیۆرییەکەی پێشوو تەماشاکەین، بۆیە جێی دوودڵی نییە کە تیۆرییەکەی نیوتن، دژە لەگەڵ دوو تیۆرییەکەی تردا. لەم ڕوەوەشەوە ناتوانین تیۆرییەکەی کیپلەر لە تیۆرییەکەی نیوتنەوە وەرگرین (لەکاتێکدا هەندێ کەس بانگەشەی وەها ئەنجامگیرییەکیان کردووە و تەنانەت ووتویانە ئەتوانرێت تیۆرییەکەی نیوتن لە تیۆرییەکەی کیپلەر دەربهێنرێت).

تەنها بەشێوەیەکی تەقریبی ئەتوانین یاساکانی کیپلەر لەیاساکانی نیوتن دەربهێنین. ئەویش بەقەبوولکردنی ئەو گریمانە (هەڵە) یەی کە هەسارەکانی تر بە بەراورد بە گۆی خۆر شیاوی چاولێپۆشینن. ناتوانین یاساکانی گالیلۆش لەبارەی کەوتنەخوارەوەی سەربەستی تەنەکانەوە لە تیۆرییەکەی نیوتن دەربهێنین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەم دوانە دژی یەکترن. تەنها لەکاتی گریمانەی (هەڵە) ی لەبەرچاونەگرتنی بەرزی هەموو کەوتنەخوارەوەکان بە بەراورد لەگەڵ نیوەتیرەی زەویدا ئەتوانین یاساکەی گالیلۆ بەشێوەیەکی تەقریبی لە تیۆرییەکەی نیوتنەوە وەرگرین.

لەڕاستیدا ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە تیۆرییەکەی نیوتن گشتاندنێك نییە کە لەڕێی توێژینەوە (یان ئەنجامگیری) یەوە بەدەست هاتبێت، بەڵکو گریمانەیەکی نوێیە کە ئەتوانێت ڕێگای پووچەڵکردنەوەی تیۆرییەکانی تر ڕونکاتەوە، واتە دەتوانێت ئەو پانتاییانەی کە بەپێی تۆرییە نوێیەکە، تیۆرییە کۆنەکان لە پێدانی ڕوونکردنەوەی چاك لەسەریان دەستەوەستان بوون، بخاتە بەردەمان و تیشك بخاتە سەریان. (بەنیسبەت تیۆرییەکەی کیپلەر ئەم پانتاییە، پانتایی تیۆریی جیاوازییەکان و بەنیسبەت تیۆرییەکەی گالیلۆوە پانتایی تیۆریی خێراییە گۆڕاوەکانە، بۆیە بەپێی قسەکەی نیوتن خێرایی کێش لەگەڵ چوارچێوەی دووریدا پەیوەندییەکی هەڵگەڕاوەیان هەیە.) ئەگەر تیۆرییەکەی نیوتن جگە لە کۆکردنەوەی یاساکانی کیپلەر و گالیلۆ کارێکی تری نەکردایە، ئەوا تەنها ڕاڤەیەکی خولیی لێدەردەهات و لەم ڕووەشەوە راڤەیەکی نەخوازراو دەبوو. بەڵام هێزی ڕۆشنکەرەوە و وزەی رازیکەرانەی ئەم تیۆرییە تەنها بەهۆی کردنەوەی ڕێی ئەو تاقیکردنەوە سەربەخۆیانەوە بوو کە گەیاندنیە ئەو پێشبینیە



(سەرکەوتوانە) ی کە لەگەڵ دووتیۆرەکەی پێشوودا نەدەگونجان. و هەر بۆیە دەرگایەك بوو بەڕووی دۆزینەوە ئەزمونییە نوێیەکاندا.

تیۆرییەکەی نیوتن، نموونەیەکە لەو هەوڵەی بەمەبەستی ڕاڤەی هەندێ لەتیۆرییە کۆنترەکان دراوە کە گشتگیرییەکی کەمتریان هەیە کە نەك تەنیا بەجۆرێك کۆیانکاتەوە بەڵکو بە یەکجاری پوچەڵیان کاتەوە (بۆیە لەڕێی سنووردارکردنەوە یان تەسککردنەوەی ئەو پانتاییەی کە ئەم تیۆریانە بەنزیکییەکی باش تیایاندا ڕاست دەردەچێ، ئەتوانین ڕاستیان کەینەوە) ١.

---

١ - نەگونجانی تیۆریاکەی نیوتن لەگەڵ تیۆریاکەی کیپلەردا لەلایەن پیردۆیمیشەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە، ئەو لەبارەی " بنەما گشتییەکانی هێزی کێشکردنەوە دەنووسێت: ئەوانە هەرگیز لەڕووی گشتاندن و توێژینەوەوە ناکرێت لە یاساکانی بینینی (مشاهده) ی کیپلەر دەربهێنرێت " بۆیە " لەڕووی وێنە دارییەوە لەگەڵ ئەم یاسایانەدا دژیەکن . ئەگەر تیۆریاکەی نیوتن ڕاست بێت، ئەوا یاساکانی کیپلەر (پێویستە) هەڵەن " . (وەرگێڕاوە لە ل١٩٣ ی وەرگێڕانی ئینگلیزی کتێبەکەی دۆییم بە ناوی ئامانج و پەیکەری تیۆرییە فزیکییەکان کە لەلایەن ڤینەرەوە وەرگێڕدراوە .

P.P Wieners translation of Duhems the Aim and Structure of Phusical theory, ١٩٥٤,P.١٩٣.

ئەو زاروەی بینینەی کە لێرەدا لەلایەن " یاساکانی کیپلەرەوە " بەکارهێنراوە ئەبێت لەپاڵ مەزاجدا لێیتێبگەین: یاساکانی کیپلەریش هەرووەك یاساکانی نیوتن خەملاندنی سەخاوەتمەندانەن و ناتوانین ئەم یاسایانە لە بینینەکانی تایگۆ (Tycho) وە وەرگرین (هەرووەك چۆن یاساکانی نیوتنیش ناکرێت لە یاساکانی کیپلەرەوە دەر بهێنرێن) . شیکردنەوەکەی دۆییم لەسەر ئەو بنەمایە یە کەکۆمەڵەی خۆری ئێمە ژمارەیەکی زۆر هەسارەی قورسی لەخۆوە گرتووە کە هاوڕێکی تیۆری هەڵەی نیوتن، ئەبێت هەوڵی بەرامبەریان لە ژمێرياریيەکاندا لەبەرچاوگرین . بەڵام ئێمە دەتوانین دۆییمیش تێپەڕێنین، چونکە ئەگەر یاساکانی کیپلەریش لەبارەی سیستەمە دوو تەنییەکانەوە بەڕاست دانێین کە هەر سیستمێك خۆرێکی لە چەقداو هەسارەیەکی هەیە (بە گۆو دوری جیاواز و گۆڕاوە بەپێی سیستمەکە )، تەنانەت لەم بارەشدا، ئەگەر یاساکانی نیوتن ڕاست بن، یاسای سێیەمی کیپلەر ڕەتدەکرێتەوە، بەهەمان شێوە بە شێوەیەکی گشتی لەخەملاندن و پووچەڵکردنەوەکاندا .

Conjectures and Refutations, note ٢٨ to Chapter I (P.٦٢) و بەڕوونکردنەوەی زیاترەوە لە مەقالەی " ئامانجی زانست " (The Aim of Science) دا و هەروەها لە " تیۆریاو واقیعییەتدا " ( Theorie and Realitat, edited by Hans Albert, ١٩٦٤,Chpter I, PP.٧٣ ff, especially PP.٨٢ f) هێناومە . لەم مەقالەی دواییدا لەبارەی ئەو ڕاڤانەی کە لەگەڵ ڕاڤەی تەقریبی ڕاڤەکراوە (کە زانراو یان گریمانەکراوە)

ئەو دۆخەی کە زۆر دێتە بەردەمان ئەوەیە کە سەرەتا تیۆرییەکی کۆن پووچەڵدەبێتەوە و دواتر تیۆرییە نوێیەکە وەك هەوڵێك بۆڕاڤەی سەرکەوتنی ڕێژەیی و هەروەها شکاندنی تیۆرییە کۆنەکە دێتە مەیدانەوە.

## یانزە:

هەر سەبارەت بەو شیکردنەوەیەم لەبارەی چەمکی (یا چاکتر بڵێم ئەنجامی) ڕاڤەوە، خاڵێکی تریش بە شیاوی گرنگی پێدان دەزانم، لەسەردەمی دیکارتەوە (یان لەوانەیە لەسەردەمی کۆپەرنیکەوە) تا سەردەمی ماکسۆل زۆربەی فیزیازانەکان هەوڵی ئەوەیان دەدا تاوەکو هەموو پەیوەندییە تازە دۆزراوەکان بەیارمەتی مۆدیلی میکانیکی ڕاڤەبکەن، واتە لەبەر ئەوەی ئاشنایەتیان هەبوو لەگەڵ پەستان دروستکردن  و شیاوێتی پەستان خستنە سەر لەلایەنی شتە ڕۆژانە و ئاساییە فیزیکییەکانەوە، هەوڵیاندا ئەو پەیوەندییە بە پێی یاساکانی شیاوێتی پەستان خرانەسەر ڕاڤە بکەن. دیکارت ئەم مۆدیلەی کردە بەرنامەیەك بۆ هەموو زانستەکان و تەنانەت باوەڕی وابوو کە توێژەرانیش دەبێت خۆیان تەنها بەو مۆدیلە سنووردارانەوە ببەستنەوە کە بەتەواوی بەهۆی فشارهێنان یان قەبوولکردنی فشارەوە کاردەکەن. ئەم بەرنامەیە لەگەڵ سەرکەوتنی تیۆرییەکەی نیوتندا یەکەمین دۆڕاندنی خۆی دی، بەلاّم ئەم دۆڕانە (کە بووە هۆی خەم و ئازاری نیوتن و هاوسەردەمەکانی)، بەزوویی درایە دەست لە بیرکردن و هێزی کێشکردن، لەباتی شتێك لە شێوەی هێنان و تەحەموولکردنی پەستاندا هێنرایە ناو بابەتەکەوە. ماکسولیش لەسەرەتاوە هەوڵیدا کە تیۆریی مەیدانی ئەلیکترۆموگناتسییەکەی خۆیێ بە شێوەی مۆدیلێکی میکانیکی (ئاتەر) نیشاندات، بەلاّم لەکۆتایدا دەستی لەم هەوڵەی هەڵگرت، بەم پێیەش مۆدیلی میکانیکی بەشێکی گرنگی گەورەی خۆی لەدەستدا، ئەوەی مایەوە تەنها چەند هاوکێشەیەك بوو کەمەبەست

---

ڕاستیشیان دەکاتەوە لێکۆڵینەوەی زیاتری ئەوە تیۆریایەکە کەمن بەشێوەی تاڕادەیەك تەواو لەساڵی ١٩٤٠ دا لەوانەکانمدا وتوومەتەوە (بۆ یەکەم جار لە میانەی خولێکی وانە وتنەوەمدا کە بۆ لقی کریست و چرچی ڕویال سۆسایتی نیوزلەندا . بگەڕێنەوە بۆ هەژاری (فقر) ی مێژوو گەرایی ( Poverty of Historicism, dootnote (on PP.١٤٣f



لەخستنەڕووی سەرەتایان وەسفی مۆدیلی میکانیکی (ئاتەر) بوو (ئەڵبەتە ئەوانەشیان بەوەسفی هەندێ لە تایبەتمەندییە نامیکانیکییەکانی " ئاتەر " دانابوو.

بە پەڕینەوە لە تیۆرییە میکانیکییەکانەوە بۆ تیۆرییە دابڕاوەکان دەگەینە قۆناغێکی تر لەگۆڕانی زانست کە تیایدا هیچمان  لە تیۆرییە ڕاڤەکارییەکان ناوێت، ئەوە نەبێت کە ڕاستەوخۆ شیاوی تاقیکردنەوەبن، ئەمڕۆ ئێمە ئامادەین بەو تیۆرییانە کاربکەین کە بە پێی توانا بتوانین لەزیهندا لەشێوەی وێنەدا، بیانخەینە پێش چا و (یان ئەو مۆدیلە میکانیکیانەی کە "شیاوی وێنەکردن" یان "شیاوی بەرجەستەبوون" بن، ئەمەش شێوەی بەدەستهێنانی تیۆرییە  " عەینی " یە بەرجەستەکانە.

ئەگەر بەدەستهێنانی تیۆریگەلێکی وا گونجاو نەبێت، ئەوا ئێمە دەتوانین کار بە تیۆرییە بیرکارییە ئینتیزاعییەکان بکەین (کە دیسانەوە دەتوانین بەو واتایەی کە لەشوێنێکی تردا خستمەڕوو بەتەواوی شیاوی " لێتێگەیشتن " بن.

ئەڵبەتە شیکردنەوە گشتییەکەی ئێمە لەبارەی چەمکی ڕاڤەوە، بە تێکشکانی وێناکردنەکان یان مۆدیلە تایبەتەکان تووشی هیچ نابێت.

ئەم شیکردنەوەیە وەك چۆن لەبارەی مۆدیلە میکانیکی و نادروستەکانەوەیە لەبارەی هەموو جۆرە تیۆرییە دابڕاوەکانیشەوە (ئینتیزاعی) هەر ڕاستە.

لەڕاستیدا مۆدیلەکان لەتێڕوانینی ئێمەوە لە هەوڵگەلێکن بۆ ڕاڤەی یاسا تازەکان بەپێی یاسا تاقیکردنەوەکان، بەولاوە هیچی تر نین (کە لەگەڵ پێدراوەکانی بارودۆخی تایبەتی ڕووداوی ڕاڤەکراو یان ڕوودانی شتێك بە پەیکەرێکی تایبەتەوە پێکەوەن ـ واتە مۆدێل بەواتایەکی سنووردارتر).

مۆدێلەکان بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگ لەڕوونکردنەوە و تەواوکاری تیۆرییەکاندا دەگێڕن، بەلاّم هەمیشە دەبێت مۆدێلە تازەکان کە لەچوارچێوەی گریمانە تیۆرییە کۆنەکاندان لە گریمانە زۆر نوێیەکان (واتە لەسیستمێکی نوێی گریمانە تیۆریەکان)جیاکرێنەوە.

**دوانزە:**

هیوادارم هەندێ لەو ڕوونکردنەوانەی کەلەسەرەتای مەقالەکەدا بەناسروشتی یان دژیەك دەردەکەوتن ئێستا روون بوبێتنەوە.

هیچ رێگایەکی سەرەکی و لاوەکیمان نییە، کە لەکۆمەڵێك واقعیات و رووداوی تایبەتی " پێدراو " ەوە بمانگەیەنێتە یاسایەکی گشتی.

ئەوەی کەناوی " یاساکانی " لێدەنێین، چەند گریمانە و خەملاندنێکن کە هەمیشە بەشێك لە سیستمێکی گەورەتر و لەتیۆریی دروستکراو (ولەراستیدا لەئاسۆیەکی چاوەڕوانی تەواودا) پێکدێن. بەم پێیەش هیچ کاتێك، ناتوانرێت بەشێوەیەکی جیا تاقیکرێنەوە. بەرەو پێشچوونی زانست بریتییە لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و سرینەوەی هەڵەکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەی دووبارە کە لەڕێی ئەو ئەزموونانەی لەماوەی تاقیکردنەوە و شکستەکانی پێشووماندا وەرمانگرتوون، بەرەو ڕوویان ڕێنمونی دەکرێین، هەرگیز ناتوانین تیۆرییەکی تایبەت بۆ هەمیشە بەراست دابنێین، چونکە هەر تیۆرییەك بگرین پێدەچێت ڕۆژێك دوچاری گرفت بێت، هەرچەندە تائەمڕۆ لەژێر تاقیکردنەوەکاندا بەسەرکەوتوویی دەرچوبێت، هیچ تیۆرییەکی زانستی پیرۆز نییە و لەسەرەوەی ڕەخنەوە نییە، ئەمە ڕاستییەکە کە بەزۆری لەبیری دەکەین، بەتایبەت لەماوەی سەدەی ڕابردوودا کە سەرکەوتنی دووبارە و شکۆمەندانەی هەندێ لەتیۆرییە میکانیکییەکان کاریگەرییەکی وای لەسەر دروستکردین کە لەکۆتاییدا ئەوانەمان وەك ڕاستییەکی بێ پێچ و پەنا تەماشاکرد، بەڵام پێشکەوتنی تۆفانئاسای فیزیا، لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو و سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا وانەگەلێکی باشتری فێرکردین. ئێمە ئێستا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئەرکی زانا ئەوەیە بەردەوام تیۆرییەکانی خۆی بخاتە ژێر تاقیکردنەوەی تازەترەوە و بانگەشەی هیچ گریمانەیەکی کۆتایی نەکات، تاقیکردنەوەی تیۆریی واتە وەرگرتنی ئەو تیۆرییەی کە دەمانەوێت تاقیکەینەوە و دانانی لەپاڵ هەموو جۆرە بابەتە تایبەتییەکان و لەگەڵ تیۆرییەکانی تریشدا و دوای ئەوەش بەراوردی پێشبینییە دەستکەوتووەکان لەگەڵ واقیعییەتدا، ئەگەر ئەم کارە لەگەڵ چاوەڕوانییەکاندا نەیەتەوە، واتە سەرلەهەڵەوە دەربێنێ، ئەبێ تیۆرییەکی نوێ دروستکەین١.

١ - ئەگەر سەرنج بدەین پۆپەر هەمان ئەو رەوت و دیدگایەی لە بارەی تیۆرییە زانستی و یاسا زانستییەکانەوە بەکاری دەهێنێت دەگوێزێتەوە بۆ بابەت و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و ئەمە بەروونی لە



بەدینەهاتنی ئەو چاوەڕوانییانەی کە سەردەمانێك بەیارمەتی ئەوانە شێلگیرانە ڕوومان لە واقیعییەت دەکرد، گرنگترین ڕۆڵ لەم رەوتەدا دەگێڕن، ئەتوانین ئەم مەسەلەیە بەراورد بکەین بەو پیاوە کوێرەی کە پاش کێشانی بەدیوارەکەدا ئەنجا پێی دەزانێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئێمە لەڕێی چاوەڕوانی و " وادانان "ە کانمانەوە لەگەڵ واقیعییەتدا پەیوەندی پەیدا دەکەین. ئەو وانە " ئەرێنی " یەی کە جیهانی دەرەکی پێماندەدات، ئەوەیە کە هەڵەکانی خۆمان بدۆزینەوە و پاشان بیانسڕینەوە.

ئەڵبەتە هەمیشە دەتوانین تیۆرییەکی پووچەڵکراوە بەیارمەتی گریمانەیەکی تەواوکەر، لەمردن ڕزگارکەین (هەروەکو تەوەرە حەلەزۆنییەکان، واتە ئەو بازنانەی کەدەکەونە سەر بازنەکانی ترەوە)١ بەڵام ئەمە ڕێی بەرەو پێشچوونی زانست نییە. کاردانەوەی ڕاست لەبەرامبەر پووچەڵبوونەوەیدا، ئەوەیە کە بۆ تیۆرییەکی نوێ بگەڕێین کە ئەکریت دەرەنجامێکی باشتر لەسەر واقیعییەت بخاتە ڕوو. ئەگەر قسەی کۆتایی لەزانستدا بەو واتایە بێت کە دەرگای زیهن بەڕووی تاقیکردنەوە پووچەڵکراوەکاندا داخەین، ئەوا زانست هیچ پەیوەندییەکی بەقسەی کۆتاییەوە نییە. بەڵکو زانست پەیوەندی بەوانە وەرگرتن لە ئەزموونەکانەوە هەیە، واتە وانە وەرگرتن لە هەڵەکان.

ئەتوانین تیۆرییە زانستییەکان بەو شێوەیە ڕێکخەین کە بەجوانی بتوانین شیاوێتی پوچەڵبوونەوەیان بینین و تاقیکەینەوە. بەو شێوەی کە بیانخەینە چوارچێوەی ڕێگرەکانەوە (یان ڕیگرەکان یان بابەتە دووانییە نەرێنییەکان) وەك ئەوەی بڵێین "هیچ سیستەمێکی فیزیاییمان نییە کە لە بەشێکدا گۆڕانکاری وزە ڕوبدات، بەبێ ئەوەی لەبەشەکانی تریدا گۆڕانکاری هاوشێوە ڕوبدات" (یاسای یەکەمی ترمۆدینامیك). یان" هیچ مەکینەیەك توانای وەڵامدانەوەی ١٠٠ ٪ ی نییە " (یاسای دووەم) ئەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە بابەتە گشتییەکان

"کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانیدا" خراوەتە روو،ئەم میتۆدەش لە کارکردن ئەگەرچی "بەگریمانەیی" راست و تەواو بێت،ئەوا لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیی و جیاوازییانەدا ناگونجێت کە سروش لە بارەی یاسا زانستییەکانەوەو پەیوەندییان بەبابەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەم کتێبەدا خستوویەتییە روو.(و.کوردی)

١- epicycles

و بابەتە دووانییە نەرێنییەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی هاوتای یەکن. بەم پێیە دەکرێت هەموو یاسا گشتییەکان بەو شێوەی کە ئاماژەی پێکرا، واتە بەشێوەی بەرگرەکان ڕێکخەین.

بەڵام ئەمانە بەرگری گەلێکن کە تەنها بەکەڵکی تەکنیکارەکان دێن، نەوەك توێژەر و زاناکان. ئەم یاسایانە بە تەکنیسیۆن دەڵێن کە ئەگەر ناتەوێت وزەکەت بەبێ هودە بچێت، ئەبێت چی بکەیت. ئەوەش باسکەین کە لەگەڵ توێژەریشدا ڕووبەڕوو دەبنەوە تاوەکو هەوڵی دۆزینەوەی ئەو شتانە بدات کەتیۆرییەکان بوون و ڕودانیان بەنەگونجاو زانیوە.

بەم شێوەیە گەیشتووین بەخاڵێك کە دەتوانین لەو خاڵەدا زانست وەك سەرکەشییەکی پڕشکۆی ڕۆحی مرۆیی تەماشاکەین. زانست بریتییە لە داهێنانی تیۆریی تازەتر و تازەتر و هەڵسەنگاندنی ماندوو نەناسانەی توانای ئەو تیۆرییانە لە خستنەڕووی تاقیکردنەوەی نوێدا. بنەماکانی بەرەو پێشچوونی زانستیی زۆر سادەن، ئەم بنەمایانە بە ئێمە دەڵێن ئەبێت ئەو بیرکردنەوە کۆنەیە وەلانێین کە پێی وایە بابەت و تیۆرییە زانستییەکان، ئەتوانن ئێمە بگەیەننە دەرەنجامی کۆتایی (یان بە پلەیەکی بەرزتر لەئەگەرەکان، بەو واتایەی کە لە حیسابی ئەگەرەکاندا بەکاردەهێنرێن) ئەم بیرکردنەوەیە لە بەراوردکردنی زانست بە جادوو و زانا بەجادووگەرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئامانجی زاناکان دۆزینەوەی دەرەنجامی کۆتای و ڕەها نییە، بەڵکو دۆزینەوەی تیۆریی (تا ئەکرێت) باشترەکانە. (یان دروستکردنی چرای تا ئەبێت ڕوناکترە) تاوەکو بتوانین بیانخەینە ژێر تاقیکردنەوەی (تابێت) سەختتر (تاوەکو بگاتە پەردە لادان لەسەر تاقیکردنەوەی نوێتر) و واتای تەواوی ئەم قسانەش ئەوەیە کە ئەبێت تیۆرییەکانمان شیاوی پووچەڵکردنەوەبن. چونکە تەنیا لەڕێی پووچەڵکردنەوەی ئەوانەوەیە کە زانست بەرەو پێش دەچێت.

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.